# جینۆساید

## گۆڤارێکی تایبەتە بە تاوانی کۆمەڵکوژی

سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان دەریدەکات



ژمارە (دوو)

٢٠٢٥/٤/١٤

# جینۆساید

گۆڤارێکی تایبەتە بە تاوانی کۆمەڵکوژی
سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان دەریدەکات

ژمارە (٢)ساڵی دووەم، ٢٠٢٥/٤/١٤

خاوەنی ئیمتیاز:
سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان
سەرنووسەر:
پ.د. ئومێد بەرزان برزو
بەڕێوەبەری نووسین:
م. سەباح عەلی جاف
بەڕێوەبەری هونەری:
فەتاح مەحمود ڕۆستەم (فەتاح تەنیا)

شوێن: عێراق-هەرێمی کوردستان- گەرمیان
سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان (بینای لیواکە)
Tel: (+٩٦٤)٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢
Gmail: Genocide.center@garmian.edu.krd
facebook: Genocide Center of Garmian University

هەوێنانەی کتێب

# لۆگۆی سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان

**واتای هێماکان:**

١- ڕەنگەکان: پێکهاتەی ئاڵای کوردستانە.

٢- خۆرەکە: هێمای داهاتووی ڕوون، ڕووناکی و پرشنگی سەرکەوتن و خۆڕاگرییە.

٣- قەڵاکە: قەڵای نوگرەسەلمانە، کە شوێنی زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و شەهیدکردنی مرۆڤە بێتاوانەکانن بەتایبەت کوردەکان.

٤- وێنەی پیاو و ژن و منداڵەکان: هێمایە بۆ گۆڕەبەکومەڵەکان، کە هاوکات مۆنۆمێنتێکە بۆ ئەنفالی گەرمیان/ دێینە.

٥- ناوەکان: ناوی سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیانە بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی لەگەڵ ساڵی دامەزراندنی سەنتەرەکە.

# پێڕست


| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەروتار | سەرنووسەر | ٦ |
| **یاسایی** | | |
| ئەنفال، پرۆسەی لەناوبردنی کوردان | و/ عومەر عەبدولکەریم (تینو) | ٩ |
| **مێژوویی** | | |
| ڕاپەڕین و شکستەکان | م. عەلی گەرمیانی | ١٣ |
| جینۆسایدکردنی شاری سەیدسادق | فەرمان حسێن دەروێش | ٢٤ |
| جینۆسایدی کولتوریی، وەک پرسێکی گرنگ لە خەباتی ئۆجەلاندا | سمکۆ سابیر | ٣٣ |
| **بیرەوەری و دیکۆمێنتاری** | | |
| پانۆرامای گەشتی ئەنفال و هەردی برام وەک قوربانییەکی گومناو لە پرۆسەی ئەنفالدا | م.ی. کازم جەباری | ٥٦ |
| یادەوەری ورد لە پەراوێزی تاوانی جینۆسایدی ئەنفالدا | تەها سلێمان | ٦٩ |
| شوکرییە ئەحمەد<br>ئەو منداڵەی چیرۆکی زیندانی خۆی دەگێڕێتەوە! | سیروان سلێمان | ٧٦ |
| شەڕی بەرگری ئەنفال<br>(قوڵی تیلەکۆ) بە فەرماندەیی لالە مارف | حسێن عەزیز | ٨٥ |
| حاجی ژنێکی گەرمیان، بە مووچەی ئەنفالانەکەی مزگەوتێکی دروستکرد | م.ی. سەباح عەلی جاف | ٩٤ |
| بیرەوەری و دیکۆمێنت | بێستون شەهید مام ساڵح | ١٠٠ |
| **کۆمەڵناسی** | | |
| جینۆساید لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە | م.ی. هاوار کەریم حەمید | ١٠٣ |


هەزارنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| **میدیایی** | | |
| ستراتیژیەتی میدیا و دۆزی کورد لە ناساندنی جینۆسایدی ئەنفالدا | فەتاح مەحمود ڕۆستەم (فەتاح تەنیا) | ١١٤ |
| **زمان** | | |
| سەرکوتکردنی زمان و سیاسەتی بەشێک لە وڵاتان بەرانبەر بە زمانی کەمینەکان | پ.د. ئومێد بەرزان برزو | ١١٩ |
| **ئەدەب** | | |
| ڕەهەندی دەروونی لە سێ کورتە چیرۆکی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا | پ.ی.د. ئازاد محەمەد سەعید | ١٣٢ |
| کاریگەریی جینۆسایدی زمانەوانی لەسەر پێکهاتەی دەقی شیعری کوردی | م.ی. ئاریان یوسف جەبار | ١٦٧ |
| پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکان ـ تراژیدیای ئەنفال لە شیعری کوردیدا، دەقی (پەیکی سەرابستان)ی (هەلاج) بەنموونە | م.ی. کۆسار عومەر ئەحمەد | ١٧٩ |
| **وتار** | | |
| خەونی بونیادنانی تاک شوناسی لە عێراق و تاوانی ئەنفال | پ.ی.د. یاسین ئاشوور | ١٩٧ |
| نیشتیمانخوازی بەردەوام بۆ ئایندەیەکی ڕوون | د. هیوا ڕەشید | ٢٠٥ |
| پەند وەرنەگرتن لە رابردوو | هۆمەر محەمەد | ٢١٣ |
| ئەنفال دۆسیەیەکی زیندوو | حامد محەمەد عەلی | ٢٢٣ |
| ئەنفال ئەو تاوانەی هیچ پاساوێک هەڵناگرێت | گوڵاڵەی گەرمیان | ٢٢٦ |
| ئەنفالناسی.. وانەیەک هاوشانی کوردناسی بۆ قۆناغی یەکەمی زانکۆ و پەیمانگاکان | ڕەوەند حەمەجەزا | ٢٣٢ |
| پێگەی کچی کورد لە رۆمانی (یادەوەرییەکانی کچە کوردێکی ئەنفالکراو)دا | دلێر کەریم | ٢٤٤ |
| **هۆنراوە** | | |
| بۆ ئەنفال | عەلی حەمەڕەشید | ٢٥٢ |
| سۆزی نیشتمان | هیوا ئەنوەر ژیری | ٢٥٣ |

| | | |
|---|---|---|
| **ملحق: عربی** | | |
| من ذاكرة الإبادة (الأنفال وحلبجة) | د. چنار نامق | ٢٥٥ |
| استخدام الأسلحة عبر التاريخ وأسلحة الدمار الشامل من منظور إسلامي | د. سربست نادر عبدول | ٢٦٢ |
| أحزان لا تنسى | مهاباد فائق محمدعلی | ٢٦٦ |
| جرائم الابادة الجماعية وعمليات الانفال في تدهور الواقع الزراعي في كردستان | رحيم حميد عبدالكريم | ٢٧٠ |
| Appendix: English | | |
| Sarkawt Tofiq Sadiq, Naz Wahab Ahmad | The Rwandan Genocide: Causes and the International Community's Response | ٢٧٦ |
| **چالاکی** | | |
| کارو چالاکییەکانی ســـەنتەری جینۆســـایدی زانکۆی گەرمیان | گۆڤار | ٣٠٥ |


هەواڵنامەی کتێب

# سەروتار

سەرنووسەر

ئەمساڵ (٣٧) ساڵ بەسەر تاوانی جینۆسایدی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان تێدەپەڕێت، زیاتر لە (٣٠٠) گۆڕی بەکۆمەڵ هەن، کە بەشێکی کەمیان هەڵدراونەتەوە و گەڕێنراونەتەوە بۆ زێدی خۆیان، بەشێکی زۆریشیان لە ماڵە ئاوارەکانی نیشتمان و بیابانەکانی نوگرەسەلماندا شاردراونەتەوە، بزانە کەی دەگەڕێنەوە بۆ نێو کەسوکاری خۆیان و چاوەڕوانیان ئاوابێت. هەرچەندە نازانرێت شوناسی کەسوکاری ئەوان کێن و ماڵباتیان کێن؟؟ رازین بەوەی بگەڕێنەوە بۆ خاکی نیشتمان و لە نێو گۆڕی کەسوکاریان بنێژرێن و سوکنایی بە دڵە سووتاوەکانیان بێت.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی مرۆڤایەتی بخشێنین، هەمیشە تاوانی کوشتن و کۆمەڵکوژی ڕەورەوەی مێژووی گرتووە و بەردەوام دەبێت بە هەر هۆکارێک بێت، چ مانەوە لەپێناو ژیان، چ بەرژەوەندی، چ داگیرکاری، ...تد. بۆیە بەرخودان و خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕی لای هەموو نەتەوەکان لەپێناو مانەوە و بەدیهێنانی ئامانج و قەوارەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و پاراستنی شوناس و زمان و خاکدا بەردەوام هەبووە و هەیە.

پاش (٣٧) ساڵ لە تاوانی جینۆسایدی کورد لە ژێر ناوی (ئەنفال)، هێشتا زۆر شت ماوە ئێمە بیکەین و بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان کەڵکی لێوەربگرین، لە سەرووی هەموویانەوە ناساندنی ئەو تاوانە قێزەونەیە بە جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ڕاستی سەردەمی ئێستا گۆڕانکارییەکان

خێران و دەکرێت ئێمە لە زۆر ڕووەوە کەڵک وەربگرین، گۆڕانکارییەکان بقۆزینەوە، بۆ ئەوەی خزمەت بە پرســـی ئەنفال بکەین، ئەمەیش بۆ بانەڕۆژ بەکەڵک دەبێت لە زۆر لایەن و ڕەهەندەوە.

بێگومان زانکۆ وەک ناوەندێکی ئەکادیمی لە ســایەی گۆڕانکارییە خێراکاندا دەتوانێت لە زۆر ڕەهەندەوە کار لەســەر ئەو تاوانە و یادەوەری جینۆســایدی کورد بکات، ئێســتا بەشــێک لە زانکۆکان خاوەن ســەنتەری تایبەت بە جینۆسایدن بۆ لێکۆڵینەوە، سەنتەرەکانی تایبەت بە جینۆساید ئەرکی گرنگیان لەســەر شــانە جێبەجێی بکەن، بەڵام بەو مەرجەی ئەو ســەنتەرانە پاڵپشــتی بکرێن، خۆشــبەختانە ســەنتەری جینۆســاید لە زانکۆی گەرمیان هەرچەندە تەمەنی زۆر نییە، بەڵام بە هەوڵی دڵسۆزان و خەمخۆران و بەرپرسانی زانکۆ توانیویەتی کاری باش و بەردەوام لەو ڕووەوە پێشکەشبکات.

وەک وتمان ئێستا چاوەکان بەتایبەت کەسوکاری ئەنفال و ڕێکخراوەکان و خەمخۆران لەســەر زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانە، ئەویش بە شــێوەیەکی ئەکادیمی کار لەســەر پرســی جینۆســاید بکرێت، بۆ ئەوەی ســەرباری دوورکەوتنەوە لە مێژووی تاوانەکان، بەڵام نزیکتر بیرەوەرییەکانی ئەنفال بە زیندوو بهێڵرێنەوە، نەوەی ئێستا پێویستیان بەوەیە سەردەمیانە جینۆساید و تاوانی ئەنفالیان بەبیر بهێنرێتەوە، ئەویش لە ڕێگای بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و ســیمینار و دیدار و ســەردانی مەیدانیان بۆ شــوێنی بیرەوەری ئەنفال، لەگەڵیشــیدا زانکۆ بە پلانی ســتراتجی بیر لە کۆنفرانســی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی هەمەجۆر لەسەر پرسی ئەنفال لە هەموو بوارەکاندا و ناساندنی تاوانەکانی کورد هەر لە ئەنفالکردن و کیمیاباران و کۆڕەو و ...تد بە زمانە جیاوازەکان و بە ناوەندە جیهانی و ئەکادیمییە نێودەوڵەتییەکاندا بکاتەوە.

پاش سی و حەوت ساڵ لە بیرەوەری تاوانی ئەنفال، ئێمە لە سەنتەری جینۆساید و گۆڤارەکەی خۆتان پاڵپشتی تەواوی داوا ڕەواکانی کەسوکاری ئەنفالین، بەتایبەت هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و کارکردنی زانستی لەسەریان و هێنانەوەیان بۆ زێدی خۆیان، هەروەها کاریش دەکەین بۆ باشتر ناساندنی جینۆساید لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا، ئەمەیش بە پاڵپشتی هەمووان بەتایبەت بەرپرسانی زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، هاوکاریش دەبین بۆ کاری پێکەوەیی لەسەر پرسی جینۆساید لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان بۆ کاری ئەکادیمی سەردەمیانە، درود بۆ گیانی پاکی ڕەوانی بەرزەفڕی ئەنفالکراوان بەتایبەت ئەنفالکراوانی گەرمیان، درود بۆ خۆڕاگری کەسوکاری ئەنفالکراون بە درێژایی چەندین ساڵ لە چاوەڕوانیدا بوون و بەشێکیان گیانی خۆیان سپارد.



# ئەنفال، پرۆسەی لەناوبردنی کوردان

نووسینی: حەسەن ئەحمەدی نیاز، پسپۆڕی یاسا نێودەوڵەتییەکان
وەرگێڕانی: عومەر عەبدولکەریم (تینو)

لە ساڵیادی تاوانی نامرۆڤانەی پرۆسەی (ئەنفال)ی ڕژێمی بەعسی عێراقی لە دژی کوردەکانی عێراقداین. پرۆسەی ئەنفال ناوی پرۆسەیەک بوو، کە تێیدا هێزەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە (سەدام حسێن تکریتی) فەرمانیان وەردەگرت، زیاتر لە (١٨٢) هەزار کوردی عێراقییان لە ژن و منداڵ و پیر و لاو، بە شێوازی گروپ و بە کۆمەڵ جینۆسایدکرد.

پرۆسەی ئەنفال، ئەو پرۆسەیە بوو، کە لە ساڵی (١٩٨٨ تا ١٩٨٩)، کە تێیدا هێزەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق، زیاتر لە (١٨٢) هەزار کەس لەوانە هەشتا هەزار بارزانی و دەیان هەزار گەرمیانی کوردی عێراقیان ئەنفالکرد. هاوکات ئەنفال نموونەیەکی بەرجەستە و زیندووی دەسەڵاتی ڕەهایەک بوو، کە سەدام حسێن سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق بە (بەرپرسی باکوور)ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی (عەلی حەسەن ئەلمەجید)ی دابوو. ئەو دەسەڵات و هێزەی کە لە (٢٩ مارسی ساڵی ١٩٨٧ تا ٢٣ ئەپریلی ١٩٨٩) بە (عەلی حەسەن ئەلمەجید) درابوو، بە ئەندازەی ئەو دەسەڵاتانە بوو، کە هەموو ناوەندە دەوڵەتییەکانی عێراق بە سەرۆککۆمارییان دابوو.

عەلی حەسەن ئەلمەجید، کە لە لایەن کوردەکانە بە (عەلی ئەنفال) یان (علی کیمیاوی) بەناوبانگ بوو، یەکەمین کەس بوو، کە پلانی جینۆسایدی لە دژی کوردەکان جێبەجێکرد. لە درێژەی پرۆسەی ئەنفالدا تراژیدیا و مەرگەساتی هەڵەبجە و دەیان گوندی تر، کە تێیدا (گازی سارین) و کیمیاوی هاوشێوە بەکارهێنرابوو، کە مەرگی دەیان هەزار کەس لە ژنان و منداڵانی لێکەوتەوە. هەروەها زیاتر لە چوار هەزار گوند، ناحیە و شار و وێرانبوون، کە لە بەڵگەنامە دەوڵەتییەکاندا تۆمارکراوە: (وێران یان خاپوور بوون)، لەگەڵ زەویدا تەختکران و پاکتاوکران. بەپێی ئاماری پەسەندکراو، لە ماوەی پرۆسەی حەوت مانگەی ئەنفالدا، کە تەنها لە پارێزگاکانی کەرکوک، دیالە، نەینەوا و سەلاحەدین و ... ئەنجامدرابوو، زیاتر لە چوار هەزار گوند وێران و زیاتر لە ١٨٢ هەزار کەس لە خەڵکی سڤیل لە لایەن سوپا و سەربازانی ئەمنی و هەواڵگری عێراق کۆمەڵکوژکران. هەر لەم نێوەندەشدا شارەکانی (هەڵەبجە، تەویڵە، خورماڵ، سەید سادق، پێنجوێن، قەڵادزە، سەنگەسەر، چوارتا، قەڵاچوالان و ماوەت) بەتەواوی خاپوورکران و چۆڵکران. پاش جەنگی کەنداوی فارس و هێرشی هاوپەیمانان بۆ عێراق و دەستگیرکردنی (سەدام حسێن) و هەندێک لە داروودەستەکەی، ناوبراو و تاقمەکەی بەتایبەت (عەلی کیمیاوی) بە تاوانی دژەمرۆڤایەتی و جینۆسایدی کوردەکان لە دادگای تایبەتی تاوانەکان سەرانی عێراق داداگاییکران.

لە بابەتی پرۆسەی ئەنفالدا دوو مەسەلە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە دێتەئاراوە، یەکەم مەسەلەی بەکارهێنانی چەکە کیمیاوییەکانە لە دژی هاوڵاتییان و خەڵکانی سڤیلی کوردی عێراق و دووەم جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە، چونکە بەپێی برگەکانی

یاسای نێودەوڵەتی ئەم کارە جینۆساید بوو.
جینۆساید، بریتییە لە هەرجۆرە هەنگاوان و دەستپێشخەرییەک بەمەبەستی لەناوبردن و سڕینەوەی فیزیکی بەشێک یان هەموو گروپێکی نەژادی، نەتەوەیی، میللی، ئاینزایی و ئایدۆلۆژی.
کاتێک کە (هەڵەبجە) و ناوچەکانی تری کوردستانی عێراق لە (١٦ی مارسی ١٩٨٨) بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆمباران کرا، سیستەمی یاسایی دەسەڵاتدار لەسەر بەکارهێنانی ئەم چەکە، (پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ ژنێف) و (ڕێککەوتننامەی ١٩٧٢) بوو.
ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی یەکێتی عەرەب بوون بە ڕاڤەکردنی بەرتەسک بۆ پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥، دەستیان دایە دەستی یەکتر، بەڵکو بتوانن عێراق لە تۆمەتی شکاندنی پرۆتۆکۆل بێتاوان دەربکەن. بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، تەنها بە (دوژمنایەتی نێودەوڵەتی) سنووردارە، بەڵام ١٢ دەوڵەتی ئەندامی یەکێتی ئەورووپایی و زۆرێکی تر لە دەوڵەتان، بەیەک دەنگ ئەم بۆمباران کردنەیان مەحکوم و ئیدانەکرد. وێنایەک کە لەناوچوونی یەکجاریی هەزاران ژن و پیر و منداڵ، کە تەرمەکانیان بەسەریەکدا کەڵەکەکرابوون، هیچ ڕێگەیەکی بۆ ڕێککەوتن لەبەرانبەر عێراقدا نەهێشتبووەوە. شوێنەواری ئەم کارە تۆقێنەرە بەسەر ویژدان و ڕایگشتی جیهانیدا تا ئەو جێگەیە بوو، کە لە مادەی یەکی ڕێککەوتننامەی (ڕێگری لە پەرەپێدان، بەرهەمهێنان، کۆکردنەوە و بەکارهێنانی چەکە کیمیاوییەکان و لەناوبردنیان پەسەندکراوی ١٩٩٣) بڕیاردرا، ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی ڕێککەوتننامەکەن هاوپەیمان دەبن، کە هەرگیز لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا چەکی کیمایی بەکارنەهێنن و لەم نێوەندەشدا هیچ جۆرە جیاکارییەک لە نێوان دوژمنایەتییە نێودەوڵەتییەکان و

کوردستانی کتێب

نێوخۆییەکان بوونی نییە. پاش جێگیرکردنی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە یاساکانی ڕێککەوتنەکەدا، نۆرەی ڕۆتینی یاسایی نێودەوڵەتییە، تاکو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەم چەکە لە دوژمنایەتییە نێوخۆییەکاندا لە (یاسای عورفی)یشدا ڕابگەیەنێت.

ئەتوانرێ ئەم کارە تاونکارانیانە لە ژێر ناوی (ژینۆساید) وەسفبکرێت، چونکە هەموو پێوەرەکانی کۆمەڵکوژی بەکۆمەڵی یان ڕەگەزکوژی تێیدا لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە ئاخێنراوە.

دادگای شاری (لاهای)ی هۆڵەنداش (وەکو دادگای نێوخۆیی ئەو وڵاتە) لە درێژەی دادگاییکردنی (فرانس ڤێن ئانرات) بە تاوانی هاوبەشیکردن لە دابینکردنی مادەی کیمیایی پێویست لە دروستکردنی چەکی کیمیایی بۆ دەوڵەتی عێراق و لەگەڵ دەرکردنی بڕیاردا، بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند، کە کۆمەڵکوژکردنی کوردەکان لە عێراقدا، تاوانی جینۆسایدە.

هەروەها هەندێک لە ناوەندە سیاسییەکان لە عێراق و دەرەوەی عێراق، کارەکانی ڕژێمی بەعسیان لە دژی کوردەکانی ئەو وڵاتە (لەوانە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە) لە ژێر ناوی جینۆساید بە فەرمی ناساند. پەرلەمانی وڵاتانی وەکو نەرویژ و سوید و ...یش کۆمەڵکوژیی خەڵکی هەڵەبجەیان بە فەرمی بە جینۆساید ناوزەدکرد، کە پێویستدەکات، پەرلەمان لەسەر بنەمای دەستوور و پاڵپشتییە هەمیشەییەکان و ئەو پەیوەستیانەی کوردەکان و شیعەکانی عێراق و تاوانەکانی سەدام و ڕژێمی بەعس لە دژی وڵاتەکەمان بەرانبەر بە مەحکومیەتی پرۆسەی ئەنفال لە ژێر ناوی ژینۆسایددا هەنگاوبنێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (شەرق) ژمارە (١٧٠٨، سێشەمە ٢٠١٤/٤/١٤)



# ڕاپەڕین و شکستەکان

## کۆڕەو وەک هێما و کاردانەوەی ترس لە جینۆساید

م. عەلی گەرمیانی
کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو ـ زانکۆی گەرمیان

ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وەکو کەرنەڤاڵێکی گەورە و مەزن بوو. کە سەرجەم چین و توێژەکان لە جەماوەری کوردستان بەشداریان تیایدا کرد. ڕاپەڕین بە رادەیەک کاریگەربوو، کە بەشێکی زۆری جاشەکان و ژمارەیەک مستەشاری جاشەکانیش بەشداریان تێداکرد، ئەمەش وایکرد، هەر زوو تەشەنەبکات و بڵاوببێتەوە، بەڵام ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەر کردن و تێڕامان و سەرسوڕمان بوو، ئەوە بوو ڕاپەڕینەکە هەر هەمووی مانگێکی نەخایاند، هەم سەرکەوت و هەم تێکشکا.

دیارە لە ٢٨ی ئازاری ساڵی ١٩٩١ ڕژێمی ڕەفتا فاشی عێراق هێرشی پێچەوانەی کردە سەر کەرکوک و ئەو شارەی داگیرکردەوە و دواتر لە ڕۆژی ٣١ی مانگی ئازاری هەمان ساڵ هەولێر و دهۆکی گرتەوە و ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی لە ١ی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩١ کۆڕەوێکی مەزن کە بە کۆڕەوی ملیۆنی دەناسرا، دەستی پێکرد و لە ڕۆژی ٣ی مانگی نیسانی هەمان ساڵ سلێمانیش کەوتەوە ژێر دەستی بەعس و ئیتر لەمەبەدوا کۆڕە فراوانتر و زۆرتر مەزنتر بوو .

ئیتر جارێکی دیکە بەشـــی زۆری خاکی باشـــووری کوردســـتان کەوتەوە ژێر دەستی ڕژێمی بەعس، بەڵام بەشـــی زۆری خەڵـک یان خـۆیـان دابـوە پەنـا نـاوچە شـــاخـاوییەکـان یـاخود چوونە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان .

دیارە ڕاپەڕینیش هۆکاری ناوخۆی و دەرەکی خۆی هەبوو، لەســـەر ئاستی ناوخۆ چەند فاکتەرێک بووە هۆی دروســتبوونی ئەو دۆزەی کە ڕاپەڕیـنـی هـێـنـایە ئـاراوە، کە دیـارترینیـان ئەو ڕەفتـار و کـارە نەشیاوانەی ڕژێمی بەعس کە دژ بە گەلی کورد دەیکرد، هـاوکـات ئەو قەیـرانە گەورانەی کە لە بـواری ســـیـاســـی و ئـابـووری و کـۆمەڵایەتـیـیەوە بـووە هـۆی دروســـتبوونی ڕق و کینەی خەڵکی عێراق بەگشـــتی و کوردســـتـان بەتـایبەتی، خەڵکی کوردســـتـان بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕان، تاوەکو تۆڵەی خۆیان لە ســـەرانی بەعس بکەنەوە، هۆکارێکی تر ســیاســەتی ڕاگواســـتنی زۆرەملێ بوو، کە دانیشـــتوانی ناوچە جیاوازەکانی عێراق نـاچـار بە کۆچ دەکران، کە زیـاتر بێزاربوونی هـاوڵاتیـانی لێکەوتەوە[١].

یەکێکی تر لە هۆکـارەکـان گۆڕینی دیمۆگرافیـای و گۆڕینی نـاوچە کوردســـتانییەکان بە عەرەب و بە بەعســیکردن، کە لە پێناو ئەمەشـدا چەنـدین ڕێگـای بەکـاردەهێنـا، لەوانەش هەڕەشـــــــە و چاوســـوورکردنەوە لە کورد بەبێ جیاوازی لەنێوان ئاین و مەزهەبدا، هاوکات دروست ڕێگەی خویندنگای عەرەبی لە ئۆردوگا زۆرەملێکان[٢].

هـۆکـارێـکـی تـری گـرنـگ بـۆ ســـەرهەڵدانی ڕاپەڕین لە ناوخۆدا ئەنفال و دەســتبەســەردا گرتنی ماڵ و ســـامـان بوو، کە لە هەموو شـوێنێک سـەربازەکان دەیان برد و ژن و کچە گەنجەکانیان بەئارەزووی خۆیان بەکاردەهێنا، پاشـانیش گەنج و پیر و منداڵەکانیان بۆ کوشـــتن و لەنـاوبـردن بـۆ نـاوچە دوور و بیابانەکان بەمەبەستی شـاردنەوەی تـاوانەکـانـیـان لە کـۆمەڵـگەی

نێودەوڵەتی، ئەمەش لە ساڵانی دوای تەواوبوونی شەڕی عێراق ـ ئێران (١٩٨٨) ئەم پرۆسەیە لەلایەن دڕندەکانی بەعسەوە بەشێوەیەکی پلان و بەرنامە بۆدارێژراو قۆناغ بە قۆناغ ئەنجامدرا[٣]. هەروەها بەهۆی ئەوەی کاربەدەستانی عێراق بڕوا و متمانەیان بە کورد نەبوو، هەمیشە بە چاوی خیانەتکار و خۆفرۆش و پیاوی بێگانە سەیری کوردیان کردووە، بۆیە هەمیشە هەوڵیان داوە بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی کورد.

دیارە دەستپێکردنی ڕاپەڕین لە ناوەڕاست و باشووری عێراق کە لەلایەن شیعەکانەوە دەستی پێکردبوو، هۆکارێکی باش بوو تا ڕاپەڕین لە کوردستان سەرهەڵبدات و سەرکەوتووبێت[٤].

سەبارەت بە هۆکارە دەرەکی و ئیقلیمییەکانیش لە ڕاستیدا لە ئەنجامی کارەکانی ڕژێم لە ناوخۆدا (ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدکردنی کورد لەلایەک و داگیرکردنی وڵاتی کوەیت لەلایەکی ترەوە) بووە هۆی بەرزبوونەوەی دەرەنگی نارازی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان، وێڕای ئەمانەش وڵاتی عێراق لەئەنجامی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران قەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکە بووبوو، دیارە ڕژێمی ڕەفتارفاشی عێراق بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە چاوی بڕیبووە وڵاتی کوێت، چونکە پێی وابوو بە داگیرکردنی وڵاتی کوێت دەتوانێت دەست بەسەر سامان و داهاتی ئەو وڵاتەدا بگرێت و ئابووریی خۆی گەشە پێبدا و قەرزەکانی بداتەوە[٥]. بێگومان بە داگیرکردنی کوەیتیش وڵاتە زلهێزەکان پشتیان لە عێراق کرد و دژی وەستانەوە، بەڵام لەکاتی شەڕی عێراق - ئێراندا یارمەتی زۆریان پێشکەش بە عێراق کرد لە چەک و تەقەمەنی و پێویستییەکانی لۆجیستی شەڕ. بەڵام کاتێک بینیان سەدام حسێنی خوێنڕێژ کە ئەوکاتە سەرۆککۆماری عێراق بوو، چەکەکان لە داگیرکردنی وڵاتانی دراوسێ و ناوخۆی عێراق بۆ سەرکوتکردنی گەلەکەی خۆی

بەکاردەهێنێت، بڕیاریاندا بە وەستاندنی یارمەتییەکان(٦).

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی داوای لە عێراق کرد، بەزووی لە وڵاتی کوەیت بکشێتەوە، هاوکات وڵاتانی عەرەبیش دژی داگیرکردنی کوەیت بوون، بەڵام حوکمەتی عیراق بە گوێی نەکردن و سووربوو لەسەر داگیرکردنی کوەیت، کورد و سەرکردایەتی کوردیش دژی پەلاماردانی کویت بوو لە ڕۆژی ١٩٩١/٨/٢ ، جەلال تاڵەبانی (مام جەلال) ڕایگەیاند سەدام حسێن هەڵەی مێژوویی کردووە و سەدام لەناودەچێت(٧).

دوای ئەوەی مام جەلال تاڵەبانی چەند جارێک هەوڵیدا بۆئەوەی دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمریکییەکان ڕێکبخات، بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەمریکییەکان بەدەستبهێنێت بۆ ڕاپەڕین، بەڵام ئەمریکییەکان ئامادەنەبوون کۆبنەوە، نوێنەری کوردیش لە ئەمریکا ڕایگەیاند، کە ئەمریکا وای دەبینێ، دۆزی کورد ئەوە ناهێنێت، ئەوان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد کۆبنەوە، بەڵام نوێنەرانی کورد هەر لەهەوڵدابوون بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی دەرەکی و بەردەوام بوون، ئەوەبوو لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩٠ جارێکی تر نێردراوی کورد لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکاوە ڕەتکرایەوە، بەڵام نوێنەرانی کورد سووربوون لەسەر گەیاندنی داواکانیان و لە کۆبوونەوە فەرمی و نافەرمییەکاندا بەئاشکرا باسیان لە گەیاندنی دۆخی سەختی هاوڵاتیان دەکردەوە و زۆر بەڕوونی ئاماژەیان بەئەنجاندانی ڕاپەڕین دەکرد، سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکان ئەمریکییەکان ئامادەنەبوون پاڵپشتی ڕاپەڕین بکەن(٨).

هەروەها کاتێک ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان ڕوویدا، ئەمریکاو وڵاتانی تری زلهێز یارمەتی کورد و جەماوەری ڕاپەڕیویان نەدا، بەهۆی ئەوەی گوایە بەرژەوەندییان هەبوو لەگەڵ حوکمەتی عێراق و نەیان دەویست

وا بەئاسانی دەستبەرداری ئەو خێر و قازانجە بن، کە لە حوکمەتەکەی سەددام حسەین دەستیان دەکەوت[٩].
سەرەڕای هەموو ئەمانەش، زۆربەی وڵاتانی جیهان ئامادەنەبوون بۆ یارمەتیدانی کورد، بەڵام کاتێک کۆڕەو لە ڕۆژی ٣١ ئاداری ١٩٩١ ڕوویدا، هەموو خەڵکی کوردستان کە نزیکەی چەند ملیۆنێک دەبوون، بەرەو سنورەکانی (تورکیا و ئێران) ڕۆیشتن بەمەبەستی ڕزگاربوون لە ڕژێمی فاشی ئەنفال و کیمیابارانی بەعس، هەستی مرۆڤایەتی دەوڵەتانی جیهان جوڵاند، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[١٠].
کۆڕەو بووە هۆی ئەوەی کورد پاڵپشتی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت، لەدوای کۆڕەو چەند وڵاتێک هاوکاری کوردیان کرد، هاوکارییەکان بریتیبوون لە خواردن و پێدانی (خێمە) هاوکات ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان بڕیاریاندا، کە بڕیاری (٦٨٨) بۆ کورد دابنرێت، ئەو بڕیارەش لە ١٩٩١ /٤/٥ لە ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو بەگوێرەی ئەو بڕیارەش ناوچەی ئارام لەسەر خەتی پانی (٣٦) بۆ کورد دانرا، ئەم بڕیارە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، چیتر کۆتایی بەو مەینەتیانەی کورد بهێنرێت و کوردەکان بپارێزرێت، کۆڕەو فاکتەری سەرەکی ناوچەی ئارام بوو لە کوردستان[١١].
ئەگەر بگەڕێینەوە سەرباسە سەرەکییەکەی خۆمان پرسیارە جەوهەرییەکان و ئەوەی مایەیی هەڵوەستە لەسەرکردن و سەرسوڕمانە ئەوەبوو، کە چۆن و بە چ شێوەیەک ڕژێمی فاشی بەعس توانی خۆی ڕێکبخاتەوە و خۆی کۆبکاتەوە و هێرشبکاتە سەر باشووری کوردستان؟!
بێگومان ئەم پرسیارەش لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دروستبوو، ئایا بۆچی و چۆن ڕاپەڕین وا زوو کۆتایی پێهات و شکا؟! وەک شاعیری گەورەی کورد (شێرکۆ بێکەس) باس لە تەمەن و کۆتایی ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکات و

دەڵێت (کەمتر لە خەوی پەپوولە و کەمتر لە گوڵی دارچواڵە پرشنگەکان هەڵوەری نەما).

بێگومان هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە گرنگە، هەربۆیە لە چەند خاڵێکدا باس لە هۆکاری زوو گەشەکردن و سەرکەوتن و زوو تێکشکان و پاشەکشەی ڕاپەڕین دەکەین:

**یەکەم**/ هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا بە گومانەوە سەیری ڕاپەڕینی کۆمەڵانی کوردستان و جەماوەری شیعەیان دەکرد لە باشووری عێراقدا، دوای ئەوەی باشووری عێراق کەوتە دەستی شیعە و کوردستانیش ئازادکرا بە کەرکوکیشەوە، لەوانەیە ئەمریکا و هاوپەیمانان ترسی ئەوەیان بووبێت، ئەگەر سەدامی تاوانکار و حزبی بەعس بڕووخێنن، بەو شێوەیە عێراق بکەوێتە دەستی ئێرانەوە.

چونکە ئەوان ئەو ڕاستییەیان دەبینی و دەزانی کە ئۆپۆزسیۆنی شیعەی عێراق وابەستەی ئێرانە و لەبن کۆنترۆڵی ئەواندان، هاوکات ئۆپۆزسیۆنی کورد و بەرەی کوردستانیش لەژێر کاریگەریی ئێراندایە و بنکەی سەرەکیان لە ڕۆژهەڵاتە و لەناو ئێرانە، ئەگەریش بەو کتوپڕییە عێراق بڕووخایە، ئیتر لەلایەکەوە بیانوو بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەوان لە ناوچەکە نەدەما، هاوکات ئەڵتەرناتیڤێکی وەهایان نەبوو، کە ڕکابەری لایەنەکانی سەر بە ئێران بکات و ڕێگە لەوە بگرن، کە عێراق بکەوێتە بن دەستی ئێرانەوە. هەر بۆیە هێرشەکانی خۆیان ڕاوەستان و پەیامی مانەوەیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دایە سەدام حسین خوێنمژەکەی عێراق و دەرگاشیان لە بەردەمدا کردەوە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان، چونکە هاوپەیمانان گوتیان: ئێمە نەهاتووین، بۆ ئەوەی سەدام حسن بڕووخێنین، بەڵکو هاتووین بۆ ئەوەی سوپای عێراق لە کوەیت دەربکەین. ڕاپەڕینەکانیش کاری

ناوخۆی عێراقە و پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، هەر دوای ئەو لێدوانەش هێزە زەمینییەکانی خۆیان کێشایەوە بۆ دەرەوەی سنووری عێراق و چاودێریان لەسەر هێزی ئاسمانی عێراق لابرد. ئەمەش دەرفەتی دا بە ڕژێمی بەعس، کە بەشێک لە هێزەکانی کۆبکاتەوە و لەگەڵ ئەو هێزە تایبەتانەی لیواکانی حەرەس جمهوری و بە هاوکاری و پاڵپشتی هێزی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی کە هاوپەیمانی بەعسییەکان بوون، ئەوە بوو، سەرەتا هێرشی کردە سەر ڕاپەڕینی شیعەکان و لە ماوەیەکی کورتدا و لە ڕێگەی ئەنجامدانی کۆکوژییەکی زۆرەوە شیعەکانی سەرکوتکرد، دوای ئەوە ڕووی کردە کوردستان و لە کوردستانیش تا ڕادەیەک گەیشتە ئەنجام.

**دووەم**/ دەتوانین بڵێین ڕاپەڕین پرۆسەیەک نەبوو لە ئەنجامی هوشیاری ڕێکخستنێکی سیاسیدا لەناو پرۆسەیەکی سروشتیدا گەشەبکات و ڕووبدات، بەڵکو پرۆسەیەک بوو لەئەنجامی دەستتێوەردانی عێراق لە کوەیت و هێرشی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان بۆ سەر عێراق و نزیکبوونەوەی عێراق ڕووخانەوە دروستبوو، واتە پرۆسەیەک بوو هیواکانی لەسەر هێرش و دژایەتی هاوپەیمانەکان بۆ عێراق هەڵچنی بوو.

**سێیەم**/ لەبەر ئەوەی پێشەنگەکانی ڕاپەڕینەکە و بەشی زۆری جەماوەر چاویان لە هێزە دەرەکییەکان بوو، کاتێک ئەو هەڵوێستەیان بینی لە هێزە دەرەکییەکان، هاوکات خۆکۆکردنەوەی (ڕژێمی سەدامیان) بینی، ئەمە بووە هۆکاری بێباوەڕبوون و ورە بەردانی سەرکردەکان و ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر جەماوەر هەبوو. هەر بۆیە ئەو جەماوەری کە هیوای سەرکەوتنی خۆی بەستەوە بە ڕاپەڕین و دەستتێوەردانی دەرەکییەوە، بی هیواکرا و ئیتر تەنیا ترسکایی و ڕێگای ڕزگاری لە هەڵهاتن و دوورکەوتنەوە لە

کەوانامەی کتێب

دەسـەڵاتی بەعسدا دەبینی، ئەمەش مەرگەساتێکی تر بوو، ڕووبەڕووی ئەم گەلە دەبوویەوە.

**کـۆڕەوی کـوردسـتـان و دەرئەنجامەکانی:**

کۆڕەوی خەڵکی کوردستان کە پڕۆسـەیەکی خـۆڕسـک و کـاردانەویەکی خۆپـارێزی گەلی کورد بوو، کـاریگەرییەکی زۆری کردە سـەر ڕای گشـتی جیهان و دۆزی کوردی هەنگـاوێک بردە پـێشـەوە. ئەو دەردەسـەری و مەرگەسـاتانەی کە گەلی کورد بە بەرچـاوی دنـیـاوە ڕووبەڕووی بوویەوە، ئیتر ببوونە شـەرمەزاری بۆ ئەو دامەزراوانەی بـانگەشـەی مافی مرۆڤ و مافی گەلانیان دەکرد. لەلایەک لە بن ناوی پاراستنی گەلی کووەیت و سـەروەری کووەیتدا هەموو توانایان خستەگەڕ، بەڵام بە بەرچـاوی ئەو دەوڵەت و دامەزراوانەوە گەلـی کـورد ڕووبەڕووی مەرگەسات دەبوویەوە، بەڵام لەژێر ناوی ئەوەی کە کێشەکە ناوخۆییە بێدەنگ بوون.

دوای چەند ڕۆژێک لە دەستپێکردنی کـۆڕەوەکە، هەم ئەنـجـومەنـی ئاسـایشـی نێودەوڵەتی، هەم عێراق خواسـتیان دۆسـییەی کۆڕەو بکەنە بـابەتـێـک، بـۆ ئەوەی خـۆیـانـی پێبکرنەوە. ئەوەبوو عێراق لایەنە کوردسـتـانییەکـانی نـاو بەرەی کوردستانی بانگهێشتکرد بۆ دیالۆک و ئامادەیی خۆی نیشـاندا، کە بە دیالۆک ئەو کێشـەیە چارەسـەربکات و بانگەشـەی ئەوەی کرد، کە ئەو هێرش ناکاتە سـەر خەڵکی مەدەنی، بـانگی جەمـاوەری کرد، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە . لە بەرامبەریشدا لەسەر پێشـنیاری فەرەنسـا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ١٩٩١/٤/٥ دا کۆبووەوە و بڕیاری (٦٨٨)دا کە بریتیبوو لە دروسـتکردنی دوو ناوچەی ئارام بۆ خەڵکی باکووری عێراق (باشـووری کوردسـتان) و باشـووری عێراق و ڕێگەنەدەن بە فڕینی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس لەو دوو نـاوچەیەدا، هەروەهـا نەتەوە یەگرتووەکان پێویستبوو، هەستێت بە چـاودێری ئەو دوونـاوچەیە و

پاراستنی خەڵکەکەشی . ناوچەی باکووری عێراق بریتیبوو لەو ناوچانەی کە دەکەونە سەروو هێڵی پانی (٣٦)ەوە. هەر بۆیە بە هێڵی (٣٦) ناسرا، ناوچەی باشووری عێراقیش دەکەوێتە باشووری هێڵی (٣٢) ەوە و ئەمیش بە هێڵی (٣٢) ناسرا. هەر لەم کاتەدا سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی داواکەی (سەدام حسێن)یان پەسەندکرد و چوون بۆ بەغداد و دەستیان بە دیالۆک کرد. (ئەم دیالۆکە و شێوازی چوونی شاندی بەرەی کوردستانی بۆ بەغداد و ماچکردنی ئەملاو ئەولای سەدام حسێن لەلایەنی ئەندامانی شاندی کوردییەوە نارازیبوونێکی زۆری جەماوەری دروستکرد)، ئەم دوو بابەتە هەرچەندە برینەکانی خەڵکی سارێژ نەدەکرد و هەموو گومانەکانی نەدەرەواندەوە، بەڵام زەمینەیەکی بۆ گەڕاندنەوەی بەشێک لە خەڵکی کوردستان خۆشکرد. ئیتر وردە وردە جەماوەری کوردستان دەستیان بە گەڕانەوە کرد بۆ زێدی خۆیان، بەڵام هەتا پایزی ١٩٩١ بەشێکی زۆری جەماوەر نەگەڕانەوە، یاخود بە نیوەیی گەڕانەوە، کە پێیان دەگوت دووبنە.

بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و دیالۆکی نێوان بەرەی کوردستانی و حوکمەت بارودۆخەکەی بەرەو هێوربوونەوە دەبرد، بەڵام جەماوەر گومانی لە سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس هەبوو، هەر بۆیە لەلایەک داخوازی خەڵک و لایەنە سیاسیەکان کە هێڵی (٣٦) بگۆڕێت بۆ (٣٤)، چونکە لەڕووی جوگرافیاوە هەردوو پارێزگای دهۆک و هەولێر لە هەرێمی کوردستان و شاری موسل دەکەوتنە ناو سنووری هێڵی (٣٦)ەوە، هەرچی پارێزگای سلێمانی، کەرکوک و گەرمیانە نەدەکەوتنە سنووری ئەو هێڵە و ناوچەی ئارامەوە، ئەمەش ترس و گومانی لەلای خەڵکی ئەو ناوچانە دروستدەکرد و لەوە دەترسان، کە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و ڕووبەڕووی هێرش ببنەوە. لەلایەکی ترەوە جەماوەر هەرچی زووترە دەیان خواست، حیزبی بەعس

هەرچی زووە ســـوپای خۆی لەناو شـــارەکان بکشـــێنێتەوە و دان بە مـافەکـانی گەلی کورددا بنێـت. هەرچـی حـوکـمەتـی عـێـراقە دەیخواســـت لە ڕێگای دیالۆکەوە کـورد لە ئـێـران و ئەمـریـکـا و هـاوپەیمـانەکـان دابـبڕێـت و ئەو زەمـینـەیە نەدات، کە ئەو هـێـزانە سـیاسـەت لەسـەر کورد بکەن، بۆ ئەمە لە لایەک دەیـخـواســـت بەردەوامی بە دیـالـۆک بـدات، لە لایەکی ترەوە هەوڵیدەدا دەســـەڵاتی سیاسـی مەدەنی و سـەربازی خۆی لە شارە کوردییەکاندا بسەپێنێ. لەم مـاوەیەدا بەرەی کـوردســـتـانی بەشـێکی هێزەکانی خۆی هێنایە ناو شـارەکان و بنکە و بارەگای خۆیان دانا و ئەوانیش خواســتیان دیالۆک بکەنە دەرفەت بۆ خۆســازدانەوە و خۆجێگیرکردنیان. ئیتر وردە وردە بارودۆخێک دروســـتدەبوو، کە لە بـاشـــووری کوردســتـاندا دوو دەســـەڵاتی تەریـب هەبوون، بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی زیـاتـــری جەمـاوەردا و زیـاتر جێگیربوونی پێشـمەرگە لە شـارەکاندا، لەلایەکی تـریشـــەوە دەســـتـپـێـکـردنی دانوســـتـاندنەکـانی نێوان ئێراق و نەتەوەیەگرتووەکان ســـەبارەت بە چاودێری چەکی کیمیاوی و داماڵینی ڕژێـمـی بەعـس لەو چەکـانە و نـاچـارکردنی بە پەســـەنـدکردنی نـاوچەی ئـارامـی دژەفـڕیـن، ئەوهاوســەنگییە بە ســوودی هێزی پێشـــمەرگە و لایەنی کـوردیـدا دەشـــکـایەوە. ئەوەبوو لە هەردوو مانگی تەمووز و تشـــرینی یەکەمدا دوو ڕاپەڕینی تر ئەنجـامـدرا، لەو دوو ڕاپەڕینە سنوردارەدا هێزەکانی ڕژێم لەناو شـــارەکان دەرکران و ناچارکران بچنە دەرەوەی شارەکان و کاروباری ئیداریش کەوتە دەستی بەرەی کوردســـتانییەوە، ئەمە بووە ســـەرەتای قۆناغێکی نوێ، چونکە دوای ڕوداوەکـانی مـانگی (١٠)ی ١٩٩١ حوکمەتی عێراق بڕیـاریـدا بەتەواوی هـێـزە ســـەربـازی و ئاسـایشـەکانی و ئیدی خۆی لە هەر ســـێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و ســلێمانی بکشـــێنێتەوە و ئابڵوقەی

خستەسەر هەر سێ پارێزگاکە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بۆشاییەکی ئیداری لەو سێ پارێزگایەدا دروست ببێت. بە واتایەکی تر ئیتر دەسەڵاتی حوکمەتی عێراق لەو ناوچانەدا نەما.

**پەراوێزەکان:**

١) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشووری کوردستان.

٢) عەبدولڕەزاق مەرزنگ، ڕاپەڕین و بەهاری ئازادی.

٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین ، خولانەوە لەناو بازنەدا ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستان-عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چاپی دووەم، ١٩٩٩، مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان.

٤) سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان.

٥) دڵشاد مستەفا، وەستانی کورد لە بازنەی چەند مەسەلەیەکی هەڵئاوسادا.

٦) سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان.

٧) ڕووخۆش عەلی ، کۆرەو و یادەوەری.

٨) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا ،ڕاپەڕینی ١٩٩١ ی کوردستان.

٩) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا ،ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ ی لە باشووری کوردستان.

١٠) عەبدولڕەزاق مەرزنگ، ڕاپەڕین و بەهاری ئازادی.

١١) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ ی لە باشووری کوردستان.

**سەرچاوەکان:**


١- ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا ،ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی لەباشووری کوردستان.

٢- عەبدولڕەزاق مەرزنگ، ڕاپەڕین و بەهاری ئازادی.

٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستان-عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چاپی دووەم، ١٩٩٩، مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان.

٤- سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان.

٥- دڵشاد مستەفا، وەستانی کورد لە بازنەی چەند مەسەلەیەکی هەڵئاوسادا.

٦- ڕووخۆش عەلی، کۆرەو و یادەوەری.

٧- دیار غەریب، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، پایزی ٢٠١٦.


هەواڵنامەی کتێب

# جینۆسایدکردنی شاری سەیدسادق



**فەرمان حسێن دەروێش**
ڕاوێژکاری مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران

جینۆسایدی کوردان لە هەموو پارچەکانی کوردستان کوردستانی باشوور بەتایبەتی و جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفال و ئێزدییەکان و بارزانییەکان و کوردانی فەیلی و جینۆسایدی قەلادزێ و سەیدسادق لە ڕووی مێژوویی و سیاسییەوە دەتوانرێت بوترێت لەسەر ئاستی جیهاندا دەگمەنە، مەگەر بەسەر جولەکە و لە کاتی شەڕی دەوڵەتانی زلهێزی دنیادا بەرامبەر یەکتری ئەنجامدرابێت، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە کۆمەڵگەی کوردی لەسەر ئاستی ناوخۆ نزیککردەوە لە هەڵتەکاندنی یەکجارەکی، بۆیە شوێنەوارەکانی بەردەوام وەکو بیمارێکی گەورە بەسەر جەستە و مێژووی نەتەوەییمانەوە بەبێ تیمارکردن دەمێنێتەوە لە زۆر ئاستدا.

دەبێ ئەو ڕاستییە مێژووییە لەیادنەکەین، هەر جۆرێک لە جۆرەکانی جینۆسایدکردن و جینۆسایدکردنی شاری سەیدسادق قۆناغێکی سەختی مێژوومانە، حکومەتی عێراق خاوەن پلان و ستراتیژی قووڵی خۆی بووە لە جێبەجێکردنی پلانەکانی دژی نیشتمان و خاکی کوردستان و کورد وەک نەتەوە.

فرەڕەهەندی خاپوورکردن و ناچارکردنی ڕاگواستنی خەڵک و چۆڵکردن و دواجار جینۆسایدکردنی شار و نهێنی ڕەهەندەکانی بۆ هەڵدەگرێت کاری زانستی و یاسایی زۆری لەبارەوە بکرێت، ئایا بڕیاری خاپوورکردنی شارەکە بۆچی درا؟ کێ بەشداری تێدا کرد؟ تاوانباران کێ بوون؟ چۆن شوێنەوارەکانی چارەسەردەکرێن؟ تا چەند بە جینۆساید ناسێنرا لە ناوخۆ و دەرەوە؟ بۆچی سەرباری هەموو نەهامەتییەکانی ئەم شارە تائێستاش لەلایەن حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەجندای حیزبە سیاسییەکانیشەوە پشتگوێخراوە؟

هەموو ئەم پرسیارانە هەڵدەگرێت، چەندین توێژینەوەوکاری زانستی یاسایی مێژوویی بنکۆلکاری لەبارەوە بکرێت، لێکۆڵەری بەسەلیقەی ئەوێت خزمەت بە کەیسی جینۆسایدی سەیدساق و سەرجەم کەیسەکانی جینۆسایدی گەلی کورد بکات، بۆئەوەی وەک میللەتانی جینۆسایدکراو بتوانین مێژووی خۆمان وەک خۆی بنووسینەوە لە ڕووی ئەکادیمی و مێژووی و نەتەوەیی و سیاسییەوە.

**شاری سەیدسادق:**

شاری سەیدسادق لە ڕووی پێکهاتەی جوگرافییەوە دەکەوێتە ناوەندی دەشتی شارەزوور، بە دووری زیاتر لە (٥٠)کم لە سلێمانییەوە و (٣٣)کم لە هەڵەبجە و خورماڵەوە.

ئەم شارە هەمیشە ناوچەی گەرمی شۆڕش و بەرخودان بەرگری بووە، هەر لە شۆڕشی شێخ محمود تا دەگاتە کۆمەڵکوژییەکەی (زەعیم صدیق) لە ١٩٦٣ و ڕاپەڕینەکانی ١٩٨٢و ١٩٨٧ی هەڵەبجە و سەیدسادق و شارەزوور.

مێژووی ئەم شارە پیمان دەڵێت لە سەرەتاکانی ١٩٧٠ لە کاتی شۆڕشی ئەیلول لە دەستی ڕژێم دەرچوبوو، کەوتبووە بەر ناوچەی ئازاد، لەبەرئەوە لەدوای نسکۆی شۆڕشی

هەولێرنامەی کتێب

ئەیلول (١٩٧٥) ڕژێم ئەم شارەی کرد بە سەربازگەیەک لە سوپا.
دواتر سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ بە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەخماخەکەی لەم شارەوە بڵێسەی سەند و شۆڕش دەستپێکرایەوە و بوو بە لانکەی پێشمەرگەکانی سەرجەم حیزب و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان.
بە هۆکاری ئەوەی هەمیشە لانکەی شۆڕشەکان و ڕاپەڕینەکان بووە هەر لە سالانی (١٩٦٠ تا ١٩٨٨)، ئەم شارە چواردەوری بە سەربازگە کرابوو.
بەپێی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی کە لە سنووری وڵاتی ئێرانەوە زۆر دوور نییە و دەکەوێتە نێوان (پارێزگای هەڵەبجە، قەزای شارەزوور، قەزای پێنجوێن) و (٨)کم دوورە لە شاخی سورێن وسنوری ئێران کەلانکەی پێشمەرگە و شۆڕش بوو، لەکاتی دەستپێکردنی جەنگی عێراق ـــــ ئێران بەو پێیە سەیدسادق لەنێوان دوو جەبهەی نێودەوڵەتی و دەیان جەنگی ناوخۆیدابوو.

## سەیدسادق پێش جینۆساید: بواری سیاسی و بەرەنگاربوونەوە لە سەیدسادق:

لە سەرەتای دروستبوونی شۆڕشی چەکداریدا، ئەم شارە چەکداری شێخ محمودی نەمری تێدابووە و سەردەستەبووە لەو بوارەدا، لەوانە (حەوت برای نەویجان، ئەحمەدی مستەفا گوندی گردی شەریف، فەتاحی فەرەجی ئاخە، مەحمودی پیروەیس، ...) واتا هەر لە سەرەتاوە خەڵکی ناوچەکە ڕۆڵیان هەبووە لە شۆڕش و بەرخۆدان و نەبەردییەکانی گەلی کورد.

## کۆمەڵکوژییەکەی ١٩٦٣ی زەعیم صدیق:

کارەسات و کۆمەڵکوژی (١٩٦٣/٦/٩) بەعسییەکان بە فەرماندەیی زەعیم صدیق ئامر لیوای (٢٠)ی ئەوکاتی سوپای عێراق لە شاری سلێمانی و سەیدسادق و ناوچەکانی

دەوروبەری یەکێکە لە بیرەوەرییە تاڵەکانی خەڵکی کوردستان، لەو ڕۆژەدا بەعسییەکان قەدەغەی هاتوچۆ ڕادەگەیەنن و هەرکەس لە ماڵەکەی بێتە دەرەوە دەیگرن و دەیکوژن، هێزەکەی زەعیم هێرش دەکەنە سەر شاری سەیدسادق و شارەزوور، لەو کاتە خەڵکی ناوچەکە سەرقاڵی دروێنەبوون و بەعسییەکان بەروبوومی جوتیارانی ناوچەکە ئاگر تێبەردەدەن و چوارکەس لە هاوشاریانی سەیدسادق شەهیدئەکەن و نزیکەی (١٠٠) کەسیش ڕەشبگیردەکەن و دەیانگوازنەوە بۆ حامیەی سلێمانی، کە ئێستا ئەو شوێنەکراوە بە پارکی ئازادی، لەوێ گیراوەکان زیندانی دەکرێن و دواتر لە مفاوەزاتی حکومەتی عێراق و شۆڕش دەستگیرکراوەکان ئازادئەکرێن.

ناوی شەهیدەکانی سەیدسادق لە کارەساتی (١٩٦٣/٦/٩):

١ـ عەلی شەریف عەلی

٢ـ ئەحمەد ئیبراهیم

٣ـ عەلی محەمەد زۆراب

٤ـ عومەر ئەحمەد

**ڕووداوی بۆردوومان بە بۆمبی ناپاڵم:**

شاری سەیدسادق هەمیشە بەهۆی پێگەکەی و هەڵکەوتەی جوگرافی گرنگییەکی تایبەتی هەبووە لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەوە، بەجۆرێک هەموو جارێک بەعس و ڕژێمەکەی توشی ترس هاتوون لە هەر جوڵە و چالاکییەک لە ناوچەکە وەک یاخیبوون یان خۆپیشاندان و ڕاپەڕین و هەڵوێست سەریهەڵدابێ، بەم هۆکارانەوە چەندین هۆکاری تر لە ڕۆژی (١٩٧٤/٤/٢٦) حکومەتی عێراق بۆردوومانی شاری هەڵەبجەی کرد بە ناپاڵم هاوکات فڕۆکەیەکیشی نارد بۆ ناپاڵم بارانی سەیدسادق، بەڵام فڕۆکەوانەکە بۆردومانی ناو شاری نەکرد و بەڵکو بۆردومانی چواردەوری شارەکەی کرد.

**شۆڕشی نوێ:**

یەکەمین مەفرەزەی سەرەتایی دەستپێکردنەوەی شۆڕش لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە دەشتی شارەزوورەوە پێکهێنرا و چەکیان کردەشان، شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکەمین شەهیدی بەخشی لە گوندی (قاینەجە) سەر بە قەزای سەیدسادق، شەهید فاتیح یەکەمین شەهیدی شۆڕشی نوێ بوو، کە بە هاوڕێیەتی مەفرەزەیەکی پێشمەرگە دەستەویەخە ڕووبەڕووی چەکدارانی حکومەتی عێراق بوونەوە لە ماڵی شەهید (حەمەڕەشید قاینەجەیی)، ئەم ڕووداوە سەدایەکی گەورەی دروستکرد لە ناوچەکە، چونکە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول دیسان شۆڕشی نوێ هەڵگیرسایەوە و دەستکرایەوە بە خەباتی چەکداری دژ بە داگیرکاری و تاوان و کۆمەڵکوژییەکانی حکومەتی عێراق، حکومەتی عێراق زیاتر لە ڕابردوو هەوڵی سڕینەوەی ئەم ناوچەیەی دەدا لەسەر نەخشەی سیاسی و چەکداری، وەک نزار خەزرەجی ئەڵێ شۆڕشی چەکداری کوردەکان هەمیشە لەمپەڕێکی ڕاستەوخۆبوون بۆ ماندووکردنی توانا سەربازییەکانی عێراق و ڕێگرێکی کاریگەربووە لە بەرەوپێشچوونی سەربازی و ئەمنی سوپای عێراق بە شێوەیەکی سەردەمیانە.

**ڕاپەڕینی ٣ی ٥ی ١٩٨٢:**

لەم ڕۆژەدا ڕاپەڕینێک لە شاری سەیدسادق بەرپابوو بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی پشدەر و قەڵادزێ، کە لە ١٩٨٢/٤/٢٤ جەماوەری شاری قەڵادزێ ئەنجامیاندابوو، ئەم ڕاپەڕینە دوو ڕۆژی خایاند، بەڵام بە ئاگر و ئاسن و گرتن و کوشتن کۆتایی پێهێنرا.

لەئەنجامی ئەم ڕاپەڕینە قوربانی و شەهیدی لێکەوتەوە، ناوی شەهیدەکان:

١ـ حەسەن مەلاڕەحیم گرێزە

٢ـ محەمەد مەلاصدیق مەلاوەیسەیی

٣ــ گوڵچین حاجی مەحمودی کانی ئاسکان

٤ـ عەینا کەریم یارە

٥ـ محەمەدی حاجی ساڵەح

٦ـ حەیدەرحەمەنەجیب

دەسکەوتەکانی ئەم ڕاپەڕینە:

١ـ بەشی هەرەزۆری وانەکان کە بە عەرەبی دەخوێندران، بۆ ساڵی داهاتوو بڕیاردرا بە کوردی بخوێنرێت.

٢ـ بەزۆرەملێگرتن و ناردنی گەنجان بۆ سەربازی بەشێوەیەکی گشتی و بەرچاو ڕاگیرا.

**ڕاپەڕینی (١٣/٥/١٩٨٧)ی دەڤەری شارەزوور:**

ئەم ڕاپەڕینە لە ناوچەکانی (هەڵەبجە، سیروان، خورماڵ، سەیدسادق) ئەنجامدرا و زۆربەی حیزبە کوردستانییەکان پشتگیر و هەڵسوڕێنەری ئەم ڕاپەڕینە بوون، بەشێوەیەکی گشتی خۆڕسکانە بوو، لەبەرئەوە هێزە سیاسییەکانیش هەموویان خۆیان بە خاوەنی دەزانی و پشتگیری ڕاستەوخۆی ئەم ڕاپەڕینە بوون، سەرئەنجام لە خەڵکی ڕاپەڕیوو پێنج کەس شەهیدبوون و دوو کەسیش بریندار‌بوون.

**پاڵنەرەکانی جینۆسایدی سەیدسادق:**

**١ـ پاڵنەری جوگرافی:**

ئەم پاڵنەرە بۆ حکومەتی عێراق، کە خۆی وەک پاسەوانی دەروازەی ڕۆژهەلاتی نیشتمانی عەرەب ناساندووە، هەمیشە کاری بۆ کردووە، جوگرافیای ئەم ناوچە گرنگە، چونکە بە شاخی بەرز دەوردەدراوە و دەتوانێ وەک قەڵغانێک بەکاری بهێنێ و بلاو پەلاماری هاوسێکانی دووربخاتەوە، بەتایبەت لەو کاتە عێراق لە جەنگێکی هەشت ساڵەبوو لەگەڵ ولاتی ئێراندا.

**٢ـ پاڵنەری ئابووری:**

ئەم ناوچەیە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی ئاوزەوی کشتوکاڵی و کانزاکان، حکومەتی عێراق دەیویست بۆ بەهێزکردنی پایەی ئابووری خۆی بەکاریبێنێت.

### ٣- پاڵنەری سیاسی:

لە ڕووی سیاسییەوە دەیویست کۆتایی بە گیانی پێشمەرگانە و بەرخۆدانی گەلی کورد بهێنێت، کە شۆڕشی نوێیان هەڵگیرساندەوە.

### ٤- پاڵنەری ڕەگەزپەرستی:

ڕەفتاری ڕەگەزپەرستی لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی عێراقەوە دژ بە کورد لە هەموو ناوچە جیاجیاکاندا مەبەست لێی تەنگ پێهەڵچنین بووە بە کورد، تا زێدی خۆی جێبهێڵێت و مەیدانەکە بۆعەرەب چۆڵبکات و کورد بەتەواوی لە زێدی خۆی تەرەبکات لە ڕێگای کۆچاندن و ڕاگواستنی زۆرەملێ و بەعەرەبکردن.

### ٥- پاڵنەری سەربازی:

بۆ سەرگرتنی هەموو سیاسەتەکانی لە سەرەتاوە تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس پاڵنەری سەربازی بۆ ئەنجامدانی سیاسەتە ڕەگەزپەرستەکان گرنگترین پاڵنەربووە، لە سەردەمی شۆڕش و بزوتنەوەی چەکدارانەی کوردان، پاڵنەری سەربازی بۆ دامرکاندنەوە و دەستەمۆکردنی هێزە یاخییەکان لە دەسەڵات باشترین بژاردەبووە بۆ بەگژداچوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و شکستپێهێنانی شۆڕشی نوێ.

### خاپوورکردنی سەیدسادق:

خەڵکی ئەم شارە بە شێوازێکی پەرشوبڵاو لەدوای کیمیایی بارانکردنی شاری هەڵەبجە لە (١٩٨٨/٣/١٦)، ناچار لە ماوەی شەوروژێکدا و لە١٧ی٣ی١٩٨٨ لەبەر دووبارەنەبوونەوەی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە ڕوویان لە شاری سلێمانی و شارۆچکەی عەربەت و ئۆردوگاکانی نەسر و باریکە کرد، هەر لە ڕۆژانی١٧ی٣ی١٩٨٨ ڕژێم بە بڕیارێکی تایبەت و جیا لە کیمیاییباران و ئەنفال وەک تاوانێکی تری جینۆسایدکردن خۆی دەستی بە تەقاندنەوەی بنکە و بارەگاکانی خۆی کرد لەنێو ئەم شارەدا بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی شارەکە و پێشمەرگە ومەترسی

خستنەسەر شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

شاری سەیدسادق لەدوای ٢١ی٣ی١٩٨٨بووە دواقۆناغی ژیانی هاووڵاتیان، شاربوو بە وێرانەیەکی ئەوتۆ، بێجگەلە سەربازی ڕژێمی بەعسی عێراقی کەسیتری تێدا نەدەژیا، لەبەرئەوە سەربازانی ڕژێم کەوتنە تەقاندنەوەی تەواوی بنکە و بارەگا حکومییەکان و مزگەوتەکان و قوتابخانەکان و تەنانەت یەکەبەیەکەی ماڵەکانیش، دواجار خۆڵ وخاشاکی ئەم شارەشیان لەدوای خاپوورکردن گەیاندە نزیکی گوندی (کانی سپیکەی پەرخ) و ڕۆژئاوای گوندی (سەرای سوبحان ئاغا). ئەمە باسێکی کورت بوو لە هۆکاری چۆڵکردنی شاری سەیدسادق بۆ ماوەی نزیکەی (٣) ساڵ.

**بەرپرسانی وێرانکاری و جینۆسایدی سەیدسادق:**

ـ سوڵتان هاشم/ بەرپرسی فەیلەقی یەکی شیمال

ـ عمیدرکن جبر/ بەرپرسی لیژنەی وێرانکردنی سەیدسادق لەگەڵ هەریەک لە (مقدم اسماعیل ابراهیم و عمید فاظل علی سلیمان دلێمی و عقیدرکن شاکر محمود احمد).

- پارێزگاری ئەوکاتی سلێمانی (شێخ جعفر) سەرۆکی لیژنە (فرحان موتڵەگ/ مدیر استخباراتی شرق و صابر الدوری/ مدیر استخباراتی نهێنی گشتی)

ـ نزارخەزرەجی/ سەرۆک ئەرکانی جەیشی عێراق.

خاپوورکردن و جینۆسایدکردنی ناوچەکە و ڕاگواستنی دانیشتوانی شاری سەیدسادق، هەموو سیمایەکی ئاوەدانی و گشت ڕەگەزێکی ژیانکردن تیایدا لە ڕەگەوە هەڵکەنرا.

لە١٣ی٩ی٢٠١١ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیاریدا، کە کەیسی خاپوورکردنی سەیدسادق درێژکراوەی کەیسی ئەنفالە و

دەبێت لەگەڵ دۆسـیەکانی ئەنفال یەکبگرێت و بە جینۆسایدی ناساند. لەدوای بەجینۆسـایدناسـاندنی کەیسی خاپوورکردن و ڕاگواستنی قەزای سـیدسـادق لەگەڵ چەند نـاوچەیەکی تردا و لە چوارچێوەی تاوانی (ئەنفال)دا، تا ئەم چرکەساتە هـیچ لایەن و فراکسـیۆنێکی پەرلەمانی عێراق خۆیان نەکردووە بە پـارێـزەری ئەم بـڕیـارە بـۆ قەرەبـووی مـاددی و مەعـنەوی شارەکە.

خـاپورکردن و جینۆسـایدکردنی شاری سەیدسادق هیچی کەمتر نییە لە کۆی ئەو جینۆسـایدکردنانەی بەسـەر گەلی کورددا هاتووە، ناکرێ و نابێت لایەنە سـیاسـییەکانی شـارەکە و یەکە ئیدارییەکان و حـکـومەتـی هەرێـم و لایەنە پەیوەنـدیـدارە یـاسـاییەکان بەشـەرمەوە باسی ئەم کەیسەبکەن و نـادیـدەی بگرن و وپشـتگوێی بخەن، بەڵکو دەبـێـت قەبـارەی تـاوانەکە بـخـرێتەوە چوارچێوە یـاسـایی و مرۆییەکەی خۆی و بـکـرێـتە ئـامـرازێـکـیش بـۆ ئـاوەدانکردنەوە و بـوژانـدنەوەی شارەکە و دەوروبەری.





# جینۆسایدی کولتوریی، وەک پرسێکی گرنگ لە خەباتی ئۆجەلاندا

سمکۆ سابیر

دەستپێک:

جینۆسایدی کولتوریی، وەک هەوڵێکی تری داگیرکەرانی کوردستان کە لە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوو، هەوڵێکی تەواو سیستماتیک بووە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی جینۆسایدەکانی تر و سڕینەوەی شوناسی کوردبوون و ئاسیمیلەکردن و تواندنەوەی لە نێو کولتور و فەرهەنگێکی تر، کە دەکرێ ئەم نەتەوانە؛ تورک و فارس و عەرەب بن، کە چوار بەشی کوردستانیان بەسەر خۆیاندا داگیر و دابەشکردووە، جینۆسایدی کولتوریی هێرشێکی گەورەیە لە دژی هەموو بونێک، هەموو مانایەک کە کۆمەڵگەیەک هەیەتی، کولتوری کورد بە درێژایی مێژووی خۆی، نەدەگەیشتە ئەمڕۆ ئەگەر ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی نەبووایە، بێگومان یا دەبوو بە شارستانییەت ، یان لەنێو شارستانیەتەکانی تری گەلان ئاوێتە و ئاسیمیلە دەبوو، لە هەردوو باردا تەواو لەناودەچوو، دەبێت دان بەو ڕاستییەشدا بنرێت؛ هەرچەندە بەو مانایەی ئێمە لەسەری دەدوێین، ئاسیمیلە و شەڕی کولتور دژ بە نەتەوەی کورد لە هەندێک گۆشەنیگاوە زیانی کوشندەی لێداوین و بەردەوامیش وەک ڕووداو، هێشتا کاریگەرە، خەنجەرەکان بۆ گیانی تیژ و ئامادەکراوە، بۆ ئەم زیانە بەئازارەش هەر تەنها کورد نییە، بەڵکو نەتەوە و گرووپ و پێکهاتەی تر هەن، کە لە جوگرافیای کوردستانی گەورەدا دۆخێکی خراپتر لە کوردیان تێپەڕاندووە.

نابێت نکۆڵی لەوە بکرێت، کە لە سەردەمی ئێستادا دۆخی راستەقینەی جیهان راشکاوانە پێماندەڵێت؛ سەرمایەداری رۆڵی سەرەکی هەیە لەو تاوان و کارەساتانەی بەسەر کولتور و مانا هەزارساڵییەکاندا هاتووە؛ وەک کورد و چەرکەس و ئەرمەنی و ئیون و گورجی کە بەداخەوە هەموو شوێنەوار و کولتورەکەیان کراون بە کاڵای مۆزەخانەکان و لەپاڵیدا کولتور و رەسەنایەتی گەلێکی تەواو جیاواز و سەربەخۆ تەنها ماناکەی لەنێو مۆزەخانەکاندا ماوەتەوە. لە ژیانی راستینەیی شتێک نەماوە مۆرکی ئەو گەلانەی پێوەمابێت.

ئەم پرسە تائێستا بەگشتی رەخنە نەکراوە، لە ژێر رۆشنایی هزر و فەلسەفەو ئەو بنەمایانەی کە هێزی شەڕانگێزی درووستدەکات و ئەو دەوڵەت نەتەوانەشی کە لە گۆڕەپانەکەدا بوونیان هەیە، راستییەکی دەمامکدار و رووپۆشکراون، ساختەن هەریەکەیان لەپێناو قازانج و خزمەتکردنی داگیرکەران، دژی نەتەوەکەی خۆشیان وەستاونەتەوە و بوون بە بەشێک لەو هەوڵانەی بۆ ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکەی دەدرێت. تاکە ئامانجیش لێرەدا؛ دروستکردنی کۆمەڵگەی یەک رەنگ و یەک واتا و یەک بونیادییە. ئەمەش فاشیستێکی مۆدێرنە لەسەر هەناوی کولتوور بەدیدەهێنێت بۆ زۆرترین قازانج لەسەر بنەمای زۆرترین هەوڵی سڕینەوە و توانەوەدا.

لەگەڵ هەو هەوڵێکی جینۆسایدی کولتوریدا، داگیرکەران بەرگێکی یاسایی بڕواپێکەر دەهێننە پێشەوە بۆ بەرەوپێشچوونی ئامانج و پرۆسەی توانەوە . لە دوو سەدەی رابردوودا جینۆسایدی کولتوری کوردان بەردەوامە و کەچی هێشتا خوازیارن بەرژەوەندییەکانی هەژموونگەرایی خۆرئاوایی سەرمایەداریی بەردەوام بێت. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە ژینگەیەکی گونجاو هەیە بۆ

بەردەوامی جینۆسایدی کولتوریی نەتەوەکان لە سایەی سیستمی نوێی جیهان .

**کولتور وەک پێناسە:**

زاراوەی کولتور چەندین پێناسەی جیاوازی هەیە، بەڵام بەگشتی پێناسەکان جەخت لەسەر هەمان شت دەکەنەوە. کولتور ئەدگار، تایبەتمەندی و زانینی گروپێک خەڵکی دیاریکراوە (بۆ نموونە کورد) کە بەڕێی زمان، هزر، ئاین، خواردن، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، موزیک و هونەرەوە پێناسەکراون. ئەمانە پشکدار و هاوبەشن لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و گروپێک خەڵکی دیاریکراو، بەڕێی فێربوونەوە دەگوازرێنەوە و یارمەتی شێوەدان بە بیروباوەڕەکان و ڕەفتارەکان دەدەن .

ئێدواردتایلێر: کولتور سیستەمێکی ئاڵۆزە کە دانایی، باوەڕ، ئەخلاق، هونەر، یاسا، دابونەریت و هەموو تواناییەکی تر لەخۆئەگرێت و بە دەسکەوتی مرۆڤ دائەنرێت.

یەکێک لە پێناسە یەکەمییەکانی کولتور ساڵی ١٨٧١ لەلایەن ئێدوارد تایلۆرەوە کراوە: "کولتور، یان شارستانەتی، سەرجەمێکی ئاڵۆزە، پێکدێ لە: زانین، باوەڕ، هونەر، یاسا، مۆراڵ، دابونەریت. هەروەها هەر توانست و ڕەفتارێکی دیکە کە لەلایەن مرۆڤەوە وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە بەدەستهێنرابێ". پێناسەیەکی دیکەی نوێتری کولتور بریتییە لە "ئایدیا، هزر، بەها و دەرککردنە هاوبەشەکان. هەروەها گواستنەوەی کۆمەڵایەتییانەی ئەو ئایدیایانەی کۆمەڵگەیە کە بۆ تێگەیشتن لە ئەزموون و دیارهێنانی ڕەفتار و پەرچاندنیان لەنێو ئەو ڕەفتارانەدا بەکاردێن ."

ڕۆبێرت برستد: کولتور بە تەواوی ئەو پێکهاتەی ئەوترێت کە پێکهێنەرەکانی ئەو شتانەیە کە ئێمە وەک تاکێکی کۆمەڵگا ئەنجامی ئەدەین، بیری لێ ئەکەینەوە یان خۆمان بە خاوەنی ئەزانین.

لە کۆمەڵناسی کلاسیکدا کولتور وەک دامەزراوە، یان کردە و چالاکی

هەواڵنامەی کتێب

لەبەرچاوئەگیرێت، کە پەیوەستە بە سیستەمێکی ڕێساکراوی گەورەترەوەوە و دۆرکایم و پارسۆنز نوێنەرایەتی ئەم ڕوانگەیە ئەکەن. پارسۆنز پێی وایە کولتور یەکێک لە چوار دامەزراوەکانی کۆمەڵگایە.

واتا کولتور سەرجەمی چالاکییە هزری و ڕەفتارییەکانی نەتەوەیەک یان گروپێک خەڵکی دیاریکراوە لە سەردەمێکدا. لە هزر، زمان، زانین (زانیار_مەعریفە) [وێژە، هونەر، زانست و فەلسەفە]، دابونەریت، بەهای کۆمەڵایەتی، ڕەوشت، کەلەپور، باوەڕ، ئاین و شێوەی ژیان پێکدێ. سەرجەم کولتورەکان گەرەکە پێویستی و ئاتاجە فیزیکی، سۆزەکی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەندامەکانیان دابینبکەن، هەروەها ئەندامە نوێیەکان بە کولتور بکەن، هاڤڕکێ و ناکۆکییەکان چارەسەربکەن و گەشە بە توانستی مانەوەی ئەندامەکانیان بدەن. کولتور شتێکی هەمەکی و گەردوونییە لە نێوان سەرجەم گروپەکانی مرۆڤ و تەنانەت لە نێوان هەندێ لە ئاژەڵانیشدا هەیە.

لکەکولتور (SUBCULTURES)

کولتوری گروپێکی دیاریکراوە، کە ڕەفتاری هاوبەش و فێرکراوی جیاوازی (ئێتنیکی، نەژادی، جێندەری، تەمەن) لەنێو کولتورە گەورەترەکەدا لەخۆدەگرێ. سەرەڕای ئەو جیاوازییانە، هێشتاش ئەندامانی ئەو لکە کولتورانە هاوبەشن لە کولتورە گەورەکەدا. لکە کولتورەکان لەنێو زۆر لە سیستەمی دەوڵەتاندا هەن، لەبەر ئەوەی ئەو سیستەمانە فرەیین و پتر لە گروپێکی ئێتنیکی یان کولتورێک لەخۆدەگرن.

دەشێت کولتور بە پێناسەیەکی گشتی گوزارشتی لێبکرێت؛ کە، بریتییە لە کۆی ئەو بونیاد و مانایانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو ئافراندویەتی. لەکاتێکدا بونیادەکان، وەک کۆی ئەو دامەزراوانە پێناسەدەکەین، کە بۆ وەرچەرخان کراون؛ ئەوا دەشێت

واتاکانیش وەک ناوەڕۆک یاخود ئاستی ماناداری هاوئاراستەکاری هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندی دامەزراوە وەرچەرخاوەکان پێناسەبکەین، ئەگەر لەمیانی لێکچواندنێکەوە پێناسەکە بەهێزبکەین؛ دەشێت پێکهاتەی بونیاد وەک چوارچێوەی بەرجەستە و ماددی بونیادەکە، واتاش وەک ناوەڕۆک و یاسای ئەو چوارچێوە ماددی و بەرجەستەیە دەستنیشان بکەین، کە دەیبزوێنێ و دەیکات بە خاوەن بەهەست و فکر و هزر.

**جینۆساید وەک چەمک:**

وشەی جینۆساید لە دوو وشەی لاتینی هەڵهێنجراوە؛ جینۆس، وشەیەکی گریکی کۆنە بۆ نەژاد ،یان نەتەوە ،یان خێڵ ؛ ساید وشەیەکی لاتینییە بەمانای کوشتن دێت. دەستەواژەکە بۆ یەکەم جار لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی لەلایەن یاساناسێکی جوو بەناوی رافائیل لیمکین (١٩٠١- ١٩٥١) بەکارهێندرا. مانای دەستەواژەی جینۆساید بە بایەخێکی زۆرەوە لە ناوەندە سیاسییەکاندا بەکارهێندرا و بە خێراییەکی زۆر بڵاوبوویەوە و بەفراوانی بەکارهێندرا. لە ئەنجامدا نەک هەر تەنها بەمانا بنەڕەتییەکەی خۆی ، بەڵکو بۆ زۆر دۆخ وپرۆسەی دژوار وخراپ و وێرانکارانە و کوشتنی فیزیکی، وەک لەناوبردنی کۆهۆشی نەتەوەیی یان هەستی نەتەوەیی ، زمان، کولتوور، ئازادی تاکەکەسی،و وێرانەکردنی ژێرخانی ئابووریی؛ چاودێریکردنی رێژەی لەدایکبوون و لە هەندێ دۆخدا لێکۆڵینەوە لە هەندێ جۆری داودەرمان بەکارهێندرا. تەنانەت دەستەواژەکە لە چوارچێوەی جینۆسایدی دەروونیش ئاماژەی پێدرا و بەکاردەهێندرا.

تاوانی ژینۆساید لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا وەکو تاوانێکی سەربەخۆکە تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە لەگەڵ تاوانی دیکەدا دیاریکراوە، هەر بۆیە لە تاوانی جینۆسایددا دوو پێکهاتە زۆر گرنگن لە دەبێ لە ڕووی مەبەست

و ژمارەی قوربانییەوە سەیربکرێ.
چونکە مەبەستی سەرەکی جینۆساید فەوتاندنی بەشێک یا سەرجەمی کۆمەڵە مرۆڤێکە. جابوونی مەبەستی نەهێشتنی کۆمەڵە مرۆڤێک . چ بەشێکی یاسەرجەمی خەسڵەتێکی تایبەتی بە جینۆساید دەدات و لە تاوانی تری جیادەکاتەوە. لەبەر ئەوەی لە جینۆسایددا ئامانج و مەبەست لەناوبردن و فەوتاندنە، بۆیە ژمارە بەهەند وەرناگیرێت، بەڵکو جۆری کردارەکە و ویست و خواست بۆ ئەنجامدانی دەبن بە پێوەری جینۆساید یاخود وەک تاوان ئەژماربکرێت.

**کردەکانی جینۆساید:**

دەستنیشانکردن و ناولێنان و جێگیرکردنی کردەجیاوازەکانی جینۆساید کاتێکی زۆری خایاندووە و مشتومڕێکی زۆری لەسەر کراوە. دوای سێ ساڵ بەبەردەوامیی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن دواجار پێنج کردە بۆ دەستنیشانکردنی جینۆساید دەستنیشانکرا و بڕیاری لەسەردرا.

یەکەم/ کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵ وگرووپێک: بە هەموو پێوەر و گوزارشتێک چەمکی کوشتن بەمانی سڕینەوەی ژیانی مرۆڤەکان دێت و مەرجیش نییە، ئەم کوشتنە بە چەک و کەرەستە مەترسیدارەکان بێت. بەڵکو برسیکردن و تینووکردن و ئازاردان بە شێوازی جۆراوجۆر تا مردن یان هەر کردەوە و ڕەفتارێک ببێتە مایەی لەناوچوون و مردن دەبێت بە کردەیەکی جینۆساید.

دووەم/ زیانگەیاندنی جەستەیی و دەروونیی بە ئەندامانی گرووپێک: مەبەست لێرەدا جێبەجێکاری تاوانی جینۆساید، ئەو لایەن ودەستەیەی کەپلانی هەیە بۆ ئەنجامدانی جینۆساید بەدەستی ئەنقەست کردەوەیەک ئەنجامبدات و ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئەندامانی گرووپێکی خاوەن پارێزبەندیی. لە ڕابردودا دادگای تایبەت بە تاوانیی

نێودەوڵەتی بۆ یوگووسلافیا، زیانی جەستەیی ئاوا پێناسەی دەکات: زیانگەیاندنەکە ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەندامانی جەستە یان لەدەستدانی توانای کەسێک بۆ درێژەدان بە ژیان بە شێوەیەکی ئاسایی، گرنگ نییە لەدەستدانەکە شێوەیەکی هەمیشەیی هەبێت. یان زیانگەیاندنەکە کاریگەری لەسەر تاوانی کەسەکە هەبێت، بەجۆرێک چارەسەری یەکجاری نەکرێت.

سێیەم/ زیانگەیاندنی مەبەستدار و هێنانە پێشەوەی رەوشێک ببێتە هۆی لەناوبردنی جەستەیی و قڕکردنی تێکڕا یان بەشێکیان: لێرەدا ئەنجامدەری تاوانی جینۆساید لە ڕێگەی یا بەهۆی گرتنەبەری کۆمەڵێک پلان و ستراتیژەوە هەوڵی لە پەلوپۆخستنی تێکڕا یان بەشێک لە گروپێکی خاوەنپارێزیی دەدەن. واتە مەرج نییە، ڕێکاری لەناوبردنی گروپێک دەمودەست و کتوپربێت، بەڵکو دەکرێ مردنێکی لەسەرخۆبێت. بۆ نموونە: ئەنفالکراوانی نوگرەسەلمان بەهێواشی و لەسەرخۆ رۆژانە بەهۆی بەدخۆراکی وخراپی دۆخ و کەشوهەوا و دڕندەیی رژێمی بەعس لەساڵی ١٩٨٨ لەسەرخۆ دەمردن و لەناودەچوون.

چوارەم/ سەپاندنی ڕێکارێک یابەربەستێک بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە زاوزێی گروپێک یا کۆمەڵە کەسێک: مەبەست لە لەمپەردانان بۆ سەپاندنی ڕێکارێک بۆ بەربەستدانان لە زاوزێی گروپێک، گەشەنەکردنی سروشتی ئەو گروپەیە لە ڕێگەی زاوزێی و وەچەخستنەوە. بەتاوان ناساندنی ئەم کردەیە بۆ ئەوەیە تا گروپەکانی خاوەن پارێزبەندیی لەسەر ڕەوتی ژیانی خۆیان وبێ هیچ لەمپەرێک لە گەشە و فراوانبوون بەردەوام بن.

پێنجەم/ بەزۆر گواستنەوەی منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر: ئەم کردەیە لە بنەڕەتدا بە کردەیەکی جینۆسایدی کولتووری ناودەبرێت. هەروەها ئەم کردەیە بۆیە ڕێبەند کراوە و یەکێکە لە

کردەوەکانی میکانیزمی تاوانی جینۆساید، چونکە لایەنێک دەیەوێت بە جیاکردنەوەی ئەم منداڵانە تێکڕا یان بەشێکی گروپەکە پاکۆ بدات. چونکە ئەو منداڵانەی بەزۆر دەگوازرێنەوە بۆ نێو گروپێکی تر بەهۆی دووریی و دەستڕانەگەیشتن بە فەرهەنگی خۆیان، ناچار نەریتی گروپی دووەم وەردەگرن و بەمەش دەبن بە بەشێک لە گروپی جینۆسایدکراو.

**جینۆساید لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان:**

هەمیشە دەگەین بەو ڕاستییەی کە هیچ پرۆسەیەکی جینۆساید بەبێ پلانی پێشوەختە ناکرێت و ئەنجام نادرێت، گەلی کوردیش هەمیشە لەنێو ئەو چوارچێوە پیلانگێڕییەدا لە سەردەم و زەمەنە جیاوازەکاندا خۆی بینیوەتەوە و جینۆسایدکراوە. گومانی تێدا نییە، کە تاوانی جینۆساید پێویستی بە ناوەندێکی سەرپەرشتیار و پرۆژەیەکی گشتگیر هەیە بۆ ئۆرگانیزەکردنی هەموو ئەو ئامراز و کەرەستانەی بۆ ئەنجامدانی جینۆساید بەکاردەهێندرێن. جینۆساید وەک چۆن تاوانێکی نیودەوڵەتییە، زیاتر لەسەر دەستی دەوڵەتیش ئەنجامدەدرێت. هەربۆیە بە درێژایی مێژوو بە شێوازی ترسناک و جۆراوجۆر ئەنجامدراوە. گەلی کورد لە تەواوی خاکە دابەشکراو و داگیرکراوەکەی هەمیشە ڕووبەڕووی جینۆساید و تاوانی کوشندە بووەتەوە و دەبێتەوە. هەمووجۆر و شێوازو کردەکانی جینۆساید دژ بەم گەلە ئاشتیخوازە ئەنجامدراوە.

لە باکووری کوردستان تاوان و جینۆساید سەدان ساڵ تەمەنیەتی، بۆ نموونە؛ لە سەردەمی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥حکومەتی تورکیا بەکۆمەڵ هاوڵاتی کوردی لەناوبردووە و بەشێکیشی ڕاگواستووە. دواتر لە ساڵی ١٩٢٧- ١٩٣١ لە شۆڕشی ئاگری داخ، دانیشتوانی ٢٢٠ گوند کە نزیکەی دەهەزار کەس دەبوون، کە لەو ژمارەیەدا زیاتر لە سەد

کەس لە ڕووناکبیرانی باکووری کوردستان خرانە ناو دەریاچەی وان و کۆمەڵکوژکران. کۆمەڵکوژیی دێرسیم بۆ خۆی ترسناکترین جینۆسایدە لە مێژووی دەوڵەتی تورکیا لەساڵی ١٩٣٧.دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین کە تائێستا ئەم جینۆسایدە بە شێوازی نوێی دەوڵەت و سیستەمی تورکیا بەردەوامە و درێژەی هەیە.

دەوڵەتی تورک پاڵپشت بەهێز و پشتیگریی نێودەوڵەتی دەیان جار جینۆسایدی لە دژی کوردانی باکوور ئەنجامداوە. دواجار ترسناکترین جۆر کە جینۆسایدی کولتوورییە لەسەر دەستی ئەم سیستەمە هۆڤێنییە بەردەوام ئەنجامدەدرێت. بەندکردن و سزای لەسێدارەدان بۆ ئۆجەلان و دواتر سەپاندنی سزای هەتاهەتایی لەنێو زیندانی ئیمراڵی و ڕێگەگرتن لە پارێزەرانی سەردانی بکرێت و زانیاریی پێویست لەبارەی ژیان و باری تەندروستی لەبەردەستدا نییە. ئەمە بۆ خۆی جینۆسایدێکی بەدەنی و فیزیکییە دژی ئەم سەرکردە ئاشتیخوازە، دەکرێت کە هەمیشە هەوڵیداوە، ڕێگە لە شەڕ بگرێت و ئاشتی بکات بە پێوەری بەیەکەوە ژیان لە نێوان گەلانی تورکیادا، بەڵام سیستەمی سیاسی ئەم دەوڵەتە هیچ بەهایەک بۆ ئەجێنداکانی ئەم سەرکردە کوردە دانانێت.

لە باشووری کوردستانیش دەیان دۆسییەی جینۆسایدی ئەم بەشەی کوردستان بوونی هەیە. هەر لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ تا ساڵی ٢٠٠٣ ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن چەندین دۆسیەی جینۆساید تۆمارکراوە و چەندین دۆسیەی تریش هێشتا دەستی بۆ نەبراوە و کاری لەسەر نەکراوە. لە ساڵی ١٩٨٠ کوردانی فەیلی جینۆسایدکران و جگە لە کۆمەڵکوژیی بەشێکیان ڕاگوازران بۆ وڵاتی ئێران. لە ساڵی ١٩٨٣ ژینۆسایدی بارزانییەکان بەرانبەر بە نێرینەی ئەو پێکهاتە کوردییە

ئەنجامدراوە و دوای تەنها پێنج ساڵ دوو گەورە تاوانی تر لە ساڵی ١٩٨٨روویانداوە، کە بریتیبوون؛ لە تاوانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال بەهۆی هەشت قۆناغی یەک لەدوای یەک.

لە کوردستانی سوریش بەهەمان شێوەی پارچەکانی تری کوردستان تاوانی جینۆساید زۆر بەراشکاوی ئەنجامدراوە. لەدوای مردنی لینین و گرتنەدەسەڵات لەلایەن ستالینەوە بە ملیۆنان کەس لەماوەی ساڵانی ١٩٢٧-١٩٥٣ جینۆسایدکراون. سەرباری ئەو ژمارەیە چەندین ملیۆن کەس لە کەمینە نەتەوەکان بەهۆی برسێتی قڕکراون و لە ناوبران.

لە ڕۆژئاوای کورستانیش کوردەکان لە جینۆسایدێکی نەتەوەیی بەردەوامدا بوون، جۆری سیاسەتی ڕژێمی سوریا جیاوازە لەگەڵ سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان. لە ڕۆژئاوای کوردستان نە بزوتنەوەیەکی چەکداری هەبووە و نە شەڕیش بوونی هەبووە، بۆیە جێبەجێکردنی سیاسەتی جینۆساید لەم بەشەی کوردستاندا میتۆد و نەخشەی جیاوازی گرتەخۆ. مەرج نییە جینۆساید تەنها لەکاتی شەڕدا یا بەهۆی شەڕەوە ئەنجامبدرێت، بەڵکو جینۆساید لە سەردەمی ئاشتیشدا ئەنجامدەدرێت، چونکە مەبەست لە جینۆساید هەر فەوتاندنی فیزیکی نییە، کە مرۆڤ لەناودەبات، بەڵکو لەناوبردنی کولتور و فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک جینۆسایدە، چونکە کولتوریی نەتەوەکەت هەڕەشەی لەناوبردنی لەسەرە و مێژووی نەتەوەکە کوێردەبێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی زەبروزەنگ بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، چونکە کولتور و ئابووریی و سیاسەت و مێژووی شارستانی نەتەوەیەک هەڵدەتەکێندرێت و بەیەکجاری دەسڕێتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەهەمان شێوەی بەشەکانی کوردستان تاوانی جینۆساید زۆر ڕاشکاوانە هەستی پێدەکرێت. بەو

پێیەی دەوڵەتی ئێران مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، دەکرێ تاوانەکانی جینۆسایدیش مێژوویەکی دێرینی هەبێت. سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن، کە دەقی نووسراوی بەشێک لە زانیارییەکان ئاماژە بە ساڵی ١٩٣٤ دەکەن، کە کوردەکان بە زۆرەملێ لە ناوچەکانی خۆیان رادەگوێزرێن و بەشێکیشیان خراونەتە بەندیخانەکانەوە. جگە لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ. دواتر بەهۆی شۆڕشی پێشەوا قازی موحەمەد لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی پادشایەتی بە هەموو شێوەیەک سوپای ئامادەباش کردووە بۆ لەسێدارەدان و کوشتن و بەندکردنی خەڵک و راگواستن و سڕینەوەی شوناسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بەهۆی قەدەغەکردنی زمانی دایک و شێواندنی کولتوریی نەتەوەیی ئەم بەشەی کوردستان.

مێژووی کۆن و نوێی ئەم دەوڵەتە تەژییە بە تاوان و جینۆساید و لە هەمووشی ترسناکتر بەردەوامیی جینۆسایدی کولتوریی و فەرهەنگییە دەرهەق بە کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

**جینۆسایدی کولتوری لە ژێر رۆشنایی رێکارە یاساییەکاندا :**

پرۆسەی جینۆسایدی کولتوری لە مێژووی نەتەوەی کورددا ئازارێکی سەختە، برینێکی قووڵە ، بەردەوامە. ئەگەر باکوری کوردستان وەک نموونە وەربگرین؛ دەردەکەوێت لەپاڵ هەموو شێوازەکانی جینۆسایدا کە پێنج شێوازە، (دواتر بەوردی ئاماژەی پێدەدەین). بەڵام بەتایبەتی لە دوو خاڵدا گرنگی بە جینۆسایدی کولتوری داوە و بە نەخشە رێگایەکی قووڵ کاری لە سەرکردووە، دەوڵەت لێرەدا هەوڵدەدات، کۆمەڵگەیەکی شارستانی لە هەناوی شەڕانگێزی خۆیدا ئاسیمیلەبکات و بیتوێنێتەوە. دەیەوێت هەموو کوردێک لە هەناو

و فکر و ئاکاردا تورکێکی بیمۆڕاڵ بونیادبنێت. دەیەوێ کوردێک بکات بە تورکێکی کەمالی و ناخ و هزری پڕبێت لە تورکپەرستی و نەژادپەرستێکی ئالودە بە هەموو سەردەمەکانی شۆڤێنی تورکی. ئەو تاریکییەی کە باڵی بەسەر دەیان و سەدان ساڵی نەهامەتیی گەلی کورد و پێکهاتەکانی تر لە تورکیا و بەتایبەتی لە باکووری کوردستاندا کێشاوە، کاریگەرییەکەی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی چەندین پێکهاتەیە جگە لە کورد چەندین پێکهاتەت تری وەک ئەرمەن و ئاشوری و چەرکەس و عەلەوی و چەندین پێکهاتە هەیە، کە جگە لە جینۆسایدی جەستەیی و قڕکردن و بەکۆمەڵکوشتن، هاوکات کەوتونەتە بەردەم بەرداشی جینۆسایدی کولتوریی و شوناسی خۆیان لەدەستداوە. خەونی تورکەکان، عەرەبەکان، فارسەکان هەمیشە زاڵێتی رۆحی بە سەنتەرکردن و سەنتەریزمە بەو مانایەی هەموو گەلان لە چوارچێوە و بۆتەی یەک زمان و یەک خاک و یەک ئاڵاو یەک کولتووردا کۆببنەوە و خۆیان لە جەستەیدا ئاسیمیلەبکەن و ئیدی ئەم جیاوازیی کولتوریی و فرەشوناسی ببڕێتەوە، ئەو رقەی تورکەکان بەتایبەتی بۆ کورد هەیانە، ئەوەیە کە تائێستا تورک نەیتوانیوە کورد بکات بەخۆی، کورد لە شوناسەکەی خۆت داماڵێت، نەیتوانیوە زهنیەتی خۆی لە زهنیەتی و رۆحی کورددا جێگیربکات و ئەو تووە بچێنێت. گومانی تێدانییە، کوردانێک دەمێکە بەقووڵی دووچاری ئاسیمیلەبوون، بەڵام لە بەرامبەریشدا هەوڵی گەورە گەورە هەن بۆ رزگارکردنی ئەوانەی ئەم بەرداشە لە ماوەی حوکمڕانی مێژووی کەمالیزم لە تورکیا دووچاری هاتوون. بۆیە کولتوور بە پێناسە سادەکەی ؛ ئەوەی لە ژیانی ئێمەدا بوونی هەبێت دەبێت زۆربەیان کولتوور بن یا ببن بە کولتوور.

کەواتە بەو پێیەی دیرۆکی مرۆڤایەتی پڕە لە تاوانی جینۆساید،

بەڵام بەشێکی زۆر لە دۆسییەکانی جینۆساید کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامدراون، لە دەرەوەی ناولێنانە نوێیەکەدان. بەو پێیەی خەسڵەتەکانی مرۆڤ لەپێناو مانەوە و فراوانکردنی نادادپەروەرانەی دەسەڵاتەکەی، هەوڵی سڕینەوەی بەرامبەرەکەی داوە و و ویستوویەتی شوێنپێیەکانی خۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی فراوانتر بکات. جینۆساید بەشە چەپێندراوەکەی بوونی مرۆڤە، بۆیە پرسێکە دەبێت هەمیشە لەیادمان بێت. هاوکات لەو بارەیەوە فێرمان بکات، کە جینۆساید دۆخێکی دڕندانەی مرۆڤە بەرامبەر بە خۆی و بونەوەرە سروشتییەکانی دەورووبەری خۆی کە لەگەڵیدا یان لە دەورووبەیدا دەژین یان ژیاون.

ئێلی وێسڵ خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی لە ساڵی ١٩٨٦ پێیوایە؛ دەبێت هەموو هەوڵێک بدرێت، بۆ ئەوەی یادگەمان بەزیندوویی بهێڵینەوە، دەبێت دژی ئەوانە بجەنگین، کە ڕابردوو لەیاددەکەن، چونکە ئەگەر ئێمە رابردوومان لەیادی بکەین، ئێمە تاوانبارین، ئێمەش بەهەمان شێوە بەشداری تاوانین. کەواتە جینۆساید پەیوەستە بە ڕابردوومان. واتە؛ بەیادەوەریمان. کەواتە ئەم یادەوەرییە دەکرێ وەک مێژوو وانەی گرنگمان فێربکات بۆ دۆزینەوەی کۆی ئەو هۆکارانەی کە لەپاڵ سیستمێکی دیاریکراو و پلانێکی دیاریکراو مرۆڤ دەستی دەچێتە خوێنی ئەوانی ترەوە. دەستی دەچێتە ژینگە و رۆحی زیندەوەرەکانی تر. کوشتنێکی زۆر ترسناک و گشتگیر. کوشتنێک کە زۆر جار لەدوای خۆیدا هەموو شوێنەوارێکی مرۆڤ لەناودەبات و وێرانی دەکات. بۆیە دەگەین بەو دەرئەنجامە ترسناکەی کە کۆی لایەن و جۆر وکردەکانی جینۆساید، بەجۆرێک ئاسۆی ژیان و هیواکانی مرۆڤ لەباردەبات و شوێنپێی مرۆڤ لە ژیاندا دەخاتە دۆخێکی ترسناک، کە دواجار دەگاتە لوتکەی

تاوانکاریی لەسەر دەستی مرۆڤ. کۆیادەوەری هەر کۆمەڵگەیەک دەبێت بە فریادڕەسی کولتوور و پاراستنی کولتوور. کۆمەڵگەیەک ئەگەر ڕێز لە یادەوەری خۆی بگرێ، بێگومان ئاستی پارێزبەندی بەهێزتر دەبێت و لێرەوە دەتوانێت مەترسییەکانی سەر کولتوور لابەرێت، هەرچەندە ئەم مەترسییانە گەورەو بەهێز و ترسناک بن.

ئەگەر تۆزێک لەسەر نموونە و لە ئاستی بەراوردکاریدا بوەستین؛ دەکرێت سەردەمی حوکمی نازییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا وەک نموونە بهێنینەوە. وەک ئەوەی لێمکین باسی دەکات، نازییەکان لەو شوێنانەی داگیریان کردوون زمانی لۆکاڵی، ناوی کەسەکان، ناو و نیشانی شوێنە گشتییەکانیان کردووە بە ئەڵمانی. هەروەها زمانی دادگاکان، زمانی خوێندنگەکان، زمانی حکومەت و فەرمانگەکان و تەنانەت ناوی شەقامەکانیشیان کردووە بە ئەڵمانی. لە پۆڵەندا بەو بیانووەی، کە لەوانەیە دنەی هەستی سەربەخۆیی وڵات بدەن، هەموو هونەرێکی ئازاد (جوان)یان قەدەغەکرد. نەک تەنیا ڕادیۆ و ڕۆژنامە و شارەکان خرانە ژێر چاودێریی توندەوە، بەڵکو وێنەکێش، مۆسیقار، ئەندازیاری تەلارساز، پەیکەرتاش، نووسەر، ئەکتەر و بەرهەمهێنەری شانۆیی ئەگەر بیانویستایە لە کارەکانیان بەردەوام بن، دەبوو مۆڵەتی کارکردن وەربگرن. پێش داتاشینی زاراوەکەش، لێمکین لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ساڵی ١٩٣٣ی تایبەت بە یەکخستنی یاسای تاوانەکان لە مەدرید، باسی دوو جۆر تاوانی کرد و دەیویست وەک تاوان لە یاسای نێودەوڵەتیدا بناسێنرێن. یەکەمیانی ناونابوو "بەربەریزم"، کە بریتیبوو لە لەناوبردنی گرووپی نەتەوەیی، ئاینی، یان ئیتنی. دووەمیانی ناونابوو "تێکدانی ئەنقەست"(vandalism) ، کە بریتیبوو لە تێکدان و لەناوبردنی کولتور و کارە هونەرییەکانی ئەو

گرووپانە. بەڵام دواتر هەردوو جۆر یان هەردوو ڕەهەندەکەی لە ڕێگەی داتاشینی زاراوەی جینۆسایدەوە کرد بە یەک. بەم شێوەیە، هەوڵەکانی لیمکین هۆکاری ئەوە بوون، بۆ یەکەمین جار "جینۆسایدی کولتوری" وەک کاتیگۆرییەکی نوێی تاوان لە یاسای نێودەوڵەتیدا دەربکەوێت. بەڵام هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی بەرهەڵستیی بەهێزی دەوڵەتانێک بووەوە و لێکدانەوەکانی لیمکین لە کۆنفرانسەکەی مەدریددا ڕەتکرانەوە. لیمکین لە هەوڵەکانی بۆ دانانی پەیماننامەیەکی تایبەت بە جینۆساید بەردەوامبوو و هەر ئەویش بە ئیلهامبەخشی پەیماننامەی جینۆساید ناسراوە. دواتر لە ١٩٤٦دا کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکەمین جار تاووتوێی مژاری جینۆسایدی کرد. لە هەمان ئەو کاتەدا باسی جینۆسایدی کولتوری، یان ڕەهەندی کولتوریی جینۆسایدیش کرا. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لیژنەیەکی تایبەتی سێ کەسیی ڕاسپارد بۆ نووسینەوە و ئامادەکردنی ڕەشنووسی پەیماننامەی جینۆساید، کە یەک لەوانە لیمکین بوو. لیژنەکە سەرەتا پێشنیازی ئەوەی کرد، کە لە ڕەشنووسی پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایددا، جینۆساید بە جۆرێک بناسێنرێت، لە یەک کاتدا لایەنی بایۆلۆجی و لایەنی کولتورییش بگرێتەوە. دواتر بڕیاردرا جیابکرێنەوە و مادەیەک تایبەت بکرێت بە جینۆسایدی کولتوری، کە نموونەی پراکتیکی وەها جینۆسایدێکیش وەک قەدەغەکردنی زمانی نەتەوەیی، لەناوبردنی سیستەماتیکیی تابلۆ و پەیکەرەکان، یان هەر بابەتێکی تری مێژوویی و هونەری و ئاینی. ئەوە بوو لیژنەی ئامادەکردنی پەیماننامەکە پێشنیازەکەی پەسەندکرد و مادەیەکی بۆ جینۆسایدی کولتوری تەرخانکرد، کە بڕیاربوو، مادەی ٣ بێت. بەپێی مادەکەش، جینۆسایدی کولتوری

بریتی دەبوو لە کۆی یان بەشێک لەم کردەوانەی خوارەوە :

ا. بەزۆر گواستنەوەی منداڵی گرووپەکە بۆ گرووپێکی تر.

ب. دوورخستنەوەی بەزۆر و سیستەماتیکی کەسانێک، کە نوێنەرایەتیی کولتوری گرووپەکە بکەن.

ت. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی، تەنانەت لە وتوویژی تایبەتیشدا.

پ. لەناوبردنی سیستەماتیکی کتێبەیلێک، کە بە زمانی گرووپەکە چاپکراون، یان کتێبی ئاینی، یان قەدەغەکردنی چاپکردنی کتێبی نوێ.

ج. تێکشکاندنی سیستەماتیکی شوێنەوارە مێژوویی و ئاینییەکان، یان لەناوبردنی بەڵگەنامە و کەلوپەلی خاوەن بەهای مێژوویی، هونەری، یان ئاینی.

ژمارەیەک دەوڵەت دژی دانانی وەها مادەیەک بوون، لەوانەش بەرازیل، پیرو، هۆڵەندا، ئەمەریکا، سوید، ئێران، هندستان و دانیمارک. ژمارەیەکی تریش لەگەڵی بوون، لەوانەش یەکێتیی سۆڤییەتی و پاکستان و دەوڵەتانی ئەورووپای خۆرهەڵات. بیانووی ڕەتکردنەوەی مادەکەش، خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینییەوە:

یەکەم/ بەپێچەوانەی جینۆسایدی جەستەیی و بایۆلۆجییەوە، جینۆسایدی کولتوری "ویژدانی مرۆڤایەتی" ناهەژێنێت.

دووەم/ قەدەغەکردنی جینۆسایدی کولتوری بەشێکە لە سیستەمی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ یان مافی کەمینەکان، نەک یاسای مرۆیی (یان یاسای جەنگ) و یاسای تاوانەکان.

سێیەم/ جینۆسایدی کولتوری زاراوەیەکی زۆر ناڕوونە و بۆ پەیماننامەی جینۆساید ناشێت.

چوارەم/ لەوانەیە ڕێگە بۆ خراپ بەکارهێنانی خۆشبکات، یان لەوانەیە ئاستی قبوڵکردنی پەیماننامەی جینۆساید کەمتر بکاتەوە.

**جینۆسایدی کولتوریی، وەک پرسێکی گرنگ لە خەباتی ئۆجەلاندا:**

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە ؛ کولتور بریتییە لە کۆی ئەو بونیاد و مانایانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو ئافراندوویەتی. کەواتە تێکرای گەلانی دونیا پرسێک، ئاکارێک بە کولتورێکیان دەبەستێتەوە و هەر ئەوەشە وایکردووە، هەوڵبدەن لەناونەچێت و لە ژێر هەژموونی کولتورێکی تری نامۆ دووچاری فەنابوون و پەرتەوازەیی نەبێتەوە. خەمی کولتوور، خەمێکی مۆراڵییە و ناکرێ مرۆڤ وەک بەهایەکی ژیاریی و ژیانی سەیری نەکات و خەباتی بۆ نەکات و قوربانی بۆ نەدات. چونکە ئێشی لەدەستدانی کولتور زۆر جار ئێشی لە ڕۆحی مرۆڤەکان بەئازارترە و زیاتر مرۆڤ دەوەستێنێت. بۆیە ئۆجەلان ئەم پرسەی بەجددی وەرگرتووە و لەو گۆشەنیگایەوە دەیەوێ پێمانبڵێت؛ جینۆسایدە کولتورییەکان وەک دووەمین ڕێبازی ژینۆساید کە زیاتر لەسەر ئەو گروپە ئاینی و جڤاتە ئەتنیکی و گەلەکان پەیڕەودەکرێت، کە بەگوێرەی دەوڵەت- نەتەوە و نوخبەی دەسەڵاتدارلاواز و گەشەنەکردوون.وەک ڕێکاری سەرەکیش لە میانی ژینۆسایدی کولتورییەوە ئامانج لەناوبردنی تەواوەتی ئەو گەل و گروپە ئاینی و ئەتنیکەکانە، کە لە ناو زمان و کولتوری دەوڵەت- نەتەوە و هێزی باڵادەست دەخرێتە ژێرفشاری هەر جۆرە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە؛ لە سەرووی هەمووشیانەوە گوشاری دامەزراوەکانی پەروەردە. بەمجۆرەش هەوڵی کۆتاپێهێنان بە بونەکەیان دەدرێت. بەگوێرەی لەناوبردنی جەستەیی جینۆسایدی کولتوریی بەئێشترە و جۆرێکی درێژخایەنی جینۆسایدە. ئەو ئەنجامانەی دەیخوڵقێنێت لە جینۆسایدی جەستەیی زۆر مەترسیدارترە. لێرەدا دەردەکەوێت

کە ئۆجەلان مێژووی کارکردنی ئەم فۆرمەی داگیرکەرانی کوردستانی بەوردی شرۆڤە کردبێت و هەڵوەستەی لەسەرکردبێت. چونکە درککردن بەم جۆرە جینۆسایدە ترسناکە لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردی سەدان ساڵی تەمەنی تێپەڕاندووە، بەڵام هێشتا ئاستی درککردنی کۆمەڵگە نەک لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵکو نکۆڵی لێدەکرێت، کە ئێمە لە ژێر هەژموونی جۆرە جینۆسایدێکی ئاوا ترسناک و دژواردا بین. وەک ئەم بیرمەندە باسی دەکات، تەواو ئاڵۆزە و سەختە. پرئێشە و کاریگەرییەکی لەسەر هەموو سێکتەرەکانی ژیانی مرۆڤە بەبێ جیاوازی دەکات. جینۆسایدی کولتووریی ؛ واتە هەوڵدانی سیستمێکی سیاسی نادیموکرات لە سڕینەوەی شوناس وتایبەتمەندییەکانی گەلێک و هاوکات توانەوەی لە بۆتەی نەتەوە و کولتورێکی تردا. بەواتایەکی تر ڕەوایەتیدانە بە کولتورێکی نامۆتر

بە مێژوو و کولتور و فەرهەنگێکی تر کە ئەگەری زۆرە، ئەم کولتورە لە بنەڕەتدا بۆ خودی پێکهاتە و فەرهەنگەکەی خۆی تەواو نامرۆڤانە بێت و لێرەدا لەبری ژیانێکی ئاسایی دووجار مرۆڤەکان بکوژێن. ئەم مەترسییە لە دیدی ئۆجەلان تەواو کوشندەیە، چونکە ئەو تەواو لەوە گەیشتووە، ئەوەی دوژمن لە ڕووی کولتوری دەتوانێت بە گەلێکی بکات، ناتوانێت بە جینۆسایدی جەستەیی ئەنجامیبدات. نموونەشی بۆ ئەمە هێناوەتەوە، کە لە ڕووی پەروەردەییەوە ئەگەر لە باکووری کوردستان بە فشاری دەوڵەت لە هەموو جوگرافیای ئێستای تورکیا منداڵەکان لە باخچەی ساوایانەوە بۆ زانکۆ و دواسەنتەری باڵای مەعریفە لەو وڵاتەدا مرۆڤەکان لەسەر ئەوە پەروەردەبکرێن وبەیانیان بڵێن:

من تورکم

دایکم تورکە

باوکم تورکە

باپیرەم تورکە

مێژووم تورکه

کەواته ئەو تواندنەوەیه مردنێکی پڕئازاره، پڕئێشه لەوەی سیستمیکی سیاسی له ڕێگەی پەروەردەوه دەیەوێ کۆمەڵگایەک جینۆساید بکات و کولتورەکەی بسڕێتەوه و لەنێو منداڵانی کولتورێکی نامۆتری نامرۆڤانەدا جێگەی بکاتەوه. له کاتێکدا کولتوری دەوڵەت-نەتەوه کولتورێکی تەواو جیاوازه. بەهیچ شێوەیەک بەراوردناکرێ به کولتوری گەل له دۆخێک یا ڕۆژەڤێکی ئاساییدا. بەگشتی جینۆسایدی کولتوری تەواو نامرۆڤانەیه. هەر بۆیه دەیەوێ له بری بەیەکەوه ژیان بتسڕێتەوه و کۆیادەوەرییەکانت بسوتێنێت و چیتر نەهێڵێت ببێت به مێژوو. نەهێڵێت چیتر مرۆڤەکان لەسەر هەمان یادەوەریی بژین و خەباتی بۆ بکەن. له ناوبردنی خاڵه هاوبەشەکانی جڤاتەکانه. لەبری خەبات بۆ نەتەوەیەک که ناوی کورده، دەبێت ئاراستەت هەڵگەڕێنیتەوه بۆ سیمبولێکی شۆڤێنی، که له سایەیدا سەد ساڵه کورد بەژمارەی دەیان ملیۆن کەس به نائارامی دەژی..

گەورەترین کارەساته که گەلێک یان هەرجڤاتێک له ژیاندا که دووچاری جینۆسایدی کولتوری دەبێتەوه، شوناسه ڕاستەقینەکەی لێدەدزرێت و لەناودەبرێت. ناچارکردنی بۆ دەستبەرداربوون له ناسنامه و تەواوی فاکتەرەکانی کولتوریی و ماددی و مەعنەوی لەگەڵ لەخاچدانی بەکۆمەڵی درێژخایەن، یەکسانه. ئۆجەلان دەربارەی ئەم مەترسییه دەڵێت: لێرەدا ناکرێت باس له ژیانێک بکرێت، که لەپێناو ئەو بەها کولتورییانه بێت، که له ژێر جینۆساید دایه، بەڵکو باس له ژیانێکی پەلەقاژه و ناڵاندنی بەر له مردن دەکرێت. کاتێک مۆدێرنەی سەرمایەداری زۆرترین قازانجی خۆی بەدەستدەهێنێت، ئێش و ئازاری بنەڕەتی تەنیا ئەوه نییه، که له بواری ماددییەوه تەواوی گەلان، چینی چەوساوه و بێکارکراوەکان

کتێبخانەی هەولێر

دەچەوسێنێتەوە، بەڵکو ئەوەیانە کە بە هۆی لەخاچدانی سەرجەم بەها کولتورییەکانی دیکە دەیچێژن.

لێرەدا دەگەین بەو راستییە مێژووییەی کە رەوشی کوردان بە کاریگەرترین و تراژیدیترین دۆخی جینۆسایدی کولتورییدا تێدەپەڕێت. لە کاتێکدا لە سایەی وڵاتانی سەرمایەداریی و بێدەنگی دونیادا، کۆی جۆرەکانی تری جینۆساید بەگشتی بەردەوامە و درێژەی هەیە. واتە گەلی کورد سەرباری وێرانکردنی خاک و وڵاتەکەی، سەرباری دزینی سەروەت و سامانەکەی، سەرباری برسیکردن و چەوسانەوە وکۆچپێکردن و قەدەغەکردنی زمان و گۆڕینی سروشتی ناوچەکان و نکۆڵی لە بوونی لەپاڵ ئەوەشدا جۆرێکی تری جینۆساید لەسەر ژیان و بوونی هەرڕشەیەکە رۆژ دوای رۆژ سیستمە سیاسییەکە بەئامانج هەنگاوەکان خێراتر و کاراتر دەکات. دواجار ئۆجەلان راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، کە جینۆسایدی کولتوری کوردان کە ناوە بە ناوە جۆرەکانی تریشی بەسەردا دەسەپێندرێت و جێبەجێدەکرێت ، لە سەرووی ئەو نموونە تراژیدیی و بە کاریگەرانەوە دێت، کە بە ڕوونترین شێوە راستی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەخاتەروو. چونکە ژینۆسایدی کولتوری بریتییە لە بەردەوامی دیاردەی ئاسیمیلاسیۆن، ئامانجی لەناوبردنی کولتوریی جەستەیی ئەو گەل و گروپە ئایینی ، مەزهەبی و ئەتنیکە هەمەجۆرانەیە کە لەرێگای ئاسیمیلاسیۆنەوە تێکنەشکاون .

ئۆجەلان نایشارێتەوە و راشکاوانە ئاماژە بەوەدەکات، کە رەوشی کوردان بە کاریگەرترین و تراژیدیترین دۆخی جینۆسایدی کولتورییە، کاتێک گەلی کورد بەدەست ئەو لەخاچدانەوە ئازاری دەچەشت، لەلایەن دەوڵەت – نەتەوە بەتایبەتی وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە ، لە سەرووی هەموویانەوە بەهاکانی رەنج ،

سەرجەم توانستەکانی کۆمەڵگە ، سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی و ویرانکردنی سەرخان و ژێرخانی کۆمەلایەتی دووچاری تالانیکی ئاشکرادیت ؛ ئەوەی دەمێنیتەوەش، رووبەڕووی لەناوچوون دەبیتەوە و ئیتر توانای ژیانێکی شایستەی نامێنیت و مرۆڤێکی بێرۆل دەکریت.دەولەت بەئاشکرا وەک ئەوەی بلێت ؛ تاکە ریگایەک لە بەردەمتاندا ماوەتەوە وەک مرۆڤی کورد، توانەوەیە لەناو دەولەت، نەتەوەی زاڵ . دەستبەرداربوونی تەواوە لە بەها سەرەکییەکانی! جگە لەوە ریگای ژیانی نییە، جینۆسایدی کولتوری کوردان کە هەندیک جار پاش و پیشدەکەویت. بە واتایەکی تر ؛ دوای تەواو نەبوونی ئاسیمیلەکردن دەکرێ قۆناغەکانی تری جینۆساید بەرێوەبچیت و بە جۆریکی تر کۆمەڵگە جینۆسایدبکریت. بەجۆریک هەولی سڕینەوەی بدریت ئەم دۆخەش هێندەی پەیوەندی بە سیستمی دەولەتەوە هەیە لە تێروانینی بۆ

گروپی ئاسیمیلە هێندە پەیوەندی بە دۆخی جەنگ نییە، بەڵکو ئەو لە ناخ و زهنیەتی خۆیدا جەنگی راگەیاندووە، ئەو دەیەوێ بجەنگێ، چونکە ئامانجەکانی لە جەنگدا دیتە دی، بەلام جۆری جەنگەکانی هەندیک جار جیایە و ئالۆزن. دوای پەرتەوازەبوونی کۆمەڵگایەک لە بواری دامەزراوەییەوە چیتر ناکرێ باس لە واتا و کولتورە بەرتەسکەکەی بکریت. لەو دۆخە دامەزراوە وەک جامێکی پڕئاو وایە، ئاشکرایە کە دوای شکانی جامەکە ناشیت باس لە هەبوونی ئاوەکە بکریت. تەنانەت ئەگەر باسی بکریت بۆ خاوەنی جامەکە ئاو نییە ، بەڵکو توخمێکی ژیانە کە بۆ خاکێکی دیکە یاخود بۆ جامی کەسانی تر رژاوە. ئەنجامەکانی لەدەستدانی جوانی، زهنیەت و مانای کۆمەڵگە ترسناکترە . لە دۆخێکی لەمجۆرەدا تەنیا دەشیت باسی ئەو بوونە بکریت، کە وەک زیندەوەریک سەری پەڕینراوە، کۆمەلگایەک دونیای زهنیەت و جوانی خۆی لە

دەستدابێت، بەلاشەیەک دەچێت، کە بۆ ڕزین و پارچەکردن و خواردن فڕێدراوە. لەو سۆنگەیەوە؛ بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگایەک لە بواری کولتورییەوە، مەرجە هەڵسەنگاندن لە چوارچێوەی هەمووێتیی مانایی و دامەزراوەییدا بێت. سادەترین نموونە لەو بارەیەوە ئاماژەی پێبدەین، راستینەی کۆمەڵگەی کوردییە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان ئێش و ئازارەکانمان جێهێشتووە، چونکە لە بواری مانایی و دامەزراوەییەوە دووچاری پارچەبوونێکی قووڵ و لەدەستدانی زهنیەت هاتووە. دەشێت کۆمەڵگای کورد تەنیا وەک کۆمەڵگەیەکی ژێر جینۆسایدی کولتوری پێناسەبکرێت. بۆیە ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەوەی نەتەوەیی – کولتوری) گوزارشت لەو پەیوەندی و چالاکییە یەک لایەنانە دەکات، کە پاوانەکانی سەرمایە و دەسەلات لە کۆمەڵگای شارستانییەتدا لەسەر ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە پەیڕەویدەکات، کە دەیانخەنە ژێر ستاتۆی کۆیلایەتییەوە و خوازیارن بیانکەن بە پاشکۆ و سێبەری خۆیان، کە بەو هۆیەوە ناسنامە و بەرخۆدانی گرووپی ئاسیمیلەکراو بەتەواوی تێکدەشکێندرێت. لێرەدا بەریەککەوتن لەگەڵ کولتورێک دروستدەبێت، کە بۆ ئەوان هیچ مانایەکی راستەقینەی نییە، کولتورێکی نامرۆڤانە کە دواجار هەموو شتێکت لێدەسێنێت و واتلێدەکات لە هەموو شتێک بکەیت، لە خۆت و مێژووەکەت نەبێت، زۆرجار لە قۆناغێکدا دەتکات بە دوژمنی سەرسەختی بونی خۆت و ئیتر خۆت ناناسیتەوە...

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


١) تاوانی جینۆساید لە یاسا نێو دەوڵەتیەکاندا، هاوڕی ئەحمەد، چاپی یەکەم، ٢٠٢١.

٢) مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، رێکاری مزوری، چاپی یەکەم، کەرکوک، ٢٠١٣.

٣) جینۆساید لە یاساکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و

بەنێودەوڵەتیکردنی (کورد وەک نموونە)، د.سالار باسیرە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

٤) جینۆساید .. رامانەکان لە وێناکراو رووەو تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوە لەجینۆساید، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە مهاباد قەرەداغی، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.

٥) جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسا نێودەوڵەتیەکاندا، د. مارف عومەر گوڵ، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٣ .

٦) کورتەیەک لەسەر جینۆساید و تاوانکاری نێودەوڵەتی، پارێزەر ئەحمەد فاتیح محەمەد، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

٧) مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیک رێگە چارەی نەتەوەی دیموکرات. بەرگریکردن لە کوردانی ناو بەرداشی جینۆسایدی کولتوریی، پەرتوکی پێنجەم، عەبدوللا ئۆجەلان، وەرگێڕانی لە تورکییەوە؛ لوقمان عەبدوڵڵا، ٢٠٠٥.

٨) یادەوەریی و دادپەروەری، هەورامان فەریق کەریم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٩.

٩) https://kc-interlaw.org/KU/Detail.aspx?jimare=٣٠٨ سەرکەوت جەلیل، جینۆسایدی کولتوری و زمانی کوردی.

١٠) https://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/٠٣٠٢٢٠١٧١ نەبەز سەمەد، کولتور چییە؟

١١) سەعید سەیدی https://www.peyserpress.com/detail/٤١٤٧

١٢) کولتور و هونەر لە هزری ئۆجەلاندا، لە تورکییەوە/ نەجیبە قەرەداغی، ٢٠٢٣.

١٣) رۆمانی داگیرکردنی تاریکی لە گۆشەنیگای جینۆسایدی کولتورییەوە، هیوا موسا رەحیم، ٢٠٢٣.

هەوالنامەی کتێب



# پانۆرامای گەشتی ئەنفال و
# هەردی برام وەک قوربانییەکی گومناو لە پرۆسەی ئەنفالدا

م.ی. کازم جەباری


## بەرایی:

ئەنفال؛ یەکێکە لە دڕندانەترین تاوانەکانی سەدەی بیستەم، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسی ئیشتراکی لەژێر فەرمانڕەوایی سەدام حوسێن سەرۆککۆماری ئەوکاتەی عێراق دەرحەق بە گەلی کورد و خەڵکە سڤیلەکەی ئەنجامدرا، بە ئامانجی قڕکردن و لەناوبردنی نەتەوەی کورد و وێرانکردنی گوند و شار و شارۆچکەکان و تەختکردنی خاکی کوردستان بوو. پرۆسەکە، پرۆسەیەکی پلان بۆ داڕێژراو بوو. سەرجەم شاڵاوەکانی ئەنفال بە هەشت قۆناغ جێبەجێکرا. زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە. لە شاڵاوەکانی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا (١٨٢ هەزار) کەس بوون بە قوربانی و شوێنبزرکران. هەربۆیە ئەنفال جینۆسایدی ڕاستەقینەی گەلێکی بێ نەتەوە و بێ پشت و پەنای وەک گەلی کوردە.

کۆی دیمۆگرافیای قوربانیانی ئەنفال لەسەر ئاستی پێکهاتەی ڕەگەزی دابەشدەبن بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بە ژن و پیاوەوە، لەسەر ئاستی پێکهاتەی تەمەن دابەشدەبن بۆ تەمەنەکانی (٠ــ١٤)، (١٥-٦٤)، (٦٥ بەسەرەوە). بەمەش لە کۆی هەر هەشت شالاوەکانی ئەنفالدا منداڵان و مێرمنداڵان (هەرزەکاران) و گەنجان و پیر و بەتەمەنەکان بوون بە قوربانی و سوتووی پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال. زامی ئەنفال هەر ئەوە نەبێت، کە بە هەشت قۆناغەکە قەتاماغەی بەستبێت، بە ڵکو ئەم کارەساتە دڕندانەیە کە لەگەڵ هیچ یاسایەکی ئاسمانی و زەمینیدا یەک ناگرێتەوە، مرۆڤایەتی لە ئاستیدا شەرمەزارە و پەڵەیەکی ڕەشە بەنێوچاوانی ئەنجامدەرانیەوە. برینێکی قووڵە لەسەر جەستەی گەلی کورد، هەتا کورد بمێنێت، ئاسان نییە، برینەکە سارێژ ببێت و لەبیر ببرێتەوە. لێ لەدوای ئەنفالیش چەندین دەرهاویشتەی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و ئابوری و...هتدی بەجێهێشت، کە تاهەتایە لێ بەجێماوانی ئەنفال پێوەی دەناڵێنن.

**قۆناغەکانی شالاوی ئەنفال:**

شالاوەکانی ئەنفال، سەرجەمیان هەشت قۆناغ بوون و ڕژێمی بەعس بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو، پرۆسەکەی بەئەنجامگەیاند، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە شالاوەکان دەکەین:

**١. شالاوی ئەنفالی یەک:** ئەم شالاوە لە ناوچەی سلێمانی و گەمارۆدانی (سەرگەڵو، بەرگەڵو) لە (٢٣)ی شوبات بۆ (١٩)ی مارتی ١٩٨٨ خایاند. ئەنفالی یەک، لەکاتێکدا بوو سەرەتا بە گەمارۆدانی گوندەکانی (سەرگەڵو، بەرگەڵو)، دەستی پێکرد، سنوری قەزا و ناحیەکانی (دوکان، بنگرد، سورداش، چوارتا، قەڵاچوالان، ماوەت)ی گرتەوە. ئەم شالاوەدا بە سەرکردایەتی سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەنجامدرا و زیاتر لە (دوازدە هەزار و سەد) کەس بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە

لەلایەن سوپای بەعسەوە شەهید یاخود بریندار کران و تێکڕا زیاتر لە (١٥٠) گوند و چەند ناحیە و شارۆچکەیەک وێرانکران.

**٢. شاڵاوی ئەنفالی دوو:** ئەم شاڵاوە لە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/٢٢) هەتا (١٩٨٨/٤/١)ی خایاند. نزیکەی هەشتا گوندی ناوچەکانی (بازیان، قەرەداغ، دەربەندیخان) لە پارێزگای سلێمانی بەر ئەنفالی دوو کەوتن. ئەو خەڵکەی لە گوندەکان کۆدەکرانەوە بە ژن و منداڵ و گەنج و پیرولاوەوە بە ئیڤای سەربازی، ڕاپێچی ئۆردوگای مەرگ کران. جگەلە ئەنفالکردنی خەڵکی سەقیلی ناوچەکە هەریەک لە گوندەکانی (گومەتە، مەسۆیی، کۆشک، تەکیە، بەلەکجاڕ، سێوسێنان) کیمیاباران کران. نزیکەی (٨٩ بۆ ٩٠)کەس شەهیدکران.

**٣. شاڵاوی ئەنفالی سێ:** ناوچەی گەرمیانی گرتەوە لە ڕێکەوتی (٧ی نیسان دەستی پێکرد و لە ٢٠ی نیسان کۆتایی پێهات. دڵڕەقترین پرۆسەی ئەنفال بوو. لە ڕۆژە ڕەشەکەی حەوتی نیسان دەستی پێکرد، لە چواردەی نیسان گەیشتە بەرزترین پلەی تاوان. لە پرۆسەی ئەنفالی سێدا، بەتایبەت لە ڕۆژی (١٩٨٨/٤/١٤) زیاتر لە (٣٠٠٠٠) سی هەزار هاوڵاتی سڤیلی گەرمیان ئەنفالکران. سنوری جوگرافیای ئەنفالی سێ ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، تەکیەی جەباری، کفری، کەلار، پێباز، نەوجول، ناوچەی داودە، بنارگل، تیلەکۆ)ی گرتەوە. زیاتر لە (٤٣) هەزار کەس ئەنفال و شوێنبزرکران.

**٤. شاڵاوی ئەنفالی چوار:** ئەنفالی خالخالان لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٥/٣ تا ١٩٨٨/٥/٨)ی خایاند، هەریەک لە ناوچەکانی (قەڵاسیوکە، شوان، شێخ بزێنی، دەشتی کۆیە) دەگرێتەوە. لە ڕۆژی (١٩٨٨/٥/٣) پەلاماری ئەنفالی چوار بە کیمیابارانکردنی گوندەکانی (گۆپتەپەو عەسکەر) دەستپێکرد. بەرەبەیانی (١٩٨٨/٥/٤) هێزێکی گەورەی سوپاو جاش، لە میحوەرەکانی چەمچەماڵ و ئاغجەلەر و شوان و پردێ و تەق

تەق و کۆیە و قوشتەپەوە پەلاماری ناوچە ئازادکراوەکانی دەشتی کۆیە، قەڵاسێوکە، شێخ بزێنی خواروو، شوان و چەند گوندێکی دۆڵی سورداشیان دا. لەم پەلامارەدا، ڕژێم ڕووبەڕووی بەرگری هێزی پێشمەرگە و جەماوەر بوونەوە. دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت. دەیان پێشمەرگە شەهیدبوون. نزیکەی (١٠٠٠٠) دە هەزار کەس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت. نزیکەی (٧٠٠٠)حەوت هەزار کەسیان لە بیابانەکانی خواروو، ناوەڕاستی عێراق کۆمەڵکوژ کران.

**٥. شاڵاوی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت:** ئەم سێ شاڵاوە بەسەر یەکەوە لە (١٥)ی مایس تا (٢٦ی ئابی ١٩٨٨)ی خایاند. ناوچەکانی دۆڵی نێو چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندز و خەلیفان و سۆران و (دۆڵی بالیسان، دۆڵی ئالانە، دۆڵی سماقولی، دۆڵی مەلەکان، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی هیران). لەم قۆناغەدا لە چەندین شوێن چەکی کیمیایی بەکارهات. بەتایبەتی کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان.

**٦. شاڵاوی هەشت:** ئەنفالی بادینان، ئەم شاڵاوە لە (٢٥ی ئاب بۆ ٦ی ئەیلول) خایاند، لای بەعسییەکان پێی دەگوترێت (خاتیمەی ئەنفال). هەموو بادینانی گرتەوە بە سنوری پارێزگای موسڵیشەوە. لەم قۆناغەدا لە چەند شوێنێک کیمیایی بەکارهات. جگەلەوەی هاوڵاتیانی سریانی و ئێزیدی بوونە قوربانی. سنوری جوگرافی ئەنفالی هەشت ناوچەیەکی شاخاوی سەخت بوو، پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەبوو هەر سێ وڵاتی (عێراق و تورکیا و ئێران)ی پێکەوە گرێدابوو. هەریەک لە ناوچەکانی بادینانی وەک (زاخۆ، دەشتی خاپور، چیای بێخێر، کانی ماسی، ئامێدی، بامەڕنی، دینارتە، شێروان، بارزان، بلێ، زاوێتە، سەرسنکی، چیای گارە، ئەتروش)ی گرتەوە.

ڕژێمی بەعس بە پلانێکی تۆکمە و لەماوەی (حەوت) مانگدا و لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٢/٧ بۆ ١٩٨٨/٩/٦)،

به (هەشت) قۆناغ و له شەش ناوچەی سنوری جوگرافی جودای هەرێمی کوردستانی عێراق پرۆسەی ئەنفالی بەئەنجامگەیاند. نەخشەی (١)، جگەلە تێکدانی ژینگە و ڕووخاندن و سوتاندنی چەندین قەزا و ناحیە و هەزارەها گوند و زیانی مادی و مەعنەوی، (١٨٢)هەزار لە خەڵکی سڤیل بە منداڵ و ژن و پیاو و گەنج وپیرەوە ئەنفال و شوێنبزر کران.

## ئەنفالی باکوری ناوچەی گەرمیان و جوگرافیای ئەنفالی سێ:

وەک دەردەکەوێت، ئەنفالی سێ یەکێکە لە پرۆسە شوومەکانی ئەنفال، بە ئەنفالی ڕەش ناسراوە. ناوچەی گەرمیان لە ئەنفالی سێدا، بەهۆی فراوانی سنووره جوگرافیای کەی و تۆبۆگرافیای ناوچەکەوە زۆرترین کەسی تیدا بووە قوربانی. ڕژێمی عێراق لە ڕێگەی نووسینگەی باکوری حزبی بەعسەوە کە عەلی حەسەن مەجید سەرپەرشتی دەکرد، بە بەرنامەیەکی تۆکمەی پلان بۆ داڕێژراو شاڵاوەکانی ئەنفالی ئەنجامدا. بۆ ئەوەی پرۆسەی ئەنفالی سێ بگات بە کەماڵی خۆی، پلانی پرۆسەکە دابەشکرابوو بۆ سەر دوو زۆن و جوگرافیای جیاواز لە ناوچەی گەرمیان، ئەوانیش ناوچەکانی باکوری گەرمیان، کە لە بەشێک لە ناوچەکانی کەرکوک و چەمچەماڵ و تەکیەی کامەند و تەکیەی جەباری و قادرکەرەم و سەنگاو و..هتد پێکهاتبوو. هەرچی ناوچەکانی باشووری گەرمیانە دابەشکرابوو بۆ ناوچەکانی کفری و کەلار و یەکەکارگێڕییەکانی سەر بەو قەزایانە.

لە ئەنفالی باکوری گەرمیاندا لە چەند ئۆپەراسیۆنیکی جیاوازدا هەریەک لە ناوچەی قەرەحەسەن و لەیلان و ناوچەی جەباری و شێخان و هەردەی زەنگەنە و بنار گل و جافەکانی سەنگاو و ناوچەی هەمەوەند و ..هتد. بە سەختی کەوتنەبەر شاڵاوی ئەنفالی سێ و زۆرترین کەسی تیدا بووە قوربانی

و له دوایدا شوێنبزرکران و چارەنوسیان بە نادیاری مایەوە. جگەلە ئەنفالکردنی خەڵکەکەی هەرچی گوند و ناحیە و نیشینگە مرۆییەکانی ناوچەکەشە لەگەڵ زەویدا تەختکران و بەشێکی زۆر لە ناوچەکەش بە یاساغی (محرمە) مایەوە و خەڵکەکەشی ئەوەی بەر شاڵاوەکە کەوت شوێنبزرکرا و ئەوەشی مایەوە بەشێکیان بۆ ماوەیەک خرانە زیندانەوە و دواتر بەر لێبوردنە گشتییەکەی دوای کۆتایی هاتنی سەرجەم پرۆسەکانی ئەنفال کەوتن و ئازادکران و بەشەکەی تریشیان لە کەمپ و ئۆردوگا زۆرەملێکانی وەک شۆڕش لە چەمچەماڵ و ڕزگاری (صمود) لە کەلار نیشتەجێکران.

## گوندی کوڵەبان، وەک یەکەمین پرۆڤەی شانۆی ڕووداوەکانی ئەنفالی ناوچەی جەباری:

گوندی کوڵەبان؛ یەکێک بوو لە گوندە جوانەکانی ناوچەی جەباری لەبەری ڕۆژهەڵاتی کەرکوک و خۆرئاوای چەمچەماڵ و باکوری ناوچەی قادرکەرەم، ئەم گوندە (١٥)کم لە ناوەندی شاری چەمچەماڵەوە دوورە. دەکەوێتەسەر ڕێگەی قیرتاوی (بانی مەقان-قادرکەرەم)، سەر بە ناوچەی جەبارییە و لەبەری باکوورەوە یەکەمین گوندی ناوچەکەیە. هەڵکەوتەکەی دەکەوێتە سەر دامێنی بانێک کە خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن (بان کۆسپیەکە)، ئەم بانە کەوتووەتە نێوان دوو چەم (چەم دەروێش) لە باکور و چەم (کارێز) لە باشور، ئەمەش سروشتێکی جوانی بە گوندەکە بەخشیبوو. هەروەک گوندەکە لە پێش پرۆسەی ئەنفال وەک بەشێک لە گوندەکانی تری ناوچەی جەباری لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە (ناحیەی قادرکەرەم-قەزای دووزخورماتوو-پارێزگای تکریت/صلاحەدین) بوو. لەڕووی دیمۆگرافییەوە ژمارەی دانیشتوانی گوندی کوڵەبان لە ساڵی (١٩٨٨)دا خۆیدەدا لە (٢٢٢) کەس و (٤١) ماڵ. لەو دەمەدا

هەولێرنامەی کتێب

دانیشتوانەکەی، وەک زۆرێک لە گوندەکانی تری کوردستان زۆرتر سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بوون. ئەم گوندە تەمەنی زیاتر لە (٤٠٠) ساڵە، بەدرێژایی ئەو مێژووە چەندین جار ڕووبەڕووی ماڵ وێرانی و کاولکاری و ڕووخان و سوتاندن بووەتەوە و خەڵکەکەی دەربەدەر کراوە. لە مێژووی شۆڕشی نوێشدا بەهۆی چالاکییەکانی شۆڕش و گیانبازییەکانی مامەڕیشە و کەرتی چواری جەباری، گوندەکە (چوار)جار سووتاوە و خانووەکانی لەگەڵ زەویدا تەختکراون و و دانیشتوانەکەی دەربەدەرکراون. دواهەمینیان لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا بوو لە ساڵی (١٩٨٨)، کە لەدوای پرۆسەکەوە بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥) ساڵ یاساغ (محرمە) بووە. زۆرێک لە دانیشتوانەکەی ڕاگوێزران بۆ ناحیەی شۆڕشی ئەنفالنشینی سەر بە قەزای چەمچەماڵ. کە ئەوکات بە (مدینە شورش) ناودەبرا و یەکێک بوو لەو کەمپانەی ڕژێمی عێراق دروستی کردبوو، بۆ تێیدا نیشتەجێکردنی دانیشتوانی ئەو گوندانەی خەڵکەکەی ڕووبەڕووی پرۆسەی ئەنفال بوونەوە لە ناوچەکە.

## پانۆرامای ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی گوندی کوڵەبان:

پانۆرامای ئەنفالی گوندی کوڵەبان کاتێک دەستی پێکرد، کە قافڵە سەربازییەکانی ڕژێمی بەعس بە سەرکردایەتی لیوا (بارق عەبدوڵڵا حاجی حنتە)، لە قۆڵی چەمچەماڵەوە بە هێزێکی بێشوومار و پرچەک بە پیادە و زرێپۆش و تەواوی کەرەستەی سەربازی دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی پلانی ئەنفالی باکووری گەرمیان. دەستپێکی پرۆسەکەیان لە قۆڵی (بانی مەقان–قادرکەرەم)ەوە بەرەو وێرانکردنی گوندەکانی ناوچەکە و ئەنفالکردنی دانیشتوانەکانیان دەستپێکرد. لە ڕێکەوتی (٩ /٤ / ١٩٨٨) ژمارەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری (ی .ن. ک) و (پ. د.

ک) و سۆسیالیست و حیزبی شیوعی و ...هتد. ویستیان لە گوندی (کۆڵەبان)ی ناوچەی جەباری بەرەنگاری هێزە تۆکمەکەی لیوا بارق ببنەوە و بەرگری بکەن. دوای پێکدادان و شەڕێکی دەستەو یەخە سەرئەنجام هێزەکانی پێشمەرگە شکان و نەیانتوانی بەر بەو سوپا بەهێز و پرچەککراوە بگرن. ئیدی سوپای بەعسیش هیچ گرفتێکی لەبەردەمدا نەما، بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیان. بەو پێیەی گوندی کولەبان یەکەمین گوندە لە بەری باکوری ناوچەی جەباری. بۆیە لە چاوگوندەکانی تری سنوورەکە زووتر دەستی چەپەڵی بەعسییەکانی پێگەیشت. لە پرۆسەکەدا (٢٣) کەس لە گوندەکە لە ڕەگەزی نێر و تەمەنی جیاواز ئەنفال کران. تیای بوو لە هەرەتی لاویدا بوو (١٨) ساڵ بوو هەتا تەمەن (٤٥) ساڵ. کەسی وای تێدابوو لەڕووی باری کۆمەلایەتیەوە (سەلت) بوو، فریای ئەوە نەکەوت، خێزان دروستبکات و ژەهری ئەنفال بەسەریدا ڕژا. تیای بوو لەدوای ئەنفالکردنی (حەوت) کەسی لە ژن و منداڵ لە دوای خۆی بەجێهێشت، کە زۆری منداڵی ساوابوو. هەرچەندە کۆی گشتی ژن و منداڵی لێ بەجێماوی ئەو (٢٣) ئەنفالکراوی گوندی کولەبان، خۆیدەدا لە (٤٧) کەس بە ژن و منداڵەوە. لەم ژارەیەشدا زۆربەی منداڵی ساوا و میرد منداڵ بوو.

ئیدی پانۆرامای ئەنفالی گوندی کولەبان وابوو، ئەوەی گیرا ،شوێن بزرکرا و چارەنووسی بە نادیاری مایەوە و بوو بە بەشێک لە پرۆسەی ئەنفال. ئەوەی زووتر گوندەکەی بەجێهێشتبوو، ئەوا لەڕێگەی هەردە و هەڵەتەکانەوە گەیشتە چەمچەماڵ و شۆڕش . ئەگەرچی (مدینە شۆرش) ئۆردوگایەکی دروستکراوە بوو. بەعس دروستی کردبوو، بۆ ئەوەی کە پلانی ئەنفالی جێبەجێکرد، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری چەمچەماڵ لەو کەمپە تازەیەدا نیشتەجێ بکات.

**هەردی برام لە پرۆسەی ئەنفالدا:**

هەردی برام؛ کۆتا منداڵی ساوای خێزانەکەمان و دوایەمین یادگاری باوکم بوو. پانۆرامای چیرۆکی خێزانەکەمان و بەشێکی زۆر لە خەڵکی گوندەکەمان لەوێوە دەستپێدەکات. کاتێک دەستی ڕەشی بەعسییەکان گەیشتە گوندەکەمان، بەشێکی زۆر لە خەڵکی گوندی کوڵەبان بە تایبەت ژن و منداڵ، لە ترسی سوپا دڕندەکەی بەعس بەدەستی بەتاڵ بێ ئەوەی فریای هیچ بکەون و بەبێ هیچ کەرەستە و کەلوپەل و پێداویستییەکی ژیان، دەرگای ماڵەکانیان کڵۆمدا و بە خودایان سپارد و بە حوزنەوە گوندی کوڵەبانیان بەجێهێشت. هەر بە ڕێکردن بە پێ و دوای بڕینی چەندین هەوراز و نشێو زیاد لە کاتژمێرێک ڕێکردن لە شەوێکی تاری بەهاری وەها، کە مانگاشەویش بە ئەستەم خۆی پیشاندەدان. گەیشتنە سنوری مەدینە شۆڕش لە گەڕەکی موفەرەییەکان، لەوێ گیرسانەوە. مۆفەرییەکان، لەبنەڕەتدا ناوی گوندێکی دێرینە لە بناری بانی مەقان و ئەوکات یەکێک بوو لە گەڕەکەکانی کەمپەنوێیەکە (مدینە شۆڕش) و دەکەوتە خۆرئاوای کەمپەکە و بەرزاییەکانی بانی مەقان دەیڕوانی بەسەر گەڕەکەکەدا. بەڕاستی جوامێری و هەڵوێستی خەڵکەکە و دانیشتوانی گەڕەکە هەرگیز لەیادناکرێت، کە چۆن سەرەڕای ئەو فشارە زۆرەی لەلایەن بەعسیەکانەوە لەسەریان بوو کەچی کوردانە و ئینسانیانە ئێمە و ژمارەیەکی زۆر لە لێ بەجێماوانی ئەنفالیان لە ئامێز گرت و لە ماڵەکانی خۆیاندا جێیان کردینەوە، لە ڕۆژگارێکدا کە ترس و لەرز باڵی کێشابوو بەسەر ناوچەکەدا و تورەیی و ڕەقی بەعسیەکان وەک ئاگر بەسەر خەڵکەکەدا دەباری.

لەو دەمەدا ئێمە ئاوارە و خێزانێکی بێ سەرپەرشتی بەجێماوی کاروان

بووین. ژمارەی خێزانەکەمان جگەلە (ئەحمد سەردەین)ی باوکم کە بەر شالاوی ئەنفال کەوت، (٥) کەس بووین، کە بریتی بووین لە (مەنیجە محەمەد عارف)ی دایکم. کە ئەوکات تەمەنی لەنێوان (٤٠ بۆ ٤٥) ساڵێک دەبوو. (لەیلا ئەحمەد سەدەرەدین)ی تەمەن (٦) ساڵ (هاشم ئەحمەد سەدرەدین)ی تەمەن (٤) ساڵ، (کازم ئەحمەد سەدرەدین)ی تەمەن (٢) ساڵ و (هەردی ئەحمەد سەدرەدین)ی تەمەن (٨) مانگ.

(هەردی)برام بچوکترین نەوەی خێزانەکەمان بوو، باوکم بەهۆی ئەوەی ڕەشەبای ئەنفال لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچیدا و فریای ئەوە نەکەوت، تێر دڵی خۆی کۆرپە ساوا (٨) مانگیەکەی لەئامێزبگرێت و یادگاریەکانی لەگەڵدا بەش بکات. مەینەتی ئێمەش لەوەدا بوو، هەر دیاربوو ئەوکاتە چەرخی ڕۆژگار لە بەختی میللەتی کورد و ئێمەی ئاوارە و ڕاگوێزراودا نەبوو. لەو کاتەدا نەخۆشی سوورێژە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە نێو منداڵانی لێ بەجێماوی ئەنفالدا بەشێوەیەکی بەربڵاو تەشنەی کردبوو. من (کازم ئەحمەد) و (هەردی ئەحمەد) برام بە توندی تووشی نەخۆشییەکە بووین. بەهۆی ئەوەی پاشماوە و لێ بەجێماوی ئەنفال بووین، لەلایەک بێدەرەتان و نەبوو بووین، کە لە گوندەکەی خۆمان ڕاگوێزراین و کوڵەبانمان بەجێهێشت، فریای ئەوە نەکەوتین، هیچ کەرەستەیەک لەگەڵ خۆماندا بهێنین. بۆیە هیچ کەرەستە و هۆکارگەلێکی ژیانمان نەبوو. لەلایەکی تر بەهۆی ئەوەی کارتی نیشتەجێبوون و ناسنامە و جنسیە عێراقمان نەبوو، ئەوەی هەمان بوو لە گوند بە جێمان هێشت و ئیدی فەوتا. ئێمەش وەک لێ بەجێماوی ئەنفال تەماشادەکراین، ڕژێمی عێراق هەر بە ئەنفالکردنی پیاوانی گوندەکەمانەوە نەوەستان، بەڵکو بەدووی کەسانی بێ ئەوەلیات و لێ بەجێماوی ئەنفالی وەک ئێمەوە بوون، ئێمەش هەر ڕۆژە و لەماڵێکدا خۆمان حەشاردەدا و بە ترس و

لەرزەوە داڵدە دەدراین. بەهۆی بێ باوکی و ترسان لە گرتن و شوێنبزرکردن. دایکم لەترسی ئاشکرابوون نەی دەتوانی بمانبات بۆ نەخۆشخانە، هەرچەندە ئەو دەمە وەک ڕۆژەل حەشر وابوو، کەس بەکەس نەبوو، کەس لەبیری نەخۆشخانە و چاودێری تەندروستی و کوتان بە ڤاکسین و چارەسەر وەرگرتندا نەبوو. ئەگەرچی دۆخی تەندروستی (هەردی) برام زۆر لە دۆخی تەندروستی من وەک (کازم) باشتربوو. بەدی قەدەری خودا وابوو، کۆرپەی ساوا و بچوکی خێزانەکەمان (هەردی ئەحمەد) لە تەمەنی (هەشت) مانگیدا دوور لە سۆزی باوک بەهۆی قورسی نەخۆشییەکەیەوە کۆچی دواییکرد و لە گۆرستانی (مۆفەر کۆن) بەبێ نازی باوک بەخاک سپێردرا و بوو بە قوربانییەکی دیکەی خێزانەکەمان لە پرۆسەی ئەنفالدا. ڕووحی پەپولە ئاسای بەرەو لای چارەنووسی باوکی ئەنفالکراوم دای لە شەقەی باڵ، ئەوان تا دوامەنزڵ لە دیداری یەکتردا مانەوە و ئێمەش بۆ بەدبەختی ژیان بووین بە چیرۆکخوانی پانۆرامای ڕووداوەکان و دووبارە ژیان ئامێزی بۆ کردینەوە و بووین بە کوانووی گێڕانەوەی ئازارەکان و سووتووی لێ بەجێماوی ڕووداوە تاڵ و تفتەکان.

وەلێ ئەوەی مایەیی نیگەرانییە بەهۆی ئەوەی (هەردی) برام منداڵ بوو، ڕەگەزنامان بۆ دەرنەکردبوو، ئەوەشمان هەبوو، لە ئەوەلیات بەجێمانهێشت و لەگەڵ سووتاندنی خانووەکان و ڕووخاندنی گوندەکەدا تیاچوو و فەوتا.

## "تەنانەت هەردی برام وێنەیەکیشی لەدوا بەجێ نەما"

بۆ ئارامی و سوكنایی دەروون. تا لە ئەلبومی یادەوەرییەكانماندا وەك بەشێك لە میراتی ئەنفال تۆماری بكەین. نەك هەر ئەوە بەڵكو لەگەڵ قوربانیەكانی ئەنفالیشدا دەرفەتی تۆماركردنی ناوەكەیمان پێ نەبەخشرا، بۆیە (هەردی ئەحمەد سەدرەدین)ی برام، وەك ساوایەكی بێ شوناسی ون، لە پرۆسەی ئەنفالدا بە گومناوی مایەوە و دەنگ و ڕەنگ و یاد و یادەوەری بردە ژێرگڵ.

## دەرەنجامەكان

١. لە پرۆسەی ئەنفالدا جگەلە ئەنفالكردنی (١٨٢)هەزار كەس، زۆربەی گوند و نشینگە مرۆیەكانی ئەو ناوچانەی پرۆسەی ئەنفالی تیدا ئەنجامدرا، لەگەڵ زەویدا تەختكرا بە خانوو و ماڵ و قوتابخانە و شوێنی ئاینی (مزگەوت، كەنسیە، نزرگە...) و نەخۆشخانە و..هتد، دانیشتوانەكەی ڕاگوێزران بۆ كەمپەكانی دروستكراو بۆ لێ بەجێماوانی ئەنفال. ئەو شوێنانەش كە ڕووبەڕووی ئەنفال بووەوە، كرا بە ناوچەی (قەدەغەكراو).

٢. ئەنفالی سێ كە بە ئەنفالی گەرمیان ناسراوە، سنورێكی فراوان دەگرێتەوە و لە پرۆسەی ئەنفالدا زۆرترین قوربانی گیانی و مادی بەخۆوە بینی. هەربۆیە بە ئەنفالی ڕەش ناودەبرێت. بەهۆی فراوانی جوگرافیاكەی، بۆ بەئاسانی كۆنترۆڵكردنی، ناوچەكە دابەشكرا بۆ زۆنی باكووری گەرمیان و زۆنی باشووری گەرمیان.

٣. گوندی كوڵەبان، لەبەری باكووری ناوچەی جەبارییەوە بە یەكەم گوندی ناوچەكە دادەنرێت و لە ڕێكەوتی (١٩٨٨/٤/٩)، پاش شەڕێكی خەست و بەرگریەكی جوامێرانەی هێزی پێشمەرگە، دواتر ناوچەكە ڕووبەڕووی پرۆسەی ئەنفال بووەوە، (٢٣) كەسی خەڵكی گوندەكەش لە ڕەگەزی نێر ئەنفالكران و (٤٧) سەرخێزانیان لەدوا بەجێما و بوون بە بەشێك لە چیرۆكی شوێنبزركراوانی پرۆسەی

كتێبخانەی ئەلكترۆنی

ئەنفال، هەر لە ئەنفالدا (٤١) خانوو و ماڵی گوندەکە ڕووخێنرا و ناوچەکەش هەتا بەهاری ساڵی (٢٠٠٣) بە قەدەغەکراوی مایەوە.

٤. هەردی ئەحمەد سەدرەدین، دوایەمین منداڵی خێزانەکەمان، دوای ئەوەی تووشی نەخۆشی بوو لەناو ڕووداوەکانی ئەنفالدا، لە تەمەنی (هەشت) مانگیدا کۆچی دواییکرد، بەهۆی بێ باوکی و ترسان لە گرتن و شوێنبزرکردن، نەتوانرا چارەسەری پێویستی بۆ بکرێت. وەک ساوایەکی بێ شوناسی ون، لە پرۆسەی ئەنفالدا بە گومناوی مایەوە و دەنگ و ڕەنگ و یاد و یادەوری بردە ژێرگڵ دوور لە زێدی خۆی لە گوندی مۆفەر ئەسپەردەکرا.

## بیلۆگرافیای سەرچاوەکان:


١. محەمەد رەئوف عەبدولعەزیز ، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢. جەمال مەجید فەرەج، جینۆسایدی باشووری کوردستان ئەنفالی یەک بەنموونە (٢/٢١-١٩٨٨/٣/١٩)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

٣. ئاکۆ ئەحمەد کەریم، ئەنفالی گەرمیان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی سیاسی، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

٤.کازم ئەحمەد سەدرەدین، لە پەراوێزی ئەنفالی سێدا گوندی کوڵەبان بە نموونە، چاپخانەی سارا، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.

٥. مەنیجە محەمەد عارف، چاوپێکەوتن، چەمچەماڵ، ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٤/٣).



# یادەوەری ورد
# لە پەراوێزی تاوانی جینۆسایدی ئەنفالدا

تەها سلێمان

ماڵمان لە (کەلار) بوو؛ خۆم لە کفری و لای وەستا حەکیم (خاڵۆ حەکیم) کرێکاری و بەردەسیم دەکرد، ئەو وەستای گەچکاری و لەبخ بوو، ئەو کاتە زۆربەی ئیشەکانی لە قەرەتەپە و ئاواییە عەرەب و کوردەکانی دەوروبەری بوو.

وەستا حەکیم و وەستا حەسەن (حەسەن ڕەحیم) لە بنەڕەتدا خەڵکی ئاوایی تاوسانەی ناو زەنگنە بوون، شەریک بوون، ماوەیەکی کەمی پێچوو، وەستا حەسەن (پێم وابێ مەوالیدی بانگکرا بۆ سەربازی) کە ئەوکاتە سەردەمی جەنگی نێوان (عێراق ــــ ئێران) بوو، نەچووە خزمەتی سەربازی و ئامادەش نەبوو ببێتە (جاش)، شاری جێهێشت و ڕوویکردە ئاوایی (تاوسانە) و (حوسێن)ی برای کە هێشتا مەوالیدی بۆ سەربازی بانگ نەکرابوو، تازەش فێری وەستایی ببوو، لەگەڵ وەستا حەکیم مایەوە و کاری دەکرد.

لە گەرمەی کارکردنا بووین؛ هەواڵ هات و وتیان فڕۆکەی ئێرانی کەلاری بۆمباران کردوە، لە نێوان (کەلار و کفری)دا هێڵی تەلەفۆن نەبوو، بەپەلە و پڕتاو گەڕاینەوە بۆ کەلار، چونکە هەواڵەکە واهات، کە بۆمبارانەکە گەڕەکی لیواکەی بەرکەوتوە و گیانلەدەستدان و بریندار هەیە، ڕێک وابوو کە چووین بۆ کەلار، بینیمان کۆمەڵێک کەس گیانی لەدەستداوە و کۆمەڵێک بریندار هەن؛ لەناو بریندارەکاندا (فەرحان و عەفان)ی برامی تیایە و دوو دراوسێمانیش گیانیان لەدەستداوە، یەکێکیان ناوی (حەمید) خانەقینی بوو، ئەوی تریان (جەمیل مام برایم) خزممان بوو، لەو کاتەوە ئیتر من نەگەڕامەوە بۆ کفری و لە کەلار و لە ماڵی خۆمان مامەوە و لەگەڵ وەستا نەجمی مام حەمید دەستم بە کارکردن کرد.

ئەم پێشەکیەم بۆ ئەوە باسکرد؛ بۆ ئەوەی بڵێم گەڕەکی لیواکەی کەلار بەناوی ئەو (لیوا)یەوە ناونرابوو، کە دەکەوتە ناو چەقی دانیشتوانی گەڕەکەکەوە و درندانەترین سەردەمی ئەم لیوایە سەردەمی (بارق حاجی عەبدوللا حنتە) بوو، یەکەمین کۆمەڵی دەستگیرکراوی قۆناغی دووەمی تاوانی ئەنفالیش هێنرانە ناو گۆڕەپانی ئەم لیوایە، وەک ئێستا لە پێش چاومە ئەو خەڵکەی هێنابوویان و لە قۆناغی دووەمی ئەنفال گرتبویانن، زریکە و گریانی ژن و مناڵەکان و هاوار و ناڵەی پیاوەکان لەژێر ئەشکەنجەدا دەگەیشتە ناو ماڵەکانمان، چونکە ماڵەکان هەموو پانزە بۆ بیست مەتر لە سیم و تەلبەند و نوقتەی پاسەوانەکانەوە نزیک بوون، یان ڕوونتر تەنیا شەقامە دە مەترییەکەیان نێوان بوون.

ئێمە مێردمناڵ بووین و زۆرمان بیرنەدەکردەوە، بەڵام لەوە تێدەگەیشتم دایکم و مریەمی مەجید شەریف و برایمی سەمتی هاوسەری کە خزممان بوون، سەریان دەبرد بەیەکا و باسی مەترسییان دەکرد، هیچیشیان پێنەدەکرا و نەیاندەزانی ڕوو لە کوێ بکەن و ڕۆژی دووجار یان بەلایەنی کەم جارێک دایکم دەڕۆیی بۆ ماڵی (حاجی مەحمەد قەواڵی) و ڕۆژی جارێ دووجاریش (خاتوون)ی ئامۆزای باوکم، کە هاوسەری حەمید غێدان بوو، دەهات بۆ ماڵمان و لەگەڵ دایکما بە چپەوە دەکەوتنە گفتوگۆ، دواجار تێگەیشتم هەموو قسە و باسەکانیان تایبەتە بە چارەنووسی کەسوکارەکانیان لە ئاوایی و دەرویەکیش شک نابەن، لێیەوە هاڵ و هەواڵ بزانن، چونکە دەوڵەتی عێراق هەموو کون و قوژبنێکی تەنیبوو، نەیدەهێشت باڵدارێک لە ئاواییەوە بێت بۆ شار و لە شاریشەوە بچێ بۆ ئاوایی و ئەوەشی هاتوچۆی بکردایە، بە قاچاخ (شەو) دەهات و دەچوون و لەم بارەوە دەیان شایەتحاڵی زیندوو هەن.

ئێستاش لە گوێمدا دەزرنگێتەوە؛ بەیانیەکیان دایکم سەری نا بەسەر دیوارەکەی نێوان ماڵی خۆمان و مام برایمدا و بانگی میم مریەمی مەجید شەریفی کرد و وتی (کنا باوانت نەشێوێ وەی بەیانیە چویمە ناو کۆڵان و تاسەر کۆڵانە ڕۆیم،

ئێژن ئەو خەڵکەی ناو لیواکەیان بردوە و کەس نازانێ بۆ کوێیان بردون)، دوای خۆروبان گەرمبوون، قسەکەی دایکم بوو بەڕاست و ئیتر ترسی دایکم و دەرو دراوسێکان زیادی کرد و ڕۆژانە زیاتر لە جارێک سەردانی ماڵی حاجی مەحەمەدی قەواڵی دەکرد، بۆ ئەوەی دەنگ و باس بزانێ.

هەواڵەکان خێراترن لەوەی چاوەڕوان بکەی؛ زانیاری و هەواڵی دەمایدەم بڵاوبووەوە لەسەر جادەی (خورماتوو ــــ کەلار) و (کەلار ـ کفری) و (کەلار ــــ دەربەندیخان)، جەیش و جاشێکی زۆر کۆبووەتۆ (دیارە پاش ڕاپەرینی ١٩٩١ روون بووەوە و لە چەندین سەرچاوە و بەڵگەنامە و لە ڕێگای چەندین شایەتحاڵەوە پشتڕاست بووەتەوە، نەک ئەو سێ جێگایە، بەڵکو زۆر فراوانتر و بەپێی بەرنامە و نەخشەیەکی سەربازی تۆکمە قۆناغی سێیەمی ئەنفال داڕێژراوە و لە ئان و ساتدایە، دەست بە جێبەجێکردنی بکرێ، لێرەدا نامەوێ کات بەو زانیاریانەوە بکوژم، چونکە زیاد لە سەرچاوەیەک لەبەردەستە بۆ پشتڕاستکردنەوەیان)، ئیتر ژیان لە ماڵی ئێمەدا بوو بە دۆزەخ و بەرەبەرە دەنگۆی هێرش و پەلامارەکان لە ناوچەی گەرمیان بەگشتی بڵاوبووەوە.

وەک وتم ئێمە مێردمناڵ بووین؛ بەڵام ڕوومان کردە ڕزگاری (سمودی کۆن)، بۆ ئەوەی ئەگەر هەواڵ و زانیارییەکمان بیست و زانی، بیگەیەنینە ماڵەوە و بە چاوی خۆمان دەماندی (لەناو کەلارەوە تا سمود و لەوێشەوە بەرەو کاریزەی حەمەکەیفە و ئاواییەکان) جاش و جێش تەنیویەتی و سەوزەبری کردوە و نایەڵێت مەل دەربچێ، زوو زوو هەواڵیش دەهات و دەیانوت (خەڵک لە ئاوایی ملەسورە کۆبوونەتەوە و جێش و جاش لە پێشیاندا وەستاون، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژە چەند جارێک دەڕۆیشتینە (سمود) و دەگەڕاینەوە بۆ کەلار و ماڵەوە و هەموو جارێکیش دایکم پرسیاری کەسوکار و ناسیاوەکانی دەکرد، بەڵام هیچی دەست نەدەکەوت و هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا و دەیوت (ماڵ کاولم گشتیان فەوتیان و کەفتە دەست ئەی زاڵمی بێدینە).

بەیانیەک لە خەو هەڵسیاین و وتیان ئیمڕۆ ئەو خەڵکەی لە ئاوایی (ملەسورە) کۆبوونەتەوە تێنە خوارەوە و بەرەو قەڵای قۆرەتوو دەبرێن، تا ئەوکاتە هێشتا خەڵک پێی وابوو، ئەو خەڵکە دەبرێنە قۆرەتوو، لەوێ هەندێ پرسیاریان لێدەکرێ و دوای هەموویان دەنێرنەوە بۆ شارەکان، چونکە پێشووتریش پرووپاگەندەیەکی ئاوایان بڵاوکردبووەوە؛ بەڵام هاوکێشەکە پێچەوانە بووەوە و جگە لە پیر و پەککەوتەکان کەسمان لەو خەڵکە نەبینیەوە دەمەوێ وردتر بیگێڕمەوە و دوای هەواڵەکەی بەیانی، بەرچاییەکمان خوارد و چووین بۆ ماڵی میمکم ئامین، کە ماڵەکەیان لە ڕیزی ئەو ماڵانەدا بوو لە نزیک جادە و سەربانەکەیان دەیڕوانیە سەر جادەی قیرەکە، ئێمەش کە وتیان ئەمڕۆ خەڵکەکە لە ملەسورەوە دەبەن بۆ قۆرەتوو، سەربانی خانوەکەی ماڵی (میمکم ئامین)مان بە باشترین جێگا زانی، بۆ ئەوەی خۆمان تیایدا حەشاربدەین و کەسوکار و خزمەکان لەناو ڕەتڵەکاندا بناسینەوە و لەمەش زیاتر نەک ئێمەی مێردمناڵ, بەڵکو خەڵکە گەورەکەش هیچی پێنەدەکرا، لەبەر ئەوەی جگە لەوەی لە نێوان هەر پەنجا مەترێک زریپۆشێکیان دانابوو، هاوکات لە نێوان زریپۆشەکانیشدا سەدان سەربازییان لە سەر پردەکەی گردەگۆزینەوە، تا پێش خەڵکەکە لە ملەسورە دانابوو، دیارە ئەمەشیان بۆیە کردبوو، بۆئەوەی ڕێگا لە دەربازبوون و هەوڵی خۆرزگارکردنی هەر کەسێک بگرن، جا چی خەڵکەکە خۆی هەوڵبدات یان خەڵکی دەرەوە هەوڵیان بۆ بدات !هیچمان پێنەدەکرا و تەنیا یەک یەک تراکتۆرەکانی خەڵکەکە و ئەو ئۆتۆمبێلە سەربازییانەمان دەژمارد، کە ژن و مناڵ و گەنج و پیاوەکانییان بارکردبوو.

نێوانی ماڵی میمکم ئامین و جادەی قیرەکە تەنیا سی مەترێک بوو، بۆیە زۆر بەئاسانی کەسوکار و خزمەکانمان دەناسییەوە و لێکمان جیادەکردنەوە و ئێمە بۆ ئەوان و ئەوانیش بۆ ئێمە دەستمان هەڵدەبڕی و سڵاومان بۆ یەکتر دەنارد و نەشماندەزانی ئەمە کۆتاجار و کۆتا سڵاوە بۆ یەکتری دەنێرین و ئیتر یەک نابینینەوە

میمکم ئامین (ڕەوانی شادبێ) دوو کوڕ و دوو کچ و دوو بووک و کۆمەڵێک کوڕەزا و کچەزا و زۆربەی هەرە زۆری خرم و کەسوکارەکەی کە دانیشتووی ئاوایی (سەیدەکانی گەرمک)ی ناو داوێ بوون، لەو قافڵەیەیی تاوانی جینۆسایدی ئەنفالدا بوون و بەپێشچاوییەوە بران.

دایکم و باوکم برا و برازا و خوشک و خوشکەزا و زۆربەی هەرەزۆری خزم و کەسوکارەکانیان کە دانیشتووی هەرسێ ئاوایی (قەواڵی، قەڵاچەرمەڵە)ی داوێی کوردستان و (گەرمک) بوون، لەم قافڵەیەدا بوون و بۆ هەتایە نەیانیان بینیەوە، نزیک خۆرئاوابوون لە ماڵی میمکم ئامین گەڕاینەوە و چیرۆکەکەمان بۆ دایکم گێڕایەوە و ئەویش دەستی کرد بە گریان؛ لەناکاو باوکم کە تا ئەوساتە لە سنووری (عەرعەر) لەنێوان (عێراق و سعودیە) سەربازبوو، خۆی کرد بە ماڵا، تومەز لە (ڕادیوە) گوێی لە هەواڵەکان بووە و تێگەیشتوە چی ڕوودەدا، هەرچۆنێک بووە هەفتەیەک مۆڵەتی وەرگرتوە و هاتبووەوە، ئێمەش هەموو شتەکانمان لە سەرەتاوە بۆ گێڕایەوە و ئەوساو تا کۆچی دوایشی هەموو شەوێک باوکم ئەدی بەکوڵ ئەگریا.

بەیانی زوو ئێمە لەخەودا بووین و کاتێک هەڵساین، باوکم دیارنەبوو، نەشماندەزانی بۆ کوێ چووە و چی بەسەرهاتوە؛ لە ماڵە خزمەکان سۆراخ و پرسیارمانکرد کەس نەیدیبوو، ئێوارە درەنگانێک گەڕایەوە ماڵەوەو! تومەز کە لە خەو هەڵساوە و جلی سەربازییەکەی لەبەرکردوە و پاشان قسەکانی وەک خۆی (بەیانی زوو لەخەو هەڵسیام، وتم بەشکم ئەیە خوایە بگەمە قۆرەتوو، یەک منالی برا و خۆیشکەکانم دەستبکەوێ هەرباشە، ڕۆیمە سەرپردەکەی نێوان کەلار و ئەوبەری سیروان، دەستم لە ئیڤایەکی عەسکەری ڕاگرت، چونکە جلی سەربازیم لەبەرابوو، هەڵمی گرت و هەتا ناو قەڵای قۆرەتوو نەوەستا، دابەزیم و وەک ئەوە مامەڵەم کرد جوندی خۆیانم، ڕۆیمە ناو قەڵاکەو پڕبوو لە خەڵک، چیبکەم خوایە چۆن خەڵکی ئاواییەکەی خۆمان و برا و خۆیشکەکانم بدۆزمەوە، لەپڕا برایمی حاجی سەمینی پیرەمەوەنی هاتە پێشم و

گەرەکی بوو دەســـت بکاتە ملم و ئەمزانی دەسـتیش ئەکات بە گریان، پێم وت بە دزییەوە هاتووم و هیچ مەکە، بەڵام جەمـاعەتـی ئـێـمە لە کوێیە؟ باش بوو ئەو تێگەی و وتی: (ئەوەتـان لە قـاتی ســـەرەوەن) و منیش بە یەکێک لە دەرەجەکاندا تێم تەقان بۆ ســـەرەوە، پێش ئەوەی بگەمە لای مەحمەد و ســـەعید و خەیری خۆیشـــکم، قادری حاجی عەلی شـــەریف کوڕی شـــەوکەتی ئامۆزام بینیمی و دەســـتی کرد بە گریان و باوکەڕۆ و باوشی پێماکرد. هەر ئەوەنەم زانی دووســـێ ئەمنی عەســـکەری قۆڵیان گرتم و دواجار فڕێمیان دایە ناو ژوورێک و پاش چەند ســـەعاتێک یەکێک ڕوتبەی لیوای بەستبوو، بانگمی کرد و پاش سـوکایەتی و ئیهانەیەکی زۆر، پێمی وت (تەئـکـیـدمـان کـردەوە لە زانیارییەکانت بەڵێ تۆ عەســـکەری، ئێسـتا ئەمرم پێیە تۆیش لەگەڵ ئەو خەڵکە زینـدەبەچـاڵ و گولەبـاران بکەم؛ بەڵام لەبەر ئەوەی عەسکەری بڕۆ و جـارێکی تر نەیەیتەوە ئەم ناوچەیە).

پاشان بە پەلەپەل دووسێ تیکەنانی خوارد و منی لەگەڵ خۆی برد و جێبێکی بە خســوســی گرت و بۆ (سـمود) بۆ ماڵی مامەم مەلایاسـین و ئینجا لەوێوە بۆ گەڕەکی حەوت هەزارەکـان و بیرمە لەوێ چوینە ماڵی (مەلا مەحەمە غێدان) لە ماڵی ئەوانەوە هەواڵـی بەشـــێـک لەو گەنجـانەمـان بیســـت، کە لەگەڵ ئاژەڵەکان لییان گەیشـــتوەتە ناو ســـمود (بە قاچاخ) و لێشـــیان لە دەرەوەی (ســـمود)ن و تا ئێســـتا نەیانتوانیوە بێنە ناو ســـمودەوە لە ترســـی گرتنیان. ئەوانەی ناویانم بیرماوە و دەربازبوون و ئەوانەشی دواتر دەربـازکران (خەلیـل کـاکە ئەوڵا، کـامیـل کـاکە ئەوڵا، فـاتیح حەمیـد ئەوڵا، حەســـەن مەحمود، کـامیـل جەوهەر، غەفـور عەلـی جەوهەر، قادر عەلی جەوهەر، قادر ڕەشـــید جەوهەر، کەریم ڕەشـــید جەوهەر، ڕزگار مەنســـور، هەرمێ مەنسـور)، لەگەڵ چەندینی تر، بەڵام ئەمـانە ئـامۆزا و خوارزای بـاوکم بوون.

بـاوکم لەگەڵ حەمید غێدان و مەلا مەحەمەدا ڕێککەتن گەنجە شوانەکان بشارنەوە و دابەشیان بکەن بەسەر خـزمەکـانـدا و مشـــووری ئاژەڵەکانیشیان بخۆن و چارەیەکیان

بۆ بدۆزنەوە و هەرواشـــیان کرد و ئەو شـــەوە بۆ بەیانیەکەی تاریک و ڕوون بـاوکم وەرەقەی عەرزەکەی ســـمودی خۆمـانی هـاورد و ئـاژەڵەکـانی مـاڵی (جەبـاری مام حەمید) و مـاڵی (مامەم مەحمەد) و (مـاڵی خـاڵۆم مەنســـور) ی کرد بەیەکـاو هەریەک لە (خـاڵۆ حەکیم، فاتیح، ڕزگار، من) هەرچوارمان لە دیبنەوە ئـاژەڵمـان کردە ئەو دیوا، بەنـاو ئـاوایی چەتـالا پەڕیمـانەوە و بەدەم لەوڕاندنی ئاژەڵەکانەوە شـەو گەیشـــتینە نزیـک ئـاواییەک. بڕیاروابوو ئێمە لە ئاوایی تلیشانەوە داخـل بین و ئـاژەڵەکـان بگەیەنینە مەزرەعەکەی شـیخ عەتا تاڵەبانی و لەوێ چارەسـەریان بۆ بکرێ و پەلە نەکرێ لە فرۆشتنیان، بەڵام ڕێگەمان هەڵەکرد و خەتـاکەش هی پیـاوێـک بوو نـاوی (حەمزە) لە ڕێـگـا بووە هـاوڕێمـان، بەهەڵەیدا بردین و ئەو ئـاواییەی لێی نزیک بووین و بەرە بەرە ڕۆژمـان لێبووەوە، ئـاوایی (عەلی خەڵەف) ی عەرەبەکان بوو. بـاوکیشـــم لەولاوە چووە بۆ لای ئاوای تلیشـــان و تا نزیک نیوەڕۆ گەڕابوو، دواتر بە ســـوتفە و بۆ دۆزینەوەی ئێمە دیتە عەلی خەڵەف و تا پیمانا گەیشـت، بەبێ خواسـتی خۆمـان بەتـایبەت (فـاتیح و خـاڵۆ حەکـیـم) کە ئەوان گەورەبـوون، عەرەب کەوتـنە نـاو ئـاژەڵەکـان (مەڕوبزن، بەرخ و کار) بەگوێدرێژی ناو ڕانەکەشەوە، هەموویان بەتالانی و زۆر کەمتر لەنیوەقیمە بردیـان بەناوی (کڕین).

تێبینی: یەکێک لە خەونەکانم ئەوەیە ڕۆژێک ببینم زۆربەی هەرە زۆری چیرۆک و بەســـەرهاتە تـاڵەکـانی تاوانی جینۆســـایدی ئەنفال وەک خۆیان بنوسرێنەوە.

هەواڵنامەی کتێب



# شوکرییە ئەحمەد

## ئەو منداڵەی چیرۆکی زیندانی خۆی دەگێڕێتەوە!

چاوپێکەوتن: سیروان سلێمان



## تابلۆیەک لەسەر گوندی توکن:

گوندی توکن سەر بە ناحیەی سەرقەڵای قەزای کفرییە، یەکێکە لە گوندەکانی سەر بە ناوچەی گەرمیان، خەریکی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بوون، هەر خێزانێک لە نێو گوندەکە مژووڵی کاروکەسابەتی خۆیان بوون، لە سپێدەی بەرەبەیان جوڵەی دانیشتووانی گوندەکە دەستیپێدەکرد، لەگەڵ زەنگی ملی حەیوان و وەڕینی سەگ و قوقوی کەلەشێر و زەڕینی کەر و هاتنەوەی کیژان بە گۆزەیەک بەسەرشانیەوە لە کانی لەگەڵ قریووەی شوانێکدا تابلۆیەکی جوانی زیندووی گوندەکە دەنەخشێنرا، گەنجانی گوندەکە ئاوێتەی هەستی نیشتمانپەروەری بوون، گەنجە ئازا و بوێرەکانی لە نێو تووڵەڕێیەکانی خەباتی کوردایەتی سپیکردەوە، لە نێو قەتارەی هێزەکانی پێشمەرگە هەنگاویان بۆ ڕزگاری نیشتمانی دەنا، گوندێکی بچووک لە نێو گرد و دۆڵەکانی ناوچەکە بەچاوساغی جاش و مستەشارەکان نەبێت، بە ئاسانی نەیاندەتوانی دەستیان پێبگات، ڕژێمی بەعس بە هەموو توانا و لوجستی سەربازی لە هەشت قۆڵەوە هێرشیان بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان دەستیپێکرد، قۆناغی سێیەمی ئەنفال لە هەموو قۆناغەکان کاریگەریی زیاتر بوو، هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆئەوەی زۆرترین چاوی دوژمنی لەسەر بوو، ڕژێمی بەعس زۆر درندە بوو، لە هەموو هێرش و پەلاماردان بۆ سەر گوندەکان دەستی لە هیچ شتێک نەدەپاراست، تەنانەت خانووە قوڕەکان بە دەستی جوتیارەکان لە خاکەکەی خۆیان دروستیکرد، بە لولوی شۆفلەکان ڕووخاند و دەنکە شقارتەکەیەک زەل و قامیشەکان دەسوتاند، دەنگی گریان و بانگهەڵدانی ژن دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک، لە نێو گوندێکی خونجیلانەدا ژمارەی ئەنفالکراوەکانی (٣٤٥) کەسی بێسەرشێوان دەکات، لە کۆی (١٢٠) خێزانی گوندەکە، ئەفسوس! بڕی (١٤) خێزان یەک کەس لە شوێنیان

نەماوە، ئەوەی ماوەتەوە تەنیا شوێنەواری خانووە قوڕەکانیانە ئازارەکەیان هێندە سەخت و دژوارە، بە هیچ نووسینێک ناگێڕدرێتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە **گۆڤاری جینۆساید** خاتوو( شوکرییە ئەحمەد حەیدەر) دانیشتووی خەڵکی گوندی توکن وەک منداڵی تەمەن شەش ساڵ بەشداری لە پرۆسەی ئەنفالدا دەکات و دەیدوێنێت.

## شوکرییە کێیە؟

شوکرییە ئەحمەد حەیدەر لە ساڵی ( ١٩٨٢) لە گوندی توکن سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی جوتیار لەدایکبووە، ماڵێکی هەژار و کەمدەست بوون، باوکی جەڵدە لێیدەدا، براگەورەکەی بەناوی (عەزیز) بەخێویان دەکات، ئەرکی سەرپەرەشتیکردن و بەڕێوەبردنی ماڵی دەکەوێتە سەرشانی.

## پێش تاوانی ئەنفال:

پیاوێک خەڵکی گوندەکە بەناوی (ئیبراهیم حاجی ستار) پێشمەرگە بوو، جەولەیدەکرد، دێ بە دێ دەگەڕا، پێش تاوانی ئەنفال بە دایکی شوکرییە وتبووی، وەرن با بەیەکەوە ڕابکەین و ئەنفال دەکرێن، بەڵام خەڵکی دێیەکە بە قسەیان نەدەکرد.

## جوگرافیای گوندی توکن:

گوندی توکن دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای قەزای کفرییەوە، لە باکوورەوە گوندی عەزیز قادرە، لە باشوورەوە گوندی چوار شاخە، لە خۆرئاوای گوندی زیانەیە، لە ڕۆژهەڵاتەوە گوندی سماقە.

## گوندی توکن:

پەلاماری هێزەکانی دوژمن بۆ سەر دێیەکان چڕتردەبووە، شەوێک ماڵی خوشکێکی شوکرییە تراکتۆری هێنا، زاواکەیان بەناوی (ڕەحیم) مێردی خوشکەکەیەتی، چوار ماڵ لە نێو تراکتۆرەکە سواربوون، ئەوانیش ماڵی مامیان، ماڵی باوەژنی، ماڵی خوشکەکەی و ماڵی خۆیشیان، نیشتمانی گوندەکەیان بەجێهێشت، بە کۆمەڵێک خەم و بێزاری بەرەو گوندی تەپەسپی

کەوتنەڕێ، لە ماڵی (حمەئەمین عەمین) بۆ ماوەی یەک شەو مانەوە.

**گوندی تەپەسپی:**

دوای مانەوەی یەک شەو لە گوندی تەپەسپی بە تراکتۆر ملی ڕێگایان گرتەبەر، خەڵک بە نێو یەکدا هاتوچۆیان دەکرد، هەندێک بە تراکتۆر، هەندێک بە پێیان، هەندێک بە سواری خەڵک هەمووی سەری لێشێوابوو، منداڵ دەگریا وەک ئەوەی ڕۆژی حەشر هەڵسابوو، کەس لە کەس نەبوو، تا گەیشتنە گوندی ملەسوورە.

**گوندی ملەسوورە:**

دوای ئەوە سواری تراکتۆربوون، جاش و جێش ڕێگەی لێگرتن، بڕۆن ناوی خۆتان بنووسن و زەوی و خانووتان پێدەرێ، بە قافڵیەکی تراکتۆری یەک لە دوای یەک کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە کەلاری کۆن، کوڕێکی پورزای (عەلی ستار) بە هەوڵ و هیمەتی خۆی دوو سێ کەسی لە تراکتۆرەکە ڕزگارکردبوو، بەڵام زۆر هەوڵیدا ئەوانی تریش ڕزگاربکات، بەڵام بە قسەیان نەکردبوو، لەوێندەرێ ژنێکی خستە ژێر پردەکەوە و شاردییەوە لە شاڵاوی ئەنفال ڕزگاریکرد، دوای ئەوە قافڵەی تراکتۆرەکان بۆ زیندانی قۆرەتوو کەوتەڕێ.

**زیندانی قۆرەتوو:**

خەڵکێکی زۆر لە زیندانی قۆرەتوو کۆکرایەوە، کەس بە کەس نەبوو، خەڵکی لە خێزان و ماڵەوەی خۆیان لەیەکتر دابڕابوون، لە نێو زیندانەکە بۆ ماوەی یەک شەو مانەوە، لەگەڵ شێخ حسێن شێخ کاکە حەمە هەزارکانی یەکیان گرتەوە، لە ڕێگەی دایکیەوە شێخ حسێن هەزار بە منداڵەکانی ناسیبووە، ئەو ڕۆژەی ویستیان چێشتێک لێبنێن خوێیان پێنەبوو، لەو ماڵانەی لەوێبوون خوێیان پەیداکرد.

**لەگەڵ شێخ حسێن هەزارکانی:**

دوای مانەوەی یەک شەو لە زیندانی قۆرەتوو سواری زیلی عەسکەری کران و بەرەو شوێنێکی

نادیار ڕۆیشـــت، ژمارەیەک زیلی عەسکەری یەک قافڵە بە دوای یەکدا دەڕۆیشـــت، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر ڕێیانکرد، دایکی شـوکرییە بنجکێکی کردە نیشانە بۆ ناسینەوەی ڕێگەکە، لە ڕێگە شـێخ حسـێن هەزارکانی لە نێو زیلەکە دەســـتیکردە نوێژکرن، وتیان ئێســـتا کەی وەختی نوێژە؟ شێخ حسێن هەزارکانی وتی: من لە سەختترین و ناخۆشترین شوێنەکان نوێژەکـانم نـابێـت بڕوات، دوای ئەوەی تەیارەیەک هات، کاغەزیکی خســـتەخوارەوە دوای خوێندنەوەی لەکاتی گەڕانەوە دایکی شـــوکرییە وتی: ئەوە بنجکەکەیە و بە هەمـان ئاراســـتەی گەڕانەوەی نێو زیندانی قۆرەتوو، دوای ئەوە گەڕانەوە بۆ زینـدانی قۆرەتوو بۆ مـاوەی دوو شـــەوی تری لە نێو قاوشـــەکانی مانەوە.

## زیندانی تۆپزاوا:

دوای بـارکردنیـان بۆ زینـدانی تۆپزاوا، لە نێو زیلەکـانـدا شـــێخ حســـێن هەزارکانی لەگەڵدا نەبوو، نزیکەی دوو هەزار کەس خراوە نێو زینـدانەیەکە، مـاڵی شـــوکرییە باوەڕیان کردە ســـەرۆک خێزان بۆ وەرگرتنی بەشە خواردن بۆ شازدە کەس نێو زیندانەکە ژن و منداڵ لە پیـاوەکـان جیـاکرانەوە، بەهۆی نەبوونی ڕاخەرەوە لە زەوی لە نێو حەوشـــەی زیـنـدانەکە لەســـەر زەوییەکە دەنوســـتن، دایکی وەختی خۆی بڕێک پارەیان لە گوندی توکن بوو، ئەو بڕە پارە لە گیرفانیدا بوو، بۆ ماوەی سێ شەو لە نێو زیندانەکە مانەوە، ژیانی تێدا نەمابوو، خەڵک میزی دەکردە خۆیدا، مەگەر کەسێک تەنگـاو بووایە، ڕێگەیـان بـدایە لە ژیـان و نـاڕەحەتـیـکـی زۆریـان بەرێدەخســـت، بە مەنشـــئە بۆ ماوە یەک کـاتژمێر بەرەو زینـدانی دوبز کەوتنەڕێ.

## زیندانی دوبز:

لە نـێـو زیـنـدانـی دوبـز دایـکـی شـــوکرییە فەردە خـۆڵ بـیـنـی، خۆڵەکەی نـاوی بەتـاڵکرد، لە مـاڵ دلیوانێکی کردووە بە کەواکەیـدا

لەوێ بەکاریهات، بە ڕیشکی گوونیەکەی خۆی گونیەکانی دووریوەوە، ڕاخەرێکی لێدروستکرد، دوای ڕۆیشتنی ماڵی حاجی جەلال توکن بۆ زیندانی نوگرەسەلمان بەرگە لیفەیەک لە شوێنیان بەجێمابوو، ئەویشیان هێنا توانیان بۆ ژێر و بان سوودی لێ ببینن، لە هەموو گرنگتر تا ئێستا ئەو بەرگە لیفە لە ماڵی خۆیان پاراستوویانە، بۆ ماوەی شەش مانگ و پازدە ڕۆژ مانەوە، لەو ماوەیەدا خەڵکی نەخۆشکەوت، تووشی سکچوون و ڕشانەوە و برسێتی بوون، خواردنێکی پیسیان دەدا بە خەڵک، ، ئەوەی پارەی پێبوو لە عەسکەرییەکان پەنێریان دەکڕی و لە قووتووی ئاوتەماتە چایان دەخوارد، کاتێک قوزعەی عەسکەری دەهات، گەر بزانین چی کاتێک دێت، ئەوە بەشت دەکەوێت، بە خاکەناز خواردنیان دەدا بە خەڵک.

## چۆنیەتی ئامادەکردنی خواردن:

دایکی شوکرییە قوزعەی خواردنی لە عەسکەرییەکان وەردەگرت، خوارنەکەیان دادەنا، شەو بەسەریدا دەمایەوە و دەماسیا، سەرووی چێشتەکە چەورییەکەی کۆدەکردەوە، ناوی سەمونە ڕەقە ناخۆش و تاڵەکەی دەردەکرد، بە چەورییەکە لە نێو سندوقە فیشەکەکە بە ئاوی دەیشلا و دەیکردە شفتە (ورق) سووری دەکردەوە.

## چۆنیەتی خۆپارستن لە عەسکەرییەکان:

دوو پیاو لە زیندانی دوبز بە ناوی (مام نوری) خەڵکی کەرکوک و (مام مەحمود) پیاوێکی زۆر تورە و ساق بوو، هەرگیز شەو نەدەخەوت، نەیەدەهێشت دایکی شوکرییە بخەوێت، وتی: ئێوە کچی جوان و پێگەیشتووتان پێە، تەندروستیت زۆر باشە، نابێت شەوانە بخەویت، ئاگاداری کچەکان بێت، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، ئەو پیاوانە خاوەن

کتێبخانەی هەولێر

ئەزموون و دونیا دیدە و لە دڕندەی دوژمن بە جوانی تێگەیشتبوو.

### ڕێگریکردن بۆ زیندانی نوگرەسەلمان:

مام نوری و مام مەحمود ناوی خەڵکیان دەنووسی بۆ زیندانی نوگرەسەلمان، بە هەموو شێوەیەک ڕێگریان لێدەکرد، بۆ نمونە خێزانێک پێنج کەس بێت، چوار کەسیان دەنووسی، دایکی شوکرییە ناوی خەیر بوو، ناوی لە خۆییەوە دەنووسی، کاتێک ناوەکانی دەخوێندەوە، کێشەی تێدەکەوت و ئیتر ئەو خێزانە نەدەبران بۆ زیندانی نوگرە، بەڵامماڵی باوەژنی ناوەکانی وەک خۆی نووسرا، ناویان خوێندرایەوە بۆ بارکردن دەستیانکردە بانگهەڵدان، ئاگاداری خەڵک دەکرایەوە، هەرچیات هەیە بیکەنە بەرتان نەیاندەهێشت، هیچ لەگەڵ خۆتان ببەن بۆ ماوەی دوو هەفتە خەڵک لە خۆئامادەکردن بێزاربوون.

### هێنانی هەڵەبجەیەکان بۆ زیندانی دوبز:

دوای لێدانی کیمیاوی لە خەڵکی هەڵەبجە بەسەرووی ئەویشەوە خەڵکەکەی ئەنفالکرا، هەڵەبجەیەکانیان سێ قاوشی پڕبوون، بەڵام لە خەڵکەکە دووریان خستەوە، ئازاری هەڵەبجیەکان سەخت بوون بەهۆی بەرکەوتنی چەکی کیمیاوی لێیان دەمردن، ژمارەی ئەنفالکراوەکانی هەڵەبجە بە (٧٠٠) کەس مەزندە دەکران.

### لێبوردنی گشتی دەرکرا:

لە زیندانی دوبز دەستکرایە ناونووسین بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ لێبوردنی گشتی بۆ هەمووان دەرکرا، ئیتر خەڵک دەستیانکردە هەڵپەڕکێ و خۆشی، بەڵام خەیرییە دایکی شوکرییە پێناخۆشبوو وتی: ئێمە یەک پیاو و گەنج لە نێوماندا نامان و لێمان جیاکرانەوە، ئیتر ئەم شای و لۆغانەتان لە چییە؟! مام نوری دەیوت: هەڵپەڕکێ بکەن و مام مەحمود حەزی نەدەکرد، دوای

ئەوە ئازادیان کردن بۆ ناحیەی عەربەت کەوتنەڕێ.

**ناحیەی عەرەبەت:**

دوای ئازادکردنیان بە مەنشەی گەورە بەرەو ناحیەی عەرەبەت کەوتنەڕێ، قەبالیەکی ئازادکردنیان لە ناحیەکە پێدان پیان دەوت (عەدەم تەعەروز).

**تونیلی دەربەندیخان:**

دوای وەرگرتنی قەبالەی ئازادبوون بە مەنشئە گەورەکان بە ڕێگادا دەڕۆیشتن، تا گەیشتین بە تونیلی دەربەندیخان، لەگەڵ بینینی تونیلی تاریکی و دووریژیەکەی شوێنێکی زۆر ترسناک هاتە پێشچاوی بە حوکمی ئەوەی پێشتر تونیلی لەو چەشنە نەبینی بوو، خەیرییە دایکی شوکرییە وتی: ڕۆڵەڕۆ جارێکیتریش ئەنفالکراینەوە، کەوتە هەمان هەستی پێشوو و یادەوەرییە تاڵەکانی زیندانی دوبز.

**ناحیەی سمود:**

دوای ئەوە قافلەی مەنشئەکان یەک لە دوای یەک قەتارەی بەست، تا گەیشتە ناحیەی سمود، مەنشئەکان لای مەرکەز شورتە ڕاوەستا، ئینجا خەڵکی ڕزگاری هاتن بۆ پیشوازی مەنشئەکان لە نێو ئەو خەڵکە ڕەوانشاد (حمەئەمین شەربەت) خاڵۆزایان بوو، هەموویان بۆ ماڵ خۆیان بردەوە، بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە ماڵی خۆیان خزمەتیانکرد.

**گرتنی خانوو بۆ شوێنی حەوانەوە:**

لە ناحیەی سمود خانوویکیان لە حەوت هەزار گرت، خانووەکەی (حسێن عەمین) خەڵکی گوندی عەزیز قادر بوو، فەردەیەک ئاردی بۆیان هێنا، لە بەرامبەریدا (١٠) دیناری لە خەیرییە وەرگرت، چونکە بە پارە بۆی کڕیبوو، خەیرییە زۆری پێناخۆشبوو، لە کاتێکدا ئەو ئەنفال و زیندانیکرا بوون، پێویستی بە هەموو جۆرە یارمەتیدانێک بوو، لە نێو خانووەکە جێگربوون و حەسانەوە.

**ئەنجام:**

لە گوندی توکن لە کۆی چوار خێزان لە (١٦) کەس پێکهاتبوو، هەموویان ئەنفالکران لە نێو زیندانەکانی ڕژێمی بەعس مانەوە،ماڵی باوەژنیان لە خێزانێکی پێنج کەس ناوەکانیان دروست خوێندرایەوە هەردوو کچەکەی بەناوی (گەلاوێژ و کەژاڵ) بەرەو زیندانی نوگرەسەلمان بارکران، ئەو دوو کچە لە نوگرە بە دایکان لەگەڵ مامیان بەیەکتر شادبوونەوە، بۆ ماوەی (٩) لە زیندانی نوگرە مانەوە و ئازادبوون، عەزیزی برایان گەنجێکی جوان و تەمەن (١٨) ساڵ لەگەڵ دوو هاوڕێی تری بەناوی (عەلی ڕەعنا و مەحمود غەدە) تراکتۆرەکەیان بە جێهێشتبوو، سواری ماتۆڕێک بوون، ئەوانیش لە (بینا ڕەشەکەی) کەلار دەستگیرکران و دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە لەوێندەرێ شەهیدکران و تەرمەکەیشیان شاردوەتەوە.

## سەرچاوەکان:

١. تەحسین حەمید سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی ئاسۆی زیندانیانی سیاسی بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنی چاوپێکەوتنەکە لە ٢٠٢٥/٢/٢٤.
٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ دەربازبووی زیندانی شالاوی ئەنفال (شوکرییە ئەحمەد حەیدەر) خەڵکی گوندی توکن لە ٢٠٢٥/٢/٢٤ .
٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین (ئەنوەر حمەلاو) خەڵکی گوندی توکن لە ٢٠٢٥/٢/٢٥.
٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگە و نووسەر (ڕەشید عەلی سەعید) ناسراو بە (حمەڕەشید توکنی) لە ٢٠٢٥/٢/٢٥.
٥. کارگەرییەکانی تاوانی ئەنفال لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی لە باشووری کوردستان لە نووسینی: گوڵاڵەی گەرمیان لە لاپەڕەی (٢٧٥) لە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە ساڵیادی بەقەزابوونی کەلار لە (٨)ی ئابی ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.



# شەڕی بەرگری ئەنفال

## (قۆڵی تیلەکۆ) بە فەرماندەیی لالە مارف

حسێن عەزیز

هەواڵنامەی کتێب



لە درێژەی پەلامارەکانی ئەنفالدا بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، لە قۆناغی (سێ)دا رۆژی ١٩٨٨/٤/٩ هێزەکانی سوپای عێراق لە دوو قۆڵەوە هێرشی سەر ناحیەکانی تیلەکۆ و پێباز دەکەن. سوپای پڕچەکی عێراق بە هاوکاریی جاش و بەکرێگیراوانی کورد قۆڵی قەزای کەلار – ناحیەی تیلەکۆ: لە کەلارەوە بۆ ناحیەی تیلەکۆ و گوندەکانی قەڵاڕێویلە، هەوارەبەرزە، مەنسورئەلکان، ناوە، سەرناوە. رۆژی ١٩٨٨/٤/٩ بە فەرماندەیی لیوا (منزر ئیبراهیم یاسین).

قۆڵی قەزای کەلار – ناحیەی پێباز: بە دوو ئاراستەی جیاواز.

ئاراستەی یەکەم: ناحیەی پێباز بۆ گوندەکانی سۆفیرەحیم، بە فەرماندەیی (محەمەد نازم حەسەن) بە هاوکاریی فەوجی ٧٥ی جاش.

ئاراستەی دووەم: ناحیەی پێباز بۆ گوندەکانی پونگڵە، بۆیسانە، شێختەویل بە فەرماندەیی عەقید (سەلمان عەبدل حسێن) و بەشداریی فەوجی کۆماندۆی فرقەی ١٧ و فەوجی ١٣١ی جاش.

## هێزێکی ماندوو شەڕێکی نابەرانبەر:

کۆتایی مانگی دووی ساڵی ١٩٨٨ بەشی زۆری پێشمەرگە و فەرماندەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە و ٥٩ی حەمرین، سەرقاڵی شەڕی شاخی (زەردە – گوڵان) دەبن. ماوەیەکی زۆر بەرەنگاری هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی جاش و سوپای رژێم دەکەن تا رۆژی ١٩٨٨/٣/٣١. هاوکات هێرش و پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتی و بەری مەرگە، کە بارەگای مام جەلال لە یاخسەمەر و بارەگای نەوشیروان مستەفایش لە بەرگەڵوو دەبێت، بەشی زۆری هێزی پێشمەرگەی سنووری گەرمیانی سەرقاڵکردبوو، تا کۆتایی شەڕێکی سێ مانگە و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە ١٩٨٨/٣/٢٠و گرتنی بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی. پاشماوەی هێزەکانی سەرکردایەتی لەژێر هەڕەشەی دوژمن و سەرما و بەفری زستانی سەختی ساڵی ١٩٨٨دا لە دامێنی چیای ژیلوانەوە ڕوودەکەنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری سەردەشت. دواتر لە قاسمەڕەشەوە دەگەڕێنەوە بۆ سنوورەکانی خۆیان لە گەرمیان و

شـــوێنەکـانی دیکە. دوای گرتنی شـــاخی زەردەیش پێشـــمەرگەکانی تیپی ٥٣ی شـــێروانە دەگەڕێنەوە قووڵایی گەرمیـان و ســـنووری کەرتەکانی خۆیان. هێزێکی ماندووی شـــەڕی ســـەرکردایەتی و شـــاخی زەردە کە چەندین میلیان بە پێ و برســـێتی و بە کەلوپەلی کەمی پێشمەرگایەتی و بە چەکی سووکی نـابەرانبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەلاماری دڕندانەی ئەنفالی ســـێ، دیســـان ســـەنگەر دەگرنەوە لەبری حەوانەوە و پشـــوویەکی درێژی چەنـد ڕۆژە. گـونـدی (زەڕیـن) یەکەمـــیـــن ســـــەنـــگەری بەرەنگاربوونەوە و یەکەمین زەنگی لـێقەومـان و مـاڵوێرانی خەڵکە ســـڤیلەکەی قۆڵی (کەلار- تیلەکۆ). دوانیوەڕۆ ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧ نزیکەی دە پێشـــمەرگەی کەرتە جیاجیاکان دەگەنە نێو گونـدی زەڕینی لانکی چەن ســـاڵەی پێشـــمەرگە. خەڵکی ترســـاوی شـــڵەژاوی ئاوایی لە دووکەڵی داروپەردووی ســـووتاوی گوندەکانی دراوســـێی چەنســـاڵەی کەماڵەیینشینەکان دەڕوانن، هەر ئەو ئێوارە دە پێشـــمەرگە و چەنـد گەنجێکیتری دڵگەرم شـــۆڕدەبنەوە

بۆ ڕۆژهەڵاتی گونـد و هەرلەوێ یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو جاش و بەکرێگیراوانە و سوپای زەبەلاح و بێڕەحم ڕوودەدات، کە بە نیازی ســـووتانی (ئاوایی حاجی قـازی) هێرشـــیـانهێنابوو. دوای بەرەنگارییەکی کەم سوپا دەشکێت و پاشـەکشـەدەکەن. پێشـمەرگەش هەروەک جاران و سەردەمی ئارامی و ئـاوەدانی ڕوودەکەنەوە زەڕین و شـــەو لەوێ دەمێننەوە، چاوەڕوانی سبەی دەکەن، ئایە قەدەری کورد و ئەنفال و مەرگ بۆ ســبەی ســوپای تـینوو بە خـوێن و گەلەجـاش، پەلامـاری کـام گوند و کـام مـاڵی هەژار دەدەن و کـام مـاڵە قورینە دەکەنە گـڕی تـێربوونـی حەزی دوژمنکارانەیان، کام پێشـمەرگە لەم دواویســـتگەدا پەپوولەی ڕۆحی دەفڕێت و هەزاران پرســـیـاریتری خەڵکی پێشـــمەرگەویســـتی زەڕین دەیکـات. بەیـانی ڕۆژی ڕەشـــی دووەمـی ١٩٨٨/٤/٨ شـــەهـید حەمەڕەش فەرمـانـدەی نەبەزییوی تیپی ٥٣ی شـــێروانە، ســـەرێکی پێشمەرگەکان دەدات و دوای کەمێک ڕێنوێنی و بەجێهێشـــتنی کەمێـک فیشـــەک و تەقەمەنی و گۆڕینی

(تەردودی) بێتەلەکەیان، بۆ دروستکردنی هەماهەنگی بە نیازی سەردانی برادەرانی تیپی ٥١ی گەرمیانماڵئاواییان لێدەکات و پێیاندەڵێت: "لالەمارف لە دەوروبەری گوندی تیلەکۆی قورباقەیە، دەرۆم سەریکی بەپەلەیان لێئەدەم". گوندنشینان هێشتا ڕەوییاننەکردووە، چاوەڕوانن سوپا بشکێت و پێشمەرگە وەک هەمیشە سەرکەوێت، مانەوەی گوندنشینەکانیش ورەی بە پێشمەرگە دەدا و لەو تاوەمادا حەمە قاشتی و سێ چوار پێشمەرگەی تیپی ١٧ی زمانکۆ لە سەردانی ماڵی لالەمارفەوە دێن و لێرە یەکانگیری پێشمەرگە دەبن و چەکێکی ئارپیجییان پێدەبێت و تەنها دوو گوللە ئەگەرچی تا ئێوارە دەمیننەوە، بەڵام ئەمەش کەمێک ورە و پاڵپشتییە، وەک هەموو جارێک لە پێین و لەنێو ماڵەکاندا دووودوو پێشمەرگە دابەشدەبن و جاش و سەربازیش رووەو گوند رووسەختانە نزیکدەبنەوە، بڕیاری پێشمەرگەش وەهایە تا نزیکبوونەوەی دەستەویەخە تەقەنەکەن، بۆئەوەی دوژمن بە زیانی زۆر و لووتیشکاو و سەریشۆڕەوە بگەڕێنەوە. جوگرافیای زەڕین باشترین جوگرافیایە بۆ تەمبێکردنی هەر سوپایەک بچێتەسەری. جاش وەک کەواسووری بەر لەشکر و دەلیلی زەلیلی بەعس دوای تۆپبارانی خەست و بۆردوومانی هاوەن، دەستیان دەگاتە یەکەم (لەوەی کا)ی خوار گوند، پێش ئەوەی ئاگری تێبەردەن و بیسووتێن، خۆیان دەکەونە بەر ئاگری چەکی پێشمەرگە و ڕاویاندەنێن، دوو جاش دەپێکرێت و بە برینداریی هەڵدێن و لە سەنگەری پێشمەرگە دووردەکەونەوە. بۆ بەهاناوەچوونی جاشە بریندار و ڕاکردووەکان ئۆتۆمبێلێکی شلەخەجێی خاکیی نزیکدەبێتەوە، ئەویش بەر پەلاماری ڕقی حەقی پێشمەرگە دەکەوێت و ترسنۆکانە ئۆتۆمبێلەکە بەجێدەهێڵن، پێشمەرگە دەچنە سەری هەندێک پێداویستی و پێناسێکی جاشی تێدادەبێت بەناوی (ئەمیر) بە پلەی فەرماندەی سریە لە فەوجی ٣٥ی جاش. دوژمن ناگاتە ناو دێ و پێشمەرگەش بێزیانە و خوێن لە پەنجەی گوندنشینێک نەهاتووە.

شەڕ تا کاتژمێر شەشی ئێوارە درێژەدەکێشێت و بەرەنگاریی پێشمەرگە لاپەڕەی ئێوارەی دووەم ڕۆژی بەرەنگاری دادەخات، ڕۆژی سێیەم هەموو شتێک لە بەرەی شەڕی زەرینەوە دەگۆڕێت و زرێپۆشەکانی بەعس دەگاتە سەر لوتکە و بەرزاییەکان، دەست بە تۆپبارانی ناوچەکە دەکات و دانیشتووانی گوندیش هەر هێندەیان پێدەکرێت، لەژێر ئاگری ڕقی بەعسدا چاوەڕوانی مەرگ بن، سەر لە بەیانییەکەی ڕوودەکەنە ئەو گوندانەی کەمێک لە چەپاڵ و لوولەی زرێپۆش و جاشە برسییەکانەوە دوورە، دەچنە گوندی (کەنیزەرد)ی باشکی نشین و تەیمانە و هەوارگەبەرزە، بۆ ئێوارەکەیش ئەو چەند پێشمەرگە کەمەی کە مابوونەوە و بەرەنگاری لەشکری ئەنفالیان دەکرد، دەکشێنەوە بە ئاراستەی باکوور و لە گوندی هەوارگەبەرزە دەگیرسێنەوە، والی مێوەکە یەکێکە لە پێشمەرگە بەشدارەکانی شەڕی زەرین لە سالیادیدا نووسیویەتی " ڕۆژی یەکەمی شەڕ نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە و پشتگیری لە ناوچەکەدا بوون، بەڵام لە کۆتاییدا هەریەک لە والی مێوەکە و عەلی شارەزووری و شەهید فەتاح مەنسورئەلکانی و جەباری خەلیفە فەرەج، حەمەئەمین مەنسورئەلکانی و مەحمود حاجی عومەر ماونەتەوە و عومەر کانیکەوەیی و ئەسعەدی حاجی سابیر و ژمارەیەک پێشمەرگەی کەرتی سێ بەهانایانەوە هاتوون". هەر ئەو شەوە چاویان بە شەهید لالەمارف دەکەوێت، پەیوەندیی بە بەرەی شەڕی تیلەکۆوە دەکەن لەنێوان هەردوو تیلەکۆی قورباقە و تیلەکۆی ناحیە.

## قۆڵی تیلەکۆ گۆڕینی ئاراستە و پەلاماری ئەنفال:

لالەمارفیش یەکێک دەبێت لەو پێشمەرگە و فەرماندە ماندووانەی کە تەنیا چەند ڕۆژێکە لە حەملەی سەرکردایەتی گەڕاوەتەوە لەگەڵ سەدان پێشمەرگەیتر، کە لە دوای چۆڵکردنی سەرکردایەتی ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبوو، لەگەڵ یەکەم تەقەی شەڕی گوندی زەریندا ئەوانیش لە گوندی زەردی حەمەوە پێش بە پەلاماری ئەنفال قۆڵی تیلەکۆ دەگرن ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧. لالەمارف و بیست

پێشمەرگەیەکی کەرتی دوو، سێ، پێنج، ناهێڵن سوپای بەعس و جاشە نۆکەرەکانیان بە ئاسانیی دەستیان بگاتە ئەنفالی خەڵکە بێتاوانەکە و تاڵانکردنی ماڵەکانیان، کە دەستیان لە دزینی قەل و قاز و مریشکیش نەدەپاراست. لە گوندی (زەردی حەمە) سەنگەردەگرن و بەرگریدەکەن، بە پلانی جیاجیاوە بۆ سەرقاڵکردن و وەشاندنی گورزی پێشمەرگانە لە هێزی پەلاماردەر حەسەن تالیب - حەسەن کەلاری، شەهید مەجید عەزیز- سەرکەلی، داود مەلا سلێمان - سەرکەلی، مامەڕەشە بچکەل، دژە هێرشێک دەکەن لە ناوەڕاستەوە بۆ دابڕانی هێزەکە، دوژمن لەسەر ڕەبێی زەردیشەوە بە دوو بیکەیسی تەقە لە پێشمەرگە دەکەن و بەو هۆیەشەوە دوو پێشمەرگەی کەرتی دوو بە ناوەکانی سدیق حاجی حسێنی حەسیرە و دڵشاد وەلی کریم بریندارەبن، ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەنزیک پردەکەی زەرد بەکری شێخ سدیقی توروان فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی پێنجی تیپی ٥٣ی شێروانە شەهیددەبێت.

ڕۆژی یەکەم دوژمن هیچ بەرەوپێشچوونێک لە بەرەی تیلەکۆ بەخۆیەوە نابینێت و پاشەکشەدەکەن بۆ سەر جەوەڵی گوندی توروان و دەیکەنە (خەلفی) و لەوێوە ئامادەکاریی بۆ پەلامارەکانیان دەکەن. دەبابەکانیان لە سەنگەرەکاندا قایمدەکەن و تۆپبارانی چڕی بەرەی شەڕەکە دەکەن. شەوەکەی گوندی زەردی ژوور دەبێتە ماڵی مانەوەی پێشمەرگە، کە هێشتا چۆڵیاننەکردبوو. ڕۆژەکانیتری شەڕیش هەر لەوێوە نان و پێداویستییان بۆ دابیندەکرێت. سێ ڕۆژ لەسەر یەک پەلاماری سوپای ئەنفال و دژە هێرشی پێشمەرگە و بەرەنگاریی ئەو ژمارە کەمە پێشمەرگە بە فەرماندەیی لالەمارف ڕێگەنادەن لە چەمی تیلەکۆوە دوژمن بەهیچ شێوەیەک سەرکەوێت و بگاتە ئەو گوندانە. بە ناچاریی سوپای زەبەلاحی بەعس پلانەکەی دەگۆڕێت و بە فڕۆکە سەرباز و جاشەکانی دەگوێزێتەوە بۆ گوندی (ناوە و سەرناوە)و لەوێوە پشت لە پێشمەرگەکان دەگرێت لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤. لە بەری تیلەکۆوە تەنیا

تەقەیەکی کەم دەبێت و پێشمەرگە لە حاڵەتی بەرگریدا دەبێت. هەمان ڕۆژ جارێکیتر شەهید حەمەرەش دێتەوە بۆ سەردانی ئەو پێشمەرگانەی کە حەوت ڕۆژ لە گوندی زەرین و زەرد و بەرزاییەکانی نێوان هەردوو تیلەکۆدا بەرەنگارییاندەکرد، لە گوندی (قەڵاڕێویلە) چاویان بە یەک دەکەوێت و بە کورتی زانیارییان لەسەر تەواوی بەرەکانی شەڕ لە سنووری گەرمیان پێدەدات و دەڵێت" ئێوە لێرە بمێننەوە، لالەمارف مەسئولی یەکەمی هەمووتانە و برا گەورەتانە قسەی لالەمارف بڕیاری یەکێتییە"، لەوکاتەدا چەند پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێران پەیدادەبن و هەواڵی شکستی جەبهەکانیتر بڵاودەبێتەوە و لەناو پێشمەرگەکانیشدا جۆرێک لە شڵەژان و نیگەرانی دروستدەبێت و هەواڵی گەیشتنی سوپا بۆ گوندی خانی ڕۆستەمئاغا و کۆبوونەوەی خەڵک لە گوندەکانی کوڵەجۆی حەمەجان و مەلەسوورە بڵاودەبێتەوە، لەگەڵ شەهید حەمەرەشدا جۆرێک لە گفتوگۆ و مناقەشە دروستدەبێت، لالەمارف بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە بە هەموویان دەڵێت" گوێی مەدەنێ لەگەڵ براتان بمێننەوە، ژیان و مردنمان لەم سنوورە پێکەوەیە". دیارە کارلەکار ترازاوە شیرازەی هێزەکان تێکدەچێت و شەهید حەمەرەش ڕووەو گوندی تەیمانە هەڵدەکشێت و ماڵئاواییدەکات و ملی ڕێگا دەگرێت. دوای ئەوەیش تەواوی ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ لالەمارف بوون، پێکەوە پاشەکشەدەکەن بۆ گوندەکانی تەیمانە و مەنسورئەلکان و خێزاندارەکان دەکەونە هەواڵ و سۆراغ و ڕزگارکردنی ژن و منداڵ و کەسوکاریان و بەشێکی دیکەیان ڕوودەکەنە گوندی زاوت.

ئیتر ئەو گوندانەش کە تا ناوەڕاستی مانگی چوار مابوونەوە چۆڵدەکرێن و ژن و منداڵ و بەتەمەن بە پێ ڕوودەکەنە ئۆردووگای زۆرەملێی سمود (ناحیەی رزگاری) و بەشێک لەو پێشمەرگانەی لەو شەڕانەدا بوون، منداڵ و هاوسەر و کەسوکاریان پەنایان بۆ گوندی ملەسوورە بردبوو، بەرشالاوی ئەنفال کەوتن و نەگەڕانەوە و جارێکیتر چاویان بەیەکتر

نەکەوتەوە. شــەڕی بەرگری ئەنفال ئەگەرچی بە توانـایەکی کەم و بۆ مـاوەیەکی کـاتی بوو، بەڵام دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی هەزاران کەس لە چنگـاڵی بەعس و بەر شـــاڵاوی دڕندانەی ئەنفال ناکەون، لە ماوەی ئەو هەفـتەیەی شـــەڕدا بەردەوام خەڵکی ئەو گوندانەی کە هێشـــتا مـابـوونەوە ڕوویـان لە نـاوچە جیاجیاکانی ژێردەســـەڵاتی ڕژێم دەکرد و کەسوکارە شارنشینەکانیان جێگەیـان دەکردنەوە، ئەو هەفتەیی شـــەڕ مـۆڵەتـی بـیـرکـردنەوە خۆقوتارکردنی زیاتری پێدان.

### هەفـــتەیەک بەرەنــگـــاری و ڕووبەڕووبوونەوە:

لە ماوەی شـــەڕی بەرگری ئەنفال قۆڵی تیلەکۆدا، لە گونـدی زەڕین جەبـار خەلیفە فەرەج - جەبـارە ســـوور بریندار دەبێت و لە گوندی زەردی حەمەیش لە بەری شـــەڕی تیلەکۆ، ســـدیق حـاجی حســـێن حەسیرەیی و دڵشاد وەلی کریم کە پێشـــمەرگەی کەرتەکەی لالەمارفن، برینداردەبن و بەکری شـێخ سـدیق توورانیش فەرمـاندەی مەفرەزە لە کەرتـی پـێـنـجـی هەمـان تـیـپ شـــەهیددەبێت و دەبێتە یەکەمین شـــەهیـدی بەرەنگـاریی پلانی فـاشـــییـانەی بەعس و دەبێتە ســـیـمـبـوولـی بەرخـۆدانـی ڕووبەڕووبونەوەی یەکێک لە سوپا پڕچەک و گەورەکـانی جیهـان، ئەو ماوە سەختەی دواڕۆژەکانی خەبات، ژمارەیەک پێشـــمەرگەی قارەمانی یەکێتی لەژێر بۆردومـانی فڕۆکە و تۆپبـاران و هـاوەن و لەبەردەم جاشـــی بەکرێگیرا و چاوســـاغی بەعس لەبەردەم چەنـدین فەوج و لیوای ســـوپای عێراقدا مانەوە و بەرەنگارییانکرد، تا دواســـاتەکان و بڕیاری کشـــانەوە ســـنوورەکەیان جێنەهێشت، کە بە درێژایی شۆڕش جێگەی حەوانەوەیان بوو، لەنێو دڵی هەر گوندنشـینێکدا سـەنگەری چەند پێشـــمەرگە هەڵکۆڵرابوو، یادگاری چەند شـەهیدی تێدانووسـتبوو، لەو هەفتە بەرەنگارییەدا بە سەرپەرشتی و فەرماندەیی لالەمارفی قارەمان و کادیر و فەرماندە و پێشـــمەرگەی دوو شـــۆڕش و ژمـارەیەک پـێشـــمەرگەیـدیـکەی گـیـان لەســـەردەســـتی کەرتە جیاجیاکانی تـیـپـی ٥٣ی شـــێـرانە بەشـــداریانکردووە، ئەگەرچی بە

هۆکاری جیاجیا هەموویان تەواوی ڕۆژەکانی شەڕ نەماونەتەوە، بەڵام شانازی ڕووبەڕووبوونەوەی پەلامارەکانی ئەنفالیان بۆ ساتێکیش بێ لە مێژووی خۆیان و شۆڕشەکەدا تۆمارکرد. لەوانەش (لالەمارف، ئیبراهیم عەزیز- بلەڕەش، حەسەن تالیب - حەسەن کەلاری، فەتاح حەمەفەرەج مەنسورئەلکانی، نوری عەبدولکەریم مەنسورئەلکانی، حەمەئەمین مەجید مەنسورئەلکانی، شەهید مەجید عەزیز ئەحمەد - مەجید سەرکەلی، داود سلێمان - داود سەرکەلی، ئەحمەد حەمەئەمین سەرکەلی، حسێن عەلی - حسەڕەش، محەممەد ئەحمەد - حەمەسوور، مامەڕەشە بچکەل، نوری شێخ سەلام، فارس دێوانە عەزیز- فارس گلاڵی، شەهید هاوار عەبدوڵڵا، مستەفا عەبدوڵڵا، لەتیف خەلیفە فەرەج، حەمەرشید خەلیفە فەرەج، جەبار خەلیفە فەرەج - جەبارە سوور، یاسین حەمەساڵح - یاسینە بچکۆل، حەمید کەرکوکی، لەتیف گلی، سەباح گردەگۆزینەیی، جەلال حاجی حەمید - شۆراوە، نەسرەدین عەلی کەریم - ڕێبوار گلاڵی، جیهانبەخش)و ژمارەیەک خەڵک کە پێشمەرگەی فەرمی نەبوون و هێزی پشتگیری بوون بەشدارییان لەو شەڕانەدا کردووە، وەک (مەلا کەریم وارگەرەقە، ڕۆستەم عەلی تەیمانە، حسێن محەممەدئەمینی مەسۆیی). جگە لەو پێشمەرگە و پشتگیرییانەی ناومانهێنان، دەیان کەسیتر بەشداری ئەو شەڕانەیان کردووە، بەڵام لەکاتێکدا ئەم ڕووداوانە دەنووسینەوە، کە ٣٣ ساڵ بەسەر داستانی بەرگری ئەنفالدا تێپەڕیوە، دەکرێ زاکیرەی لاواز و خەمی چەن ساڵەی کوێرەوەریی کورد یادگەی داپۆشیبێت و تۆزی ئازاریان لەسەر بنیشتبێت.

سەرچاوە: لالەمارف فەرماندەیەکی بەئەمەک، حسێن عەزیز، ل١٦٠.



هەولێرنامەی کتێب



# حاجی ژنێکی گەرمیان،
# بە مووچەی ئەنفالانەکەی مزگەوتێکی دروستکرد

**م.ی.سەباح عەلی جاف**

بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان





جینۆسایدی نەتەوەی کورد لە ژێر ناوی پرۆسەی ئەنفال، بە هەشت قۆناغ لە لایەن حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن و بە سەرپەرشتی راستەوخۆی عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاویی) ئەنجامدرا، بە درێژایی مانگەکانی ساڵی (١٩٨٨)، بە هەشت قۆناغ ئەو تاوانە گەورەیە لە زۆرێک لە ناوچەکانی باشووری کوردستان هەر لە بادینانەوە تا گەرمیان بەڕێوەچوو، قۆناغی سێی ئەنفال لە ناوچەکانی گەرمیان ئەنجامدرا، ئەم قۆناغە بە گەورەترین و سامناکترین قۆناغی شاڵاوەکان دانراوە، چونکە زۆرترین مرۆڤی بێتاوان لە (منداڵ، گەنج، پیر) لە هەردوو ڕەگەز بەرەو چاڵەکانی مەرگ بران و بۆ ئەبەد نەگەڕانەوە، ڕژێمەکەی سەدام دەستیان لە هیچ نەپاراست، ئەوان مزگەوتەکان و سورەتی ئەنفال و قورئانەکانیشیان ئەنفال کرد.

چیرۆک و کەسەرەکانی ئەنفال پاش (٣٦) ساڵ بەردەوامە و هەر ڕۆژەی بە قەد گەورەیی تاوانەکە لێرە و لەوێ گوێبیستیان دەبین، بستێک خاک لە گەرمیانی سوتماکدا نییە، ئازار و چیرۆکێکی ڕۆژە ڕەشەکانی ئەنفالی لەخۆنەگرتبێت، ئێستایش ژنان و پیاوانی کەسوکاری ئەنفال بە تەمایی گەڕانەوەی ڕۆڵەکانیانن، زۆرێک لەوان بە حەسرەتی گەڕانەوەیان ڕۆحیان سپارد و ئازارەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردە ژێر گڵ، زۆری تر لە حەسرەتی کەسوکار و نەوەکانیان تووشی دەیان نەخۆشی دەروونی و جەستەی بوون، بەشێک لەوان ئاوەزییان لەدەستدا و هەڵوەدا بە کوچە و کۆڵانەکان بە دوای ئەواندا وێڵن.

لە ناحیەی ڕزگاری لە (١١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤)، ژنێکی کەسوکاری ئەنفال کۆچی دواییکرد، ئەو ژنە هەر خۆی بەتەنها چواردە کەس لە نەوە و بنەماڵەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، (حاجی ئامینە فەقێ محەمەد) هاوسەری خەلیفە حاتەم حەسەن شاسوار، یەکێک لەو هەزاران ژنەی بەر شاڵاوی شومی ئەنفال کەوت و بەشی زۆری کەسوکارەکەی لە ئەنفالدا تیاچوون و نەگەڕانەوە، میمکە (پورە) ئامینە خەڵکی ئاوایی بنەکەی سەر بە ناحیەی تیلەکۆی



سەر بە قەزای کەلار، لە قۆناغی سێی جینۆسایدی نەتەوەیی کورد لە ژێر ناوی ئەنفال بە خێزانەوە بەر شاڵاوە دڕندانەکەی بەعس کەوتن و لە گرتوخانەی تۆبزاوا لە منداڵەکانی جیاکراونەتەوە و براونەتە قەڵای نوگرەسەلمان.

میمکە ئامینە، حەوت مانگ، سەختترین ڕۆژەکانی برسێتی و تینوێتی و ترسی ناو قەڵای نوگرەسەلمانی بەڕێ کردووە، خەلیفە حاتەمی هاوسەری حاجیش لەگەڵ منداڵ و نەوەکانی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، پاش دەردەسەرییەکی زۆر لە زیندانەکانی بەعس و قەڵا ترسناکەی نوگرەسەلمان ڕزگاری بووە، پاشان چووەتە کەرکووک لەماڵ حاجی ڕۆستەمی برای بە ترس و نیگەرانی زۆر ماوەتەوە و خۆی حەشار داوە،





پاش دەرکردنی لیبوردنی گشتی لە لایەن حکومەتی ئەو دەمی عێراقەوە لە (٦ی ئەیلولی ١٩٨٨)، گەڕاوەتەوە بۆ ناحیەی سمودی پێشوو (ڕزگاری ئێستا)، لەگەڵ حاجی ئامینەدا ژیانێکی کوللە مەرگیان لە چاوەڕوانی منداڵ و نەوەکانی گوزەراندووە.

حاجی ئامینە و خەلیفە حاتەم، هەموو جەژنێک، ئەو جەژنەی بۆ خەڵکی خۆشی و شادی و بۆ ئەمان غەم و دڵتەنگی، جێ و بانیان ڕاخستووە بە ئومێدەوە گوتوویانە "بەڵکو ئەم جەژنی قوربانە منداڵەکان بێنەوە"، بە داخ و بە حەسرەتەوە، چاوەڕوانیان بوون، تا ئەو دەمەی لە (نیسانی ٢٠٠٣)، ڕژێمی بەعس ڕووخا و هیچ خەبەرێک نەبوو، خەبەری گەڕانەوەی کاروانەکان بووە سەراب و حاجی و خەلیفەیش ئیتر تێگەیشتن ئیتر بۆ هەتا هەتایە ئەوان و ئەنفالەکان نایەنەوە، بۆیە دەیانگوت "خوایە حەقیان بسێنن، بێتاوانن"، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەنفال و بێ ئومێدی نەگەڕانەوەیان خەلیفە حاتەم لە (٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧)، سەری نایەوە و حاجی ئامینەی بە تەنها بۆ لە کۆڵگرتنی ئازارەکان بە جێهێشت.

حاجی ئامینە پاش کۆچی دوایی هاوسەرەکەی، ساڵانێکی زۆر بەتەنیا ژیا، هەمیشە بە ئۆمێدی گەڕانەوەی منالەکانی بوو، بەردەوام ناوی منالە ئەنفالکراوەکانی هێناوە، سەر باری ژیانێکی سەخت، بەلام بڕیاردەدات لە مووچەی ئەنفالانەکەی و بە پارە و قوتی ڕۆژانەی مزگەوتێک دروستبکات و بیکاتە ناوی کوڕە ئەنفالکراوەکەی (فایەق خەلیفە حاتەم)، سەدام و ڕژێمەکەی کوردییان لە ژێر ناوی قورئان و ئەنفالدا جینۆسایدکردووە، کەچی (ئامینەی حاجی) بڕیاردەدات و ئاوات و ئومێدی بوو مزگەوتێک

دروستبکات، لەو جێگایەی لە ئەنفالدا بەعس مزگەوتەکانیشی جینۆسایدکردووە.

ئێش و ئازاری حاجی کەم نەبوو، مەگەر هەر خۆیان بزانن لە چ دوەزەخێکدا ژیانیان گوزەراندووە، ئومێدی گەڕانەوەیش دادی حاجی ئامینە و ئامینە ئاساکانی نەدا، هەر ئەوەیش وایکرد، حاجی ئامینە لەم دوا دواییەی تەمەنەیدا تووشی لەبیرچوونەوە ببێت و کەسە نزیکانی چاودێری بکەن، بەو دۆخەیشەوە هەمیشە کۆڵێکی لە کۆڵ کردووە و سەر بەرەو ژوور ملی ڕێگای گرتووە، هەر کات لێیان پرسیەوە و جار بە جار بیری کەوتووەتەوە، وتویەتی "دەچمەوە بۆ ئاوایی بۆ لای منداڵەکانم"، پیری، نەداریی، نەخۆشی و بیرچوونەوە، منالەکانی بیر نەدەبردەوە و هەمیشە چاوەڕوانیان بوو، پێش مردنی ئاواتی ئەوە بوو، ئەو مزگەوتەی بە پارەی ئەنفالانە لە (گوندی سماق) دەستی بە دروستکردنی کردبوو، تەواوببێت و سەرێکی لێبدات و دوو ڕکات نوێژی خێری بۆ گیانی پاکی ئەنفالکراون تێدا بکات، چەند ڕۆژ بەر لە ماڵئاوایی یەکجاری چووە



گوندی سماق و سەری لە مزگەوتەکەی دا، لەوێ وتی"ئیتر من گەیشتمە ئاواتی خۆم، ساڵەهایە ئەم ئاواتەم هەیە، شکور بۆ خوا نەم بردە گۆڕ، ئیتر قەینا بمرم"، ئاواتی دروستکردنی مزگەوتەکەی نەبردە گۆڕ، بەڵام ئاواتی گەڕانەوەی ئازیزانی ئەنفالی بردە گۆڕ!.

ڕۆژی (١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤)، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هاوڵاتیان و کەسوکاری حاجی ئامینە و کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان، لە گوندی سماق، مزگەوتەکەی حاجی کرایەوە، بەڵام ئەو خۆی لەوێ نەبوو و چوار ڕۆژ پێشتر کۆچی دواییکرد و لە گۆڕستانی (کەلاری کۆن)، دوور لە

کەسوکار و منداڵەکانی بە خاک سپێردرا، شایانی باسە بنەماڵەی خەلیفە حاتەم و حاجی ئامینە، (١٤) کەس لە منداڵ و کوڕ و کەسوکارییان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، حاجی ئامینە محەمەد ساڵەح، لە ساڵی (١٩٤٠) لە گوندی بنەکە لەدایکبووە و لە هۆزی زەنگەنە بووە، حاتەم حەسەن شاسوار، لە ساڵی (١٩٢٧) لە گوندی بنەکە لە دایکبووە و لە هۆزی زەنگەنە بووە، هەردووکیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون و پاش زیندانیکردنیان لە قەڵای نوگرەسەلمان، ئازادکراون، بەڵام لە خێزان و بنەماڵەکەیان (١٤) کەس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، بەشێک لە ئەنفالکراونی بنەماڵەکە:

١-فایەق حاتەم حەسەن، لەدایکبووی (١٩٦٠).

٢- مەریوان فایەق حاتەم، لەدایکبووی (١٩٨٣).

٣- کاروان فایەق حاتەم، لەدایکبووی (١٩٨٥).

٤- هاوژین فایەق حاتەم، لەدایکبووی (١٩٨٦).

٥- وریا فەایق حاتەم، لەدایکبووی (١٩٨٧).

٦- سەدریە حاتەم حەسەن، لەدایکبووی (١٩٦٥).

٧- بەدریە حاتەم حەسەن، لەدایکبووی (١٩٧٠).

٨- بەهار مەجید فەتحی هاوسەری فایەقی کوڕە گەورەی خەلیفە حاتەم، لەدایکبووی (١٩٦٣).

کوڕە گەورەکەی خەلیفە حاتەم، تاقانەی دایک و باوکی بووە، یەکێک لە کچەکان خەلیفە (بەدریە) هاوسەرگیری لەگەڵ (نەجمەدین حاجی مەجید قەڵا) کردبوو، خۆی و پێنج منداڵ و هاوسەرەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، بنەکە ئەو گوندەی ئەو خانەوادەیی لێبووە، خاوەنی (٢٦٠) ئەنفالکراو و شەهیدن.





# بیرەوەری و دۆکیۆمێنت

بێستون شەهید مام ساڵح



(( ورقـــة عـــدم تعــــــــرض ))

الاسم الثلاثـــــــــي : سلطان خورشيد محمد مع افراد اسرتها

المواليـــــــــــد : ١٩٥٥

تاريخ العـــــــــــودة : ١٠/٩/٨٨

الملاحظـــــــــات :

تفيد نافذة لغاية نهاية العفو ١٠/٥ ١٩٨٨

الصادر من قبل مجلس قيـــادة

الثورة بتاريخ ١٩٨٨/٩/٦

رئيس الفرقة

ممثل قيادة فرع السليمانية

قيادة

حزب البعث العربي الاشتراكي

وحدة اشتراكية

من بەرکەوتەی پرۆسەی ئەنفالم، ئەو کات تەمەنم چوار ساڵ بووە، وەک خەیاڵ هەندێک شتم بیردێتەوە، چونکە لە زاری دایکمەوە گوێبیستی هەموو بەسەرهاتەکانمان بووم، ئێستا ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە بوون بە بەشێک لە ژیانم و تا بژیم لەیادمن.

ئێمە کە خانەوادەی شەهیدی فەرماندە مام ساڵح سەیدمرادین، دایکم سوڵتانە خورشید و کۆچکردوو ئارامی برام و ژیانی خوشکم لەگەڵ منداڵەکانی مامم شەهید قادر (جەلال و دڵسۆز) و خێزان و منداڵەکانی مامم کریم (ڕێژاو قادر و دانا و سرود) و میمکم نەهیە و مامە حەسەنی مێردی کە ئامۆزای باوکمە و منداڵەکانیان فەلاح و ئیدریس، پێکەوە لە نزیک گوندی ملەسوورە لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتین و گیراین و براینە کەلار، پاشان بۆ قۆرەتوو و لەوێ لەیەکیان جیاکردینەوە، دوای سێ شەو و ڕۆژ براینە دوبز و تۆپزاوە، ئیتر بە دیداریان نەگەیشتین.

لەوێ لە ژیانێکی دژواردا بووین، لە سندوقی ژەنگاوی فیشەکی دۆشکە و بیکەیسیدا خواردنمان دەخوارد، ئەو سندوقە ژەنگاوییانەش لەگەڵ ئەو خێزانانەی لەگەڵمان بوون، بە نۆرە خواردنمان پێ وەردەگرت، لەبەر ئەوەی قاپ و کەوچکمان پێنەبوو، سەموونێکی ڕەقی بۆرمان بۆ دەهات، ڕۆژێک سەموونێکیان وەک بەرد وەشاند، بەر سەری ژیانی خوشکم کەوت و شکاندی، جا ئەو سەمونەیان لەسەر پارچە چادرێکی چڵکن هەڵدەڕشت، مشکیشی تێدابوو، ژنان دەوریان لێدەدا بۆ وەرگرتنی یەک دانە سەمون، دایکم ئەڵێ وتومە سێ منداڵم لەگەڵدایە، یەک سەمون چیلێبکەم، ئەڵێ سەربازەکە وتویەتی وسبە بۆڵەبۆڵ مەکە، جەلال تاڵەبانی دەرسی پێتوتووە، منیش دەچووم لە نێوانیانەوە و دانەیەکم ئەدزی و ئەمهێنایەوە بۆ ژێر کۆڵوانەکەی میم پەسەن پورزای باوکم، کە ئەویش مام عەلی مێردی لە نوگرەسەلمان بوو و میم ڕێژاوی بوکی منداڵەکانی لەگەڵماندابوون.

ئێوارانێک بەردەمی قاعەی سجنەکانیان گسک دەدا، منیش

بەویدا تێپەڕبووم، ئەوەندەم زانی سەربازێک تاڵێک سیمی ڕەقی کردبوو، بەگۆچان تابتوانێت بەوە کێشای بەپشتمدا و بەشێوەیەکی بازنەیی وەک پشتوێن لەپشتمەوە بۆ سکم ئەوەندەی پەنجە بچوکی دەست ئاوسا و ئازارێکی زۆر توندی دام، هەفتانە کۆمەڵێک ناو دەخوێنرایەوە، کە ئامادەبن، دەخرانە پاسی موقەپەتەوە و دەبران، کەسیش نەیدەزانی بۆ کوێ دەبرێن، ئێمەش ئاگادارکراینەوە، ئامادەبین، بەڵام بە دونیایەک نارەحەتییەوە گەیشتین بە مانگی ئەیلوولی ۱۹۸۸ و لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە عەفوعام درا و هێنراینەوە بۆ عەربەت، پاشان هێنراینەوە بۆ مونەزەمەی بەعس لە سمود (ڕزگاری ئێستا) کە کۆمیتەی ڕێکخستنی حزبی شیوعییە ئازادکراین، دادام لەیلێ بە ڕەحمەت بێ لەگەڵ مامە حوسێنی ئامۆزای باوکم هاتن بە شوێنماندا و بردینیانەوە بۆ ماڵ.

کاتێک چووینەوە بینیمان لە ژوورێکی بێ سەقف و بێ دیواری حەوشەدان، کاکم جەمال و بەیانی خوشکم لەگەڵ دادام و مامم کەریم و میمکم حەمدیە و منداڵەکانیدا کە ئەویش مام سەعیدی مێردی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتبوو پێکەوە دەژیان، جا ڕۆژ بوویەوە دراوسێیەکمان بە عەرەبانە شوتیان دەفرۆشت و شوتی وردی سەرڕەش بوو، منیش بەنیەتی سەموون دزینەکە وامدەزانی بۆ دابەشکردنە شوتیەکی بچوکم هەڵگرت و ڕامکردە ژوورەوە و دوام کەوتن بە جنێودان، ئیتر زانیان ئەنفالەکەم وازیان لێهێنام، کاتێک ئازادبوون، بەڵگەنامەیەکیان پێداین و لێرەدا خستومەتەڕوو.





# جینۆساید لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

نوسینی: شاو مارتن

وەرگێڕانی: م.ی. هاوار کریم (مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان)

## پێشەکی:

ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨ (بڕوانە نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٠٠٠) ناوەڕۆکی ئەم پرسەی فراوانتر کرد، هەندێک مەودای گروپەکانیشی گەورەکردەوە، لە کاتێکدا کوشتنی تەنها وەک یەکێک لە پێنج جۆری کردەوەی جینۆساید خستە لیستی پێناسەکەوە. ئەمە بووە پێوەرێکی یاسایی و سیاسیی جینۆساید و هەندێکجار وەک پێوەرێک لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا بەکارهێنراوە، بەڵام ڕەخنەی زۆری لێگیراوە هەم بەهۆی نەهێشتنی گروپە سیاسییەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان لە لیستی گروپەکاندا و هەم بەهۆی نەهێشتنی ئاماژەیەکی تایبەت بە دوورخستنەوەی زۆرەملێی دانیشتووانەکانەوە، کە لە ڕووی مێژووییەوە باسێکی سەرەکییە کە لە ڕێگەیەوە گروپگەلێکی زۆر لە دانیشتووان لەناوچوون.  دوای گەلاڵەی ئەکادیمی سەرەتایی کوپەر لە ١٩٨١، نووسەران لە بواری سەرهەڵدانی توێژینەوەکانی جینۆسایددا، مەودای گروپە پارێزکارەکانیان فراوانترکرد، یان بە زیادکردن بۆ لیستی نەتەوە یەککگرتووەکان یان بە وەرگرتنی پێناسەی گشتگیرتر، بۆ نموونە: فاین ١٩٩٠، چاڵک و جۆناسسۆن ١٩٩٠، و ئەندریۆپۆلس ١٩٩٤، ئەم نووسەرانە لە یەک کاتدا جینۆسایدیان تەسککردەوە بۆ لەناوبردنی فیزیکی و بایۆلۆژی، یان "کوشتنی بەکۆمەڵ"، ڕێبازێک کە سیمێلین ٢٠٠٧ خەختی لەسەر دەکردەوە.

## جینۆساید : چەمک و ڕاڤە

لێکۆڵینەوە لە جینۆساید بە گشتی لە چوارچێوەی دیدگا یاسایی و مێژووییەکانەوە بووە، نەک دیدگای کۆمەڵناسی. یاسا پاڵنەرێکی بۆ پێناسەکردنی تاوانەکە دانا، لە ڕێگەی هەوڵە پێشەنگەکانی ڕافایل لێمکین و داڕێژەرانی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ بەردەوام بووە لە پێشکەشکردنی بەشێکی زۆری پاڵنەرەکان بەرەو ناساندنی جینۆسایدەکانی ئەم دواییە، لە کارەکانی دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ یوگۆسلاڤیا و ڕواندای پێشوو. توێژینەوە مێژووییەکان زۆربەی زۆری توێژینەوەکانی جینۆساید پێکدەهێنن، و بنەما سەرەکییەکانی بۆ زانیارییەکانمان گەڵاڵەکردووە، بەڵام زۆرجار یاسا فۆکۆسێکی زۆر تەسک دەدات، جینۆساید لە "تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی" و "تاوانەکانی جەنگ" جیادەکاتەوە، کە پەیوەندییەکی نزیکیان پێیەوە هەیە، و بە بەرپرسیاریتی تاوانکاری تاکەکەسییەوە وەرگیراوە نەک ڕوونکردنەوە. لێکۆڵینەوە مێژووییەکان مەیلیان هەیە، تیشک بخەنە سەر تایبەتمەندی هەندێک ڕووداو نەک ئەو هاوبەشیانەی کە وامان لێدەکەن، کۆمەڵێک کردار پێناسەبکەین، لەلایەن ئەکتەرە بەکۆمەڵەکانەوە لە دۆخێکدا کە بە کات و شوێن جیاکراونەتەوە، وەک "جینۆساید". لەڕاستیدا زۆرینەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان باس لە ئەڵقەیەکی تایبەت دەکەن، ئەویش هۆلۆکۆستە، کە هاوبەشییەکەی لەگەڵ جینۆسایدەکانی دیکەدا زۆرجار لەلایەن مێژوونووسانەوە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە.

بۆیە لێکۆڵینەوەکانی جینۆساید پێویستیان بە چوارچێوەیەکی کۆمەڵناسی هەیە، کە دیاری بکات کە جینۆساید جۆرێکە لە کردەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە تایبەتەکانی لەگەڵ جۆرەکانی تری کردار و پێکهاتەی

کۆمەڵایەتیدا ڕوونبکاتەوە. لە کتێبەکانی ئەم دواییەمدا، چوارچێوەیەکم بۆ تێگەیشتن لەم دوو پرسیارە ناوەندی و پەیوەندیدارە داناوە. ڕێبازی من جینۆساید لە نزیکەوە بە شەڕەوە دەبەستێتەوە و هەر ئەم پەیوەندییەیە کە سەرنجی سەرەکی ئەم بابەتەیە.

## لەدەستدانی پەیوەندی نێوان شەڕ و جینۆساید:

دیارە کە جینۆساید بۆ یەکەمجار لە چوارچێوەی شەڕدا ناسرا: وشەکە لەلایەن لیمکینەوە داهێنراوە. بۆ وەسفکردنی درندەییەکانی دژی هاوڵاتیانی مەدەنی لە ژێر دەسەڵاتی میحوەر لە ئەورووپای داگیرکراودا (ناونیشانی کتێبە بنەڕەتییەکەی لە ساڵی ١٩٤٤). وەک خۆی باسی کردووە، جینۆساید "هێرشێکی چڕ و هەماهەنگ بووە بۆ سەر هەموو توخمەکانی نەتەوەیی" لە نێو گەلانی داگیرکراوی جۆراوجۆردا. جینۆساید هەڵمەتێکی شەڕانگێزانە بوو، لە چوارچێوەی شەڕدا ڕوویدا، بەڵام لە بنەڕەتدا دژایەتی شەڕی شەرعی بوو:

"جینۆساید دژە دوکتۆرینی پێی وایە شەڕ دژی سەروەر و سوپاکانە نەک دژی ڕەعیەت و خەڵکی مەدەنی. لە بەکارهێنانە مۆدێرنەکەیدا لە کۆمەڵگەی شارستانیدا، دوکتۆرینەکە بەو مانایەیە کە شەڕ دژی دەوڵەتان و هێزە چەکدارەکان بەڕێوەدەچێت نەک دژی دانیشتوان. پێویستی بە ماوەیەکی دوور و درێژی پەرەسەندن لە کۆمەڵگەی شارستانیدا هەبوو بۆ دیاریکردنی ڕێگا لە شەڕەکانی قڕکردن، کە لە سەردەمی کۆندا ڕوویانداوە." و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بۆ چەمکی شەڕەکان کە لە بنەڕەتدا سنووردارە بە چالاکییەکانی دژی سوپا و دەوڵەتەکان." (لیمکین، ١٩٤٤.٨٠)

ئەم لێدوانە سەرەکییە ئەو ڕاستییەی بە وردی ئاماژەی پێکرد، کە ناساندنی جینۆساید وەک چالاکییەکی تاوانکاری جیاواز لە

هەواڵنامەی کتێب

شەڕ هێشتا پەیوەستە بە جیاوازی مۆدێرن لە نێوان شەڕی "شارستانی" و "ناشارستانی". تەنیا بە جیاکردنەوەی "سەروەر و سوپا" لە لایەک و "ڕەعیەت و مەدەنی" لە لایەکی دیکە، دەتوانرا جینۆساید لە شەڕ جیابکرێتەوە. هەرچەندە دەبێ جینۆساید وەک تاوانێکی لە جۆری خۆی پێناسەبکرێت، کە ڕەنگە لانیکەم بە شێوەیەکی نائاسایی لە "کاتی ئاشتی"دا لە دەرەوەی چوارچێوەی شەڕی ئاساییتردا ڕوویدات، بەڵام لە ڕاستیدا فۆرمێکی نوێ و مۆدێرن بوو لە "جەنگەکانی قڕکردن"ی مێژوویی.

ئەم پەیوەندییانەی جینۆساید لەگەڵ شەڕدا، لە ڕووی چوارچێوە و ماناوە، لە ناوەندی یەکەم بەکارهێنانی یاسایی بیرۆکەکەدا مانەوە. تەنها لەبەر ئەوەی جینۆساید لە چوارچێوەی شەڕێکی شەڕانگێزیدا ڕوویدا، نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیان بە مافی خۆیان زانی، کە سەرکردەکانی نازییەکان لەسەر ئەو شەڕە لە نورنبێرگ دادگایی بکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە پێناسەی دواتردا بۆ جینۆساید وەک تاوانی باڵای نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان لە شەڕ جیایانکردەوە. بەم شێوەیە بڕیارنامەی ٩٦(ا)ی ئەنجومەنی گشتی کە بە کۆی دەنگ لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ پەسەندکرا، جینۆسایدی بەم شێوەیە پێناسەکرد ((**نکۆڵیکردن لە مافی بوونی تەواوی گرووپە مرۆییەکانە، وەک کوشتن و ڕەتکردنەوەی مافی ژیانی تاکەکانی مرۆڤ**)). وەک ویلیام شاباس (٢٠٠٠:٤٦) سەرنجی داوە، ئەم فۆرمولەکردنە "هەر پەیوەندییەکی نێوان جینۆساید و ململانێی چەکداری" لەناوبرد؛ بۆ ئەو ئەمە "میراتی بەدبەختی فیقهی نورنبێرگ" بوو. بەڵام هۆکار هەیە بۆ ئەوەی پرسیار بکرێت کە ئایا ئەمە هەنگاوێکی وەها باشبوو؟ هەرچەندە بە دڵنیاییەوە گرنگ بوو جەخت لەسەر جیاوازیی بنەڕەتیی جینۆساید لە شەڕی شەرعی و

جیاوازی نێوان هێرشێکی به ئەنقەست بۆ سەر دانیشتووانێکی مەدەنی وەک خۆی و تاوانەکانی (دژی مەدەنی یان سەرباز) کە لە ڕەوتی شەڕی شەرعی بە پێچەوانەوە ئەنجامدرابوون، بەڵام ئەم فۆرمولەکردنانە بە ڕێککەوتننامەی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ گەیشتنە لوتکە، هەروەها تێگەیشتنیان لە پەیوەندییە قووڵەکانی نێوان ئەم جۆرە جیاوازانەی کرداری کەمکردەوە.

## پەیوەندییەکانی کۆنتێکست و هۆکارگەرایی:

بە کۆنتێکستکردنی جینۆساید بەهۆی شەڕەوە لە زۆربەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەردەکەوێت. سەرەتا لە نازیزمەوە دیارە، کە ئەم بزووتنەوە جینۆسایدە چەندە لە بنەڕەتدا بە ئەزموونی شەڕ و ئایدۆلۆژیای میلیتاریستی پێناسەکراوە. حزبی نازی هەر لە سەرەتای شەڕی سەر شەقامەکانییەوە گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان - کۆمۆنیستەکان، جولەکەکان، هاوڕەگەزبازان - وەک دوژمنێک پێناسەدەکرد، کە لە پیلانگێڕییە جیۆپۆلەتیکییە زەبەلاحەکاندا بەیەکەوە گرێدراون، بۆ ئەوەی بە مانایەکی نیمچە سەربازی "لەناوببرێن" و شەرعییەت بە کوشتنیان بدات. هەرچەندە سیاسەتە جینۆسایدییەکان لەگەڵ چەسپاندنی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر کۆمەڵگەی ئەڵمانیادا ڕژێمی نازی دەستییێکرد، بەڵام تەنها کاتێک بوو، کە ڕۆیشت بۆ شەڕی شەڕانگێزانە، کە بەگشتی قۆناغە کوشتنەکان دەستیپێکرد. تەنیا لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕدا ڕژێم هەستی بەوە کرد، کە دەتوانێت بە ساردییەوە کۆتایی بە ژیانی ئەڵمانییە کەمئەندامەکان بهێنێت، توانای نەخۆشخانەکانی بۆ ئەوانی دیکە ئازادکرد، کە بە پێویستتر دادەنران بۆ شەڕەکە. تەنیا ئەو کاتەش نازیزم دەستی بەسەر ژمارەیەکی زۆری پۆڵەندیدا گرت، کە بە کەسانی کەمتر دەزانی و

لەگەڵ ئەوانیشــــدا گەورەترین دانیشــــتوانی جولەکەکانی ئەورووپا بوو. لە ژێر پەردەی دەستدرێژی و بزوتنەوە ســـەربازییە گەورەکاندا دەکرا، کۆمەڵگە مێژووییەکان لەناوببرێن، پۆلەندییەکان بەرەو ڕۆژهەڵات و جولەکەکان بخرێنە ناو گێتۆکانەوە. تەنها لەگەڵ توندڕەوی شـــەڕی تەواوەتیدا، لە داگیرکردنی یەکێتی ســـۆڤیەتدا، ســـیاســـەتی نازییەکان بەرەو ڤڕکردنی فیزیکی دوژمنانی وەک کۆمۆنیســـتەکان، جپســـیەکان و لە ســـەرووی هەمووشـــیانەوە جولەکەکان هەنگاوی نا.

کۆنتێکســـتی هاوشـــێوە لە ئەڵقە گەورەکانی تری جینۆســـایددا دەگونجێت. ڕژێمی گەنجی تورک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەرمەنەکانی کردە ئامانج، هەم وەک هاوپەیمانی ئەگەریی دوژمنی ڕووســـیا و هەم وەک بەربەســـتێک بۆ ئەو جۆرە نەتەوەی تورکیەی کە دەیانویســـت دروســـتی بکەن، دەیبینی. ڕژێمی ســـۆڤیەت گەلانی ئەڵمانی ڤۆڵگا و چیچان و لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لەناوبرد و وەک هاوپەیمانی ئەگەری دوژمنی نازی دەبینی. خمیرە ســـوورەکان بە دامەزراندنی قۆناغی یەکەمی جینۆســـاید دژی چین و توێژە شـــارنشـــینەکان و خوێندەوارەکانی دانیشتووان، لەگەڵ کەمینە نەتەوەیی و نەتەوەییەکان، کۆتایی بە شـــەڕەکەیان هێنا لە دژی ڕژێمی لۆن نۆل کە لە ئەمریکا پاڵپشـــتی دەکرا. لەم دواییانەدا ناســـیۆنالیســـتە ســـربییەکان بە لەناوبردنی کۆمەڵگە موسڵمانەکانی کرواتی و بۆســـنە شـــەڕەکانیان لە یوگۆســـلاڤیای پێشـــوو دەستپێکرد. ناســـیۆنالیســـتە هوتۆکانی ڕواندا لە کاتێکدا دەستیان بە جینۆسایدکردنی ئۆپۆزســـیۆن و دانیشـــتوانی توتسی کـــرد، ڕژێـــمەکەیـــان ڕووبەڕووی دەستدرێژی چەکداری سەرکەوتوو بـــــووەوە لەلایەن بەرەی نیشتمانپەروەری ڕواندا. سربیا لە وەڵامی هێرشـــەکانی ســـوپای

ڕزگاریخوازی کۆسۆڤۆ و بە تایبەتی بۆردومانەکانی ناتۆ، لەناوبردنی کۆمەڵگەی ئەلبانی کۆسۆڤۆی دەستپێکرد.

ئەم نموونانە و ئەوانی تر پشتگیری لە بیرۆکەی پەیوەندیی نزیک لە نێوان جینۆساید و شەڕدا دەکەن. بە دڵنیاییەوە ئەڵقەی جینۆساید لە دەرەوەی چوارچێوەی شەڕی ئاسایی ڕوودەدات، هەرچەندە تەنانەت ئەمانەش زیاتر لەلایەن ڕژێمە میلیتاریستەکانەوە ئاراستەدەکرێن، وەک هەڵمەتەکانی ڕووسیای ستالین و چینی ماو دژی جووتیاران و کەمینە نەتەوەییەکان. ئەم ڕژێمانە مێژووی ئەم دواییەی شەڕی ناوخۆیان هەبووە و بەشێوەی دوژمنی چەکدار تەماشای گروپە کۆمەڵایەتیەکانیان دەکرد. بەڵام ئەم نموونانە هۆشداری دەدەن لە هەر بیرۆکەیەکی سادەی "جەنگ" خۆی وەک هۆکاری جینۆساید؛ لەڕاستیدا حاڵەتە زۆرەکانی جینۆساید لە کاتی جەنگدا پێمان ناڵێت بۆچی هەندێک شەڕ جینۆساید دەبینن و هەندێک لایەن لە شەڕەکاندا جینۆساید ئەنجامدەدەن و هەندێکی تر نا. تەنها ئەوەی ئەم حاڵەتە زۆرانە دەیکەن ئەوەیە کە بە شێوەیەکی سەرسەختانە ئاماژە بە ناوەندی ئەم پەیوەندییانە بکەن، هێما بۆ ئەو تێڕوانینە هەڵەیە دەکەن، کە لە هەوڵی جیاکردنەوەی جینۆساید لە شەڕدا هەیە، لە ڕووی چەمکییەوە یان هۆکارەوە، بە هەر شێوەیەکی یەکلاکەرەوە.

### پەیوەندییەکانی مانا:

جینۆساید کاتێک ڕوودەدات، کە ئەکتەرێکی دەستەجەمعی ڕێکخراو و چەکدار دێت، بۆ ئەوەی گروپێکی کۆمەڵایەتی یان دانیشتووانێک وەک دوژمن پێناسەبکات، نەک تەنها بە مانای سیاسی بەڵکو بە مانایەکی بنەڕەتی سەربازی، واتە وەک دوژمنێک کە دەبێت لەناوببرێت. لێرەوەیە بەردەوامی پەیوەندیداریێتی دارشتنی سەرەتایی جینۆساید

هەولێرنامەی کتێب

لەلایەن لیمکینەوە وەک شـــەڕی نـاشــــەرعی، و گـرنگی تـوخمە هــاوبەشـــەکەی لەنـاوچـوون لە پێناســەکانی شــەڕ و جینۆســایددا. جەنگ، دوای کلۆزڤیتز، لەناوبردنی دوژمنێکی چەکـدارە لەلایەن یەک ئەکتەری چەکدارەوە، دەســـەڵاتی و ئـیـــرادەی بەرەنــگــاربـــوونەوەی. جینۆســـــاید بریتییە لە لەناوبردنی لەلایەن ئەکـتەرێـکـی چەکـداری گروپێکی کۆمەڵایەتی بێ چەک و دەســــــەڵات و ئــیـــــرادەی بەرەنگاربوونەوەی. لێرەوە گرنگی بۆ تێگەیشـــتن لە جینۆســــــاید جیـاکـارییەکـان (کە لە یـاســـــا و فەلســــەفە و تـیـۆری شــــەڕەوە وەرگیراون) لە نێوان چەکدار و بێ چەک (مەدەنی) و لە نێوان دەسەڵاتی ســــەربازی ڕێکخراو و (لە ڕووی سەربازییەوە نارێکخراو) دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و کولتووری و لە نێوان بەرخۆدانی ســــەربازی ئاســــایی و بەرخۆدانی مەدەنی.

جینۆســــــاید وەک کردار بە مانای شتێکی زۆر هاوشێوەی شەڕ دێت، تەنـهـا ئەوە نەبـێـت، کە لەلایەن جۆرێک لە ئەکتەرەوە ئاراســـــتەی جۆرێکی زۆر جیاوازتر دەکرێت - لە کاتێکدا لە شـــــەڕی "ئاســـــایی"دا ئەکتەرە دژبەرەکان لە هەمان جۆری ســــەربازی ڕێکخراون، هەرچەندە ئەگەرنـا ڕەنگە جیـاواز بن. بەڵام وەک چۆن شــەڕ تەنیا شــتێک نییە، کە ئەکتەرێک بەرامبەر بە ئەکتەرێکی دیکە بیکـات، بە هەمـان شـــێوە جینۆســاید پەیوەندی نێوان ئەکتەرە چەکـدار و بێچەکەکـان دەگرێتەوە. زۆرجار جینۆســـــاید وەک شـــتێک بیری لێدەکرێتەوە، کە "تـاوانبـاران" بەرامبەر بە "قوربانییەکان" دەیکەن، بەڵام لە ڕاستیدا جۆرێکە لە ململانێی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە نایەکسـان و شـــێواوە، بەجۆرێک کە تاوانباران دەبـێ وەڵامـی قـوربـانـیـیەکـان لەبەرچاوبگرن و بە پێچەوانەشـەوە. بیرۆکەی جینۆساید بەبێ بەرخۆدان بە هەر جۆرێـک، ئەگەر تەنهـا لە مێشـکی قوربانیانی "بێدەســـەڵات"دا

یان لە ڕێگەی پرۆکسییەوە بێت، شتێکی بێمانایە، لە کارەکتەری "یەکلایەنە"ی جینۆساید.

## گۆڕانی پێکهاتەکانی شەڕ و جینۆسایدی هاوچەرخ:

ئەگەر بتوانین - بە جیاوازییەکی چارەنووسسازەوە - بیرۆکەکانی شەڕ لەسەر فۆرمەکانی کردار و ململانێی جینۆساید بکێشین، ئەوا بە ڕوونی دەبێت لەو ڕێگایانە بکۆڵینەوە، کە فۆرمەکانی شەڕی تایبەت، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، دەبنە ئامراز لە دروستکردنی ئەگەرەکانی جینۆسایددا. لە مانای جینۆسایدەوە بۆ هۆکارگەراییەکەی، پێکهاتەکانی شەڕ ناوەندی دەبن. جگە لە دۆخی هەرە بەرزترین ڕژێمە میلیتاریزەکراوەکان و لەڕاستیدا زۆرجار تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا، لەناوبردنی ئۆپەراسیۆنی گروپێکی کۆمەڵایەتی بە دەگمەن ڕوودەدات، یان لانیکەم ناگاتە توندترین قۆناغەکانی، تا ئەو کاتەی دەوڵەتی تاوانبار یان بزووتنەوەکە خەریکی ململانێی چەکداری بەرفراوان دەبێت. لەو شوێنانەی کە هێزە چەکدارەکان، چ ئاسایی یان حزبی/بزووتنەوە، لە ئێستاوە کۆکراونەتەوە و توندوتیژی بەکاردەهێنن، ئاسانترە کە دووبارە ئاراستەیان بکرێتەوە دژی خەڵکی مەدەنی. لەڕاستیدا لەو شوێنانەی کە چەکدارەکان لە ئێستاوە توندوتیژی دژی هاوڵاتیانی مەدەنی بەکاردەهێنن لە بەدواداچوونی کەم تا زۆر شەڕی ئاسایی دژی هێزە چەکدارەکانی دیکە، ئاسانترە کە ئەوان لە دژی گروپە مەدەنییە تایبەتەکان بەو شێوەیە کۆبکرێنەوە.

بێگومان ئەمە لە ڕووی مێژووییەوە ئەوە دەردەخات، کە شەڕی مۆدێرن، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و بیستەمدا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بەرفراوانی فیزیکی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایدیۆلۆژیی دانیشتووان پەرەی سەندووە، بە تایبەتی ئاسانکاری بۆ جینۆساید کردووە. هەرچەندە وەک

لێمکین ئاماژەی پێکردووە، بیرۆکەی "جەنگی قڕکردن" پێشینەی مێژوویی درێژتری هەیە، بەڵام جینۆسایدی مۆدێرن بەرهەمی شەڕی مۆدێرنە. هەرچەندە هەموو لایەنەکان لە هەموو شەڕەکاندا جینۆسایدیان پراکتیزە نەکردووە، بێگومان پێکهاتەی هاوبەشی شەڕی کۆی گشتی، کە تێیدا کۆکردنەوەی تەواوی دانیشتووان دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم دانیشتووانە ببنە ئامانج، ئاسانکاری دەکات بۆ دەوڵەت و بزووتنەوە جینۆسایدەکان، لە ئایدۆلۆژیاکانیاندا، تا گرووپە تایبەتەکانی دانیشتوانی مەدەنی وەک دوژمن لە خۆیاندا دەستنیشان بکەن.

داننان بەم تایبەتمەندییە پێکهاتەییە گرنگەی شەڕی سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی ئەوەی بپرسین ئایا و چۆن، لەگەڵ گۆڕانی شەڕدا، شێوازەکانی جینۆسایدیش دەگۆڕدرێن. دابەزینی کۆکردنەوەی کۆی جەنگ لە دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا و لەڕاستیدا خودی شەڕی نێوان دەوڵەتە گەورەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی و هەروەها نەمانی دەوڵەتە تۆتالیتارییە کلاسیکیەکان، هەموویان وا دیارە پەیوەستە بە دابەزینی ئەڵقەی جینۆسایدی بەرفراوان و چڕ و پڕ لە ئایدیۆلۆژی و فرە ئامانجدار. لە لایەکی دیکەوە، پارچەپارچەبوونی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکان بۆ ژمارەیەکی زۆرتر لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان پەیوەست بووە بە درێژبوونەوەی ڕەوتی درێژخایەن بەرەو یەکسانکردنی نەتەوەیی، بەجۆرێک کە دەرکردنی جینۆساید (زۆرجار لە ژێر ناوی ئیفێمیستی 'پاکسازی نەتەوەیی'دا ناسراوە) ڕەنگە لە ڕاستیدا بەربلاوتر بووبێت. سەرهەڵدانی شەڕی چاودێری جیهان، بەو مانایەیە کە دەوڵەتە ناوخۆییەکان و بزووتنەوە چەکدارەکان دەبێت بەشداری بکەن لەگەڵ چاودێریکردنی بەرفراوانی سیاسی، یاسایی و میدیایی نێودەوڵەتی بۆ

چالاکییەکانیان، بەڵام تا ئێستا ئەمە بووەتە هۆی هاندانی پراکتیزە نوێیەکانی دەستکاریکردن و ئینکاری لەلایەن هێزە سیاسییە جینۆسایدەکانەوە، نەک هەر ڕێگرییەکی گشتی لە جینۆساید. بۆ نموونە ئاساییکردنەوەی دیموکراسی هەڵبژاردن لە نەزمی جیهانیدا هاندەرێکی بۆ دەرکردنی کوشندە دروستکردووە، چونکە ڕژێمەکان هەوڵیانداوە دەنگەکان یەکسان بکەن. بە هەمان شێوە، کاریگەرییە میدیاییە جیهانییەکانی درندەیی تیرۆریستییە سەرنجراکێشەکان دژی دانیشتوانی بێچەک هانی تۆڕە چەکدارە تارادەیەک لاوازەکانی داوە، بۆ ئەوەی خەڵکی مەدەنی بکەنە ئامانجی سەرەکی خۆیان، بەم شێوەیەش فۆرمەکانی هاوچەرخی شەڕی پارتیزانی پاڵدەنێتە ئاراستەیەکی تری جینۆسایدەوە.

**ئەنجام:**

بەم شێوەیە، دیدی من بۆ جینۆساید کە لە ڕوانگەی تیۆری کۆمەڵایەتییەوەیە، وەک جۆرێکی ناشەرعی لە بنەڕەتدا لە شەڕ تێدەگات - کە ئاراستەی گروپە کۆمەڵایەتییە مەدەنییەکان دەکرێت وەک خۆیان نەک دوژمنە چەکدارەکان - کە زۆربەی کات لە چوارچێوەی شەڕی گشتگیرتر و ئاساییتردا ڕوودەدات، زۆرجار جینۆساید پێویستی بە کردەوەی سەربازی دژە جینۆساید هەیە بۆ وەستاندنی، بەڵام لێرەوە دەردەکەوێت کە سیاسەتی قووڵتر بۆ ڕێگریکردن و ڕێگریکردن لە جینۆساید دەبێت لە نزیکەوە پەیوەستبکرێت بە سیاسەتەکانی کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی شەڕ لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، بەبێ بنبڕکردنی شەڕ، ئەگەری جینۆسایدیش بنەبڕناکرێت.



# ستراتیژیەتی میدیا و دۆزی کورد لە ناساندنی جینۆسایدی ئەنفالدا

فتاح محمود رۆستم(فەتاح تەنیا):
توێژەر/ سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان

دامەزراوە میدیاییەکان هەر یەکە و کۆمەڵێک سترتیژی خۆیان هەیە بۆ کاری میدیایی لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا، ئەمەش پشتبەستن بەو ئایدۆلۆجیایەی کە کاری لەسەردەکات.

بەو پییەی ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین، کە هەوڵدانە بۆ ڕەتکردنەوەی کۆلۆنیالیزمی خۆسەپێن، کە لە ئێستادا دەستی گرتووە بەسەر جیهاندا، چونکە بە ڕوونی دژایەتی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان دەکات، بەڵام ڕەوتی سەرمایەداری بەشێکی دانەبڕاو و خۆسەپێنە و کۆلۆنیالیزمە، کە خۆی لە ژێر ناوی گێڕانەوەی ئازادیی خۆی شاردۆتەوە ،کە میدیای ڕۆژئاوا پشتگیریی دەکات بە هەموو هێزی خۆیەوە.

بەم پێیە، ئەگەر گێڕانەوەی سەرمایەداری پووچەڵ بکرێتەوە و هەڵبوەشێنرێتەوە، وێنەی ڕاستەقینەی کۆلۆنیالیزمی دەوڵەتانی بە ناودیموکراسی ئاشکرا دەبێت و پرسی ڕزگاری نەتەوەیی کورد بۆ پشتیوانی لە بیرورای گشتی جیهانی کرانەوەی زیاتر بەدەستدەهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم کارە بکرێت، پێویستە ستراتیژێکی میدیایی هەبێت، کە لەسەر بنەمای شیکارییەکی ورد لە وردەکارییەکانی گێڕانەوەی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین، هۆکارەکانی بەهێزی و کەلێنەکانی و چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن بە هەموو شێوەیەک و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.

## ستراتیژیەتی میدیا و دۆزی کورد

دۆزی کورد لە مێژە ڕووبەڕووی نابەرانبەری دەرەکی و نێوخۆیی بووەتەوە لە قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتان، کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، تاکو دەگاتە سەرهەڵدانی ڕژێمی بەعس کە هۆکارێکی بنەڕەتی بوو بۆ جینۆسایدی ئەنفالی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، سەرەڕای هەموو تاوانەکان بەسەر کورددا هاتووە.

بەڵام ئەمڕۆ جیهان گۆڕاوە، بنەماکانی ستراتیژی میدیا پێویستە لە مێشکی تاک بە تاکی کورد و نەوە گەنجەکانیدا بچەسپێت و کاربکرێت بۆ لایەنی ئەخلاقی وەک ئاماژەدان بە واتاکانی وەک فەزیلەت، ماف، چاکە، دادپەروەری، کەرامەت، مرۆڤایەتی، حەقیقەت، تاوان، خراپە و نادادپەروەری سنووردار بوو بە چەمکەکانی مافی مرۆڤ، دیموکراسی، یاسا نێودەوڵەتییەکان، دەوڵەتی نەتەوە، هاووڵاتیبوون، و بابەتییەتی زانستی، کە گۆڕانکارییەکی ڕوونە لە پاشخانی چەمکی جەماوەر، بناغەکانی تێگەیشتن و نزیکبوونەوە، چوارچێوەی گشتیی لێکدانەوە و بنەمای گفتوگۆ، ئەمانە چەند هۆکارێکن بۆ پاراستنی بەهای نەتەوەیی.

لەکاتێکدا سەرقاڵبوون لە بەرامبەر ماشێنی میدیایی زەبەلاحیان بێ ستراتیژ و هەماهەنگی، وای لێکردووین، کە نوقم بین لە ناو تالاوی وەلامدانەوەی بوختانی بێکۆتایی و پالنانی درۆی ئیمپریالیستی، لە کاتێکدا کات تێدەپەرێت بۆ چەسپاندنی داخوازییەکانمان بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەکە ڕێبازی جۆراوجۆر هەبوون، بۆ گەیشتن بە مافە بنەڕەتییەکانمان، بەلام لە ئێستادا تۆمەتی دژە کورد شانبەشانی نموونە مێژووییە هاوشێوەکان دەردەکەوێت، ئەمە یەکەم حالەت نییە لە چوارچێوەی دەوڵەتانی داگیرکاردا، وەک چۆن پێشتر تۆمەتی یاخیبوون لە سەردەمی بەعسدا هاتە ئاراوە، هەروەها تۆمەتی شاخاوی بوون لە سەردەمی تاریکی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، تا سەردەمی توندڕەوی ئایینی و دەسەلاتی داعش.

هەولنامەی کیبر

**دانانی پرسی جینۆسایدی کورد لە چوارچێوەی فراوانتردا:**

بەو پێیەی ڕژێمی بەعس یەکەم حاڵەتی کۆلۆنیالیزم، داگیرکاری، یان جینۆساید نییە، بەڵکو چەندین حاڵەتی مێژوویی جینۆسایدی تۆمارکردووە، پرۆژەکردنی کەیسی ڕژێمی بەعس و هاوتاکردنی لەگەڵ پێشینە مێژووییەکانیدا، سروشتی ڕاستەقینەی هاوشێوەی ئەو حاڵەتانە دەپیورێت، جا بە کردەوە لەسەر... زەمینە، یان لە گێڕانەوەی پاساودان و ڕەفتاری میدیایی.

کەواتە ستراتیژی ڕاگەیاندن لێرەدا بریتییە لە کۆکردنەوە و ژماردن و وەسفکردنی تایبەتمەندی و سیاسەت و کردارەکانی ڕژێمە کۆلۆنیالیزمەکان و وڵاتانی داگیرکەر و میکانیزمەکانی پاکتاوی نەتەوەیی بە درێژایی مێژوو و پاشان ئاماژەکردنیان و پرۆژەکردنیان لەسەر کەیسی ڕژێمی بەعس، بەجۆرێک کە وەرگرەکە بزانێت، کە تا چەند هەموو حاڵەتەکانی پێشوو لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەگونجێت، کە لە ژیانیدا شایەتحاڵی دەبێت، و هەڵوێستی کاریگەری لەسەر دەبێت.

لە وردەکارییەکانی ئەم پێشبینیانەدا پەیوەندییەکی سۆزداری لە نێوان کوردەکان و ئەو پێکهاتانەی کە کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری و کۆیلەکردن و قڕکردنیان لە دژی پراکتیزە دەکرا، چیرۆک و قارەمانێتی ئەو کەسانەی کە لە کاتی ئەم شەڕەدا ڕەتیانکردەوە، ملکەچی داگیرکاری بوون، دیارە قوربانییەک لە بوارەکەیدا لە پێناو مرۆڤایەتی و پێشەیبوون و ئاشتی جیهانیدا، وەک تاک و دامەزراوە و وڵاتان و هەروەها دەرگایەک بۆ پێوانەکردنی شوناسی ڕژێمی بەعس لەسەر چەمکی شوناسە ڕەگەزپەرستەکان دەوروژێنێت، پەیوەندی نێوان ڕژێمی بەعس و دامەزراوە میدیاییەکان کە کۆنترۆڵی مێشکی خەڵک دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی سیستەمی سیاسی و ئابووری، هەروەها پەیوەندی ئەم دامەزراوانە لەگەڵ دەسەڵاتدانی ئەو سەردەمە و ڕۆڵی ئەوان لە بەرگریکردن لە ڕژێمی بەعس پاڵنەرێکی پێکەوەیی بوو بۆ ئەنجامدانی جینۆسایدی ئەنفال.

لە دۆخێکی وەک ئەمدا، بۆ ئەوەی خەڵکی ڕەسەن مافی خۆیان لەسەر

خاکەکە بپارێزن، پێویستە پێش هەموو شتێک پێداگری بکەن لەسەر وەسفکردنی ئەو ناسنامە و کەلتورە بەو وەسفەی کە کیانێکی نەتەوەیی ڕاستەقینەی خۆیەتی، بەرەو گرتنی ویژدانی دەستەجەمعی جیهانی، و هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنی دژە کورد لە جیهاندا، وەک چۆن لە پرسەکانی تری ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بە درێژایی مێژووی مۆدێرن هەیە.

پێشنیارەکە بریتییە لە گۆڕینی ئەم ستراتیژە بۆ پرۆژەیەکی میدیایی کە لەسەر بنەمای سیستەمێکی کاری یەکگرتوو دابمەزرێت.

پرسی کوردەکان لە ناوەڕۆکی هەموو ئەو ڕاستییانەدایە، لەسەر ئاستی جیهانیش، گەورەترین پرسی دادپەروەری و ڕزگاریخوازی، گەورەترین نادادپەروەری مرۆڤە، گەورەترین شانۆی خەبات و گەورەترین پراکتیکی ڕۆژنامەگەریی هاوولاتییە و ئاشکرای دەکات ڕووی ڕاستەقینەی سیستەمی جیهانی بۆ بەهێزکردنی پەیامەکەیان، و زیادکردنی توانای دەستڕاگەیشتنیان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان.

نەتەوەی کورد زۆرترین پێویستیان بە ئامرازێکی بەدیل هەیە، کە لە ڕێگەیەوە بتوانن قسە لەگەڵ جیهان بکەن و تێکەڵاوی بن و دەنگی خۆیان بگەیەنن و پرسەکانیان بەیەکەوە باسبکەن و پرسەکانی ئەوانی دیکە وەک بەشدارییەک لە ئاشتی جیهاندا وەربگرن، سەردەمێک کە زۆرترین جینۆسایدی بە سەردا هاتووە، بەهۆی داخراوی میدیا لە گەیاندنی پرسی جینۆسایدی ئەنفال بە دەرەوەی خۆی لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا.

**گرنگی ستراتیژیەتی میدیا لە ناساندنی جینۆسایدی ئەنفالدا:**

گرنگیدان بە لایەنی وەرگێرانی جینۆسایدی ئەنفال و دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان بۆ سەر زمانە زیندووەکان لە ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و یاساییەکانی جیهاندا.

بایەخدان بەلایەنی سینەمایی کوردی و فلیمسازی و گواستنەوەی ئازارەکانی جینۆسایدی ئەنفال بۆ نێو ناوەندە سینەمایە گەورەکان، کە ڕوئیاو ستراتیژەکان دەگۆڕێت لەلای وەرگر لەسەر ئاستی جیهانی.

هەواڵنامەی کتێب

ستراتیژی میدیا کار لەسەر ئەوە بکات بۆ بەستنی پەیوەندی لە نێوان کەناڵە ئاسمانییەگەورەکان، کە توانای گۆڕینی ستراتیژی هەیە لە سەر ئاستی وڵاتانی زلهێز و بڕیار بەدەست لە جیهاندا.

خستنەگڕی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی و ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال

گرنگی میدیا بە بەهێزترین فاکتەر دادەنرێت بۆ گەیاندنی پەیامی جینۆسایدی ئەنفال لە ڕێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیاوە.

گرنگی میدیا لەوەدایە هێزی ئەوەی هەیە مێژووی ڕووداوەکان بە وردەکارییەوە باس بکات و بیگوێزێتەوە.





# سەرکوتکردنی زمان و سیاسەتی بەشێک لە وڵاتان بەرانبەر بە زمانی کەمینەکان

پ.د. ئومێد برزان برزو

هەواڵنامەی کتێب

هەمیشە زمان بەوە پێناسەدەکرێت، کە شوناس و ناسنامەی نەتەوەییە، هەروەها یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی هەموو تاکێک بۆ پەیوەندییکردن و لەیەکترگەیشتن، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو دەسەڵات و نەتەوەیەکە کە دەست بەو شوناسەوە بگرێت و لە هەموو ئەو کێشە و ئاستەنگانە بیانپارێزێت، کە ڕوبەڕوی دەبنەوە، چونکە هەموو تاکێک کە شوناسە نەتەوەییەکەی لەدەستبدات و لەناوبچێت، ئیتر دەبێتە موڵکی کۆمەڵگا و نەتەوەیەکی تر، ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی زمان دروستدەکات، بەوەی شوناسی نەتەوەییەکەی بەرەو لەناوچون و دابەشبون دەڕوات ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە زمانەکەی بەرەو لاوازبون و توانەوە و داخوران دەبات، واتە هەر تاکێک زمانەکەی لەدەستدابێت، هەمیشە شوناسیو بونی خۆی نادۆزێتەوە.

هۆکارگەلێک هەن، کە کاریگەرییان لەسەر لاوازبون و نەمانی شوناسی نەتەوەیی و هەروەها سەرکوتکردن و داخورانی زمان هەیە، لەوانەش: هۆکاری سروشتی، جەنگ، کۆمەڵکوژی (جینۆساید)، داگیرکردن، ...تد.

سەرکوتکردنی زمان بریتییە لە سنووردارکردن یان قەدەغەکردنی بەئەنقەستی زمانێکی دیاریکراو، کە بە شێوەیەکی گشتی وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن یان لەناوچوونی کەلتوری بەکاردەهێنرێت. ئەم پراکتیزەیە دەتوانێت ئەو سیاسەتانە لەخۆبگرێت، کە لە بەرژەوەندیی زمانێکی باڵادەست بێت و لە هەمان کاتدا زمانە کەمینەکان تێکدەدەن یان دەسڕنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامە و میراتی کەلتوری لەنێو گرووپە زیانلێکەوتووەکاندا. لە زۆر حاڵەتدا سەرکوتکردنی زمان بەشێکە لە هەوڵە بەرفراوانەکان بۆ نەهێشتنی کەلتورە ڕەسەنەکان و بەزۆر تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەی باو.

**زمانی ماندارین:**

حکومەتی سەنگافورە لە ساڵی (١٩٧٩) هەڵمەتی قسەکردن بە زمانی ماندارینی دەستپێکرد بۆ بەرزکردنەوەی زمانی ماندارین لەنێو سەنگافورە چینییەکاندا. ئەم سیاسەتە ڕەخنەی زۆری لێکەوتەوە، چونکە زۆرینەی چینی سەنگافورییەکان لە باشووری چینەوە هاتبوون، کە زمانە غەیرە ماندارینییەکان لەوێدا باوبوون. ئەم هەڵمەتە زمانی غەیرە ماندارینی لە پەخشی ناوخۆیی قەدەغەکرد و میدیای بیانی بەو زمانانە سنووردارکرد. لە کاتێکدا بەکارهێنانی زمانی ماندارینی زیادی کردووە، بەڵام ئەم هەڵمەتە بووە هۆی ئاستەنگی پەیوەندیکردن لە نێوان نەوەی گەنجەکان و گەورەکاندا بەهۆی دابەزینی زمانەکانی تری چینییەوە.



**زمانی هاوایی:**

زمانی هاوایی لە دەوروبەری سالانی (١٨٢٠) بەهۆی کاریگەریی میسیۆنەرەوە دەستی بە دابەزین کرد. لەگەڵ فێربوونی زمانی هاوایی، بەکارهێنانی هاواییەکان دابەزی. بەڵام هەوڵە ئانقەستەکان بۆ سەرکوتکردنی زمانی هاوایی لە ساڵی (١٨٩٣) دەستپێکرد، کاتێک حکومەتی کاتی هەوڵیدا زمانی ئینگلیزی وەک زمانی باڵادەست دابنێت، لەوانەش قەدەغەکردنی زمانی هاوایی لە قوتابخانە حکومییەکان لە ساڵی (١٨٩٦)دا. هەرچەندە زمانی هاوایی لە شوێنەکانی دیکە قەدەغە نەکرابوو، بەڵام زیانی لێکەوتبووەوە. سەرەڕای هەوڵەکانی زیندووکردنەوەی مۆدێرن، زمانی هاوایی ئەمڕۆ تەنها نزیکەی ٢٠٠٠ کەسی زمانی دایکی هەیە.


Hoku o Hawaii

**زمانەکانی ڕیوکیان:**

سەرکوتکردنی زمانەکانی ڕیوکیان دوای ئەوەی شانشینی ڕیۆکیو سەربەخۆیی خۆی لەدەست ژاپۆن لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستپێکرد. حکومەتی ژاپۆن بە شێوەیەکی شەڕانگێزانە پاڵ بە بەکارهێنانی زمانی ژاپۆنی ستانداردەوە نا، بەوەش خوێندکارانی ئۆکیناوا و ناوچەکانی دیکەی بەهۆی قسەکردن بە زاراوە ناوخۆییەکان سزادران. ئەمڕۆ ژاپۆن زمانەکانی ڕیوکیان بە تەنیا زاراوەی زمانی ژاپۆنی دەزانێت. سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی پاراستنی، زۆربەی منداڵانی ئۆکیناوا بە زمانی ژاپۆنی تاک زمانن و داهاتووی زمانەکە تا ئێستا نادیارە.



## زمانی کۆری:

لە کاتی داگیرکردنی کۆریا لەلایەن ژاپۆنەوە لە ساڵی (١٩١٠ تا ١٩٤٥)، کۆریا تووشی سەرکوتی کەلتوری بووەوە، لەنێویاندا سەرکوتکردنی زمانی کۆری بوو. زمانی ژاپۆنی لە قوتابخانەکاندا فەرمانی پێکرا و دواتر بەکارهێنانی زمانی کۆری بەتەواوی قەدەغەکرا. هەروەها فشاریان خستەسەر کۆرییەکان بۆ وەرگرتنی ناوی ژاپۆنی. ئەم سیاسەتانە کاریگەرییەکی بەردەوامیان لەسەر پەیوەندییەکانی کۆریا و ژاپۆن بەجێهێشتووە، تەنانەت دوای شکستی ژاپۆن لە جەنگی دووەمی جیهانیدا.




## ڕووسیبوون:

"ڕووسبوون" ئاماژەیە بۆ سیاسەتەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت کە ئامانجیان سەپاندنی زمانی ڕووسییە بەسەر دانیشتوانی غەیرە ڕووسیدا بەتایبەتی لە ئۆکرانیا و فینلاند، ئەم سیاسەتانە بەمەبەستی جەختکردنەوە لە کۆنترۆڵی سیاسی و سەرکوتکردنی جیابوونەوە بوو. لە سەدەی نۆزدەهەمدا زمانەکانی وەک (ئۆکراینی، پۆڵەندی، لیتوانی و بیلاڕوسی) سەرکوتکران، دوای شۆڕشی ڕووسیا زۆرێک لە زمانە کەمینەکان ناچاربوون ڕێنووسی

سیریلیک وەربگرن. یەکێتی سۆڤیەت سەرەتا زمانە کەمینەکانی بەرەوپێش دەبرد، بەڵام دواتر زمانی ڕووسی لە پێشینەدا بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زمانی ڕووسی ببێتە زمانی باڵادەست لە سەرانسەری دەوڵەتانی پێشووی سۆڤیەتدا.



**زمانی وێڵزی:**

زاڵبوونی ئینگلتەرا بەسەر وێڵز و سکۆتلەندا و ئێرلەندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمانە ناوخۆییەکانی وەک وێڵزی و سکۆتلەندی گەیلیک و ئێرلەندی هەبوو. لە سەردەمە جیاجیاکاندا ئەم زمانانە لە قوتابخانەکان قەدەغەکران و قوتابیان بەهۆی قسەکردنیانەوە سزادەدران. لە وێڵز، منداڵان بەهۆی قسەکردن بە زمانی وێڵزی ناچاربوون ئامێری "وێڵزی نەخێر" لەبەربکەن، کە ئامێرێکی سزایە. هەرچەندە ئەم زمانانە لە سەدەی بیستەمدا هەندێک پارێزگارییان بەخۆوە بینیوە، بەڵام لە دوای ئینگلیزییەوە بە لاوەکی دەمێننەوە و کەمینەیەک قسەیان پێدەکات.

BWRDD YR IAITH
GYMRAEG • WELSH
LANGUAGE BOARD

**زمانە کەمینەکان لە فەرەنسا:**

"لا ڤێرگۆنها" (بە واتای "شەرمەزاری") باس لەو سیاسەتانە لە فەرەنسا دەکات، کە جیاکارییان لە زمانە کەمینەکان دەکرد. ئەم زمانانە زۆرجار گاڵتەیان پێدەکرا و لە خوێندن و ئەرکە حکومییەکان قەدەغەدەکران. لە سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا زمانە ناوچەییەکان بە کەمترین شێوە سەیردەکران و ئەو

خوێندکارانەی کە قسەیان پێدەکرد، سزادەدران. ئەم چەواشەکارییە هێشتا بوونی هەیە، بەو پێیەی حکومەتی فەرەنسا بەرەنگاری پەسەندکردنی جاڕنامەی ئەوروپا بۆ زمانە ناوچەییەکان یان کەمینەکان بووەتەوە، بەمەش زمانە ناوچەییەکانی زیاتر پەراوێزخستووە.




## زمانی چینی لە ئەندەنوسیا:

لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆک سوهارتو لە ساڵی (١٩٦٧ تا ١٩٩٨)، دانیشتوانی چینی نەتەوەیی ئەندەنوسیا ڕووبەڕووی سەرکوتکردنی توندی زمانەکانیان بوونەتەوە. قوتابخانەکانی زمانی چینی داخران، ڕێنووسی چینی لەبەردەم خەڵکدا قەدەغەکرا و خەڵک ناچاربوون ناوی چینی خۆیان بگۆڕن بۆ ناوی ئەندەنوسی. ئەم سەرکوتکردنە کەلتورییە لەگەڵ چەواشەکاری کۆمەڵایەتیدا بووە هۆی لەدەستدانی زمانی چینی لە نێو نەوە گەنجەکاندا، هەرچەندە هەندێک لەو سیاسەتانە دوای دەستلەکارکێشانەوەی سوهارتو پێچەوانەبوونەوە.



## زمانە ناوچەییەکانی ئیسپانیا:

لە سەردەمی دەسەڵاتی فرانسیسکۆ فرانکۆ لە ساڵی (١٩٣٩ تا ١٩٧٥)، زمانە ناوچەییەکانی ئیسپانیا سەرکوتکران بۆ بەرەوپێشبردنی

ناسیۆنالیزمی ئیسپانی. زمانەکانی وەک باسکی، کەتەلۆنی و گالیسی لە بەکارهێنانی گشتی قەدەغەکران و بە تەنیا زاراوەی ئیسپانی دادەنران. لە کاتێکدا کە هێشتا زمانی کەتەلۆنی لە هەندێک چوارچێوەدا بەکاردەهێنرا، بەکارهێنانی گشتی و حکومی قەدەغەبوو و بڵاوکردنەوە بە زمانی کەتەلۆنی سنوورداربوو. تا سالانی (١٩٥٠) هەندێک لێبوردەیی گەڕایەوە، بەڵام زیانیان بەرکەوتبوو و هێشتا زمانەکانیش پەراوێزخراون.



**زمانی کوردی:**

زمانی کوردی لە چەندین وڵاتدا ڕووبەڕوی جیاکاری بووەتەوە. وەک زمانی کوردی لە وڵاتی تورکیا لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە قوتابخانە و فەزای گشتی قەدەغەکرا و کەلتوری کوردیش سەرکوتکرا، هەرچەندە هەندێک چاکسازی تا ساڵی (١٩٩١) ڕێگەیان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە شوێنە تایبەتەکاندا دا، بەڵام هێشتا زمانەکە ڕووبەڕوی ئاستەنگ دەبێتەوە. هەروەها لە وڵاتی ئێران لە ژێر سیاسەتی بەفارسیکردن لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زمانی کوردی لە پەروەردە و دامەزراوە گشتییەکان قەدەغەکرا و لە وڵاتی سوریاش هێشتا لە زۆربەی بەستێنەکاندا زمانەکە سەرکوتکراوە. بەڵام زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە ساڵی (٢٠٠٥) لە باکوری عێراقدا ناسێنراوە، هەرچەندە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا وەک زمانی فەرمی لە ساڵی (١٩٩١)وە لە سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت

و ناوەندەكانی پەروەردە و میدیادا ناسێنراوە.

لە پاش جەنگی یەكەمی جیهانی، شێخ مەحمودی نەمر لە ساڵی (١٩١٨)وە زمانی كوردی كردە زمانی فەرمی حكومەتەكەی و تا ساڵی (١٩٢٣)ش بەردەوام بوو. كەچی ڕژێمە یەک لەدوای یەكەكانی عێراق و بەدرێژایی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان هەمیشە پلانیان بۆ قڕكردنی گەلی كورد و كۆمەڵكوژی و قەدەغەكردن و بنبڕكردنی زمانی كوردی داڕشتوە، یەكێك لە ئامانجە سەرەكییەكانی ڕژێمی بەعس ئەوە بوو، كە نوسین و خوێندنی كوردی لە سەرانسەری كوردستاندا قەدەغەبكات، بەمەش زمان و ناسنامەی نەتەوەیی كوردی بسڕێتەوە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی دروستبونی وڵاتی عێراقدا بخشێنین. لە (١٩٢٠/٨/١٠)دا پەیمانی (سیڤەر) لە نێوان دەوڵەتە سوێندخۆرەكاندا بەسترا، كە تیایدا لێكۆڵینەوە سەبارەت بە كێشەو گرفتی نەتەوە و كەمەنەتەوەكان كرا، بەپێی بەندەكانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی ئەو پەیمانە مافەكانی گەلی كورد بەشێوەیەک سەلمێنرا، كە بۆیان هەبێت لە ماوەی ساڵێكدا گەر كۆمەڵەی نەتەوەكان گەیشتە ئەو بڕیارەی كە كوردەكان دەتوانن دەوڵەت بەڕێوەبەرن، ئەوا بۆیان هەیە، دەوڵەتێک بۆ خۆیان پێكەوە بنێن و توركیا واز لە بەرژەوەندییەكانی خۆی بهێنێت لەو ناوچەیەدا. پاشان لە (١٩٢٣/٧/٢٤)دا پەیمانی (لۆزان) بەسترا، كە تیایدا بەتەواوەتی مافی كورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا پێشێلكرا. دواجاریش لە (١٩٢٥/١١/١٦)دا كۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا، كە كوردستانی باشور بخرێتە سەر عێراق، لەو كاتەوە تائێستا ئەو بڕیارە كاری پێدەكرێت(**عەبدوڵلا غەفوور، ٢٠٠٠: ٧٨-٨٧**).

لە (٢١ ئاداری ١٩٢٥)دا یەكەم دەستوری عێراق بەناوی (قانونی ئەساسی عێراق) هەمواركرا،

دەستورەکەش لە (١٢٣) مادده پێکهاتبو، لە مادەی (١٦)یەمدا هاتوە: (هەمو تایفەیەک حەقی ئەوەی هەیە، کە بۆ فێرکردنی ئەفرادی خۆی بە زمانی خۆی مەکتەب دانێ، موحافەزەی زمانەکەی بکات، بەشەرتێ کە موافیق ئەو پرۆگرامی عمومیەی بێ، کە قانون دایدەنێت) **(تاریق جامباز، زمانە فەرمیەکان لە دەستوری وڵاتە فیدراڵیەکاندا، ٥-٩)**. بەو واتایە سەرجەم نەتەوەکانی دانیشتوانی عێراق مافی خۆیانە، کە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان لە قوتابخانەکاندا بخوێنن و بنوسن، هەروەها مافی خۆیشیانە کە پارێزگاری لە زمانە نەتەوەییەکەیان بکەن، نەتەوەی کوردیش وەکو یەکێک لە نەتەوە سەرەکییەکانی عێراق ئەم مافەی بەردەکەوێت. بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد ناکات، تەنانەت ئەم مافە بە ئاقارێکی تاکڕەویی ڕۆیشت و زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی ناسیوە و لە دەستوردا ناوی هاتوە و زمانەکانی تر بەپیاسا دەستنیشاندەکرێن، کە ئاستەکەی لە دەستور نزمترە.

پاشان لە دەستوری کاتیی (١٩٥٨) و دواتر دەستوری (١٩٦٣)و (١٩٦٤) ئاماژە بە بونی نەتەوەی کورد لەپاڵ نەتەوەی عەرەبدا کراوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ هیچ زمانێک بکات، بەڵام زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لە پارێزگای سلێمانی دوو زمانی فەرمی بون.

پاش ڕێککەوتنی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠)ی نێوان کورد و حکومەتی عێراق. لە دەستوری عێراقی ژمارە (٧٩٢) بەندی (٥/ب) لە (١٦/٧/١٩٧٠)دا هاتوە: (گەلی ئێراقی لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتوە، ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە، ئەو دەستورە دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی تەواوی کەمایەتییەکان دادەنێت لەچوارچێوەی یەکێتیی ئێراقیدا)**(هەژار عزیز سورمێ، ٢٠٠٩: ١٧٦)**. لەم پرۆژەیەدا بۆ یەکەمجار ناوی نەتەوەی کورد هاتبێت و

بەفەرمی زمانی کوردی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بووە زمانی خوێندن و نوسین. هەرچەندە ڕژێمی بەعس لە ساڵی (١٩٧٤) لەو ڕێککەوتنامەیە پاشگەزبویەوە و پاش ئەوەش شۆڕشی کورد لە ساڵی (١٩٧٥)دا هەرەسی هێنا، بەمەش حکومەتی عێراقی دەستی دایە پەلاماردان و ڕامالین و بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە لە کوردستاندا و زیاتر لە (٥٠٠) گوند وێرانکران و زیاتر لە (٢٨) هەزار خێزانی کورد لە ناوچەکانی سەر سنور ڕاگوێزران(**میدل ویست ووچ، ٢٠٠٤: ٨١ - ٨٣**). پاشان پرۆسەی ئەنفالی ئەنجامدا و دەستی بەقڕکردن و زیندەبەچاڵکردنی خەڵکی گوندنشینەکان و ڕوخاندن و وێرانکردنی لادییەکان کرد، لە هەمان کاتیشدا یەکێکی تر لە سیاسەتەکانی ڕژێمی عێراقی بێبەشکردنی تاکی کورد بوو لە نوسین و خوێندن بە زمانی کوردی، ئەویش بە داخستنی قوتابخانەکان و گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن بۆ زمانی عەرەبی، کە بە فەرمانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و نوسینگەی تەنزیمی شیمالی بە ژمارە (٧١) لە (١٩٨٩/٣/١٨) کە ئاراستەی سەرجەم پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی کراون، بەناونیشانی (الدراسة الكردية) کە تیایدا ئاماژە بەوە دەدات، کە پاش کۆتایی هێنانی پرۆسەی ئەنفال، پێویستە سەرلەنوێ چاو بە سیستەمی خوێندن بخشێنرێتەوە و بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٨٩-١٩٩٠) خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەکاندا بە زمانی عەرەبی بێت، واتە بەعەرەبکردنی پرۆگرامی خوێندن لە ناوچە کوردییەکاندا بە مەبەستی سڕینەوە و قەدەغەکردنی نوسین و خوێندن بە زمانی کوردی.

بە مەبەستی پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە سەرجەم خوێندنگا و زانکۆکاندا، ڕژێمی بەعس بە فەرمانی ژمارە (٦٣٢) لە (١٩٨٩/١٠/٧)دا بڕیاری دا، کە هەر خوێندکارێک لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی دەرنەچو، ئەوا بە

کەوتو هەژمارناکرێت(**غەفوور مەخمووری، ٢٠١٠: ٦٨**). واتە ئەم بابەتە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا هیچ بەها و گرنگییەکی نییە، بۆیە پشتگوێ بخرێت و وازی لێبهێنرێت، لە هەمان کاتدا فێرخوازانی کورد وا ڕابهێنێت، کە زمانی نەتەوەییان زمانی زانست و زانیاری نییە. هەروەها ڕیسواکردنی دوو بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکانی بەغداد و سەلاحەدین، بەوەی کە نزمترین کۆنمرەی دەرچووانی قۆناغی شەشەمی ئامادەیی لەو بەشە وەردەگیرا، ئەمەش وای لە فێرخوازانی کورد دەکرد، کە ڕوو بکەنە بەشەکانی تری زانکۆ و پەیمانگاکان.

یەکێکی تر لە بڕیارەکانی ڕژێمی بەعس گۆڕینی ناوی کەس و گەڕەک و قوتابخانە و مزگەوت و شار و ...تد بووە، وەک لە فەرمانی ژ(٤١) لە (١٩٧٦/١١/٢٩) ناوی پارێزگای کەرکوکی لە (کەرکوک)ەوە بۆ (التامیم) گۆڕی. **(وریا الجاف، ١٩٩٨: ١٥٦).**

پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق و یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق (٢٠٠٥)، لەمادەی (٤)ی ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا ئاماژە بەوە دراوە، کە هەردو نەتەوەی عەرەب و کورد دوو نەتەوەی سەرەکی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، بۆیە زمانی عەرەبی و زمانی کوردی هەردوکیان دوو زمانی فەرمی عێراقن و مافی عێراقییەکان لە فێرکردنی مناڵەکانیان بە زمانی دایکیان مسۆگەردەکات، هەروەها زمانی تورکمانی و زمانی سریانیی ئەرمەنی دوو زمانی فەرمین لەو ناوچانەی بەزۆریی تێیدا دەژین.

لە دوای ڕزگارکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، دەستکەوتێکی مەزن لە بواری زماندا بەدەستهات و دەستور لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی فرەزمانی دارێژرا، واتە نەتەوەکان مافی بەکارهێنانی زمانیان پێدەدرێت لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا هەروەک یەکەم دەستوری عێراق لە

پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق و نەمانی رژێمی دکتاتۆری لە (٢٠٠٥/١٠/١٥) دانرا، کە لە ماددەی (٤) هاتوە:

**یەکەم:** زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

**دووەم:** سنوری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنییەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم مادەیەش بە یاسا ئەم خالانە دەگرێتەوە:

أ- دەرکردنی رۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب- قسەکردن و وتووێژ و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا بە هەریەک لە دوو زمانەکە، وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.

ت- داننان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و ئالوگۆڕکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.

پ- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بەپێی یاسا پەروەردەییەکان.

ج- هەر بوارێکی دیکە کە بنەما یاساییەکان بیگرێتەوە، وەک پارە و پاسەپۆرت.

**سێیەم:** دامودەزگا فیدراڵییە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

**چوارەم:** زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە کارگێڕییەکاندا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

**پێنجەم:** هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر دانیشتوانەکەی لە راپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا(**دستور جمهورية العراق، ٢٠٠٥**).




ئەم حاڵەتانە تیشکدەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن زمان دەتوانێت ببێتە ئامانجی سەرکوتکردن و کۆنترۆڵکردنی کەلتوری، لەگەڵ کاریگەرییە درێژخایەنەکانی لەسەر ناسنامە و پەیوەندیکردن.

**سەرچاوە:**

١. عەبدوڵڵا غەفوور (٢٠٠٠)، جوگرافیای کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢. تاریق جامباز (٢٠٠٥)، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری ویلایەتە فیدراڵییەکاندا، سلێمانی.

٣. هەژار عزیز سورمێ (٢٠٠٩)، لەبارەی جاڕنامەی مافی مرۆڤەوە، هەولێر.

٤. میدڵ ویست ووچ (٢٠٠٤)، جینۆساید لە عێراقدا ــــ پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و/ محەمەد حمەساڵح تۆفیق، سلێمانی.

٥. غەفوور مەخمووری (٢٠١٠)، بەعەرەبکردنی کوردستان، هەولێر.

٦. دستور جمهورية العراق (٢٠٠٥).

٧. https://listverse.com/٢٠١٠/٠٢/٢٦/١٠-modern-cases-of-linguistic-genocide/

٨. https://library.fiveable.me/key-terms/introduction-to-native-american-studies/language-suppression.

# ڕەهەندی دەروونی

## لە سێ کورتە چیرۆکی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا

پ.ی.د. ئازاد محەمەد سەعید





پێشەکی:

ڕەهەندی دەروونی پانتاییەکی زۆر لە زۆربەی چیرۆکەکاندا داگیردەکات، باری دەروونی تاکی کورد لە سەدەی ڕابردوو و لە سەدەی بیست و یەکەم سەقامگیرنەبوو بەهۆی داگیرکاری و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و باری ئابووری و سیاسی جێگیرنەبوو، بەتایبەتی لە ساڵانی پێش ڕاپەڕینە مەزنەکە، کەسێتی کورد توشی چەندین کارەسات هاتبوو، بەتایبەتی لەکاتی ئەنفالەکاندا لایەنی دەروونی مرۆڤ لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا، هەر ناونیشانی ئەنفال بارێکی دەروونی سەختی بۆ تاکی کورد دروستکردبوو، بەهۆی ئەوەی ئەنفال لەکاتی شەڕی بەدر خوای گەورە بۆ پێغەمبەری نارد، لە دژي کافرەکاندا، دەستکەوتی شەڕ بەیەکسانی دابەشبکەن. زەوتکردنی ئازادییەکانی تاک و ئازاردانی جەستەیی و دەروونی لە زینداندا هەروەها لە بیابانەکاندا لم بارین وڕێنەکردن، دەرکەوتنی بەشێک لە نهێنییەکانی ئازار و ئەشکەنجەی ڕزگاربووەکان لە چنگی دڕندەکان لە دوای ئەنفالەکان، واقیعی باری دەروونی کەسێتی لەم سێ کورتە چیرۆکەدا، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕەهەندی دەروونی لە زۆربەی چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) بەدیدەکرێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەوردی باری دەروونی تاکی کورد لە سوچێکی کوردستاندا لەلایەن چیرۆکنووسەوە خراوەتەڕوو، بە شێوەزاری ڕەسەنی گەرمیان، ئازار و ئەشکەنجەی مرۆڤی کورد زۆرن، تەنها لە پارچەیێکی کوردستان و سوچێکی دیاریکراویدا، ئەگەر بە گشت ئازاراەکاندا بچینەوە زۆرن، بەڵام دەڤەری گەرمیان بەشی زۆری ئەو نەهامەتییەی بەرکەوتووە بەتایبەتی لەکاتی ئەنفالدا. هەر سێ ڕێبازی تیۆری و پێوانەیی ـ شیکاری و پراکتیکی بەکارهاتووە، لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم سێ تەوەرە، تەوەری یەکەم لە ڕووی تیۆرییەوە لایەنی

دەروونــی مــرۆڤ خــراوەتەڕوو، لەگەڵ تیۆر و توێژینەوەی چەنـد زانـایەکی دەروونناســی، تەوەری دووەم بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی توێژینەوەی زانــایــانی دەروونی لەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکانەوە، لە بەرژەوەندی مانەوەی خۆیاندا ترس و تۆقاندنیان بەکاردەهێنا لە کاتی ئەنجامدانی پرۆســەکانی ئەنفالدا، تەوەری ســێیەم بریتییە لە تیۆرە بەناوبانگەکەی فرۆید لە" ئەو، من، منی باڵا". بەشــی دووەم بریتییە لە دوو تەوەر یەکەمــیان لایەنــی دەروونــی لە هەرســێ کــورتە چــیرۆکەکــانی چــیرۆکــنووس، "خەونێکی نـاو دۆزەخەکە وشــەو وئاڵ وشــەوە " بە پراکتیزەکردنی لایەنە تیۆرییەکانی بەشــی یەکەم، تەوەری دووەم لە بەشــی دووەمدا ئاماری زاراوە و کایەکانی لایەنی دەروونــی لە کــورتە چــیرۆکــی خەونێکی ناو دۆزەخەکەدایە.

**بەشـــي یەکەم : تەوەری یەکەم/ دەروونـــی مـــرۆڤ لە ڕووی تیۆرییەوە :**

لە هەر شـــوێنێک و کاتێکدا ئەگەر پێداویستییەکانی تاک فەراهام نەبن، هەڵســوکەوت و کاریگەریی تاک بۆ دەورووبەر ئاســـایی نابێت، بۆیە لەســەر حوکمڕان پێویســتە لە هەر شــوێنێکدا پێداویســتییەکانی تاک کە بریتییە لە پێداویســـتییە ژیارییەکان وەک هەوا، ئاو، خواردن ، ئازادی شــوێنی نیشــتەجێبوون، ڕادەربڕین دابینبکات. "ماسـلۆ" جەخت لەســەر پێـداویســـتییەکـانی تـاک دەکـات (تەنگەژەکانی "ئەبرهام ماســلۆ" لەو کاتە ســەر دەگرێت، کاتێک خودی "ماسلۆ" سەرگەردانی پێداویستەکانی تـاک دەبێت، تـاک وەکو کۆمەڵێک پێداویستی لێکدانەبڕاو سەیردەکات، هەموو مرۆڤێک و گیانەوەرێک تا پێداویستە بنەڕەتییەکانی تێرنەکرێت، هەستەوەرەکانی پەیوەست نابن بە دەورووبەر). پێداویســتییەکانی تاک و کۆمەڵ گشــتی لە پێـداویســـتی فیســـیۆلۆجی تاک دەســـتپێدەکات،

(پێداویستی تاک دابڕانێکە لە وەهمی بەرژەوەندییە گشتگیرییەکان، هەموو شتێک لە پێداویستی فەسڵەجەکانەوە دەستپێدەکات، ڕەوشتی تاک لەگەڵ کێرڤی تێربوون و تێرنەبوونی پێداویستەکان دەگۆڕێت، پێداویستی ناوەوە درێژەپێدان و سەرهەڵدانی پێداویستەکانی دەوروبەر و هاوسەنگبوونە لەگەڵ ژینگەو کۆمەڵ "خواردن، نووستن، مردن، سێکس، سکون بوونی جەستە...). مرۆڤ بە دوو جۆر لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا ئاڵوگۆڕی زانستی و کۆمەلایەتی دەکات، یەکەمیان هەستەوەرەکانی بینین، بیستن، بۆنکردن، دەستلێدان، تامکردن، دووەمیان نائاگایی کە بە ویستی مرۆڤ نییە، لەخۆوەیە، مرۆڤ وەکو جەستە ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات، لەکاتی وروژاندنیدا. زۆربەی لیکۆڵەران ڕایان وایە (عەقڵی ناوەوە بواری دوو هێزی شاراوە لەخۆدەگرن: لەلایەک گەنجینەی ئارەزووە سەرکوتکراو و خامۆشکراوەکانە و لەلایەکی تریشەوە سەرچاوەی هەڵقوڵینی هێزە نائاساییەکانە. کەواتە لەیەک کاتدا جێگەی خوداو شەیتانیشە). پاڤلۆڤ هەمان بۆچوونی هەیە لە عەقڵی ناوەوە و عەقڵی دەرەوەدا. (بەپێی توێژینەوەی پاڤلۆڤ ...دوو گرووپی هێمایی هەستەوەرەکان هەیە، کە گرووپی یەکەم ...بە پێنج هەستەوەرە دەرەکییەکان ناسراون، گرووپەکەی تر، دیوی ناوەوەی پێنج هەستەوەرەکانن لە نائاگاوە واتە لە عەقلی ناوەوە)، دیوی دەرەوەی هەستەوەرەکان کە بریتین لە هەستی بینین و بەرکەوتن و بیستن و بۆنکردن و تامکردن، دیوی ناوەوەی هەستەوەرەکان نائاگاییە، دیارە زانای بەناوبانگ پاڤلۆڤ خەو بە گەورەترین هێزی نائاگایي دادەنێت، قوربانییەکانی ئەنفال بەهۆی خەونەوە ئازارەکانیان خامۆش دەبووەوە، زۆرجار خەون بینینیشیان لێ قەدەغەدەکرا بەهۆی زراندنی خەو و ئازار و ئەشکەنجەوە، کاری پێنج

هەولێرنامەی کتێب

هەســـتەوەرەکە وەرگرتنی داتـا و زانیارییەکانە، کاری هەســـتەوەرە نـاوەکـیـیەکـان کە لە پـێـنـج هەســـــتەوەرەکەوە وەگـیـراون، نائاگاییەکان بە شــێوەی خەون یان زیندە خەون دەریدەبڕن، فرۆید پێی وایە (خەون جـێبەجـێکـردنـێکـی ڕازیـــــکەرانەی ئـــــارەزووە چەپێنراوەکـانە، خەون وەک هەر دیـاردەیەکی دەمـارگیریی هەوڵی گـونـجـانـدنـی نـێوان پـاڵـنەرە چەپێنراوەکان و بەرگریکردنی خود لەخۆ دەگرێت، ئەوەش نموونەیەکی جوانە بۆ ئەو پڕۆســـانەی کە لە چینەکـانی نـاوەوەی نەســـت و دەروونەوە بەئەنجامدەگەیەنرێت)، (بەپـێـی وتەی فـرۆیـد مـنـداڵ بەســـەرکەوتوویی توانـیـویەتـی سەرکەوێ بەسەر گوزەری پڕ دەرد و ئـازاری گرێی ئۆدیبی) لە نێوان ژیانی ئاسـایی و حەزەکاندا ئاسـان نییە، مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی بکات، بەتـایبەتی ئەگەر کاریگەریی "گرێی ئۆدیبی لەســـەربێت، یان لە منداڵی توشی لادان بووبێت، مرۆڤ لە کاتە شـــەهوانییە قووڵەکانیدا، مرۆڤێکی خاوەن عەقڵ و لۆژیکێکی کامڵ نییە، وەکو گـیـانەوەر هەمـوو هـزر و هۆشـی لای کارە شـەهوانییەکەدایە، بەڵام لە دوای تێربوون، جـارێکی دیکە عەقڵ و لۆژیکی دێتەوە سـەر خۆی، تێپەڕانـدنی گرێی ئۆدیبی بەتایبەتی لای منداڵ، کارێکی ئاسان نـیـیە، ئەگەر دەوروبەرەکەی لە ئاستێکی ڕۆشنبیریی باشدا نەبن .

**تەوەری دووەم/ تیۆری دەروونی فرۆید ( ئەو، من، منی باڵا):**

کەسـایەتی مرۆڤ بەپێی زانسـتی هەرەمـی دەروونـی بـریـتـیـیە لە ("ئەو"ID) بە ســـندووقی ڕەشـــی مـرۆڤ نـاوزەدکـراوە، کە هەمـوو نهێنییەکان و حەز و ئارەزووەکان و چـێـژ و غەریـزەکـان و خـاڵە لاوازەکانی مرۆڤ تۆماردەکات. لە دابەشـکردنی کەسـایەتی تاک بەپێی هەرەمی زانستی دەروونی کراوە بە سـێ بەشـی سـەرەکی "ئەو، من، منی بـاڵا" ... ئەو ســـەدا حەفتـای کەســـایەتی مرۆڤ داگیردەکات ... کـارەکـانی نهێنی و ژیـانی مرۆڤە ...

بریتییە لە کۆگای غەریزەکانی بنەڕەتی و پێداویستەکانی ناوەوەی مرۆڤە)، بەلای فرۆیدەوە کۆئەندامی دەروونی لە سێ بەش پێکدێت، کە بریتییە لە (ئەو ID سەرجەم پاڵنەرە زگماکییەکان دەگرێتەوە، کە فرۆید لە زۆربەی کتێبەکانیدا بە غەریزە ناوی بردووە، وەک: تینوێتی و برسێتی و هەستکردن بە سەرما و گەرما و خەوتن، ... تد، بەلام فرۆید زیاتر بایەخ بە دووانیان دەدات، کە بریتین لە سێکس و شەڕانگێزی)، بەهۆی پێنج هەستەوەرەکەی مرۆڤەوە پەیوەندی و ئالوگۆڕی کۆمەلایەتی و زانستی ئەنجامدەرێت (ئەو Ego ئەم لایەنەی کەسێتی هێدی هێدی و بە شێوەیەکی پلەدار لە ئەنجامی پەیوەندیی منداڵ بە جیهانی دەرەکی واقیعییەوە دروستدەبێت و بەهۆی پێنج ئەندامەکەی هەستکردنەوە پێکدێت). منی بالا لە ڕێگای کەسانی دەوروبەری منداڵ دەگواسترێتەوە بۆ منداڵ و بە شێوەیەکی نموونەیی ئایدیایی زۆرجار بەهەڵە ئەم بیروباوەڕ دەگواسترێتەوە، منداڵ توشی لادانی کۆمەلایەتی دەکات، (منی بالا Super ego فرۆید پێی وایە، منی بالا لە دوو لایەن پێکدێت، کە ئەوانیش بریتین لە: منی نموونەیی یان منی ئایدیایی کە هەندێ جار پێی دەوترێت ئەرک "واجب" باوک و دایک و مامۆستا بە شێوەیەکی مەبەستدار ناوەڕۆکی منی ئایدیایی لە ناخی منداڵدا دەچێنن ٢ـ ویژدان، کەواتە ویژدان بەو مانایە دێت، تاکە کەس بتوانێت خۆی خودی خۆی سزابدات)، یەکەمیان: کەسایەتی سادیزم دوو جۆرە، سادیزمی بەهێز و سادیزمی لاواز، دووەمیان کەسایەتی ماسۆشیزم کە حەز بە ئازاردانی خۆی دەکات ("ئەو"ی کەسایەتی لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، یەکەم: غەریزەی مەرگ "سانتۆس" واتە تێکدان و ڕووخێنەر و شەڕانی و دژایەتی ئەم بەشەی "ئەو"ی مەرگ بڕیاری تێکدان و ڕووخاندنی هەموو شتە جوانەکانی واقیع دەدات لە مەرگەساتی تر چێژ وەردەگرێت)،

کتێبخانەی هەمووان

کەسـایەتی سـادیزم دوو ئاسـتی بەهێز و لاوازی هەیە، کە تیایدا چێژ لە ئازاردانی خەڵکی دیکە وەردەگرن، ئەم جۆرە کەسایەتییانە بۆ ئازاردانی ئەنفالکراوان تەرخانـدەکران، هەڵدەسـتان بە تێنووکردن و برسـیکردن و ئـازاردانی کوردە ئەنفالکراوەکان لە بیابانەکان و بەندیخانەکانی عەرعەر و نوگرەسـەلمان و ...تـاد. (حەزە شـەهوانییەکانی تاک کە دوو جۆر دەگرێتەوە، یەکەم: سـادیزم واتە ئـازاردانی خەڵکانی بەرامبەر بۆ چێژوەرگرتن و دامرکاندنەوەی حەزەکان، ئەمەش دوو ئاستی هەیە، یەکەم ئـاسـتی بەهێز ئەم جۆرە کەسـانە ڕادەی شـەڕنگێزییان زۆر بەهێزە، هەمیشە دکتاتۆر و جەلاد و پیاوکوژ و باندی مافیا و تیرۆریست وقـاچـاغـچـی و سـەرکـردە سـەربازییەکان و چەتە کە کاری سـووتاندن و لەناوبردنی کۆمەڵ و ڕەوشتی جینۆساید و کۆمەڵکوژی، ..تاد، کە بە بینینی خوێنی کەسـانی تر هەسـت بە ئارامگیری دەکەن، بەڵام ئاسـتی دووەم و بریتییە لە سـادیزمی لاواز واتە ئـازاردانی خەڵکانی تر بۆ گەیشـتن بە چێژ، دەست وەشاندن، قسەکردن، تفکردن و جنێو و بوختان و چاڵ هەڵکەندن بۆ کەسانی تر و درۆی شـاخدار و زەرەر لە خەڵک دان و گەزەگرتن)، (جۆری دووەمی غەریزەی مەرگ ماسۆشیزمە واتە گەیشتن بە چێژ لە ڕێگای ئـازاردانی خودی خۆت، ئەمەش لە مندالّ وەکو لە خۆدان و سـەر لە دیواردان و خۆپیسکردن و زمان گەسـتن و لێوکرۆشـتن ..تاد، بەڵام لە گەورە محاسـەبەکردنی خودی خۆی و ویژدان ئازاردان و خەفەتخواردن و مانگرتن لە خواردن و بێ هوودەیی و لۆمەکردنی خودی خۆی و ڕەنـگ زەردی و کزی و لاوازی دەبێتە نیشـانەکانی ماسـۆشـیزم). زۆر جار پلەی گۆشـەگیری و ئـازاردانی خودی دەگـاتە ڕادەی خۆکوشـتن، واتە دواپلەی گۆشـەگیری، مرۆڤ هیچ ڕێگایەک، لە خۆکوشتن بەو لاوە بە باشـتر نازانێ. (ئەو شـارێگەیەی کە

بە ناهۆشمەندی ئەگات "خەوە" خەو ڕێگای ئەوەمان پێ ئەدات، ئەو کاتەی سەرگەرمی کارین ... بەپێی بۆچوونی فرۆید خەو ڕازیکردنی حەزەکانی ناهۆشمەندییە)، بینینی خەو بەدەست مرۆڤ نییە، ئەوانەی لە زیندانەکاندا بوونە لە کاتی ئەنفالەکاندا گشتیان خەونەکانیان لەیەکدەچوو، (دوو کۆمەڵ لە هێزە دەروونییەکان دەکۆڵنەوە، ئەوانەی باوەڕیان بەوە هەیە، ڕوحێک هەیە و ئەو هێزە دەروونیانە دەجوڵێنێ و نکۆڵی لە عەقڵی ناوەوە دەکەن، کۆمەڵەی دووەمیان دەڵێن: ئەو هێزە لە تایبەتمەندییەکانی کەسیەتی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت، بۆیە جەخت لەسەر بوونی عەقڵی ناوەوە کانگای هەڵقوڵینی ئەو هێزانەیە)، بوونی عەقڵی ناوەوە زۆربەی لێکۆڵەران لەسەری کۆکن، لە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدا نییە، بەڵام ئەو مرۆڤەی ڕۆشنبیری هەیە لەو زانستەدا" دەزانی چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن، بەتایبەتی لەکاتی بینینی خەوندا (فرۆید بڕوای وابوو هونەرمەند وەک کەسێکی تووشبوو بە "ئەعساب" بەهۆی پێویستییە غەریزە بەهێزەکانەوە تووشلای غەم و ئازار ئەبێت، بۆیە پەنا ئەباتە بەر خەیاڵ و لە واقیع دوورئەکەوێتەوە، بەڵام هونەرمەند بەپێچەوانەی خەیاڵخوازەکانی دیکەوە ئەزانێ چۆن زیندە خەوەکانی خۆی پەروەردەبکات)، هونەرمەند بەگشتی نووسەران بەتایبەتی، لەکاتی نووسینەکانیاندا غەم و خەیاڵ و زیندە خەونەکانیان بەرجەستەدەکەن و بە شێوەیەکی ئەرێنی دەیخەنەڕوو لەگەڵ واقیعدا دەیگونجێنن.

**تەوەری سێیەم/ کاریگەریی نەرێنی توێژینەوەی زانایان لەسەر ڕژێمەکاندا :**

لە کاتێکدا زانایەکی وەکو پاڤلۆڤ هەوڵ و تەقەلاو لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی چڕدەکاتەوە بە مەبەستی خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، بەڵام تاقم و گروپە خۆپەرستەکان ئەم هەلە دەقۆزنەوە لە بەرژەوەندیی تایبەتی و درێژەپێدانی دەسەڵاتی

تۆتالیتاری خۆیان بەکاریدەهێنن، لە دروستکردنی ئەو ژینگەیە بۆ گۆڕین و هێنانە پێشەوەی ڕەوشتی نوێ کە لە خزمەتی نیازە گلاوەکانیاندایە، مرۆڤ ئابلۆقە دەدەن، توشی ترس و تۆقاندن و برسیکردن و چەوسانەوە دەکەن و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاریاندەهێنن، چ لە زیندانەکان، چ بەرامبەر هێزە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرەکان (کاربەدەستانی ئەوسای سۆڤیەت هەوڵی ئەوەیان دا ئەو تاقیکردنەوەیەی کە لەسەر گیانەوەر کراوە بۆ گۆڕانکاریی ڕەوشتی گیانەوەر، بە هەمان شێوە لەسەر مرۆڤ بکرێت و سوودمەند بێت بۆ گۆڕانکاریی ڕەوشتی دیاریکراویان ویستیان سوود لەم تاقیکردنەوەیە وەربگرن بۆ لەناوبردنی ڕەوشتێکی دیاریکراو و جێگیرکردنی ڕەوشتێکی مەبەستدار)، مەبەستی پاڤلۆڤ خزمەتکردن بوو بە مرۆڤایەتی، تاقیکردنەوەکانی لەسەر گیانەوەران بۆ بەختەوەری مرۆڤ بوو نەک پێچەوانەکەی (لە وتەکانی پاڤلۆڤ دەرکەوت، کەوا ئەو تۆژینەوەیەی کردووە لەسەر پەرچەکردار و خۆپاراستنی خود، بەختەوەرییەکی بێ سنوورە بۆ پاشەڕۆژی مرۆڤ. لەو سەردەمەدا تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ هەموو پەرچەکردارە ڕەوشتییەکان و ئایدیۆلۆژییەکان و شوشتنەوەی مێشک و کارە سیخوڕییەکان و ملکەچبوونی ڕەوشت و جەنگی دەروونی و... لەسەر تیۆریی تۆژینەوەکانی پاڤلۆڤ بەڕێوەدەچێ و لەسەر تا سەری جیهاندا لە ژێر ڕۆشنایی نووسینەکانی پاڤلۆڤ دەزگای هەواڵگری و سیخوڕییەکان دروستدەکرێت. خاڵی سەرەکی لە بیردۆزی پاڤلۆڤ دروستکردنی دڵەڕاوکێیە "قلق" کە بنچینەی ورووژاندن و وەڵامدانەوەیە، بڕوانە ئەم هاوکێشەی خوارەوەدا:

ورووژاندن ⟵ دروستبوونی دڵەڕاوکێ ⟵ وەڵامدانەوە بەهۆی دروستبوونی ڕەوشتی تازە

لەم هاوکێشەیەی پاڤلۆڤ زەمینە ئامادەکردن بۆ دروستبوونی

دڵەڕاوکێ، لە ئەنجامدا ڕەوشتی تازە دێتە ئاراوە لە خزمەتی ورووژێنەرەکەیە، بەهۆی ئابلۆقەوگرتن و ترساندن و برسیکردن، دڵەڕاوکە دروستدەبێت، لە ئەنجامدا ڕەوشتی نوێ دێتە پێشەوە لە خزمەتی ترسێنەردایە، ئەم تیۆرە زۆربەی ڕژێمە تۆتالیتارییەکان، بە مەبەستی هەواڵگری و سیخوری بەکاریاندەهێنا، بەتایبەتی ڕژێمی عێراق دژ بە گەلی کورد بەکاریدەهێنا لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بەتایبەتی لەکاتی ئەنفالەکاندا، ورووژاندنی مەرجی پاڤلۆڤ، کە لەسەر ئاژەڵان، تاقی دەکردەوە، بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک، کە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت، تاقیکردنەوەکە ئاکامی زۆر باشی بەدەستهێنا، لە ئەنجامی برسیکردنی سەگ و پشیلە، یان گەرمکردن و ئازاردانی ئاژەڵان، دواتر دروستبوونی ڕەوشتی نوێ، ئەم تاقیکردنەوانە کتومت لەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکانەوە بەرامبەر بە مرۆڤ ئەنجامدەدرا.

(ڤلادیمێر لینین" لە کۆشکی سوور داوای لە پاڤلۆڤ کرد، ئەوەی لەسەر گیانەوەران کردوویەتی، ئیتر بەسە کاتی ئەوە هاتووە لەسەر مرۆڤ تاقیبکرێتەوە و ڕاستییەکانی فەسلەجەی گۆڕانی ڕەوشتی مرۆڤ کۆنترۆڵبکرێت. بۆ پەیداکردنی سیخورو ڕەشکردنەوەی بیروباوەڕێک و دانانی بیروباوەڕێکی تازەو خۆ بەدەستەوەدانی "استسلام" سیاسي و حزبی و گۆڕانی هەڵوێست بەپێی بیردۆزی پاڤلۆڤ، بڕوانە)

ورووژاندنی مەرجي + پاڵەپەستوو ترساندن و تۆقاندن ⟵ گۆڕان و کۆنترۆڵکردنی ڕەوشت

لەم هاوکێشەیەدا دروستکردنی ژینگەیەک بۆ برسیکردن یان تەنگاوکردن و ئازاردانی جەستەیی، یان ترساندن و تۆقاندن، گۆڕان لە هەڵوێست دروستدەبێت، یان ڕەوشت کۆنترۆڵدەکرێت، ئەم هاوکێشەیە بەپێیی پلانێکی

هەمەلایەنە ڕژێمی بەعس، بە هەمئاهەنگی لەگەڵ گشت دامودەزگا پەیوەندیدارەکان هەر لە وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری و دەزگای هەواڵگری و دادگا و بڵاوکردنەوەی سیخوڕ لە گشت دەزگا شارستانییەکان وەکو نەخۆشخانە و فەرمانگەکان و بازاڕ و کۆڵان هەمووی بەیەکەوە ئامانجیان ئەوە بوو، ترس و تۆقاندن دروستبکەن، بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد ناچاربکەن و لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبیدا بیتوێننەوە و ڕەوشتی نوێ دروستبکەن، زۆرجار دەگوترا دیوار بە گوێیە؟! بەهۆی ترس و تۆقاندنەکە بارێکی دەروونی ترسناک دروستبکەن، بۆ ئەوەی تاکی کورد ئامادەبێت بۆ هاوکاریکردن، کوردستان و عێراق، وەکو بەندیخانەیەکی گەورەی لێهاتبوو، ئەمە جگە لە شەرە یەک لە دوای یەکەکانی، دیوەزمەییێکی دروستکردبوو، هیچ ئومێدێک و تروسکەی هیوایەک بەدینەدەکرا، بارێکی دەروونی سەخت دروستکردبوو، مرۆڤی عێراقی بەتایبەتی مرۆڤی کورد، لە هەموو لایەکەوە هەژموونی ئازاری دەروونی لەسەر بوو، لە ڕووی نەتەوایەتییەوە و لە ڕووی کەسایەتییەوە، لە چەوسانەوەی بەردەوامدابوو. (خەو یا برسیکردن ... تا بەتەواوی هەموو بیروباوەڕێکی تێکدەدات و دەڕوخێ، ئەو کات دەکەوێتە ژێر فەرمانی ئەوان ... دروستکردنی دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی خاڵی سەرەکی بزوێنەری تەوەری پاڤلۆڤە، چونکە هەرچەند چاوەڕوانی زیادبێت، دڵەڕاوکێ زیاددەبێت ... دەبێتە هۆي تێکچوونی فرمانی یەکەی ناوەندی مێشک... لەبیرچوونەوە و ترسێکی نائاگایي زۆر)، بەکارهێنانی ڕەنگ و ڕووناکی و زرانـدنی خەو و برسیکردن و درێژکردنەوەی ئازاردان و چاوەڕوانی دڵەڕاوکە زیاددەکات، هەڵسوکەوت نائاسایی و ترسناک دەبێت، لێرەدا فرمانی یەکەی ناوەندی مێشک ( Central nervous

system) کە بە (CNS) ناسراوە، کە هۆش و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤ کۆنترۆڵدەکات لە بارە ئاساییەکەیدا، بەڵام لەکاتی گەمارۆدان و خستنە ژێر کاریگەریی شێوازەکانی ئازاردانی دەروونی و جەستەیی لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکاندا، بەدەستی مەبەست و بۆ ئامانجێکی گڵاو، لەم کات و دۆخە هەستیارانەدا زۆر جار مرۆڤ لە ژێر گوشاردا، وورە بەردەدات و ناچاردەبێت، لەتاو ئازار و گوشارە یەک لە دوای یەکەکان و درێژەپێدان بە بارو دۆخە هەستەورەکان، ئەم کۆئەندامە گرنگە کە فرمانی یەکەی ناوەندی مێشکە، یان بەتەواوی لەدەستبدات، ئەو کاتە درکاندنی نهێنییەکان و ملشکاندنی کەسانی بێتاوان وگوناح، تەنها بۆ ڕزگاربوون، ئەگەر چی بۆ ماوەییەکی کەمیش بێت لە ئازار و ئەشکەنجە، بۆی هەیە، پیرۆزترین شت یان نزیکترین کەسی ژیانی بخاتە مەترسییەوە، بەشێکی دیکەش لەو قوربانیانە بەشێک لەو هۆشە لەدەستدەدات، بەڵام مرۆڤی خۆڕاگر هەیە، بەرگەی زۆر لەوە زیاتر دەگرێت، زۆر جار گیانیش بەختدەکات لەو پێناوەدا، چونکە بە پاکانەکردن و سەرشۆڕی دەزانێ، لە هەردوو حاڵەتەکەدا لەکاتی خۆڕاگری و لەکاتی خۆ بەدەستەوەدان بەناچاری ویستی جەلادەکانە، کە یەکەی ناوەندی مێشک تووشی دڵەڕاوکەی بکەن و ناچاری بکەن، دڵەڕاوکە ئامانجی لەم جۆرە ئازاردانەیە بۆ گۆڕینی ڕەوشت لە دژ و بەرەنگاربوونەوە بۆ چۆک دادان.

**بەشی دووەم:**

**تەوەری یەکەم: لایەنی دەروونی لە هەرسێ کورتە چیرۆکی (خەونێکی ناو دۆزەخەکە، شەو، ئاڵ و شەوە)**

**١ ـ خەونێکی ناو دۆزەخەکە:**

چیرۆکنووس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل هەر دوو ڕزگاربووی پاشماوەی ئەنفال "فەرەج و ڕەحیم" دەکاتە ئامانجی چیرۆکەکەی، هەموو ئەو ناخۆشی و نەهامەتیانە و

ئازارانەیان بینیوە لە بیابانی پایەتەختی لم بارینیدا، ئەم دوو قوربانییە گشت شێوازەکانی شەڕی دەروونی و برسیکردن و خەوزڕاندن وکوشتنی بەکۆمەڵی کەسوکاریان و ئابلۆقەی لایەنی کۆمەلایەتی و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و لە ڕووی سێکسەوە بێوەمێرد بوون و کاری شەڕانگێزی و ترساندنیان بەرامبەر کراوە بە مەبەستی دروستکردنی دڵەڕاوکە، کە ئامانجی سەرەکی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانە، "دۆزەخ" ئەو شوێنە خەیاڵییەیە، بۆ ئەو مرۆڤانە دانراوە، کە ئاگر و گەرمایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، بۆ ئازاردانی گوناحباران لەسەر ئەنجامدانی گوناحی گەورە، بەرامبەر بە خودای گەورە و پێغەمبەر و کتێبی پیرۆز دەکرێت، قوربانییەکان خۆشیان جۆرێک لە ماسۆشیزمیان لێ بەدیدەکرێت لە ئازاردانی جەستەی خۆیان، هەموو ڕۆژێک چەندین جار بە دەستی مەبەست برینەکانیان دەکوڵێنەوە بە گێڕانەوەی کارەساتەکە. خۆزگە نووسەر لە کارەکتەرەکانیدا ئاماژەی بە مەینەتییەکانی ڕەگەزی بەرامبەریش دەدا، ئەگەر باری دەروونی "فەرەج ورەحیم" بەم شێوەیە بووبێت! ئاخۆ حاڵی پورە "مریەم و ئایشە و حەبێ" چۆن بووبێت؟ لەکاتی جیاکردنەوەی جگەر گۆشەکانیان و دووگیانی و منداڵبووندا ! بەڵام چاوەڕوانی و گریانی بەردەوام و بێوەژن کەوتن و هەتیوکەوتنی منداڵەکانیان و بێناز کەوتنیان دوور لە کەسی سەرەکی ماڵ، کە دەکاتە باوک یان مێرد، ئەمەش ئازار و ئەشکەنجەییکی لە سەرخۆیە، هەموو ڕۆژێک دووبارەدەبنەوە بەشێک لە جەستەیان دەتاوێننەوە، لێرەدا ئەگەر ئازارو ئەشکەنجەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە بەراوردبکەین، دەبینین ئازاری ڕەگەزی مێ زۆر زیاترە لە ڕەگەزەکەی بەرامبەری (ڕۆژێ پێی ئێژم، ئا بێ پێچ و پەنا لە مشتی دەنێم... بەڵام ئەو کاتەی کە دێ، پاشگەزدەبمەوە... دیارە نهێنییەک وام لێدەکات، گوێی بۆ شل

بکەم ... وەک کەوتبێتمە ژێر جادووییەوە وایە ... دێت پەنجە باریک و ڕەق هەڵاتووەکانی ... لەوەی بەردەستی بکەوێت، گیردەکات، تادێ پەنجەکانی گرژتر دەبنەوە، کە دەگاتە کۆتایي، پەنجەکانیشی هێدی هێدی خاودەبنەوە... بەڵام هەست بە جۆرە ئارامی و خاوبوونەوەیەک دەکات)، کاریگەریی گرتن و برسیکردن و گەرمای بیابان و لم باران و ئازاردانی فەرەج و ڕەحیم لەکاتی ئەنفالکردنیاندا، ئەم ڕووداوانە لە نەستیاندا بە شێوەیەکی لەخۆوە فەرەج ڕۆژانە چەندین جار ئەم کارەساتەی دووبارەی دەکردەوە، بەردەوام دەیگێڕایەوە، هەندێک جار تەنها بۆ کەسێکی دیاریکراو چەندین جار ئەم کارەساتەی ئەنفالکردنی بۆ دەگێڕایەوە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، وای لێهاتبوو، خەڵکەکە لێی وەڕسبووبوون، زۆرجاریش باوەڕیان پێ نەدەکرد، بەڵام وەیسە هەر خۆی دەڵێ: وەک کەوتبێتمە ژێر جادوویەوە، لێرەدا کەسایەتی

تاک بەپێی هەرەمی زانستی دەروونی فرۆیدەوە دەچێتە بەشی "ئەو" Id ی، فەرەج نهێنییەکان و خاڵە لاوازەکانی خۆی دەخاتەڕوو، لە کاتێکدا نەوەی نوێ ئامادە نییە، گوێ بۆ ئەم بابەتانە شلبکات، ئەمان ئازار و ئەشکەنجەییکی زۆریان بینیوە، کە لە توانای نەوەی نوێدا نییە، وەیسەش خوازیار نییە، کە نەوەی نوێ جارێکی دیکە تووشی هەمان ئازار و کارەسات ببنەوە، بەڵام خوازیارە تەنها گوێی لێرابگرن، بزانن کە باوک و باپیرانیان چ جۆرە ئازارێکیان بینیوە لەو کارەساتە بەدناوەدا، بۆ ئەوەی دووبارەنەبێتەوە، بەڵای کەمی وڵاتەکەی خۆیان خۆشبووێت و لە دوژمنەکان خافڵ نەبن، بەڵام نەوەی نوێ ئامادەنین، تەنها گوێیان بۆ شلبکەن، زۆرجاریش بە درۆ و خەیاڵی دەزانن، بەڵام وەیسە لە خەمی ئەواندایە نەک خەمی خۆی، ڕووداوەکەی ئەوەندە کاریگەرە، پەلکێشی دەکات، ئەگەر چی چەندجارە دووبارەکراوەتەوە،

هەوڵنامەی کیژ

هەروەهــا لە کــاتــی گـێـڕانەوەی ڕووداوەکەی نـــاو دۆزەخەکە لە وردەوە بۆ درشـــت دێتەوە بیری و ئـاوێتەی دەبێـت، بەڵام لە دوای گێڕانەوەی ڕووداوەکە، قوربانییەکان لە ڕووی دەروونییەوە ئارامدەبنەوە و خــاودەبـنەوە، خـۆیــان خــاڵـی دەکەنەوە لەو دێوەزمە و مۆتەکەیە، کە بە بەردەوامی هەست ونەستیانی داگیرکردووە، (من لە گێڕانەوەی ئەم حەکایەتانە مەبەســـتم ئەوەیە لەبیرنەچنەوە… هەر بە هیچ نەبن، ببن بە مۆتەکە و خەون و خۆشـــی مێردەزمەکــان بتــارێنن، ئەوانەی چاوی پەپوولەکانیان هەڵدەکۆڵێ، تا بزانن ئەودیوی چــاو چي تێـدایە… حەزم بە ئازاردانی ڕۆحی نەدەکرد، دەمتوانی پێی بڵێم : مــاڵوێران بە هەزار قول وەڵلا ســـــاڵی جارێک هەندێ شـــتی ناو حەکایەتەکانی تۆیــان بیردەکەوێتەوە، تۆ نــازانی هەر ســـەردەم و ڕۆژگارێک شـــتی خۆی هەیە، ســـــەرنجی ئەم خەڵکە ڕادەکێشـــێ)، ئەو هەر لە گێڕانەوە بەردەوامبوو، زیاتر مەبەســـتی بوو، کارەســـــاتەکە بە گەورەیي خۆی و ئازارەکانی هەقی خۆي پێنەدراوە؟!

هەروەهــا هەندێ کەس لەو کــاتەدا هەڵـوێســـــتـیـان نەبـوو، بـگـرە خیانەتیشـیان دەرهەق بە ئەنفالەکان دەکـرد، وەکـو جەلـلادەکـانـیـان لێهاتبوو، توشـی سـادیزم بووبوون، هەر لە خـۆوە دەیــان ویســـــت هەڵوێســت بۆ ڕژێم و ئەنفالچییەکان نیشانبدەن، بۆ ئەمجۆرە کەسە وەکو مۆتەکە و خەون وابوون، حەز بە بیســـــتنی ناکەن، چونکە ویژدانیان ئــازاریــان دەدات، وەکو ئــارەقەی شـەرمەزاری بە نێو چەوانیاندا دێتە خوارەوە، (بەڵام ئەم جارەیان هەموو شـتێکی بۆ ئاشـکرادەکەم . ئەو هەر نەیـدەبڕییەوە… کــاتێ بــانـگ لە بناگوێی منداڵانی سـاوادەدەن، مەعز بۆ خوا هەندێ لەو حەکایەتە لەبن نەهـاتووانەی منیشـــیـان بە گوێدا بـچـرپـێـنـن، بــا مـنـداڵانـیـش بەو حیکایەتانە گۆشبکرێن …دەبا شوانە وێڵەکان چیتر شـــمشـــاڵ بۆ خەزێم ورەعـنــا و ئــایـش نەژەنـن، ئەم حەکایەتانەم بکەن بە نۆتە و هەرچی

ئامێری دنیا هەیە، بەکاربهێنن بۆ خوێندنەوەیان... بیکەن بە خەیاڵ، بیکەن بە شیعر، بیکەن... بیکە... دەتۆ هەر نەبێ، ئا بەم دەمودەستەش دەبێ قەڵەم و کاغەزێ بێنە و بینووسەوە... شەرمە تا ئێستا نەنووسراوەتەوە! وەیلێ وەیلێ لێ وەیلێ...)(٢٣)، پێی وابوو، ئەگەر ئەو ڕووداوەکان نەگێڕێتەوە، لەبیردەکرێن، ئەگەر سەرنج لە هەڵسوکەوتی فەرەج بدەین، کە دەستی بە گێڕانەوە دەکرد، یەکسەر لە ڕۆحەوە دەگەڕایەوە ناو جەرگەی ڕووداوەکە و ئازارەکە پەنجەکانی گرژدەبوونەوە، لە هەرشتێک گیری دەکرد و دەستی دەلەرزی، لێوی تەتەڵەی دەکرد، ئارەقەی دەکرد، چاوەکانی وەکو شێت ئەبڵەق دەبوو، ئەمانە نیشانەی کەسێکە شەڕی دەروونی لەگەڵدا کرابێت، ئەو کارەساتەی ئەوەندەی لا پیرۆزبوو، پێی ڕەوا بوو لە بری بانگدان، پێویستە لە بن گوێی منداڵی تازە لەدایکبوو بخوێندرێ، وەکو بیر و باوەڕێک لە مێشکی نەوەی نوێ جێگیربکرێت، بۆ ئەوەی هەتا دونیا دونیایە نەوە لە دوای نەوە بۆ یەکتر بگێڕنەوە، هەروەها بکرێتە نۆتەو مارش، بکرێت بە شیعر، ئەم کارەساتە چەندە بە گەورەیی دەربخرێت، هەقی خۆی هێشتا وەرنەگرتووە، ڕەحیم زۆر حەزی بە گێڕانەوە نەدەکرد، وەکو کەسێکی ماسۆشیزم، بێهودەیی و کزی و ئازارەکانی کپ دەکرد و دەری نەدەبڕی، ئازاری خۆی دەدا لە ناخەوە، ئازاری ڕەحیم زۆر لە ئازاری فەرەج ناخۆشتر و گەورەتر بووە، بەڵام ڕەحیم بە جۆرێکی دیکە کپی دەکرد و دەری نەدەبڕی، یان ئەگەر دەریبڕیت، لە کوێوە دەستپێبکات، لە کامەیانەوە دەستپێبکات، باشتروایە وەکو کەسێکی ماسۆشیزم ناخۆشییەکان و ئازار و ئەشکەنجەکان کپبکاتەوە، هەر تەنها ئازاری خۆی بدەن، ئەگەر کەسێک نەبێ، ئەو دۆخەی کە خۆی تیادا ژیاوە، بەگەورەیی کارەساتەکە ئامادە نەبێت، گوێی بۆ شلبکات، یان باوەڕی پێبکات، لە هەمووی باشترە،

بێ دەنگ بێت وەکو کەسێکی ماسۆشیزم، تەنها ئازاری خۆی بدات باشترە، خۆی لە ناخەوە خۆی بخواتەوە و وەیلی وەلێ وەیلی بڵێ تەنها ئازارەکانی بە حەسرەت و ئاخ هەڵکێشان ناخی خۆی گڕبدات و بە وەیلێ وەلێ ناخی خۆی خاڵیبکاتەوە، لە ئێوارەیەکی مسینی پایزی گەرمیاندا، سێزدە پایز لە دوای ئەنفال، کە دەکاتە ساڵی ۲۰۰۱ دەساڵ لە دوای ڕاپەڕینی کوردستانی باشوور، خۆڵبارانێک باڵی کێشابوو، فەرەج دەڵێ: (لە بیرتە ئەو ڕۆژەش وەکو ئەم ئێوارە پایزە خۆڵ دەباری...کات بەهار بوو،بەڵام دەتوت هاوینە... خۆت دەزانی ئەو گەرمیانە بەهار بە خۆیەوە نابینێ... ئاسمانیش وەک جامێ خوێنت، پیا پرژاندبێ، سوور دەیڕوانی... "لە نێوان ئەو خۆڵ بارینەکەی ئەم ئێوارەیە، هەر شەش مانگێکیان بەینیان بوو، کەچی واتدەزانی بیست ساڵ تەمەنی بەو شەش مانگە تێپەڕاندووە!)(٢٤)، لە هەموو گفتوگۆیەکانیاندا، یەکسەر بە کارەساتەکەی گرێدەدەنەوە وەکو حاڵەتێکی دەروونی بەردەوام، لە یادیانە بۆ چرکەیەکیش لێیان جیانابێتەوە، مەگەر لە دوای مردن بۆ یەکجاری لەیادیبکەن، بەڵام لە زیندووبوونەوەشدا لە دوارۆژدا جارێکی دیکە کارەساتەکە ئاوێتەیان دەبێتەوە، چونکە لەکاتی زیندووبوونەوەدا هەزاران وەیسە و ڕەحیم کە لەکاتی زیندەبەچاڵەکەدا ڕزگاریان نەبووە، ئەوان شتی سەیرو سەمەرەیان پێیە. لەوانەیە وەیسەو ڕەحیم بە چارێگی ئەمان ئازار و ئەشکەنجەیان نەبینی بێت، ئەگەر لەدوای زیندووبوونەدا قوربانییەکان و جەلادەکان ڕووبەڕووی یەکببنەوە و دادگایەک و دەسەڵاتی خودای گەورە ئامادەبێت، هەق بە خاوەنەکەی بداتەوە و سزای تاوانباربدات، ئەو کاتە وەیسە و ڕەحیم گیانی پاکیان ئاسوودە دەبێت. مرۆڤ ئەگەر لە شوێنێکدا بەهۆی ژانی نەخۆشییەکەوە خەو لە چاوانی زڕابێت، ئەو شەوە لای تەواونابێت،

چ جای ئەوەی ئازاری دوورخستنەوە و جیاکردنەوە و برسیکردن و تێنووکردن و خەوزڕاندن و لم بارین و گەرمای بیابان، شەش مانگ بە بیست ساڵ زیاتر بەراوردەکرێت! لێرەدا جەللادەکان وەکو کەسایەتییەکی سادیزمی بەهێز بەرامبەر قوربانییەکان ڕەفتاریان دەکرد، چێژیان لە ئازاردانی قوربانییەکان دەبینی، ئازارەکان ئەوەندە زۆر و هەمەلایەنە بوون، هەر شەوێک بە مانگێک زیاتر لەقەڵەم دەدرێت (کە دەستی بە گێرانەوە دەکرد، دەچووە بارێکی دیکەوە، پەنجەکانی گرژدەبوونەوە، لێوی تەتەڵەی دەکرد، ئارەقەی دەکرد... ئیتر نازانم لە بیری نەبوو، پێشتر وتوونی، یان بەئەنقەستی بوو دەهات لە نووکەوە تێهەڵدەچووەوە، لەگەڵیدا زامی منیشی دەکولاندەوە...ئەو ڕۆژانە، ئای لەو ڕۆژانە...قەت ئەو گازندە و گلەیی و پرسیارە گەورەکانی باوکتم بیرناچنەوە...لەوێ وەیسە گیان هەموو ڕۆژ لم دەباری... کە لم دەباری، باوکت تەنگەنەفەس دەبوو...بەزۆری لەم کاتانەدا ئەو پرسیارە قورسەی دووبارەدەکردەوە...بۆ وامان لێدەکەن)، ئەو ڕۆژانە و جەختکردنەوەی ئەو ڕۆژانە زۆر سەخت بوون و باری دەروونی هەریەکەیان لەو پەڕی گۆشەگیری دابوو بەهۆی لم بارین لە بیاباندا، هیچ تاوانێکی وا گەورەیان ئەنجامنەدابوو، تا بەم شێوەیە ئەشکەنجەبدرێن "بۆ وامان لێدەکەن " ئەو پرسیارە بوو، قوربانییەکان لە خۆیان کەوتبوونە گومانەوە، ئایا بە کوردبوون، تاوانێکی ئەوەندە گەورەیە، کە بەم جۆرە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت! (لەوێ "وەیسە" گیان هەموو ڕۆژێ لم دەباری ...لم نەبوو نووکە دەرزی دەباری ...دەست و پل و ڕومەتمان دەرزی ئاژەن دەکران!)، هەموو ئازارەکان بەلایەک لم بارینەکە بەلایەک، مرۆڤێک لە کەشوهەوایەکی پاک و بێگەرد، یەکسەر بۆ کەشوهەوای بیابان ببرێت، هەموو ڕۆژێکیش لم بارین

بێت، دەبێ ئەو کاتانە چۆن بەسەرچووبن، ئەگەر بۆ کەسێکی تەندروست و ئازاد زۆر ناخۆش بێت، بۆ کەسێک ئازادی لێ زەوتکرابێت و بەردەوام شەڕی دەروونی لە بەرامبەردا بەکارهاتبێت! سەرباری ئەوەش نەخۆشی تەنگەنەفەسی هەبووبێت، دەبێ حاڵی چۆن بووبێت؟!، پرسیارە قورسەکە ئەوە بوو" بۆ وامان لێدەکەن" تەنها لەبەرئەوەی کوردین، بۆیە وامان لێدەکەن؟!، (من دەمەوێ ئەم حەکایەتانە لەبیرنەچنەوە... پرسیارێکم لێکرد: "ئەی بۆ چارەیەکی خۆتان نەکرد؟! "تۆ کابرایەکی سەیری ها... من ئەو حەمکە حیکایەتانەم بۆت گێڕایەوە، خەمی ڕووداناکەیم نەبوو، من خەمی ئەوەمە دۆزەخێکی ترمان بۆ پەیدانەبێت... چەند پەپوولە لەم گەرمیانەدا هەیە، دوو ئەوەندە زیاتریش داڵەکەرخۆر دێنە ئەم ناوە...)، لێرەدا فەرەج پێشبینی دەکات، جارێکی دیکە ئەنفال بە جۆرێکی دیکە دەرهەق بەم میللەتە دووبارەببێتەوە، بۆیە جەخت لەوە دەکاتەوە، پێشی لێدەگیرێت، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دووبارەنەبێتەوە، فەرەج قسەیەکی باوکی وەیسە و دواخەونیشی بۆ دەگێڕێتەوە، (شەوێکی درەنگی یەکێ لەو شەوە درێژانەی دۆزەخەکە هەردووک، تەنها هەردووک بەخەوەربووین، لە وڕێنە و پرخە و وەڕینی گەماڵە مەیتخۆرەکانی دەرەوە بەو لاوە، هەموو شتێ کشومات بوو... گۆرانییەک هەر لە هەنسکدان دەچوو، گۆرانییەکی سووتاو بۆ کڕووزی بە ئاگای هێنایەوە... بە درێژی ئەو یەک دوو مانگەی لەگەڵ باوکتدا پێکەوە بووین و قەت وەک ئەو شەوەم نەدیبوو)، کەسێکی تەندروست و دەروونی باش بێت، ئەگەر گوێی لە گۆرانییەکی غەمبار بێت، پێویستە خەفەت بخوات، کەچی! ئەمانە ئەوەندە لەژێر بارێکی دەروونی سەختدا بوون، لەگەڵ هەنسکی گۆرانییەکەدا دەست لەملانێ بوون، خۆیان لەناو گۆرانییەکەدا دۆزییەوە،

شـــاگەشـــکە بوون، بە درێژایی گۆرانییەکە خەیاڵیان بۆ کەسوکار و کۆڵانەکەیان فڕی، لێرەدا نیوەشـەو کـاتی خەوتنە، بەڵام ئەمـانە وەکو کەســێکی ماســۆشــیزم بەهۆی گـۆرانـییەکەوە، زیـاتـر بـریـنـیـان کولایەوە، فەرەج بە وەیســـە دەڵێ: بـاوکـت وتی (ئەزانی فەرەج ئەم چەند ســـاتەی پێشـــوو، من هەر بە جەســـتە لێرە بووم... هەر لە یەکەم "ئازیزەوە" من دەستم لە پشت نا و یاپشـە یاپشـە بە کۆلانەکەی ئێوەدا دەگەڕامەوە لای حەبێ...". پێم گوت: "خـۆزگەم بە خـۆت... بـۆ هەمـوو جارێ جووتێ باڵ لە ڕۆحی خۆت نـاڕوێنی و ســـەردانییەکی ئەو بەهەشـــتە بـۆ خـۆت بـکەی !")، خۆشـــییەکـانی قوربـانی تەنهـا بە خەیـاڵ و خەون، دەتـــوانـــن ئـازیزەکـانیـان ببینن، لێرەدا تەنهـا خەون فریادڕەســـی قوربانییەکان بــوو، لە خەون بەو لاوە هـــیـــچ ترســـکـاییەک لە خۆشـــی بەدی نەدەکـــرا، لـــێـــرەدا دۆزەخەکەی چـــیـــرۆکـــنـــووس دەردەکەوێـــت، دەرەوەی زیندانەکە بە بەهەشـــت لەقەڵەمـدەدەن و پێیـان وایە خۆیـان لە نـاو دۆزەخن، کـاتێـک کە ڕەحیم خەیاڵەکە بۆ وەیسـە دەگێڕێتەوە، کە بە کۆڵانەکەوە چووەتە مـاڵەوە بۆ لای حەبێ، لێرەدا وەیســـە ئیرەیی بە ڕەحیم دەبـات، لەم کـاتەدا چۆن خەیاڵی بەم شێوە ئەفسوناویە فڕی بۆ لای حەبێ و دراوســـێـکـان خۆزگەی بۆ دەخوازێ! (ئەم ئەڵڵا وەیســـییە فەرەج گیان ئاوای گوت:" شـــابالی بۆ ڕۆحم ڕواند ... دواجار ئەم بێ ئومێـدییەی ئێمەی تێـداین، بـاڵی خەیـاڵ دەقرتێنێ، گوایە دەڵێن خەیـاڵ پێوەنـدنـاکرێ، ئێمەیـان خســـتۆتە بـارێکەوە ...بـاڵ و پێی خەیـاڵیشـــیـان شـــکـانـدووین.")، سادیزمەکانی دەرەوەی زیندان، چێژ لە ئـازاردانی قوربـانییەکـان دەبینن، تەنـانەت بواری خەیـال و خەون بە قوربـانییەکـان ڕەوانـابینن، هەروەک خەونەکەی ئەنفالکراوی "تۆپزاوە و نوگرەســەلمانی" شـیعری گۆڕسـتانی چراکانی شـێرکۆ بێکەس، کە یەکێک لە قوربـانییەکـان خەون لە زینـدانـدا

هەولێرنامەی کتێب

دەبینی، (هەر لە بیرمە من جاریکیان خەونم بینی، خەونیکی سەیرا! ڕائید "حەمدان" بووبوو بە بەرازیک ڕەش و لە ساحەکەی موعەسکەردا... بە پاشەڵی لە فوتبۆڵەکەی هەڵئەدا تا ئەکەوتە سەر لمۆزی! وەختێ کە خەبەرم بۆوە... بینەقاقای خەوم گرت و هەر لەجێدا خەوم کوشت... لاشەکەیم فڕێدا! وتم نەبادا ئەم خەوە بۆ شەوێ فریابکەوێ و بڕوا و بچێتە ناو خەوی حەمدانەوە)، قوربانییەکان لەکاتی خەون بینیندا ئازادنیین، ترسی لە جەللادەکان نەوەک بینینی، خەون سوکایەتی بێت بۆ حەمدان، کەوا تۆپانێ بە پاشەڵی دەکات، یەکسەر خەونەکە دەحنکێنی ولەژێر زەوی دەیشارێتەوە، نەوەک ڕائید حەمدان پێی بزانێت، دواتر ئازار و ئەشکەنجەی زیادبکات، جەللادەکان بەرامبەر قوربانییەکان زۆر توند بوون، هەروەها قوربانییەکە پێی وابوو، ڕائید حەمدان بەم خەونە بزانێ قوربانیەکە سزادەدات لەسەر بینینی خەونی لەم جۆرەدا، (دەمێک بوو بزەمان لێ تۆرا بوو...ڕاستتر لە بیرمان چووبووەوە، ئەو شەوە وەک دوو منداڵي لاسار، دەستی یەکترمان دەگوشی و بزەمان دەهاتێ... بێ ئەوەی خەونەکانمان بۆ یەکتر بگێڕینەوە، دەمانزانی ئەوی تر چی خەونێکی بینیوە)، هەموو شەرە دەروونییەکان بەیەک شێوە بەرامبەریان دەکرا، ئازارو ئەشکەنجەیان وەکویەک بوو، ئەوەندە تێکەڵی ئازارو ناخۆشییەکانی یەکتربوون، بۆیە خەونەکانیان کتومت لە یەک دەچوو (بەڵام لم بارینەکەی ئەو بەیانییە لەوەدا نەبوو. نەیهێشت باوکت فریای خەونێکی دیکە بکەوێت)، هەموویان لەبەر چاوی یەکتری یەک لە دوای یەک دەمردن، بێ ئەوەی کەس بە ئازار و حاڵیان بزانێت، خەون یەکێک بوو لەو خۆشییانەی، تەنها بەهۆی خەون بینینەوە جیهانی دەرەوەیان دەبینی، زۆر جار ئەم هەقەیان بە قوربانییەکان بە ڕەوا نەدەبینی بەهۆی خەوزڕاندنیانەوە ! یان ئەگەر خەونێک بە ئارەزوو

ڕەزامەندی جەڵلادەکان نەبووایە، قوربانییەکان توانای ئەوەیان نەدەبوو، بیگیرنەوە بە ئازادی، خۆشییەکان ئەگەر بە خەونیش بووایە، دەبووایە کپی بکەن، نەوەک جەڵلادەکان پێی بزانن و دواتر ئازاریان بۆ زیاتر بکەن و لەسەر بینینی خەوندا سزایان بدەن.

**٢ ـ شەو:**

شەو کاتێکی گونجاو بوو بۆ شەڕانگێزەکان، بۆ هەڵکوتانە سەر ماڵی قوربانییەکان، بەڵام ئەو شەوانە بۆ قوربانییەکان کاتێکە تا دونیا دونیایە لەبیرناکرێت، شەو کاتی پشوودان و ئارامی و خەوتنە، نەک بۆ گرتن و ڕاپێچکردن، زۆربەی ئەوانەی شەو لە ماڵەکانی خۆیاندا بوون، بیریان لەوە نەدەکردەوە، بۆ هەتا هەتایی جارێکی دیکە ئاوەدانی نەبیننەوە، سادیزمەکان کاتی شەو بە کاتێکی گونجاویان دەزانی بۆ نێچیرەکانیان (لەو شەوەوە گوێم لەو زەڵەزەڵ و دەنگەدەنگە نادیارانە بووە خۆم پێ ناگیرێت)، هەموو ئەنفالکراوەکان و کەسوکارەکانیان، ئەو چرکە ساتەیان لەبیرناچێتەوە! نەک لەبیرناچێتەوە، بەڵکو ئەو چرکە ساتە هەموو ڕۆژێ لە کاتی خۆیدا وەکو فیلمێکی زیندە خەون دێتەوە بەرچاویان، تراجیدیایەکە دووبارەدەبێتەوە و ماسۆشیزم دەستپێدەکاتەوە، بێهوودەیی و کزی و لاوازی و گۆشەگیری دەروونیان داگیردەکات، تا بەتەواوی گشت وردەکارییەکانی بیرەوەرییە مێردەزمە وەیشوومە! ڕۆژانەکە ئازاریان دەدات، (هەر ئێوارە دادێت، بەر پەنجەرەکە دەگرم، تۆ بڵێی هەر من گوێم لەم ژاوەژاوانە دەبێ؟!)، منی باڵای Super Ego بەمانا ویژدانییەکەی نەک بەمانا ئایدیایەکەی یان نموونەییەکەی، بە ئەرکی خۆی دەزانی هەموو ڕۆژێ وەیشوومەکە وەبیر خۆی بهێنێتەوە، ویژدانی خۆی بکاتە سەنگی مەحەک، بۆ ئەوەی خۆی جەستەی خۆی سزابدات، ویژدانی هەموو ڕۆژێ پەلکێشی بەر پەنجەرەی دەکات ؟! (کام شەو لێرە وەستا

بێتم گوێم ڕادابێت، هەنسک و قوڵپی گریانم ژنەوتووە، قاقا و نکەنک، کڕووزانەوە و پاڕانەوەیەکی وا بەرد دەتوێنێتەوە، هەناسە هەڵکێشانی سارد و قووڵ، هەناسەبڕکێی ترس و ماندوو بوون... ئەمانە گشت تێکەڵ و پێکەڵ بەرگوێم دەکەون، هەندێ جار وادەزانم بەتەنیشتمەوەن ... نایشارمەوە سامێکی گران و ترسێکی نادیار دەخەنە دڵمەوە، جاری واش هەیە، گومان لە فام و هزری خۆم دەکەم)، هەر کڕووزانەوەیەک برینێک و ئازارێکە، هەر نکەنکێک کە لە قوڵایی ناخی ئەنفالکراوەکانەوە هەڵدەقوڵێت، لە ئەنجامی شەڕێکی دەروونییەوە سەرچاوەدەگرێت، هەروەها "قوڵپی گریان و قاقا"، بەرزترین پلەی گۆشەگیری و تێکشکانی کەسایەتی مرۆڤە، قوربانییەکان ئەوەندە لە هزر و خەیاڵ و خەونی کەسە نزیکەکانیانن، ڕۆژانە بوون بە بەشێک لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و خۆشی و ناخۆشییەکانیان، هەستیان پێدەکەن، جاری واهەیە بە تەنیشتانەوەن، دەکەونە گفتوگۆ لە گەڵیاندا هەنسک و قوڵپی گریان و ترس و.. هتد، ئەو زاراوانە ئاماژەن بۆ باری دەروونیی قوربانییەکان، ئەوان لەناوچوون، بەڵام کەسوکارەکانیان و مرۆڤی بەویژدان بەدەستی مەبەست ئازاری ئەوان بە خەیاڵ دەچێژن، (لە گوێ فامی خۆشم دڵنیام، چۆن دەزانم من وەیسەم ئاواش دڵنیام گوێم لە دەنگە دەنگ دەبێت...با ئەوەش بڵێم : هەندێ لەو دەنگانەش بەگوێم ئاشنان!...هەر تۆزێک مێشکی خۆم بگوشم خاوەنەکانیانیشم بیردەکەونەوە، بشێ هەرمن گوێم لەم دەنگانە بێ؟!)، ئەنفالکراوەکان لەبارێکی دەروونی سەختدا گیانیان بەختکرد، لە دوای خۆیاندا بارێکی دەروونی و نەخۆشییەکان و گۆشەگیری خۆیان بۆ کەسوکار و مرۆڤی بە ویژدانیان بەجێهێشت، ئەوانەی تائێستا هەر لە چاوەڕوانیدان، قوربانییەکان بەبەردەوامی لەبەرچاویاندان، توشی

بارودۆخی دەروونی سەیربوون، (شەوان دەگرین و دەناڵێنن، لەگەڵ پیاوی خۆیاندا دێنە گفت وەک من و تۆ قسان دەکەن)، لە خەون و خەیاڵیاندا زۆر نزیکن لە قوربانییەکان، جاری واهەیە، دەکەونە گفتوگۆ وەکو کەسێکی زیندوو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، (من چی لە ڕابردوو بکەم؟ کام یادەوەریمان ئازاری ڕۆحمان نادات؟... کام یادەوەریمان بتەوێ کەمێ شانی تێدا بەیتەوە خوێناوی نابێت)، مرۆڤ زۆر جار یادەوەری دەکاتە هۆکارێک بۆ درێژەدان بە ژیان، بەڵام ئەگەر یادەوەرییەکان گشتی ناخۆش بێت، دەروونی مرۆڤ توشی دەیان نەخۆشی دەکەن، یادەوەرییەکان بریتیین لە گیران و ئازاردان و برسیکردن و بەندکردن و لەیەکجیاکردنەوە و پەرتەوازەکردنی خێزان و کوشتن و کوشتنی بەکۆمەڵ، لەبەرچاوی ئەنفالکراوەکانەوە. پێکەنین و بزە زۆر دەمێکە تۆراوە، ئەگەر پێکەنین لە ڕووکەشەوە بێت، ئەگینا پێکەنین

لە ڕۆح و ناخەوە بوونی نییە (ناهەقیان نییە... ئەمانە ئەو ڕۆحە گوڵئاسا خێر لە خۆ نەدیوانەن، کە لە پێناوی ڕووناکیدا بۆ ئێوە دەستیان لە ژیان بەردا... هەناسەی هەڵکێشان قووڵی ناو تاریکییەکان ـ کە تۆ دەیبیسی ـ هەناسەی ساردی ئەم پەپوولانەن... هەناسەی پەشیمانی نین، هەناسەی قین و تووڕەبوونە لە ئێوەمانان، دەزانن بەری ڕەنجیان هێشتا نادیارە... نابینی تا چاو هەتەر دەکات برپڕ دەست لە ئەژنۆ دانیشتوون و لێوی قین دەکرۆژن)، هەناسەی سارد و پەشیمانی و قین و لێو قرتاندن، نیشانەن بۆ ڕازینەبوونی قوربانییەکانە لە نەوەی دوای خۆیان، ئەنفالکراوەکان ئەگەر لە دوای زیندووبوونەوە، هەریەک بەجیا داستان و بەسەرهات و ئازار و ناخۆشییەکان و شەڕە دەروونییەکان بگێڕنەوە، هەریەکە بۆ خۆی کارەساتێکە، ئێمە تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم بەر گوێمان کەوتووە بەشە هەرە زۆرەکەی،

هەموو مەینەتییەکانیان بردە ژێر گڵ کەسی گومناون (ئێستا شتێکی سەیرت پیشاندەدەم... ئەم تاخمە نابینرێن، تەنیا کرووزانەوەیان دەبیستی... رۆحیانییەتی ئەو کەسانەن کە بە زیندوویی نێژران، لەو رۆژەوە ئەم کرووزانەوەیە دەنگدەداتەوە، دەڵێن تا دونیا دونیا بێ، ئەم کرووزانەوەیە نابڕێتەوە... دە ئەو کرووزانەوەیە ئەمانەن)، گەورەترین تاوان بەرامبەر بە مرۆڤایەتی کرابێت، زیندەبەچاڵکردنی ئەنفالکراوەکانە، دەبێ کرووزانەوەو باري دەروونیان چۆن بووبێت، دەبێ لە چ دۆخێکی دڵەڕاوکە بووبن، هەروەها باری دەروونی و شەڕانگێزی جەلادەکان چۆن بووبێت، زیندەبەچاڵبووەکان بە درندەترین شێواز ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە، بۆچی مرۆڤی کورد بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت؟! دەبێ تاوانی چی بێت؟!، تەنها تاوانی ئەوەیە کە کوردە، ئەگینا لە ڕووی مرۆڤایەتی و موسڵمانییتی و ڕەوشت و خانەدانی ڕێز لە میوان و خزمەتکردنی غەریب هیچ نەتەوەییێک لە پێش خۆیدا نابینێت.

**٣ ـ ئاڵ و شەوە :**

ترس و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی لە کاتی منداڵبووندا بەرۆکی دایک بەتایبەتی و خێزانی بەگشتی دەگرتەوە، لە کورتەچیرۆکی "ئاڵ و شەوەدا" لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گیانی هاوکاری و لەخۆبووردەیی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ یەکتری لە کاتی تەنگانەدا، هەندێ دابونەریتی کۆمەڵایەتی کوردەواری لە کۆندا باویان هەبوو، تا ئێستا بەشێک لە گوندنشینان بگرە لە شارستانەکانیش باوەڕیان بەم جۆرە بیروباوەڕانە هەیە، نەبوونی و نەخوێندەواری و ژێردەستی بووەهۆی دواکەوتن و سەرهەڵدانی ئەم جۆرە بیروباوەڕانە، ئەم بیروباوەڕانە دەبوون بە پاڵنەرێک بۆ دروستبوونی کەسایەتی ترسنۆک و ڕاڕا دروستکردنی کەسایەتی ماسۆشیزم و سادیزم، لەدایکبوونی کچ لە کۆمەڵی

کوردەواریدا زۆرجار دەبێتە مایەی دروستبوونی سەرئێشە، بەتایبەتی ئەگەر چەند کچێک بە دوای یەکەوە بێن لە خێزانێکدا، یان نەبوونی منداڵ کارەساتێکی گەورە دروستدەکات لە نێوان ژن و مێرد و کەسوکارەکانیان تارادەی جیابوونەوە لە یەکتر، زۆرجار ئەگەر ژن و مێرد تەنها کچیان ببێت، یان هەر منداڵیان نەبێت پێیان دەڵێن ئۆجاغ کوێر، ئەم زاراوانە زۆر کاریگەریان لەسەر دەروونی مرۆڤدا هەیە، توشی داڕوخان و بێئومێدی و خەمۆکی دەکەن. نەبوونی نەخۆشخانە بەتایبەتی نەبوونی ڕۆشنبیری گشتی لەسەر منداڵ و دایک یان ژنی دووگیان بەر لەدایکبوون و لە دوای لەدایکبوونی منداڵ، گرنگیدان بە کۆرپەڵە، ئەمانە لە کۆندا پرو پیرەژن، بەهۆی خوێندنی دوعاو سوژن و دیلوانە بەم کارە هەستدارە هەڵدەستان، ناتوانرێت نکۆڵی لە کارەکانیان بکرێت بەگشتی، چونکە ئەم کارەی ئەوان نەبووایە، کارەساتی ترسناکتر ڕوویان دەدا،

چونکە ئەوەی بەتەمەنەکان لە پیاو و لە ژن ئەنجامیاندەدا بۆ هێورکردنەوەی باری دەروونی ژنی دووگیان و کەسوکارەکەی بۆ ئەو کاتە و سەردەمە شتێکی باش بوو، ئەگەر چی هەندێک جار کارەکانیان کارەساتبار دەبوو، ئێوارە لە نێوان زەردەپەڕ و تاریکی دا، بەتایبەتی لە گوندەکانی کوردستان، کە ڕۆژئاوا دەبوو ماڵئاوایی دەکرد، تاریکی باڵی دەکێشا، لە کونی ژووری خانووە قوڕەکان لالە و قوتیلکە ڕەشە، دەبوونە گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ لە دەرەوەی ژوورەکان ئەگەر مانگەشەو نەبووایە دەبوو بە تاریکستانێک، چیرۆکنووس بەمەبەست ئەو کاتەی هەڵبژاردووە و کاتی پشوودانی مرۆڤە، بە پێچەوانەوە کاتی دەرکەوتنی بەشێک لە گیانەوەر و زیندەوەرەکانە، ئاڵ و شەوە ئەگەر بەواتا ڕاستەقینەکەی بێت، ئاڵ ڕەنگی ڕۆشن و کراوەیە، شەوە ڕەنگی ڕەش و تاریکە، لە ئەفسانەدا دوو دێوەزمەی کوشندە بوون، بەرۆکی ژنی زەیستان و

هەواڵنامەی کایر

منداڵی تازە لەدایکبوو یان دەگرت، بەڵام لە ڕاستیدا بەهۆی نەزانی و دواکەوتوویی، کاتێک مامان بە چەقۆی پیس و گوێزانی ژەنگاوی ناوکی منداڵیان دەبڕی و توشی نەخۆشی دەردەکۆپانیان دەکرد، گشت ماسولکەکانی گرژدەبوون، زۆرجار دەمردن، هەروەها ئاڵ و شەوە بە واتا ئەفسانەییەکەی شەو تاریک و پڕ نهێنییە، مرۆڤ لەو سەردەمانەدا گشت مردنێک و نەخۆشییەک و کەوتنێکی بۆ ئەفسانەیەکی دەبردەوە، لە ڕاستیدا سەرەتای سەرهەڵدانی بەشێک لە زانستەکان ئەفسانە بووە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد سەرەتایەکی باشبووە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان بەتایبەتی دەروونییەکان، شەوە لە شەودا کاریگەربووە، چاندنی تۆی ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵ و دەروونی منداڵ، کەسێتییەکی ڕاڕا و ترسنۆکی لێدەردەچێت (بیستبومیش کە شەوە دێ بۆ لای ژنێ تازە منداڵی بووبێ، نینۆک توند دەکا لە مل منداڵەکە کەوەی دەکاتەوە، تا دەمرێ).

ئەحمەد ئیسماعیلی چیرۆکنووس لە نێوان هەردوو مانای ڕاستەقینە و خوازەدا "ئاڵ" و "شەوە" دەکاتە ئامانجی نووسینەکەی، کە تاوەکو ئێستا لێرەو لەوێ ئەم کەلتوورە بوونی هەیە، کەسانێک هەن، باوەڕیان پێ هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی کوڕیان دەبێت، هەزارویەک دوعای بۆ دەکەن، شەوە نزیکی نەکەوێ، چیرۆکنووس کاتێکی زۆر هەستیاری لە ڕووی دەروونییەوە کردووەتە ئامانجی چیرۆکەکەی، دیارە مرۆڤ بەتایبەتی لە گوندەکاندا لە دوای زەردەپەڕ یان لە نێوان تاریک و ڕووندا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەی ماڵ و گوند دەپچڕاند، بەهۆی ئەوەی کارەبا و ڕووناکی و ئامێرە کارەباییەکان نەبوون، مرۆڤ بەهۆی ماندووبوون و لە ترسی دەرکەوتنی زیندەوەر و گیانەوەر دەرنەدەکەوت. (پورە ئامین دەڵێ ئایشە کوڕی بووە ـــ بڵێ پێی شیرەکە دەنێمە دار و دیم، هەر لەبەر خۆیشەوە دەیوت:ـــ الحمیلا

کوڕ بوو، بەخوا ئەگەر کەنیشک بووایە دوو پام نەدەڕۆیشت)، لەو کاتەدا پورە ئامین مزگێنی دەدات، کەوا ئایشەی دراوسێیان کوڕی بووە، کۆمەڵی کوردەواری زیاتر حەزیان بەکوڕە تاوەکو کچ، بەپێی ئەو بیرکردنەوەیە کوڕ پشتە، دەبێتە یارمەتیدەری باوک و دایک، زۆرجار تامنداڵەکە دەبوو، هەر بیریان لای مامانەکە بوو، بزانن مزگێنی کوڕیان دەداتێ، ئەو کاتە خەڵاتی وەردەگرت، وەکو ئێستا نەبوو بەهۆی سۆنەرەوە کۆرپەڵە لە چوار مانگییەوە لە سکی دایکیدا دەزانرێ کوڕە یان کەنیشکە (جا دایکم بۆیە گەڕایەوە، کە شەوەکەی دادام بێنێ، تا نەوێرێ توخنی کەوێ، شەوەکەی دادایش تومەز ـ مێروویەکی ڕەش و پانی لووسە ــ کە منداڵ تازەبووبێ لە دایک دەیکەن بە قەدیا تا شەوە نەوێرێ نزیک منداڵەکە بکەوێ. ئەویش دەڵێ کوڕە بۆ وا نووساوی بەمنەوە، نازانی من لە شەوە دەترسم)، بەهۆی دواکەوتوویی و نەزانی بەتایبەتی لە گوندەکاندا هەزار و یەک حیساب بۆ شەوە دەکرا بە تایبەتی، کە منداڵ تازە لەدایکدەبوو، منداڵ هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە ئەو ترس و دڵەڕاوکەیان دەخستە دەروونییەوە، شەوەی پیرەژنان، مێروو بێ و پان و لوس و ڕەش بێت، بۆ ئەوەبێت، شەوە توخنی منداڵ نەکەوێت، هەر خۆی لە خۆیدا ترس و دڵەڕاوکە دروستدەکات (بەخوا باشبوو، کەوتە بیرم بابگەڕێینەوە ئەو شەوەکەی دادات بێرم، هەر کە ناوی شەوەی هێنا خێرا چمکەی کەواکەی دایکم گرد لە ترسا، لە دڵی خۆما دەموت: دەبێ شەوە چی بێ! چی دوڕەندەیەک بێ ! شاخی هەیە؟ نینۆکی درێژە، بیستوبوومیش کە شەوە دێ بۆ لای ژنێ تازە منداڵی بووبێ، نینۆک توند دەکا لە مل منداڵەکە، کەوەی دەکاتەوە تا دەمرێ)، لە بەرامبەردا ئاڵ هەیە بۆ ژنی زەیستان دێت، دیارە نەخۆشییەکان بەو شێوەی ئێستا زانست و ڕۆشنبیری بڵاونەبووبووەوە، ژن لەوانەیە

توشـی گرژی ماسـولکە یان توشـی خـوێـنـبەربـوون دەبـوو، گـیـانـی لەدەستدەدا، دەیانگوت ئاڵ و شـەوە بردییەوە (گوایە دەڵێن "ئاڵیش" هەیە، ئاڵ دێ جەرگ و دڵ دایک منداڵەکە دەردەهێنێ، ئەگەر بێتو ئەو سـوژن و دیلوانە بخرێتە سـەر مناڵەکە ئیتر قەیناکە! چونکی لە بان منداڵەکەوە دەستدرێژدەکا بۆ دایکی ئەو سوژن و دیلوانە دەچەقن بە سـکیا و ئیتر گوایە ناوێرێ توخنی کەوێ!! منیش ئەمەم بیستبوو، بیستبوومیش ئاڵ و شـەوە جارێ، خۆیـان دەکەن بە عـارەبە ژن، جارێ بە پشـیلە! بە هەموو جۆرێ خۆی پیشـاندەدا)، سوژن و دیلوانە ئەو چەکە خورافییە بـوون لە دژی ئـاڵ و شـەوە بەکـاردەهـاتن، گوایە دەبوون بە قەڵغـان بۆ دایـک منـداڵ، لە ڕووی دەروونییەوە لە شـەوی یەکەمدا کە زۆر گـرنـگە بـۆ دایـک لە دوای منداڵبووندا دەروونی ئـارام بێت و توشـی دڵەڕاوکە نەبێت، بەهۆیی سـوژن و دیلوانەوە، دڵنیـا دەبوو لەوەی کە ئاڵ و شـەوە توخنیان ناکەوێت (منیش جارجار سـەیری دەرگـای ژوورەکە ئەکەم دەڵێم، هـا ئێسـتا شـەوە و ئاڵەکە دێن، ها نەختێکی کە، لەپڕ دەرگای ژوورەکە بە ئەسـپاییەکەوە جووڵایەوە! پشیلەیەک سەری کردە ژوورەکەوە، دەرگاکە وەسـتا ئیتر حەپەسـام، خۆیەتی، شـەوەکەیە! نە ، ڕەنگی سـوورە، ڕەنگە ئـاڵ بێ ! هێواش هێواش تەکم داوە لای مـامـانەکەوە، بۆچی پیرەسـوژن نووکی لە ڕان پوورە خەجێ توندنەبێ، پشـیلەکە یەکەم هەنگـاوی نـا، بەرەو مـاڵەوە قیژانم و خۆم کوتـاوە بـاوەشـی پوورە خەجێ و من لە ترس پشـیلە و پوورە خەجێش، دەسـتی کردە هـاوار لە ئـازاری سـوژنا هەموو داپەڕین )(٤٧)، چاوەڕوانی و ترس و دڵەڕاوکێ! بوونە مـایەی ئەوەی تەنها پشـیلەیەک سـەری کرد بە ژوورەکەیاندا، هەر ئەوەندە ئاسـانە تەنها یەکێک بترسـێ و قیژە بکات، ئیترشـەوە کـاری خۆی دەکـات (شەوەکە...ئاڵەکە هاتنە گیانمان، بوو بە شەپۆلێ بیسمیلا ئیتر ئەو شەوە

تاکو بەیانی نەخەو لە چاوی من چوو، نە لە چاوی ئەو ژنانە)، سوژن و دیلوانە بۆ ئاڵ و شەوە بۆ پاراستنی گیانی کۆرپەڵە و دایک، بەڵام بە پێچەوانە شکایەوە بەسەر خۆیاندا (سبەی شەو کە دایکم دووبارە هات بۆ ماڵی پوورە ئامین نەکەوتمە دوای لە ترسانا، تاکو یەک دوو مانگ بە دەم خەوەوە، ڕادەچەنیم و دەم قیژان شەوەکە هات، ئاڵەکە هات، مامریکشم بەدایکم دانارد. دای بە مەلاحەسەن دوعای بۆ کردم)، کورد واتەنی ئەگەر یەکێک شێت بێت دەبێ بچێتە لای کەسێک چارەسەری بۆ بکات، ئەگەر کەسەکە خۆی شێت بێت، بۆ کوێ بچێت؟!، باری دەروونی تاکی مرۆڤی کورد بەهۆی دواکەوتنی لە ڕووی ڕۆشنبیریی گشتی و کۆمەلایەتییەوە بوو، بەناچاری پەنای دەبرد بۆ شتە خورافییە پڕوپووچەکان، ئەم چارەسەرە دەروونییە خورافیانە، هۆکارێک بوون بۆ ئارامکردنەوەی ژنی زەیستان، هەروەها کاریگەری هەبوو لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی لایەنی باشی هەبوو، هەروەها لایەنی نیگەتیڤی هەبوو، لایەنی باشي بۆ کاتە هەستیارەکە باشبوو، کە ئەو کاتە هیچ خزمەتگوزارییەکی تەندروستی لە گوندەکانی کوردستاندا نەبوو، لایەنی نیگەتیڤی لەوەدا بوو پشتی بە هیچ بنەمایەکی دەروونی تەندروستی نەدەبەست.

**بەشي دووەم:**

**تەوەری دووەم: ئاماری زاراوە و کایە دەروونییەکانی "خەونێکی ناو دۆزەخەکە"**

لە کورتەچیرۆکی خەونێکی ناو دۆزەخەکەدا "سەدو شەست و سێ "جار ئەو زاراوانەی کە پەیوەندییان بە لایەنی دەروونییەوە هەیە هاتووە، لە کۆی گشتی وشەکانی کورتە چیرۆکەکە بریتییە لە نزیکەی" هەزار" وشە. ئەگەر بە ژمارەی وشە بێت، یان بە ژمارەی لاپەڕەکان بێت، دەبینین نزیکەی دوو لاپەڕە لە کۆی لاپەڕەکانی کورتە چیرۆکەکەدا داگیردەکات، کە دەکاتە نیوەی

کتێبخانەی هەواڵنامە

لاپەڕەکانی گشت کورتە چیرۆکەکە، کەواتە لایەنی دەروونی پانتاییەکی زۆر لە چیرۆکەکاندا داگیردەکات، چیرۆکەکانی نووسەر ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بەتایبەتی ئەم سێ کورتە چیرۆکە، هەردوو کورتە چیرۆکی "خەونێکی ناو دۆزەخەکە و کورتە چیرۆکی شەو "لایەنی دەروونی مرۆڤی کوردە لە ڕووی نەتەوەیی و سیاسییەوە، هەروەها کورتە چیرۆکی ئاڵ و شەوە زیاتر دەروونی مرۆڤی کوردی خستۆتەڕوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە وشەو ڕستەکان بریتین لە ( و نەگەرماکەی لەوەدا نەبوو، دار کاژێکی تەریکی نزیک شەقامەکە کردە چاو، بە پەلەپڕووزێ، ملە قوتییەتی، چەرپاز شەقامەکەی بڕي، شانێکی هەتاو شانێکی سێبەر، دەستی بە ملە ملم کرد، لەو هەموو ملە ملمەی من ئەوەندەم بۆ هەڵکرا، باچاوەڕێم بکات، هەندێ شتی نوێی بۆ دەگێڕمەوە، ڕەحیم لەگەڵ فەرەج دا لە دۆزەخەکە پێکەوە بوون، لە دۆزەخەکە پێکەوە ڕزگاریان بووبوو، جارێک چییە گوێم لێ نەبوو، بێتە گفت و قسەیەک بکات، وا ئێستا حەوێزی ئەو ڕۆژانە دەکاتەوە، شەو و ڕۆژ لە بڵمە بڵمی خۆی ناکەوێت، لەگەڵ خۆمدا مشتومڕێکی سەیرم دامەزراندبوو، بۆ مرۆ ئەوەندە بیری بە لای شتە ناخۆش و خەماوی و کارەساتەکاندا دەچێ، ساتە خۆشەکان کەمتر دێنە بەر زەین، پەیکۆڵێکت بە پێدا دەچێت، ناتوانی لە بیری بەریتەوە، مرۆ چۆن بەرگەی ئەم هەموو یادە تاڵ و ناخۆشانە دەگرێ؟، ئەمانە لە لایەک و حەکایەتە لەبن نەهاتووەکانی "فەرەج "یش دەبنە سەربار، ئاوا بێ بە زەییانە دێت، لە ناو دۆزەخی حەکایەتە لە بن نەهاتووەکانی خۆیم دادەنێت، کراسێکی ئاگرین، لایەنە شاراوە و نهێنییەکانی، با لە پێچکەیەک چییە دادی منیان نەداوە، ئەو کاتەی کە دێ پاشگەزدەبمەوە، لە بیرم دەچن، نهێنییەک وام لێدەکات، گوێی بۆ شل کەم و فزە لە خۆم ببڕم، وەک

کەوتبێتمە ژێر جـادووییەوە وایە، لەوەی بەردەسـتـی بکەوێت گیردەکـات، تونـد هەڵیـان دەگلۆڤێ، پەنجەکـانی گرژتر دەبنەوە، هێدی هێدی خاودەبنەوە، ئەوجا تەوێڵ و لامل و ڕوومەتیشی لە ئـارەقە دەنیشن، هەست بە جۆرە ئارامی و خاوبوونەوەیەک دەکات، کاس و وڕدەبووم، من لە گێڕانەوەی ئەم حەکایەتانە مەبەستم ئەوەیە لە بیر نەچنەوە... هەر بە هیچ نەبن، ببن بە مـۆتەکە و خەون و خـۆشـی مێردەزمەکـان بتـارێنن، ئەوانەی چاوی پەپوولەکانیان هەڵدەکوڵێ، تا بزانن ئەودیوی چـاو چی تێدایە، قامکە باریک و ڕەق هەڵاتووەکانی لە جلەکانی، یا لە زەوی گیردەکرد، زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئـارەقەی دەردەدا، حەزم بە ئازاردانی ڕۆحی نەدەکرد، دەمتوانی پێی بڵێم مـاڵوێران بە هەزار قول وەللا سـاڵی جارێک هەندێ شـتی ناو حەکایەتەکانی تۆیـان بیردەکەوێتەوە، تۆ نـازانی هەر سـەردەم و ڕۆژگارێک شـتی خۆی هەیە، سـەرنجی ئەم خەڵکە ڕادەکێشـێ، ئەو هەر لە گێڕانەوە بەردەوام بوو، بەڵام ئەم جارەیان هەموو شتێکی بۆ ئاشکرادەکەم. ئەو هەر نەیدەبڕییەوە، کـاتێ بـانگ لە بناگوێی مندالانی ساوا دەدەن، مەعز بۆ خوا هەندێ لەو حەکایەتە لەبن نەهاتووانەی منیشـیان بە گوێدا بچرپێنن، بـا منـداڵانیش بەو حیکایەتانە گۆشبکرێن، دەبا شـوانە وێڵەکان چیتر شمشاڵ بۆ خەزێم و ڕەعـنـا و ئـایـش نەژەنـن، ئەم حەکایەتانەم بکەن بە نۆتە و هەرچی ئـامێری دنیـا هەیە بەکـاربهێنن بۆ خوێندنەوەیان... بیکەن بە خەیـاڵ، بیکەن بە شـیعر، بیکەن... بیکە... دەتـۆ هەر نەبـێ، ئـا بەم دەمودەسـتەش دەبـێ قەڵەم و کاغەزێ بێنە و بینووسەوە... شەرمە تا ئێستا نەنووسـراوەتەوە! وەیلێ وەیلێ لێ وەیلێ، لە ئێوارەیەکی مسـینی پایزی گەرمیاندا، سـێزدە پایز لە دوای ئەنفال، دەسـاڵ لە دوای ڕاپەڕینی کوردستانی باشور، خۆڵباران باڵی کێشـابوو، لە بیرتە ئەو ڕۆژەش وەکو ئەم ئێوارە پایزە

خۆڵ دەباری، کات بەهار بوو، بەڵام دەتوت هاوینە، خۆت دەزانی ئەو گەرمیانە بەهار بەخۆیەوە نابینێ، ئاسمانیش وەک جامێ خوێنت پیا پرژاندبێ سوور دەیڕوانی، لە نێوان ئەو خۆڵ بارینەکەی ئەم ئێوارەیە، هەر شەش مانگێکیان بەینیان بوو، کەچی واتدەزانی بیست ساڵ تەمەنی بەو شەش مانگە تێپەڕاندووە!، کە دەستی بە گێڕانەوە دەکرد، دەچووە بارێکی دیکەوە، پەنجەکانی گرژ دەبوونەوە، لێوی تەتەڵەی دەکرد، ئارەقەی دەکرد... ئیتر نازانم لە بیری نەبوو پێشتر وتوونی، یان بەئەنقەستی بوو دەهات لە نووکەوە تێ هەڵدەچووەوە، لەگەڵیدا زامی منیشی دەکولاندەوە... ئەو ڕۆژانە، ئای لەو ڕۆژانە... قەت ئەو گازندە و گلەیی و پرسیارە گەورەکانی باوکتم بیرناچنەوە... لەوێ وەیسە گیان هەموو ڕۆژ لم دەباری، نووکە دەرزی دەباری، دەست و پل و ڕوومەتمان دەرزی ئاژەن دەکران، کە لم دەباری باوکت تەنگە نەفەس دەبوو، ئارامم لێ هەڵدەگیرا، بەزۆری لەم کاتانەدا ئەو پرسیارە قورسەی دووبارە دەکردەوە... بۆ وامان لێدەکەن، من دەمەوێ ئەم حەکایەتانە لەبیرنەچنەوە، پرسیارێکم لێکرد، ئەی بۆ چارەیەکی خۆتان نەکرد؟! تۆ کابرایەکی سەیری ها...من ئەو حەمکە حیکایەتانەم بۆت گێڕایەوە، خەمی ڕووداونەکەیم نەبوو، من خەمی ئەوەمە دۆزەخێکی ترمان بۆ پەیدانەبێت... چەند پەپوولە لەم گەرمیانەدا هەیە، دوو ئەوەندە زیاتریش داڵەکەرخۆر دێنە ئەم ناوە، فەرەج قسەیەکی باوکی وەیسە و دواخەونیشی بۆ دەگێڕێتەوە، شەوێکی درەنگی یەکێ لەو شەوە درێژانەی دۆزەخەکە هەردووک، تەنها هەردووک بەخەوەر بووین، لە وڕێنە و پرخە و وەڕینی گەماڵە مەیت خۆرەکانی دەرەوە بەو لاوە، هەموو شتێ کشومات بوو، گۆرانییەک هەر لە هەنسکدان دەچوو، گۆرانییەکی سووتاو بۆ کرووزی بە ئاگای هێنایەوە...بە درێژی ئەو یەک دوو مانگەی لەگەڵ

باوکتدا پێکەوە بووین و قەت وەک ئەو شـــەوەم نەدیبوو، باوکت وتی "ئەزانی فەرەج ئەم چەند ســـاتەی پێشـــوو، من هەر بە جەســـتە لێرە بووم، هەر لە یەکەم "ئازیزەوە" من دەستم لە پشت نا و یاپشە یاپشە بە کۆڵانەکەی ئێوەدا دەگەڕامەوە لای حەبێ...". پێم گوت : "خۆزگەم بە خۆت ...بۆ هەموو جارێ جووتێ بـاڵ لە ڕۆحی خۆت نـاڕوێنی و سەردانییەکی ئەو بەهەشتە بۆ خۆت بکەی !" ئەم ئەڵلا وەیســـییە فەرەج گیان ئاوای گوت : " شاباڵی بۆ ڕۆحم ڕواند ... دواجار ئەم بێ ئومێدییەی ئێمەی تێدان، باڵی خەیاڵ دەقرتێنێ، گوایە دەڵێن خەیاڵ پێوەند ناکرێ، ئێمەیان خســـتۆتە بارێکەوە، باڵ و پێی خەیاڵیشـــیان شـــکاندووین."، دەمێک بوو بزەمـان لێ تۆرابوو... ڕاســـتتر لە بیرمان چووبووەوە ئەو شـــەوە وەک دوو منداڵی لاســـار، دەســـتی یەکترمـان دەگوشـــی و بـزەمــان دەهــاتــێ، بــێ ئەوەی خەونەکـانمـان بۆ یەکتر بگێڕینەوە، دەمـانزانی ئەوی تر چی خەونێکی بینیوە، بەڵام لم بـارینەکەی ئەو بەیانییە لەوەدا نەبوو، نەیهێشـــت بـاوکـت فریـای خەونێکی دیکە بکەوێت).

**ئەنجام:**

١.بەکـارهێنـانی تیۆری زانـایـانی دەروونی لە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە بـۆ بەرژەوەنـدیـی تـایـبەتـی، لە بوارەکانی هەواڵگری و سـیخوڕی و ئـازاردانـی قـوربـانـیـیەکـان بە بەرنـامەیەکی دارێژراو بەتـایبەتی لەکاتی ئەنفالەکاندا.

٢.لایەنی دەروونی لە چیرۆکەکـانی نوسەر ئەحەمەد محەمەد ئیسماعیلدا بە شـێوەیەکی فراوان ئـامـاژەی پێکراوە، بە تایبەتی کارەکتەرەکانی ڕزگاربوو لە ئەنفالەکاندا .

٣.بـاری دەروونیی تـاکی کورد، لە ئەوپەڕی خراپیدا بووە، ڕژێم گشت شێوازەکانی، ترساندن و برسیکردن و تـێـنـوکـردن و ئـازاردانـی بەکارهێناوە.

٤.کـاریگەریی دەروونیی مرۆڤی کـورد لە ڕووی کـۆمەڵایەتـیـیەوە،

بەتایبەتی نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و نەزانی بەشێک لە دانیشتوانی کوردستان لە سەرهەڵدانی دیاردە خورافییەکان.

٥ ـــ ئاماری زاراوەکانی تایبەت بە لایەنی دەروونی لە کورتە چیرۆکی خەونی ناو دۆزەخەکە بە ڕێژەی نزیکەی دوو لاپەڕە داگیردەکات لە سەدا بیست زیاتر لە کۆی گشتی چیرۆکەکە دەبێت .

## سەرچاوەکان:


١.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، کۆچیرۆک، خەونێکی ناو دۆزەخەکە، هەولێر، چ ١، ٢٠٠٧ .

٢.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، کۆچیرۆک، شەو، هەولێر، چ ١، ٢٠٠٧.

٣.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، کۆچیرۆک، خەونێکی ناو دۆزەخەکە، هەولێر، چ ١، ٢٠٠٧ .

٤. تیری ئیگۆن، و/ سەلاح حەسەن پاڵەوان، شیکردنەوەی دەروونی، سلێمانی، ٢٠٠٤ .

٥.سابیر بەکر بۆکانی، تاوانبارو سزا، سلێمانی، ٢٠٠٢ .

٦.ستران عەبدولا، کاریگەری نەست، یاخود نهێنییەکانی کەسییەتی سەرکەوتو، سلێمانی، ٢٠٠٦ .

٧. شێرکۆ بێ کەس، گۆڕستانی چراکان، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٨. قاسم حسێن صالح، و/ عەبدولموتەلیب عەبدوللا، مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢ .

٩.یوسف عوسمان حەمەد، دەروونزانی، وتار, لێکۆڵینەوە ـ شیکردنەوە، هەولێر، چ ١، ٢٠٠٤ .



# کاریگەریی جینۆسایدی زمانەوانی

# لەسەر پێکهاتەی دەقی شیعری کوردی:

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە شیعری ئەنفالی جەمال غەمباردا

## بەپێی تیۆری تۆڤە سکۆتناب کانگاس (١٩٨٨-٢٠٢٠)

م.ی. ئاریان یوسف جبار: ماستەر لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی

arianyousif٩٧@gmail.com

**کورتە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی کاریگەریی جینۆسایدی زمانەوانی لەسەر پێکهاتەی دەقی شیعری کوردی، بەتایبەت لە شیعری ئەنفالی جەمال غەمباردا. توێژینەوەکە لەسەر بنەمای تیۆری تۆڤە سکۆتناب کانگاس (١٩٨٨-٢٠٢٠) ئەنجامدراوە و میتۆدی شیکاری-وەسفی بەکارهێناوە. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن، کە شیعری کوردی توانیویەتی ستراتیژی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی جینۆسایدی زمانەوانی داهێنێت، فەرهەنگێکی تایبەت بە شیعری ئەنفال دروستبکات، و گۆڕانکاری لە فۆرم و ناوەرۆکی شیعری کوردیدا بەدیبهێنێت. توێژینەوەکە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و دۆزینەوەی پێوەندی نێوان زمان و ئەدەب.

**وشەگەلی سەرەکی:** جینۆسایدی زمانەوانی، شیعری ئەنفال، تیۆری کانگاس، شیعری کوردی، پێکهاتەی دەق، جەمال غەمبار، شیکردنەوەی وەسفی، مافە زمانییەکان، بەرەنگاری زمانەوانی.

**١. پێشەکی:**

جینۆسایدی زمانەوانی یەکێکە لەو دیاردە مەترسیدارانەی کە زۆربەی نەتەوە بندەستەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەم دیاردەیە تەنیا پەیوەندی بە لەناوبردنی زمانێکەوە نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی سیستماتیکە کە دەبێتە هۆی لاوازکردن و لەناوبردنی ناسنامەی کولتووری و نەتەوەیی گەلانی ژێردەست. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین، کاریگەریی جینۆسایدی زمانەوانی لەسەر پێکهاتەی دەقی شیعری کوردی شیبکەینەوە، بەتایبەت لە شیعری ئەنفالی جەمال غەمباردا، کە وەک نموونەیەکی بەرجەستە و گرنگی ئەدەبی بەرگری هەڵبژێردراوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕوویەکەوە دەردەکەوێت: یەکەم، بۆ یەکەمجار تیۆری تۆڤە سکۆتناب کانگاس (١٩٨٨-٢٠٢٠) لەسەر شیعری کوردی پراکتیزە دەکات، کە ڕوانگەیەکی نوێ و قووڵ بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات پێشکەش دەکات.

دووەم، پەیوەندی نێوان جینۆسایدی زمانەوانی و بەرهەمی ئەدەبی بە شێوەیەکی سیستماتیک و زانستی دەخاتەڕوو، کە دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ توێژینەوەی هاوشێوە لە داهاتوودا.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو میکانیزمە ئەدەبی و زمانەوانیانە دەستنیشان بکات، کە شاعیرانی کورد لە ڕێگەیانەوە بەرەنگاری پرۆسەی جینۆسایدی زمانەوانی بوونەتەوە. لەم ڕووەوە، شیکردنەوەی شیعرەکانی جەمال غەمبار دەرفەتێکی گرنگمان پێدەدات بۆ تێگەیشتن لەو تەکنیک و ستراتیژیانەی کە شاعیر بەکاریهێناون بۆ پاراستنی زمان و کولتووری کوردی لە ڕێگەی هونەری شیعرەوە. ئەمەش دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەران و خوێنەرانی بواری ئەدەب و زمانناسی کوردی.

**٢.چەند پێناسەیەکی جینۆسایدی زمانەوانی:**

جینۆسایدی زمانەوانی (Linguistic Genocide) چەمکێکە کە بۆ یەکەمجار لەلایەن زمانناسی فینلەندی **تۆڤە سکۆتناب کانگاس (Tove Skutnabb-Kangas)** لە ساڵی ١٩٨٨دا دارێژرا. بەپێی پێناسەکەی کانگاس، جینۆسایدی زمانەوانی بریتییە لە "پرۆسەی سیستەماتیکی لەناوبردن و پەراوێزخستنی زمانێک لەڕێگەی سیاسەتی دەوڵەت و دامەزراوە فەرمییەکانەوە" (Skutnabb-Kangas, ٢٠٠٠: ٣١٢).

**ڕوبێرت فیلیپسۆن (Robert Phillipson):** لە کتێبی "Linguistic Imperialism" (١٩٩٢)دا دەڵێت: "جینۆسایدی زمانەوانی بەشێکە لە پرۆسەی ئیمپریالیزمی زمانەوانی، کە تێیدا زمانێک بە زۆر و بە پلان دەسەپێنرێت بەسەر کۆمەڵگایەکدا."

**دەیڤید کریستاڵ (David Crystal):** لە کتێبی "Language Death" (٢٠٠٠) دا دەنووسێت: "جینۆسایدی زمانەوانی بریتییە لە کۆمەڵێک کردەوەی سیستەماتیک کە ئامانج لێی لەناوبردنی زمانێکە لە ڕێگەی:

- قەدەغەکردنی فێربوون و فێرکردنی
- سڕینەوەی لە ژیانی گشتی
- پەراوێزخستنی لە سیستەمی پەروەردە"

ژان-لویس کالڤێ (Jean-Louis Calvet): لە کتێبی "Linguicide" (١٩٧٤) دەڵێت: "جینۆسایدی زمانەوانی تەنها پرۆسەیەکی زمانەوانی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، کە ئامانج لێی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییە لە ڕێگەی لەناوبردنی زمانەوە."

**٣. چەمکی جینۆسایدی زمانەوانی لای تۆڤە سکۆتناب کانگاس:**

تۆڤە سکۆتناب کانگاس، زمانناسی فینلەندی، جینۆسایدی زمانەوانی وەک پرۆسەیەکی سیستەماتیک پێناسەدەکات، کە تیایدا مافە زمانییەکانی کەمینەیەک پێشێلدەکرێت و زمانەکەیان لەناودەبرێت. بە بۆچوونی ئەو، ئەم پرۆسەیە لە چەند قۆناغێک پێکدێت:

- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی دایک لە بوارە گشتییەکان
- سنووردارکردنی فێربوون و فێرکردنی زمانی دایک
- دروستکردنی هەستی شەرم و خۆبەکەمزانین لای قسەکەرانی زمانەکە

کانگاس لە تیۆرییەکەیدا چەند بنەمایەکی سەرەکی دادەنێت:

**أ. هەڕەشەی زمانی (Linguistic Threat):** "کاتێک دەسەڵات هەوڵی لەناوبردنی زمانێک دەدات، سەرەتا لە ڕێگەی دروستکردنی هەڕەشەی زمانییەوە دەستپێدەکات " (Skutnabb-Kangas & Phillipson, ١٩٩٤: ٧١).

**ب. مافە زمانییەکان (Linguistic Rights):** "مافی بەکارهێنانی زمانی دایک مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە و پێشێلکردنی ئەم مافە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە " (Skutnabb-Kangas, ٢٠٠٦: ٢٧٣).

**٤.١. پەیوەندی نێوان جینۆسایدی زمانەوانی و ئەدەبیات:**

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە، کە جینۆسایدی زمانەوانی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی هەیە:

- دەقی ئەدەبی دەبێتە بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ تۆمارکردنی ئەو پرۆسەیە
- شاعیران و نووسەران لە ڕێگەی دەقەوە بەرەنگاری ئەم پرۆسەیە دەبنەوە
- زمانی ئەدەبی دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی

**٢.٤ کاریگەرییەکانی جینۆسایدی زمانەوانی لەسەر زمانی ئەدەبی:**

جینۆسایدی زمانەوانی کاریگەریی قووڵی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی دەبێت لە ڕێگەی:

- لاوازبوونی توانای داهێنان بە زمانی دایک
- کەمبوونەوەی دەرفەتی بڵاوکردنەوە و چاپکردن
- دروستبوونی کێشە لە گەیاندنی چەمک و هەستە ناسکەکان.

**پەیوەندی نێوان جینۆسایدی زمانەوانی و شیعری بەرگری:**

شیعری بەرگری وەک کاردانەوەیەک بۆ جینۆسایدی زمانەوانی سەرهەڵدەدات و ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

- بەکارهێنانی زمانی دایک وەک ئامرازێکی خۆڕاگری
- بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و زمانی
- پاراستنی میراتی کولتووری و زمانەوانی لە فەوتان.

**٥. شیکردنەوەی دەقی شیعری "ئەنفال":**

**١.٥ کورتەیەک لەسەر جەمال غەمبار:** جەمال غەمبار لە ساڵی ١٩٥٥ لە شارۆچکەی قەرەداغی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە. هەر لە تەمەنێکی زووەوە خولیای شیعر و ئەدەب لە ناخیدا گەشەی کردووە و لە ژینگەیەکی کوردەواریدا پەروەردە بووە، کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دیدی شیعری و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی هەبووە. ئەم شاعیرە بە یەکێک لە دەنگە دیار و جیاوازەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی دادەنرێت، بە تایبەت لە بواری شیعری بەرگری و شیعری تایبەت بە کارەساتی ئەنفال.

بەشێکی گرنگ لە ژیانی شیعری جەمال غەمبار بۆ تۆمارکردنی ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەی تەرخانکراوە. ئەو وەک شایەتحاڵێکی هەستیار و وشیار، لە ڕێگەی شیعرەوە هەوڵیداوە دەنگی قوربانییەکان و چیرۆکی ئازارەکانیان بگەیەنێتە نەوەکانی داهاتوو. شیعرەکانی تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوە تاڵەکان نین، بەڵکو هەوڵێکی هونەریانەن بۆ بەرجەستەکردنی ئەو تراژیدیایەی کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە، بە تایبەت لە کارەساتی ئەنفالدا.

شـــاعیر خاوەنی چەندین کۆمەڵە شـــیعرە، کە تێیاندا جگە لە بابەتی نیشـــتمانی و نەتەوەیی، گرنگی بە بابەتە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیش داوە. زمانی شـــیعری لای غەمبار زمـانێکی پڕ لە هێمـا و وێنەی شیعرییە، کە لە ڕێگەیەوە توانیویەتی پەیامە مرۆیی و نیشـتمانییەکانی بە شـــێوەیەکی کـاریگەر بگەیەنێـت. بەرهەمەکـانی بوونەتە بەشـــێکی گرنگ لە ئەدەبی بەرگری کوردی و کاریگەرییەکی بەرچاویان لەســـەر نەوەی نوێی شـــاعیرانی کورد هەبووە.

**٢.٥. گرنگی شیعری ئەنفال:**

شـــیعری ئەنفـال لای جەمـال غەمبـار خـاوەن تـایبەتمەنـدی و نـاوەڕۆکێکی جیاوازە. شـــاعیر لە ڕێگەی زمانێکی شـیعری پڕ لە هێما و وێنەی کـاریگەرەوە، هەوڵی داوە ئەو تراژیدیا گەورەیە تۆماربکات و لە یادەوەری نەتەوەییدا بیپارێزێت. لە شـیعرەکانیدا، غەمبار تەنیا باسـی کارەسـاتەکە ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی تەکـنـیـکـی هـونەری جـیـاوازەوە هەوڵـیـداوە ئەو بـریـنـە قـووڵە نیشـــانبـدات، کە لە جەســـتـەی کۆمەڵگای کوردیدا دروستبووە.

لە ڕووی فـۆرم و نـاوەڕۆکەوە، شـــیعری ئەنفال لای غەمبار چەند تـایبەتمەنـدییەکی ســـەرەکی هەیە. یەکەم، بەکارهێنانی زمانێکی ڕەمزی و پڕ لە هـێمـای کـولـتـووری و مـێـژوویـی کـوردی. دووەم، تێکەڵکردنی دەنگی تـاک و کۆ، واتە لە ڕێگەی مۆنۆلۆگ و دیـالۆگەوە دەنگی قوربانییەکان و کەسوکاریان دەگوازێتەوە. ســـێیەم، بەکارهێنانی وێنەی شـــیعری زیندوو و کاریگەر کە ڕاســـتەوخۆ کار لە هەســـت و سۆزی خوێنەر دەکەن.

شـــیعری ئەنفال لای جەمال غەمبار تەنیا ئامرازێک نییە بۆ تۆمارکردنی مێژوو، بەڵکو هەوڵێکی بەردەوامە بـــۆ بەرەنـــگـــاربـــوونەوەی فەرامۆشـــکردن و ســـڕینەوەی یـادەوەری نەتەوەیی. شـــاعیر لە ڕێگەی شـــیعرەکانییەوە هەوڵدەدات، نەک تەنیـا چیرۆکی قوربـانییەکـان بگێڕێتەوە، بەڵکو دەیەوێـت ئەو کـارەســـاتە بکـاتە بەشـــێـک لە یادەوەری بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد و وەک بەڵگەیەکی زیندوو بیپارێزێت بۆ نەوەکانی داهاتوو.

**٣.٥. دەقی شـــیعری ئەنفالی جەمال غەمبار:**

هەرچی مینای دڵەکان بوو هەڵیان
وەراند
ئەو هەموو گۆزە جوانانەیان
تێکشکاند
ئەو هەموو کانی و ئاوەیان
گوێزایەوە...
ئەم بەهەشتەیان بە ئاوی خەتاکان
بەخشی
ئەم هەموو نوێژەیان لە دوعاکان
بێبەری کرد
ئەوان ئاوێنەی حەوزێکی لیخنیشیان
نەهێشتەوە
درەختە ریش سپییەکانی ئاوایی
لەبەریا دەستنوێژ هەڵگرن
ئەوان کە هاتن رەوە کوللەی پاش
میحنەتەکانی مێژوو بوون
'با'ی دوازەخ هەڵی گرتبوون.
هەرچییان کرد
هەرچییان برد
خۆیان و خوا و تراکتۆرەکان نەبێ
کەس نەیزانی. ...

درەنگە خۆت کۆبکەرەوە
بەدیار ئێوارەیەکەوە دامەنیشە
ئەستێرەی تیا هەڵنایە
چاوەڕوانی هاتنەوەی منالێک مەکە
دەستەکانی پرن لە دوکەڵ
چاوەڕوانی چی ئەکەی

ئیتر گۆزەکان لە کانی نایەنەوە.

**١ .ناوەرۆکی سەرەکی:**

شیعرەکە باس لە کارەساتی ئەنفال دەکات، کە تێیدا رژێمی بەعس گوندەکانی کوردستانی وێرانکرد و خەڵکی بێتاوانی کوشت. شاعیر بە زمانێکی شیعری و پڕ لە خوازە (مەجاز) ئەم تراژیدیایە دەگێڕێتەوە.

**٢ .شیکردنەوەی هێماکان:**

" -مینای دڵەکان" و "گۆزە جوانەکان": ئاماژەن بۆ ژیانی ئاسایی و جوانی گوندەکان پێش ئەنفال

" -کانی و ئاو": هێمای ژیان و بەردەوامی

" -درەختە ریش سپییەکان": ئاماژەیە بۆ پیاوە بەتەمەن و رێزدارەکانی گوند

" -رەوە کوللە": وێناکردنی هێزەکانی رژێم وەک ئافەتێکی سروشتی وێرانکەر

" -با'ی دۆزەخ": ئاماژەیە بۆ هێزی شەڕانگێز و وێرانکەر

**٣ .دەنگی شیعر:**

شیعرەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

هەولێرنامەی کتێب

-بەشی یەکەم: باسی وێرانکاری و کوشتار دەکات

-بەشی دووەم: راستەوخۆ قسە لەگەڵ خوێنەر دەکات و داوای لێدەکات چاوەڕوانی گەڕانەوەی قوربانییەکان نەکات

**٤ .واتای قووڵ:**

شیعرەکە چەند پەیامێکی سەرەکی هەیە:

-تاوانی ئەنفال تەنها کوشتن نەبوو، بەڵکو وێرانکردنی کولتوور و شێوازی ژیانێکی تەواوبوو

-بێدەنگی جیهان بەرامبەر بەم تاوانە ("کەس نەیزانی")

-نائومێدی لە گەڕانەوەی قوربانیەکان ("گۆزەکان لە کانی نایەنەوە")

**٥ .تەکنیکی شیعری:**

شاعیر بە شێوازێکی هونەری بەرز کەڵکی لە:

-خوازە (مەجاز)

-وێنەی شیعری

-سیمبۆل

-دووبارەکردنەوە وەرگرتووە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی

**تیۆری کانگاس و پەیوەندی بە دەقەکەوە:**

لە روانگەی تیۆری تۆڤە سکۆتناب کانگاسەوە، جینۆسایدی زمانەوانی پرۆسەیەکی سیستماتیکە، کە چەند قۆناغێک لەخۆدەگرێت. لەم شیعرەدا، هەر قۆناغێک بە شێوەیەکی هونەری و قووڵ رەنگیداوەتەوە:

**قۆناغی یەکەم - پەراوێزخستنی زمانەوانی:**

شاعیر لە رێگەی دێڕی "ئەم هەموو نوێژەیان لە دوعاکان بێبەری کرد" ئاماژە بە لەناوبردنی پێکهاتە ئاینی و کولتوورییەکان دەکات، کە بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی زمان. ئەمەش یەکەم هەنگاوی جینۆسایدی زمانەوانییە، کە بریتییە لە سڕینەوەی دەربڕینە کولتووری و ئاینییەکان.

**قۆناغی دووەم - لاوازکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی:**

لە دێڕی "درەختە ریش سپییەکانی ئاوایی لەبەریا دەستنوێژ هەڵگرن"، شاعیر باس لە تێکدانی پێگەی کۆمەڵایەتی پیاوە بەتەمەنەکان دەکات، کە رۆڵی گرنگیان لە پاراستن و گواستنەوەی زمان و کولتوور هەبووە. ئەمەش دووەم قۆناغی جینۆسایدی زمانەوانییە بەپێی تیۆرەکەی کانگاس.

**قۆناغی سێیەم - تێکدانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن:**

لە دێڕی "چاوەڕوانی هاتنەوەی منالێک مەکە / دەستەکانی پڕن لە دوکەڵ"، شاعیر ئاماژە بە پچڕانی پەیوەندی نێوان نەوەکان دەکات، کە بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی گواستنەوەی زمان. ئەمەش سێیەم قۆناغی جینۆسایدی زمانەوانییە.

**قۆناغی چوارەم - تێکدانی ژێرخانی ئابووری:**

لە دێڕی "خۆیان و خوا و تراکتۆرەکان نەبێ"، شاعیر باس لە تێکدانی ژێرخانی ئابووری دەکات، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەکارهێنانی زمان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاند هەیە.

کاریگەری جینۆسایدی زمانەوانی لەسەر پێکهاتەی دەقەکە:

**١ .ئاستی دەربڕین:**

-بەکارهێنانی ڕستەی کورت و بڕاو وەک "کەس نەیزانی"...

-بەکارهێنانی خاڵی بەردەوامی (...) کە ئاماژەیە بۆ بێدەنگی و نەتوانینی دەربڕین

-دووبارەکردنەوەی "هەرچی" و "هەموو" وەک ئاماژەیەک بۆ فراوانی و گشتگیری پرۆسەی جینۆساید

**٢ .ئاستی وێنەی شیعری:**

-بەکارهێنانی وێنەی سروشتی (کانی، ئاو، درەخت) وەک هێما بۆ ژیانی ئاسایی پێش جینۆساید

-بەکارهێنانی وێنەی وێرانکەر (دوکەڵ، مین، کوللە) وەک هێما بۆ پرۆسەی جینۆساید

-بەکارهێنانی وێنەی "گۆزە" وەک هێمایەک بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری

**٣ .ئاستی دەلالی:**

-گواستنەوە لە کاتی ڕابردووەوە بۆ ئێستا وەک ئاماژەیەک بۆ بەردەوامی کاریگەرییەکانی جینۆساید

-بەکارهێنانی دژەواتا (پارادۆکس) وەک "بەهەشت" و "خەتا"

-بەکارهێنانی مۆتیڤی چاوەڕوانی وەک هێمایەک بۆ نائومێدی

بەپێی تیۆرەکەی کانگاس، شیعرەکە نموونەیەکی زیندووی کاریگەرییەکانی جینۆسایدی زمانەوانییە لەسەر بەرهەمی ئەدەبی. شاعیر توانیویەتی لە ڕێگەی تەکنیکە شیعرییەکانەوە، قووڵی کارەساتەکە و کاریگەرییە درێژخایەنەکانی لەسەر زمان و کولتووری کوردی بخاتەڕوو.

**جینۆسایدی زمانەوانی و کاریگەری لەسەر پێکهاتەی دەق:**

**١ .ڕەهەندی فەرهەنگی:**

شـــیعرەکە لە ڕووی فەرهەنگی زمـانەوە، چەنـدین چینی واتـایی لەخۆدەگرێـت، کە پەیوەنـدییـان بە جینۆسایدی زمانەوانییەوە هەیە:

-چینی یەکەم: وشە کولتوورییەکان (گۆزە، کانی، دەستنوێژ) کە ئاماژەن بۆ ژیانی ئاسایی و ڕۆژانە

-چینی دووەم: وشەکانی پەیوەست بە وێرانکاری (مین، دوکەڵ، تراکتۆر) کە ئـامـاژەن بۆ ئـامـرازەکـانی جینۆساید

-چینی سـێیەم: وشــە ئایینییەکان (نوێژ، دوعـا، خوا) کە ئـامـاژەن بۆ پێکهاتەی ڕۆحی کۆمەڵگا

**٢ .ڕەهەندی کۆمەڵناسی:**

بەپـێـی تـیـۆرەکەی کـانـگـاس، جینۆســـایدی زمانەوانی کاریگەری لەســـەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی زمان هەیە:

-لەنـاوچـوونـی پەیـوەنـدیـیە کۆمەڵایەتییەکـان: "درەختە ریش سـپییەکان" وەک هێمای پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

-تێکچوونی سـیسـتەمی بەهاکان: "ئەم بەهەشـتەیان بە ئاوی خەتاکان بەخشی"

-پچڕانی پەیوەندی نێوان نەوەکان: "چاوەڕوانی هاتنەوەی منالێک مەکە"

**٣ .ڕەهەندی دەروونی:**

شـیعرەکە چەندین دۆخی دەروونی دەخـاتەڕوو، کە پەیوەنـدییـان بە کـاریـگەریـیە دەروونـیـیەکـانـی جینۆسایدەوە هەیە:

-دۆخی نـائومێدی: "درەنگە خۆت کۆبکەرەوە"

-دۆخی ڕەشـبینی: "ئەسـتێرەی تیا هەڵنایە"

-دۆخی بێهیوایی: "ئیتر گۆزەکان لە کانی نایەنەوە"

**٤ .ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی:**

بەپـێـی تـیـۆرەکەی کـانـگـاس، جینۆسایدی زمانەوانی پەیوەندی بە ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتەوە هەیە:

-وێنەی "ڕەوە کوللە" وەک هێمای هێزی داگیرکەر

" -بـا'ی دۆزەخ" وەک هـێـمـای ئایدیۆلۆژیای توندوتیژ

" -تراکـتـۆرەکـان" وەک هـێـمـای مۆدێرنیزەکردنی زۆرەملێ

**٥ .ڕەهەندی زمانەوانی:**

شـــیعرەکە چەنـدین تـایبەتمەنـدی زمانەوانی هەیە، کە پەیوەندییان بە جینۆسایدی زمانەوانییەوە هەیە:

-بەکارهێنانی رســـتەی کورت و براو: نیشـــانەی پچڕانی پەیوەندی زمانەوانی

-دووبـارەکردنەوەی وشـــەکـان: دەربڕینی قووڵی کارەسات

-بەکارهێنانی خاڵی بەردەوامی (...): نیشــــانەی بێـدەنگی و نەتوانینی دەربڕین

**٦ .ڕەهەندی ئێستێتیکی:**

شـــیعرەکە لە ڕووی هونەرییەوە چەندین تەکنیکی بەکارهێناوە:

-میتـافۆر: "مینـای دڵەکـان"، "گۆزە جوانەکان"

-سیمبۆل: "کانی"، "ئاو"، "درەخت"

-پارادۆکس: "بەهەشت" و "خەتا"

**٧ .ڕەهەندی مێژوویی:**

بەپـێـی تـیـۆرەکەی کـانـگـاس، جینۆسایدی زمانەوانی پرۆسەیەکی مێژووییە:

-ئاماژە بە "میحنەتەکانی مێژوو"

-بەکـارهێـنـانی کـاتی رابردوو و ئێستا

-ئــامــاژە بە بەردەوامـــی کاریگەرییەکانی جینۆساید

**٨ .ڕەهەندی نیشتیمانی:**

شیعرەکە چەندین هێمای نیشتیمانی بەکارهێناوە:

" -کانی" وەک هێمای ســەرچاوەی ژیان

" -ئاوایی" وەک هێمای نیشتیمان

- "گۆزە" وەک هێمـای کولتووری نەتەوەیی

**٦. دەرئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشـــتینە چەند دەرئەنجامێکی گرنگ:

١ .شـــیعری کوردی، بەتـایبەت شـــیعری ئەنفـال، توانیویەتی ســـــتــراتــیــژی نــوێ بــۆ بەرەنگاربوونەوەی جینۆســـایدی زمانەوانی داهێنێت، کە لە تیۆرەکەی کانگاسدا نەهاتوون. ئەم ستراتیژیانە بریتین لە: بەکـارهێـنـانی میتـافۆری تـایبەت، داهێـنـانی فۆرمی نوێی شیعری، و پێوەندیدانی جینۆسایدی زمانەوانی بە جینۆسایدی فیزیکی.

٢ .لە ڕووی زمــانەوانــیــیەوە، توێژینەوەکە پێکهاتەیەکی تایبەتی لە زمـانی شـــیعری دۆزییەوە، کە بەرەنگاری جینۆســـایدی زمانەوانی دەبێتەوە. هەروەهـا فەرهەنگێکی تـایبەت بە شـــیعری ئەنفـال دروســـتــبــووە، کە وشــــە و

دەستەواژەی نوێی بۆ گوزارشتکردن لە ئەزموونی جینۆساید داهێناوە.

٣ .لە ڕووی ئەدەبییەوە، توێژینەوەکە دەریخست، کە چۆن شیعری ئەنفال بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە فۆرمی شیعری کوردیدا و بووەتە هۆی پەرەسەندنی شیعری نوێی کوردی و دروستبوونی ژانرێکی تایبەت.

٤. گرنگی تیۆری و پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە لە دەوڵەمەندکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، پەرەپێدانی میتۆدی شیکردنەوەی دەق، و دۆزینەوەی پێوەندی نێوان زمان و ئەدەبدا دەردەکەوێت.

## سەرچاوەکان:


١) غەمبار، جەمال (٢٠١٠). دیوانی شیعری ئەنفال. چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢) غەمبار، جەمال (٢٠١٥). کۆمەڵە شیعری گۆڕی وشەکان. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣) عەبدوڵڵا، ڕێبوار (٢٠١٧). شیعری نوێی کوردی و پرسی جینۆساید. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ١٩(٤)، ل(١٢٥-١٤٦).

٤) Calvet, L. J. (١٩٩٨). Language wars and linguistic politics. Oxford University Press, USA.

٥) Crystal, D. (٢٠٠٢). Language death. Cambridge university press.

٦) Gadamer, H. G. (٢٠٠٤). Truth and Method. Continuum.

٧) May, S. (٢٠١٧). Language, Imperialism, and the Modern Nation-State System: Implications for Language Rights. In T. L. McCarty & S. May (Eds.), Language Policy and Political Issues in Education (pp. ٢٣٥-٢٥١). Springer.

٨) Phillipson, R. (١٩٩٢). Linguistic imperialism. Oxford University Press.

٩) Phillipson, R., & Skutnabb-Kangas, T. (٢٠١٣). Linguistic Rights and Wrongs. Applied Linguistics Review, ٤(٢), ٤٨٣-٥١٨.

١٠) Salih, K. (٢٠١٩). Kurdish Literature and Genocide: The Power of Writing as Resistance. Journal of Genocide Research, ٢١(٣), ٣٦٢-٣٨٣.

١١) Skutnabb-Kangas, T. (٢٠٠٠). Linguistic genocide in education or worldwide diversity and human rights? Lawrence Erlbaum Associates.

١٢) Skutnabb-Kangas, T., & Phillipson, R. (١٩٩٤). Linguistic human rights: Overcoming linguistic discrimination. Mouton de Gruyter.

١٣) Van Dijk, T. A. (٢٠١٥). Critical Discourse Analysis. In D. Tannen, H. E. Hamilton, & D. Schiffrin (Eds.), The Handbook of Discourse Analysis (pp. ٤٦٦-٤٨٥). Wiley Blackwell.

جینۆساید



# پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکان-تراژیدیای ئەنفال لە شیعری کوردیدا، دەقی (پەیکی سەرابستان)ی (هەلاج) بەنموونە

م.ی.کۆسار عومەر ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب



**پێشەکی**

پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکان و کۆمەڵکوژیی ئەنفال لە شیعردا، بریتییە لە وێنەگرتن و دەربڕینە کاریگەر و سۆزداری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئەو کردە بەرچارییە لە ڕێگەی شیعرەوە. شاعیران بە تەکنیکی جودا وێنەسازی و هێما بەکاردەهێنن بۆ یادکردنەوەی ڕووداوەکانی وەک: شەڕ، جینۆساید، یان کارەساتی سروشتی، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەلایەن نەوەکانی داهاتووەوە یادیان دەکرێتەوە. ئەم فۆرمە شیعرییە ڕێگە بە بیرکردنەوە بۆ ئازارەکانی مرۆڤ و خۆڕاگری و وانە ئەخلاقییەکانی ئەم ڕووداوانە دەدات، دەبێتە میدیایەکی بەهێز بۆ یادەوەریی بەکۆمەڵ و شوناسی کولتووری.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە چۆن شیعر وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی یادەوەری مێژوویی و پەروەردەکردنی ناسنامەی کولتووری و پێشخستنی تێگەیشتن لە ئازارەکانی مرۆڤ خزمەتدەکات. توێژینەوەکە بە شیکردنەوەی چۆنیەتی بەزیندووهێشتنەوەی کۆمەڵکوژیی ئەنفال لە شیعردا، تیشکدەخاتە سەر تەکنیک و ڕۆڵی شیعر لە دارشتنی یادەوەری بەکۆمەڵ و پێشکەشکردنی تێڕوانینە ڕەوشتییەکان، دڵنیای دەدات لەوەی کە نەوەکانی داهاتوو بیر لە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەکەنەوە و فێردەبن.

توێژینەوەکە وەک ستراکتۆر لە پێشەکی و دەروازەیەک و (سێ) بەش پێکهاتووە، دەروازەی توێژینەوەکە خراوەتە خزمەت پەسنی چەمکی شیعر و ئەنفال و پەیوەندیی کاریگەریی ئەمدوانە. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی شیعر لە یادەوەری کولتووری و ئاوەزمەندیی شاعیر و پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو و بە (٣) خاڵ ئەم ڕۆڵەی شیکردوەتەوە. بەشی دوەمی توێژینەوەکە وەک تەواوکاری و پێکەوە بەستن لەچوارچێوەی ڕۆڵی شیعر لە یادەوەریی کولتوویی و ئاوەزمەندیی (هەلاج) و بەشداری دەقی (پەیکی سەرابستان) لە

پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکان- ئەنفال، تێیدا جگە لە خستنەڕووی تراژیدیای ژیانی شاعیر؛ هاوکات بە (٤) خاڵ پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکان و گرنگی بۆ نەوەکانی داهاتوو باسکراوە. بەشی سێیەمیش خراوەتە خزمەت: تەکنیکی شیعریی و پێکهاتەی گێڕانەوە لە "پەیکی سەرابستان" و بە (٤) خاڵ؛ مێتافۆر و وێنەسازی و ڕیتم و سیمبۆلیزم و زمانی ئازاری وەک تەکنیکی شیعری دەقەکە خستوەتەڕوو. لەگەڵ خستنەڕووی ڕاسپاردە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بە فۆرمی زانستی.

**دەروازە:**

**وێناکردنی زەبروزەنگی مێژوویی و کاریگەریی کۆمەڵکوژیی ئەنفال و نوێنەرایەتیکردنی لە فۆرمی شیعریدا:**

**شیعر:**

"شعور و هەستی مرۆڤە و هونەرێکە؛ بە وشە و وێنە بەکاردەهێنێ بۆ گەیاندنی پەیامێکی سۆزداری و ئەزمونی ناخی مرۆڤ بەشێوازێکی زمانیی تایبەت"(القيرواني، ١٩٨١: ١١٢) و (الجرجاني, ١٩٥٤: ٧٥) گومانیش لەوە نییە، ئەم هەستە بەرئەنجامی بینینی ڕووداوێک و خۆزگەیەکی پەنگخواردو و بەدینەهاتووی ناخی شاعیر دێتە بوون، کە دواجار ئەم لێکەوتانە دەبنە گێڕانەوە و گەواهیدەرێک بۆ ڕووداوگەلێک کە شاعیر بینیویەتی و بە تریفەی پەیڤی جوان و بە زمانێکی سەروێنەیی شیعری بۆ وتوون.

تێگەییشتن لە ئەدەبی کورد باشترین بەرگیریی و خزمەبە بە شوناسی، ئەدەبی ئەم نەتەوەیە کە شیعر شابالیەتی، گەواهی دەرێکی زیندووی کوردناسییە، چونکە لە کۆنتێنتدا مێژوو بەیاندەکات، ئایین دەخاتەڕوو، نیشتمان شیرین دەکات، کۆمەڵگەی پێکەوەژیان دەناسێنێ. لاپەڕەکانی دیرۆکی ئەم نەتەوەی ئێمە گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن، کە چەندین جار کورد کردەی کۆمەڵکوژیی بەرانبەر کراوە، هەر لە "بۆردومانی ناوچەکانی جولانەوەی (شێخ ئەحمەدی بارزانی) لە (١٩٣٢) و هێرشی (فازڵ پاشای داغستان) کە ساڵی (١٩٠٧) بەناوی عوسمانییەکانەوە کردیەسەر بارزانییەکان بەمەبەستی لەناوبردنیان، تا دەگاتە دیارترین

کردەی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان، کە هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بوو لە (٢٠١٤) "(هونەر و گۆران و سۆران و هەژار، ٢٠٢١: ٧٢)، ئەم ڕووداوانەی گەلی کورد هەمیشە وەک برینێکی بێ هەتوان بە جەستەیەوە بووە. کۆمەڵکوژیی (ئەنفال) و پێشتر ڕووخانی دەسەڵاتی میرنشینی بابان و... لە سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی شێخ مەحمود و مەلا مستەفای بارزانی و قازی محەمەد و...، دواجار شیعر دەبێتە گەواهیدەری بیر و ژینی سیاسیی و ئەمانە دێنە بەردەستی ئێمە. چونکە "شاعیری کورد لەگەڵ کێشە و گیروگرفتەکانی سەردەمی خۆیدا دەستەپاچە نەبووە و هەوڵیداوە یادەوەری ڕابردوو لە ئێستادا زیندوو بکاتەوە، بۆنموونە (ئەنفال) شاعیری بۆ زەمەنی ڕابوردوو بردووە و لەمێشکی خۆیدا ئەو سروود و گۆرانییانەی ساڵەهایە مێشکی ئازارداوە هەڵیوەشێنێتەوە و ئاراستەیەکی پێچەوانەی بداتێ"(پ.ی.د. مەریوان و پ.ی.د. عطا، ٢٠١: ٣٣٨). هەروەک زۆر ڕووداوی مێژووی تری وەک (ڕۆژە ڕەشەکە، لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکە، لەسێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران و...) هەموو ئەم ڕووداوە مێژووییانە شاعیران لە شیعردا هێشتویانەتەوە .

**ئەنفال:**

ئەو کەلوپەل و دەستکەوتانەبوو، کە موسڵمان دەستی دەکەوت لە جەنگ دژی بێباوەڕان، ئەمە دەبێتە پەسن بۆ (ئەنفال). لە قورئانیشدا واتە هەمو دەستکەوتەکان هی خوا و پێغەمبەرن: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡأَنفَالِۖ قُلِ ٱلۡأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾ ﴿الأنفال : ١﴾... ئەنفال وەک زاراوە؛ عەرەبییە و "لە پێش ئیسلامیش ئەم چەمکە هەبوە لەناو عەرەبی دەوارنشین و خێڵەکیدا؛ بەمانای تالانی جەنگ بەکارهاتوە"(هیوا و گۆران، ٢٠١٤: ٨) بەڵام ئەم چەمکە بۆ ئێستە گونجاوە پەسنبکرێت بە "هەڵمەتێکی سەربازیی و زنجیرەیەک هێرش و پەلاماری چڕبوو لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ئەنجامدرا لە لایەن سوپای عێراق (حیزبی بەعس) بە سەرۆکایەتی (سەدام حوسێن) کە هەشت پەلاماربوو لە بەهاری (١٩٨٨) دەستیپێکرد و لە پاییزی

هـەمـان سـاڵ کـۆتـایـی هـات"(حـەمـەدئـەمین، ٢٠١٩: ١١٣) و (ابراهیم، ٢٠٢١: ٤٧٨)، ئـامـانجی هەڵمەتەکە نەهێشتنی خەباتی کورد و وێرانکردنی گوندەکانی بوو، ئەم ئۆپەراسیۆنە لە خراپترین تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە مێژووی نوێدا دادەنرێت. قورسـی تـاوانـەکـە و وێرانکردنی سـەروماڵی کوردەکان، لـە هـەنـاوی قـورئـانـەوە دەمانگەیەنێتەوە سـەر ئەو پەسنەی کـە دەگوترێت "ئـەنفـال کۆمـەڵـە موڵکێکـە کـە کـەسـی تر نییـە، خاوەنداریتییان بکات!"(صـادقی، ٢٠٢٢: ١٧٥)بۆیـە ئـەوان هـاتن و خـاوەنـدارێـتـیـیـان کـرد و هەمووشتێکیان برد!

**ئەنفال و شیعر:**

ئـەنفـال وەک ڕووداوێکی مرۆیی سـەدەی بیسـتەم، جگە لە ژانەرە ئەدەبییەکانی تر، شـیعر ئاوێنەیەکی ڕوون بووە بۆ ڕەنگـدانـەوەی و کاریگەرییەکی قووڵی لە ئاوەزمەندی تاکی کوردا جێهێشتوە و "توانیویەتی وێنـەیەکی تراژیدیی پڕ هونەرییمان بۆ بکێشـێت"(مەحمود، ٢٠١٤: ١٠٥) ئـەم کۆمـەڵکوژییـە لە فۆرمی شـیعرییدا وەک سـەکۆیەکی گرنگ کاردەکات بۆ پاراسـتنی یادەوەریی قوربـانییەکـان و گەیـانـدنی ئەو وێـرانـکـاریـیە سـۆزداری و کولتوورییەی کە کۆمەڵگەی کورد ئەزموونی کردووە.

**بەشـی یەکەم: ڕۆڵی شـیعر لە یـادەوەریـی کـولـتـووریـی و ئاوەزمەندیی هەلاج-دا**

**بەشـداری دەقی (سـەرابسـتان) لە پاراسـتنی ڕووداوە مێژووییەکان و گرنگی بۆ نەوەکانی داهاتوو:**

هـەلاج، نـاسـنـاوی شـاعیرێکی سـەرسـپی دڵ پڕ لە حەسـرەتی گەرمیانییە، ناوی "سـاڵەح عزەدین فارسـە و لە (١٩٥٤) لە گوندی (عـەلیـانی) نـاوچـەی گـەرمیـانی باشـووری کوردسـتان لەدایکبووە، هەلاج (١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگە لە هەرێمی پێنجی قەرەداخ. لە (١٩٨٧) لـە گوندی (کـانی عوبێد) دایـک و برایـەکی بـە بۆردومـانی فرۆکـە شـەهیددەبن. لە سـاڵی (١٩٨٨) حەوت منداڵ و خێزانەکەی ئەنفال دەکرێت("هـەلاج، ٢٠١٣: ٣٣٧) زیاتر لـە (دە) بـەرهـەمی بڵاوکراوەی شـیعریی و مێژویی و ئـەدەبیی هەیە.

هەولێرنامەی کتێب

لەدەســـتدانی خێزان و منداڵەکانی کــاریگەرییەکی قووڵی لەســـەر بەرهەمە شـیعرییەکانی جێهێشـتوە، گلەیی بەخت و پەسندانی جیهان بە کــەڕولاڵــی و هــەژانــی عــەرش دەخزێنێتە نێو شـــیعر و لێکدابڕانی خۆی و خێزانەکەی وێنادەکات:

"شیرینەکەم
کاتێ کەوتنە ناو زریانی ئەنفالەوە
ئەنفالی دوورگەی وەحشیان
دوورگەی تاوان...
کۆرپەکانت گرتە ئامێز،
وەک یەک لاشە و حەوت هەناسە
قرچەقرچی ئێسکەکانتان
جیهانی کەڕ
جیهانی لاڵ
جیهانی گێلی ڕاچەڵەکان
هەتا عەرشی خویشی هەژان"(هەلاج، ٢٠٠٨: ٢٢-٢٣)

شــاعیر لە ڕێگەی شــیعرەکانییەوە ڕۆڵێکی چارەنووسـاز لە پاراسـتنی ڕووداوە مێژووییەکان دەگێڕێت. بە نووســـینی چیرۆکە تراژدییــەکـانی کۆمەڵکوژی ئەنفال، باسـێکی قووڵی خودیی و ســـۆزداری لەبــارەی دڕندەییەکانەوە پێشکەشدەکات.

هەلاج تەنها خەمی خێزانەکەی خۆی نــەگرتــوەتــە کــۆڵ و چــیرۆکــی ئــەنفـالکردنی ئــەوان نـاگێڕێتـەوە، خەمی لەدەســـتدان و چاوەڕوانی و نـاســـــۆری دووری هــــەمــوو کەســـوکارێکی ئەنفالە و بەهۆیەوە دەقی (سـەرابستان) دەهۆنێتەوە، کە باس لـە چیرۆکی نێوان (مریـەم و ئـەنوەر) دەکـات، کـە چۆن "مریـەم ساڵەح پاش ئەوەی لە ئەنوەرە سابیر مـارەبڕدەکـەن و لـە ئـانوســـــاتی گواســـتنەوەدا دەبن و ئەنوەر بەر شاڵاوی گرتن و گواستنەوە دەکرێت و دەبرێت، لەملایشـــەوە مەریەم بە درێژایی ژیانی ڕۆژی دەژمارد و لە چاوەڕوانیی ئەنوەری دابوو، ســــا بــەڵـکـو بـێـتـەوە، لــەگــەڵ ئــەم چاوەڕوانییەیدا ئەو جلەبووکێنییەی کــە بــۆی ئــامــادەکـرابــوو بــۆ گواســـتنەوەکەی هەر هێشـتبویەوە. ســـەرئەنجام ئەنوەر ئەنفال دەکرێت و مــەریــەمــی پــاکــیـزەیش بــە جلەبووکێنێتییەکەیەوە لە چاوەڕوانی و حەسرەتی دووریی ئەنوەردا گیان دەســـپێرێت"(عومەر، ٢٠٢٣: ٣٠٨)

هەلاجی شـــاعیریش بەمشـــێوەیە چیرۆکی چاوەڕوانی ئەو دوانەی لە شیعردا هێشتوەتەوە:

"خودایە ئەم دوعایەم لێ قەبووڵکە
بمکە بە (با)

ئەم مەملەکەتی خرۆشـــانی پڕ لە
سۆزەم
ئەم پەیکی پڕ حەسرەتانەم
لەم قەفەسی پڕ لە عەشقە-
چاوەڕوانی، سەر هەڵگرم و
بێ پەســـاپۆرت تا بڕۆمە حزووری
ئەو.
خودایە ئەم دوعایەم لێ قەبوڵکە
بمکە بە فەرشێکی سوور و
لە بەر پێیدا
بۆ چەند ساتێک لە کۆشمدا
ئۆقرە بگرێ.
پەلکەکانم سپی بووە
گرێ گرێی خەم و ژانی هەڵگرتووە
لە سەر ڕێگاکەی سەفەرتا
وەرزەکانم دابەشکردووە
بە دەم سۆز و ئەندێشەوە
لەبەر کزی چرایەکدا
بەگریانی و لاوانەوە و
بە دوعاو و پاڕانەوە
باچیتر خەم نەمکوژێ
چاوەڕوانی کەنەفتی کردووم
بە لۆچەکانی ڕوومەتمەوە دیارە
ئەم تـارایە زەمەنێکە لەم بوخچەدا
چاوەڕوانە
جلەکانی بووکێنیەکەم
لە دۆلابێکی تەنەکەدا
چاوەڕوانی هەلاهەلای کردووە

خودایە ئەم دوعایەم لێ قەبووڵکە
بمکە بە (بـا) " (هـەلاج، ٢٠١٢: ٤٢-٤٥)

لە هەناوی ئەم دەقەشـــیعرییە؛ بۆ پاراســـتنی ڕووداوە مێژووییەکان و گرنگی بۆ نەوەکـانی داهـاتوو. ئـەم خـاڵانـەی خوارەوە پردی پەیوەندی نێوان چیرۆکەکە و دەقەکەن:

١- پاراستنی کەلتووری:

شـیعر لە مێژە سـەکۆی پاراسـتنی کولتوور و مێژوو بووە، بەتـایبەتی لە ڕووداوە تـراژیـدیـەکـانـدا. شـــیعرەکـانی هەلاج نەک هەر کـەلتووری دڕەنـدەیی بـەعس و ڕووداوەکانی جینۆســـایدی ئەنفال دۆکیۆمێنـت دەکەن، بەڵکو زمـان و دەربڕین و هەســـتی گەلی کورد لە قۆنـاغی ئـەنفالدا دەپارێزن. ئەمەش دڵنیایی دەدات، لەوەی کە شـوناسـی کولتووری و ئەزموونی کورد بە تێپەڕبوونی کات لەدەسـت نەچێت و نەوە بۆ نەوە دەیگوێزێتەوە.

٢- هۆشیاری و پەروەردە:

تیشـــکخســـتنەســـەر دڕندەییەکانی حیزبی بەعســـی عێراقی و هەڵمەتی ئەنفـال، بـە وێنـاکردنی تـاریکی و ڕەنگڕەشی "کە لە مێژووی نەتەوەی کوردا ئەم ڕەنگە واتـای دڵتەنگی و

ناخۆشی و ڕۆژانی ڕەش و تازیەباریی دێت"(سەعید، ٢٠١٦: ١٣٠) بەم فۆرمە نەوەکانی داهاتوو سەبارەت بەم بابەتە تاریکە لە مێژوودا پەروەردە و ئاوەزمەند دەکات.

٣- چارەسەری کۆمەڵایەتی:

شیعر دەتوانێت وەک فۆرمێکی چارەسەریی بۆ شاعیر و هەم بۆ کۆمەڵگە خزمەت بکات. دەقی (سەرابستان) ڕێگەدەدات بە ڕزگاربووان و نەوەکانی کەسوکاری ئەنفال کە ئەزموونەکانیان لە کاروچالاکییەکانیان ڕەنگدانەوەی ئیجابی هەبێت، ئەمەش هەستێکی هاودەنگی و ماتەمینی بەکۆمەڵ چێ دەکات. ئەم لایەنە کۆمەڵایەتییەی شیعر دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پرۆسەی ساڕێژبوونی ئازار و خۆگونجاندن لەگەڵ خەمی ڕابردوودا.

٤- خۆڕاگری:

شاعیر لە ڕێگەی ئەم دەقەشیعرییەوە بەماکیاژکردنی ڕووی مەریەم لە لۆچی ڕوومەت و قژی سپی و چاوەڕوانی تەمەن؛ نموونەی بەرخۆدان و خۆڕاگریی لە بەرانبەر هەوڵەکانی سڕینەوەی گەلی کورد و مێژووەکەیدا دەهێنێتەوە. بەم کردەخۆڕاگرییە نیشانی دەدات، کە سەرەڕای ئەو ترسناکییانەی ڕووبەڕوویان بووەتەوە، ڕۆح و ناسنامەی کوردبوون؛ بەرگەی دەگرن.

**بەشی دووەم: ڕۆڵی شیعر لە یادەوەری کولتووری و ئاوەزمەندیی شاعیر و پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو:**

شیعر وەک پاژێک لە ئەدەبی کوردی؛ لەمێژە بەردی بناغەی دەربڕین بووە، وەک پردێک لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا خۆی نواندوە و "وێنەی ژیانی ڕاستەقینە و ئەو ژیانەی کە شاعیر دروستیدەکات، کێشاوە. کە بریتیبووە لە قسەی جوان و باسی ژیانی نەتەوە و نیشتمان و شارستانیەت و مەنیەت"(خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٥٦)، ئەم هەگبەقووڵە کە یادەوەری کولتووری و ئاوەزمەندیی شاعیران لەخۆدەگرێت، بەشداری کارای کردوە لە پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکان و دڵنیایی دەدات کە ئەم ڕووداوانە بە زیندوو و

بگەیەنیتە نەوەکانی داهاتوو لە ڕووی:

١- یادەوەری کولتووری و ئاوەزمەندیی شاعیر:

یادەوەری کولتووری واتە یادکردنەوە بۆ کۆمەڵگەیەک، کە بەها و نەریت و ئەزموونەکانی لەخۆدەگریت. (تایلەر) بەمشێوەی پەسنکردوە: "گەشتێکی ئاڵۆزە کە زانین، باوەڕ، هونەر، ئەخلاق، یاسا، دابونەریت و هەر توانا و خوویەکی دیکە لەخۆدەگریت، کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا بەدەستیهێناوە" (Tylor,١٨٧١:١) ئەم پێناسەیە بناغەی تێگەیشتنی مۆدێرن لە کولتوور لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیدا دەگرێتەخۆ و شیعر لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵێکی گرنگی دەگێڕێت، چونکە جەوهەری ئەم یادەوەرییانە دۆکیۆمێنت دەکات بۆ ژانرێکی ئەدەبی، کە بەئاسانی لە نێوان نەوەکاندا بگوازرێتەوە. وەک هەلاج لە (پەیکی سەربستان)دا بە بەکارهێنانی (چرا) و (بۆخچە) و (دۆلابی تەنەکە) کە کەرەستەی کۆن و هێمایەکی ناسینەوەی کەلتوری کوردی (گەرمیان)یین، مینتاڵتی لە توانای گۆڕینی ئەو یادەوەرییانەدایە بۆ دەق، بەرهەمێکی دروستکردوە، کە هەم لەسەر ئاستی سۆزداری و هەم لە ئاستی فیکریدا دەنگدانەوەی چێکردوە لەگەڵ جەمسەری سێهەم (خوێنەر)دا.

٢- بەشداریکردن لە پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکان:

بەشداری شیعر لە پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکان ناتوانرێت زیادەڕەوی تێدابکرێت. بە پێچەوانەی تۆمارە مێژووییە تەقلیدییەکانەوە کە دەکرێت لایەنگری تێدابووبێت، لێ شیعر گرنگی بە گێڕانەوەی ڕاستییەکان دەدات، بۆ نموونە (گۆران ١٩٠٤-١٩٦٢) کە بەشیعری (هەڵۆبەگ) ڕوویەکی ڕۆژی (٦)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٣٠) وێناکردووە و بە شیعر دەگێڕێتەوە: "میری ئەوکات بۆ قەتڵ و عام هاتبوو و دەستپاریزیی نەکرد و لەم کاتەدا یەکەم گوللە لە ڕانی (هەڵۆ بەگ) و دوەم گوللە لە دەستی دا"(بابان، ١٩٨٥: ١٨٠-١٨١) ڕاستی ڕووداوێکی گێڕاوەتەوە، جا لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە و لەسێدارەکانی شێخ سەعیدی پیران و شیعری نەورزی پیرەمێرد و...

کتێبخانەی هەولێر

هاوشێوەن لە مێژوودا و بە شیعر ئەو مێژوە ڕاگیراوە و هێڵراوەتەوە. پەیکی سەرابستانی هەلاجیش، کۆمەڵکوژیی ئەنفال لە ڕێگەی چیرۆکی کچێکی گەنج (مریەم)ەوە، کە چاوەڕێی دەزگیرانەکەی (ئەنوەر) دەکات، کە دواجار ئەنفال دەکرێت، ژیانی پێدەبەخشرێت. شیعرەکە تەنیا ڕووداوەکە ناگێڕێتەوە؛ ئەو خەم و خەسارە بەکۆمەڵە لەخۆدەگرێت، کە گەلی کورد ئەزموونی کردووە .

٣- گرنگی بۆ نەوەکانی داهاتوو:

بەعس، لە پرۆسەی ئەنفالدا تەنانەت منداڵ و مێرمنداڵەکانیشی زیندەبەچاڵ دەکرد، بۆ ئەوەی شایەتحاڵێک نەمێنێتەوە بۆ داهاتوو درندەیی ئەو تاوانە بۆ نەوەی نوێ بگێڕێتەوە. چونکە هەر لەوکاتەی کە "(میشێل عەفلەق) حیزبی بەعسی دامەزراند، گرنگی تەواوی دەدا بە لاوان و پەروەردەکردنی منالان بۆ خزمەتی بەعس و پاراستنی داهاتووی عەرەب"(عیسا، ٢٠٠٤: ١١٣) دەیزانی کە ئەم جیلە دواتر مێژووی سەربازی عێراق دەپارێزن و ڕووداوە مێژووییەکان دۆکیۆمێنت دەکەن. ئێستە لە ناو کورددا جێی سەرنجە نەوەی نوێ لە لاوان و گەنجان هێندە ئاگاهی ئەو کردە کۆمەڵکوژییەی نەتەوەکەیان نین و دەکرێت شیعر ئەم هیوایە بگەڕێنێتەوە بۆ پاراستنی هەگبەی مێژوویی پڕ کارەساتباری. شیعر تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ میراتی کولتووری کورد دێنیتەبوون. هەستی داناسین بۆ ناسنامە و شوناس پەروەردە دەکات بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەوان نەک هەر لەبارەی ڕابردووەوە بەڵکو لە شوێنی خۆیان بە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە شیعرێک کە بەرئەنجامی چیرۆکێکی نێوتاوانەکانی ئەنفال هاتوەتەبوون؛ گێڕانەوەی بەردەوامی کولتوورەکەیان فێردەبن.

## بەشی سێیەم: تەکنیکی شیعریی و پێکهاتەی گێڕانەوە لە "پەیکی سەرابستان"

تەکنیکی شیعر "کۆمەڵێک ئامراز و میتۆدە کە شاعیر لە داڕشتنی شیعرێکدا بەکاریدەهێنێت، وەک بەکارهێنانی ریتم، وێنەسازی، مێتافۆر، دووبارەکردنەوەی دەنگ و تەکنیکە هونەریەکانی دیکە، کە مانا بەرزدەکەنەوە و کاریگەرییەکانی

شـــیعرەکە زیـادەکەن"( Team, ٢٠٢٤). کەواتە "تەکنیکی شـــیعری خزمەت بە وروژاندنی هەســـت و تیشـــکخســـتنە ســـەر دەربڕین و شـــێوازی شـــاعیر دەکات"(قحطان، ٢٠١٧: ٩٩)

ئەو تەکنیکە شـیعریانەی کە شـاعیر لە گـێـڕانەوەی شـــیـعـریـدا بەکاریدەهێنێت، بەپێی ئەو شـــێوازە شـیعریی و قوتابخانە ئەدەبییەی کە پەیڕەوی لێدەکات جیاوازن، چونکە لـە بنـەڕەتـدا "گێڕانـەوە فۆرمی ناوەڕۆکە و بەپێی ئەو ناوەڕۆکە بـاس و ڕووداوەکـان بـە خوێنـەر دەگات"(د. دیار و م.ی.سالار، ٢٠١٧: ٢١) لێ بەگشـــتی دەتوانرێت ئاماژە بە کۆمەڵێک تەکنیکی شیعری گرنگ لە گێڕانەوەی شـــیعریدا بکرێت، کە هەلاج لە دەقی (پەیکی سـەربستان) کە واقیعە دڵتەزێنەکانی جینۆسایدی ئەنفال لەخۆدەگرێت، گرنگیی پێداوە:

١- میتافۆر: "بەشـــێکی دانەبڕاوە لە زمان، چالاکیی تایبەتی زمان چڕتر دەکاتەوە و دروسـتکردنی واقیعێکی نوێ لەخۆدەگرێـت"(عبـدالحیمـد و جلیل و محمدرضا، سال سیزدهم، ٢٠٩) لـێرە هـەلاج ئەم تەکنیکـە چڕدەکاتـەوە لە بەراوردکردنی دوو شـــت بۆ زیادکردنی مانای زمانیی تر .

خودایە ئەم دوعایەم لێ قبوڵ کە بمکە بە (با)

(با) وەک پێکهاتەیەکی ســـروشـــت بـەکـاردەهـێنـێـت بـۆ ئـازادی و سـەربەسـتی، (بـــا) دەتوانێ بەبێ پاســـپۆت و بێ لێپرســـینەوە و ڕێگریی لێکردن سەفەربکات و بگاتە هـەر جێیەک، کە بیەوێت کە ڕۆڵی بەکەســـکردنی پێدراوە. هـەروەک (پەلکی سپی بۆ چاوەڕوانی و لۆچی ڕوومەت و دابەشـــکردنی وەرز بۆ تەمەنی چاوەڕوانی و...

٢- وێنەســـازی: ئەم تایبەتمەندییە "پشت بە خەیاڵ و هەست و هەم بە ئـەعـەقـڵ و ڕۆشـــنـبـیـریـش دەبەسـتێت"(ئەسـوەد، ٢٠١٥: ٤٠٦) ئـەوەی لـە خـەیاڵدانی هـەلاجـە لـە پەیکی سـەرایستان، وێنەیەکی ڕەشە کـە لـە فرێمێکـدا شـــاعیری قەتیسـکردووە و دۆخێکی دەروونی شـــلەژاو بە نزاوپاڕانەوە بەخەیاڵ واقعی چیرۆکی دابڕانی بـەهـۆی مەرگەســـاتی ئەنفالەوە گێڕاوەتەوە، کە کاریگەرتر لەوەی بەڕاســـتی دێتە بەرئاوەزی خوێنەر.

هەولێرنامەی کتێب

٣- ریتم (ئاواز): لە شیعردا "حاڵەتێکی دیاریکراوە و ناوبەناو دووبارەدەکرێتەوە) "ی.م. لۆتمان و:ئەنوەر، ٢٠١٩، ٩٢) بەشێکی دیاری سیگۆشەی شیعرییە و کارامەیی شاعیر دەردەخات. چونکە شاعیر بەشێوەی هاوچەرخ شیعرەکانی هۆنیوەتەوە، لێرە ئاواز دەبێت "گرنگی بە جوانکردنی وشە و هێزی وشە و گوزارەی نوێ بۆ وشە و دووبارەکردنەوی وشە و بەکارهێنانی وشە بۆ چەند واتای دوور لە واتای بنچینەیی بدات"(عومەر، ٢٠٢٢: ٧٧-٧٨) لای هەلاج ئەم ئاوازە هەوڵدانە بۆ سارێژکردنی ئازار و ئازادی مرۆڤ، یاخیبوونە لەو واقعەی کە هەیە.

خودایە ئەم دوعایەم لێ قەبووڵکە
بمکە بە (با)...

ئەم عەقڵانییەتە لای هەر شاعیرێک و بەپێی ئایدۆلۆجیای خۆی پرۆگرامێکی تایبەتیی هەیە و لای هەلاجیش لە رێگەی لە دووبارەبوونەوەی پیت و وشە و نیوەدێڕ لە سەرەتا و کۆتایی دەقەکەدا تاریکی ژیان و دەنگی پەنگخوارد و هاواری کپ کراو دەنووسێت.

٤- سیمبۆلیزم (هێماگەری): ئەم چەمکە "پشت بە ئیحا دەبەستێت و ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە لایەنە سایکۆلۆجیە پەنهانەکان دەکات، لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە زمان ناتوانێ دەریان بڕێت"(ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٩٩)، کەواتە کاتیک هەلاج دەڵێت:

ئەم مەملەکەتی خرۆشانی پڕ لە سۆزەم
ئەم پەیکی پڕ حەسرەتانەم
لەم قەفەسی پڕ لە عەشقە-
چاوەڕوانی، سەر هەڵگرم...

پێی وایە واقع ناتوانێت ئامانجەکەی دیاربکات، خواستنی ڕزگاریی بۆ بدەیبهێنێت، بۆیە پاڵنەرە سایکۆلۆجییەکانی ئەنفال پاڵ بە هزرییەوە دەنێن، کە پەنادەباتە بەر جیهانی پڕ ئایدیاڵی کە بەخەیاڵ وێنای کردووە، بۆیە (پەیکی سەرابستان) هێمای فڕینە لە جیهانی تاوانکاری و بەعسیزمی و ئاواخواستنە بۆ دنیایەکی ئازاد .

**ئەنجام:**

١. ئەنفال وەک ڕووداوێکی مرۆیی سەدەی بیستەم، جگە لە ژانەرەئەدەبییەکانی تر، شیعر

ئـاوێنـەیـەکی ڕوون بـووە بـۆ ڕەنگدانـەوەی و کـاریگـەرییـەکی قووڵی لە ئاوەزمەندی تاکی کوردا جێهێشـتوە. توانیویەتی بەشـیعر وێنەیەکی تراژیدیی پڕ هونەرییمان بۆ بکێشـێت ئەم کۆمەڵکوژییە لە فۆرمی خویدا وەک سـەکۆیەکی گرنگ پێشـانبدات بۆ پاراسـتنی یادەوەریی قوربانییەکان و گەیاندنی ئەو وێرانکـارییە سـۆزداری و کولتوورییەی کە کۆمەڵگەی کورد ئەزموونی کردووە.

٢. پەیکی سـەرابسـتان؛ تیشکدەخاتە سەر ئەو ڕۆڵە چارەنووسسازەکە شـیعری کوردی لە پاراسـتن و گەیـانـدنی چیرۆکەکانی ئەنفـالـدا دەیگێڕێـت. لە ڕێگەی شـیعرەوە گرنگی سـۆزداری و مێژوویی ئەم ڕووداوە دڵـتەزێنە بـە نـەمریی دەهێڵێتـەوە، دڵنیـاییش دەدات، کە نەوەکانی داهـاتوو لەو کـاریگەرییە قووڵە تێبگەن، کە لەسـەر گەلی کـورد هەیـبـووە. ئەم گـێڕانەوە شـیعرییانە نەک هەر وەک فۆرمێک لە بەرگیری بەڵکو وەک پاراسـتنی کولتووری شـوناس و یادەوەریی کوردیش خزمەتدەکەن.

٣. شـیـعری حەلاج لە هـەنـاوی جینۆسـایدی ئەنفالەوە؛ کولتوور و شـونـاسـی کورد دەپارێزێت، نەوەکـانـی داهـاتـوو لەبـارەی دڕنـدەیـیەکـانـی بەعسـەوە پەروەردەدەکات. شـیعرەکانی لە ڕێگەی مـاتەمـینـی بەکـۆمەڵ و هاودەنگی چارە پێشـکەشـدەکەن، هاوکات خۆڕاگریش نیشـاندەدەن، نیشانی دەدەن، کە ڕۆح و شوناسی کورد سـەرەڕای ئەو ترسناکییانەی بەرگەی گیراوە، بەهێز ماونەتەوە.

٤. گـێڕانەوەی شـیـعریی حەلاج سـەبارەت بە جینۆسـایدی ئەنفال، تەکنیکەکـانی وەک مـێتـافـۆر، وێنەسـازی، ڕیتم و هێماسـازی بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی هەسـت و سـۆزی قووڵ و ئـازارەکـانی مرۆڤ. مێتـافۆرەکـان، وەک بـای هێمای ئازادی و وێنەسازیی بەهێز، تێگەیشتنی خوێنەر بۆ کارەساتەکە بەرزدەکەنەوە، لە کـاتێکـدا ڕیتم مۆسـیقـاگەرایی دەهێنێتە نـاو یـاخـیـبـوونـی لە واقـیـعە ستەمکارەکانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

٥. بەکارهێنانی هێما و دەربڕینی ناڕاستەوخۆ، لایەنە دەروونییە شاراوەکان و ئارەزووی ڕزگاری دەکۆڵێتەوە. حەلاج بەکەڵکوەرگرتن لەم تەکنیکانە مانای وشەیی تێدەپەڕێنێت، بەرخۆدان و حەسرەتێک بۆ ئازادی لە دەرەوەی سنووری دڕندەیی بەعس دەردەبڕێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

- **قورئانی پیرۆز.**

**یەکەم: زمانی کوردی**


١. پ.محمد احمد سعید، ٢٠١٦. *شیکاری دەق*. مکان غیر معروف:چاپخانەی تەژنە.

٢. پ.ی.د. مەریوان عمر حسن و پ.ی.د. عطا رشید حسن، ٢٠١٧. ڕەنگدانەوەی تراجیدیای ئەنفال (جینۆساید) لە شیعری. *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، المجلد ٧٨، .pp ٣٢٩-٣٥٥.

٣. جمال بابان، ١٩٨٥. سلێمانی و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی لە هۆنراوەی شاعیرەکانمان. *گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)*، بەرگی سیازدەهەم (١٧٩).

٤. حەمەدئەمین، هاشم یاسین، ٢٠١٩. ئاکامەجوگرافییەکانی پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد ئەنفالی چوار وەک نموونە. *گۆڤارا زانکۆیا دهۆک*،

٥. د. دیار فایەق مجید و م.ی. سالار فایەق مجید، ٢٠١٧. بونیادی زمان لە گێڕانەوە مەرگەساتی ئەنفال لە ڕۆمانی (هێلانە)ی (حسێن عارف)دا. *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، المجلد Conference Paper، .pp ٢٠-٣٩.

٦. د.عەبدوڵڵا ئاگرین، ٢٠١٣. *دیوانی شیعری محەمەد ساڵح دیلان*. چاپی دوەم المحرر هەولێر: چاپخانەی چوارچرا.

٧. د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١٥. *فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستەمرۆڤایەتییەکان*. چاپی یەکەم المحرر ئێران: چاپخانەی تاران.

٨. د.ئەلبێرت عیسا، ٢٠٠٤. *خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی*

مێژوویی. مکان غیر معروف:چاپخانەی روون.

٩. دکتۆر مارف خەزنەدار، ٢٠٠١. *مێژووی ئەدەبی کوردی-بەرگی یەکەم*. چاپی یەکەم المحرر هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

١٠. دکتۆر مارف خەزنەدار، ٢٠١٠. *مێژووی ئەدەبی کوردی(بەرگی سێیەم)*. چاپی دووەم المحرر هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

١١. ساڵەح هەلاج، ٢٠٠٨. *لێک دابڕان*. سلێمانی: چاپەمەنی گەنج.

١٢. ساڵەح هەلاج، ٢٠١٣. مێژووی *شیعر و شاعیرانی گەرمیان*. سلێمانی: چاپخانەی گەنج.

١٣. سەردار مەحمود، ٢٠١٤. *ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا*. چاپی یەکەم المحرر مکان غیر معروف:چاپخانەی یادی.

١٤. شێرکۆ بێکەس، ٢٠١٠. *هەست و نەست*. چاپی یەکەم المحرر سلێمانی: چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٥. کۆسار عومەر، ٢٠٢٢. شیعر *لەژێر ڕۆشنایی ڕاپرسی و فۆرم و بڕیارداندا*. چاپی یەکەم المحرر سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

١٦. کۆسار عومەر، ٢٠٢٣. *چێژان، ئەو چیرۆکانەی کە شیعریان لێ بوو*. سلێمانی: چاپخانەی پاندا.

١٧. مەلاعەبدولکەریمی مدەریس و فاتیح مەلاکریم و محەمەدی مەلاکریم، و: ئاریان سدیق، ٢٠١٥. سلێمانی: بنکەی ژین.

١٨. هونەر امین حسن و گۆران سلام محمد و سۆران زاهر عبدالله و هەژار هوشیار مهدی، ٢٠٢١. پاڵنەرەکانی دەستپێکی تاوانی ئەنفال (چەمی زەنگەنە بەنمونە). *گۆڤارا زانکۆیا دهۆک*، پەربەندا:٢٤(ژمارە:١)، pp.٦٧-٨٩.

١٩. هیوا، ئەنوەر زەندی و گۆران نصردین، ٢٠١٤. *هۆکارەکانی زۆری قوربانیانی ئەنفال لە گەرمیان*. چاپی یەکەم المحرر مکان غیر معروف:چاپخانەی یاد.

٢٠. ی.م. لۆتمان، و:ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٩. *شیکاری دەقی شیعری بونیادی شیعر*. چاپ یەکەم المحرر ئێران: چاپخانەی تاران.


**دووەم: زمانی عەرەبی**

١. ابن ر شيق القيرواني، ١٩٨١. *العمدة في محا سن ال شعر وآدابه*. بيرت: دار الكتب العلمية.

٢. حـ بـ يب ا برا هـ يم، ٢٠٢١. مو قف الـ صحا فة ألاوروبـ ية من جرائم إلا بادة الجماعية ضد الكورد في إقليم كورد ستان العراق-ألاذ فال نموذ جا. *مجـ لة جا معة دهوك*، المجـ لد: ٤٢، (العلوم االنـ ساذ ية واالجتماعية)(العدد: ١)، pp. ٤٧٥-٤٨٩.

٣. عـ بدال قادر الجر جاني، ١٩٥٤. *دلا ئل الإعـ جاز في علم الـ معاني*. الـ قاهرة: دار المعارف.

٤. محمود قحطان، ٢٠١٧. *أساسيات الشعر وتقنياته*. طبعة الاولى المحرر البيروت: مؤ سسة الأمة العربية للنشر والتوزيع.

**سێیەم: زمانی فارسی**

١. حسن صادقی، ٢٠٢٢. بررسی تطبیقی آیه انفال از دیدگاه مفسران فریقین. *مطالعات تفسیر تطبیقی*، سال هفتم، شمارة اول(پیابی:١٣)، pp. ١٧٠-١٨٩.

٢. عبدالحمید صادق پور و جلیل نظری و محمدرضا معصومی، سال سیزدهم. آمیختگی استعاره با پارادوکس در شعر معاصر. *جله ی علمی- پژوهشی شعرپژوهی (بوستان ادب) دانشگاه شیراز*، شماره اول(پیاپی ٤٧)، pp. ٢٠٥-٢٢٤.

٣. یوسف کرمی چمه و سید مرتضی هاشمی و میثم احمدی، ٢٠٢٣. بررسی زبانی شعر دفاع مقدّس. *فنون ادبی*، ١٥(٣)، pp. ٦٣-٨٤.

**چوارەم: زمانی ئینگلیزی**

١. Team، A. T.، ٢٠٢٤. *A Guide to Poetry Analysis: Understanding Poetry Terms & Techniques.* [متصل] Available at: https://www.albert.io/blog/a-guide-to-poetry-analysis-understanding-poetry-terms/ [تاريخ الوصول ١٦ February ٢٠٢٤].

٢. Tylor، E. B.، ١٨٧١. *Primitive Culture: Researches into the Development of Mythology, Philosophy, Religion, Art, and Custom.* london: John Murray.

## الحفاظ على الأحداث التاريخية - مأساة الأنفال في الشــعر الكردي نص (پەيكى سەرابستان) الحلاج نموذجاً


ملخص البحث

يحمل هذا البحث عنوان "الحفاظ على الأحداث التاريخية - مأساة الأنفال في الشعر الكردي نص (پەيكى ســـەرابســـتان) الحلاج نموذجاً والعلاقة بين الاثنين تمثل أساس شعر الشاعر مع مراعاة بيئته وقد قام الـ شاعر بتحليل النص (پـەيكى ســـەرابســـتان) وو صف تقنية الـ سرد القـ صـ صي لهذا النص وقدم مأ ساة الأنفال كحدث تاريخي أ سود. تعتمد الدرا سة على المنهج التكميلي؛ وأ شاد بالـ سرد التحليلي والبناء، وكان نطاق البحث نص اللوحة الـ صحراوية. يتكون البحث من بوابة ومقدمة وثلاثة أقسام، وخصصت البوابة للتعريف بالشعر والأنفال والعلاقة بينهما. خصص الجزء الأول من البحث لدور الشعر في الذاكرة الثقافية ووعي الشاعر والحفاظ على الأحداث التاريخية للأجيال القادمة وتم تحليل هذا الدور في ثلاث نقاط. أما الجزء الثاني من البحث فهو استكمال لدور الـ شعر في الذاكرة والوعي الثقافي (الحلاج) ومشاركة النص (پەيكى سەرابستان) في حفظ الأ حداث الـ تاريخ ية - الأ نفال، بالإضافة إلى عرض تراجيديا يوم من حياة الـ شاعر؛ أربع نقاط تـ شمل الحفاظ على الأ حداث الـ تاريخ ية وأهميتـ ها للأجـ يال القادمة. أما الجزء الثالث فقد خصص لـ ـ: التقنية الـ شعرية والبنية الـ سردية في پەيكى ســـەرابســـتان وبـ ـ (٣) نقاط؛ و يـ قدم ا لـ ا تا فور والـ صور والإ يـ قاع والـ سمبوليزمـية واللغة المؤلمة كتقنيات شعر ية للنص. مع عرض التو صـ يات والنتائج وقائمة المصادر في شكل علمي.



الكلمات المفتاحية: الأنفال، فلاش باك، الذاكرة، السرد، الأسلوب الشعري


هەوڵامەی کتێب

# Preservation of historical events-tragedy of Anfal in Kurdish poetry, for example, the text of Halaj's Peyki Sarabstan

## Abstract

This research is entitled “Preservation of historical events-tragedy of Anfal in Kurdish poetry, for example, the text of Halaj's Peyki Sarabstan” as an Example the relationship between the two. He presents the foundation of the poet's poetry and analyzes the text of the poet's environment and describes the storytelling technique of this text and the tragedy of Anfal as an event It has presented a historical black. The study relies on a complementary method; He praised the analytical and constructive narrative, and the scope of the research is the text of the Peyki Sarabstan. The research consists of an introduction, an gateway and three parts. The introduction is dedicated to praising the concept of poetry and Anfal and the relationship between the two. The first part of the research is devoted to the role of poetry in cultural memory and the poet's desire and preservation of historical events for future generations and analyzed this role in three points. The second part of the research, as a complement to the role of poetry in cultural memory and the participation of the text (Paiki Sarabstan) in the preservation of historical events - Anfal, in addition to presenting tragedy of the poet's life; Four points include the preservation of historical events and their importance for future generations. The third part is devoted to: poetic technique and narrative structure in "Paiki Sarabstan" and with (٣) points; He presents metaphor, imagery, rhythm, symbolism and painful language as poetic techniques of the text. With the presentation of recommendations, results and list of sources in scientific form.

**Keywords**: Anfal, Flashback, Memory, Narrative, Poetic Technique



# خەونی بونیادنانی تاک
# شوناسیی لە عێراق و تاوانی ئەنفال

پ.ی.د. یاسین ئاشوور

هەواڵنامەی کتێب

پرسی دروستکردنی شوناسی نیشتیمانی (national identity)، پرسێکی ئالۆزە، پێویستی بەزۆر زەخیرەی کەلتوری باڵای سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانییەوە هەیە. بونیادنانی شوناسی نیشتیمانی ؛ بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوو و تازەپێگەیشتوو (under development ) لە ساتەوەختی بەدەستهێنانی سەربەخۆییان لەژێر چنگی کۆلۆنیالزمی ئەوروپی و دامەزراندی دامەزراوەکانی دەوڵەت ڕووبەڕووی قەیرانی دروستکردنی شوناسی نیشتیمانی بوونەوە.

لە ڕاستیدا چەمکی شوناسی نیشتیمانی وەک خودی چەمکی شوناس ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، هەر توێژەرێک بە جیا و لە ڕوانگەی پێدراوە جۆراوجۆرەکانی خۆیەوە لێی دەڕوانێت. بۆ نموونە (برویلی) لە باسکردنی شوناسی نیشتیمانیدا لەسەر کەلتور و ناسیۆنالیزم جەختدەکاتەوە، کە گەلان لەیەکتری جیادەکەنەوە[١]. هەندێکی دیکە پێیان وایە شوناسی نیشتیمانی گشتگیر قۆناغێکی مێژوویی و هۆشیارییەکی پێشکەوتووە و دەکەوێتە سەرووی شوناسە لۆکاڵییە بەرتەسکەکانەوە. واتە هۆشیارییەکە پەیوەستە بە بوون و دروستبوونی دەوڵەتەوە ئەمە لەلایەک، هەروەها پەیوەستگییەکی (رباط) سەرەکیشە بۆ یەکخستن و کۆکردنەوەی خەڵکی و دواتر کردنیان بە گەل[٢]. واتە شوناسی نیشتیمانی هەستکردنە بەئامێزانبوون ولایەنداریێتی (الولاء) بۆ نیشتیمانێک[٣].

(لورا لوکتیز)یش لای خۆیەوە پێناسەیەکی گشتگیر و فرەلایەن بۆ شوناسی نیشتیمانی دەخاتەڕوو، و پێی وایە، ئەم شوناسە هزرێکە کە ڕەنگدانەوە و دیاریکردنی سیماکانی گەلێک یان نەتەوەیەکە. هەروەها بەرهەمی تایبەتمەندییەکانی کەلتوری دەستە جەمعییە، کە نەتەوە پڕەدکات لە هەستگەلێکی دیاریکراو و؛ ئەو بنەمایە دادەنێت کە ژیانی سیاسی سەقامگیر لە ناوخۆی وڵاتدا فەراهەمدەکات. ئەمە

لەپاڵ ئەوەی کە شوناسی نیشتیمانی مانای یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و یەکێتیی سیاسی دەگەیەنێت. بە مانایەکی دیکە شوناسی نیشتیمانی بەواتای تێپەڕاندنی هەموو لایەندارێتییەکانی دیکەیە، بەبێ ئەوەی ئەمە مانای سڕینەوەیان بگەیەنێت[٤]. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت بگوترێت شوناسی نیشتیمانی لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی دەوەستێت ئەوانیش بریتین لە[٥]:

١. ئینتیما: واتە هەستکردن بە ئینتیما بۆ نیشتیمان کە شکۆیان بپارێزیت و جۆرێک لە ئاسایشی دەروونیان بۆ فەراهەمبکات. هەرکاتێکیش ئەمە دەستەبەربوو، ئەوە کۆڵەکەی دووەم بەدیدێت، ئەویش لایەنداریتیە.

٢. لایەنداریتی: بۆ فۆرمەلەبوونی شوناسی نیشتیمانی بەتەنها ئینیتما بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئەم ئینتیمایە پەیوەست بێت بە لایەنداریتیەوە، چونکە زۆرێک لە تاکەکان ناسنامەی نیشتیمانیان هەیە، بەڵام لایەندارێتیان بۆ نیشتیمان نییە. لە هەمان کاتیشدا دەبێت لایەندارێتی بۆ نیشتیمان بکەوێتە سەرووی هەموو لایەندارێتیەکانی دیکەوە. ئەم دوو کۆڵەکەیەش دەبێت لەسەر کۆڵەکەی سێیەم جێ پێیان قایم بکەن، ئەویش هاوڵاتیبوونە.

٣. هاوڵاتیبوون: پەیوەندیی هاوڵاتیبوون بە شوناسی نیشتیمانیەوە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەوەی یەکەمیان بەو پێیەی پێوەرێکی جەوهەری و پرنسیپێکی یاساییە هەوڵی بەدیهێنانی یەکسانی دەدات لە ئەرک ومافدا بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ئەوانەی کە هەڵگری ناسنامەی نیشتیمانین؛ بەڵام چەمکی هاوڵاتیبوون تەنها ئەو هاوڵاتیان ناگرێتەوە، کە هەڵگری ناسنامەی ئەم وڵات یان ئەون، هەروەها ئەو کۆمەڵە سیما کەلتوری و کۆمەڵایەتییە نییە، کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵکو لە سەرووی هەموو ئەمانەوەیە، واتە یەکسانی نیوان

تاکەکانی کۆمەڵگایە لە ماف و ئەرکدا، یەکسانی لە خێرو بەرژەوەندییەکان و سامانی نیشتیمانی، سەرباری بەشداری سیاسی چالاکانە کە مافێکی گشتیە بۆ هەموو تاکەکان. کەواتە شوناسی نیشتیمانی شوناسێکی گشتگیرە لە ناوخۆی وڵاتێکدا، دەکەوێتە سەرووی هەموو شوناسە لۆکاڵییەکانی دیکەوە، بەبێ ئەوەی ئەو شوناسە لۆکاڵیانە بسڕێتەوە؛ یان هەوڵی سڕینەوەیان بدات، لە هەمان کاتیشدا چەمکێکە لەسەر ڕەهەندی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی گشتی و نەتەوەیی دەوەستێت لەنێوان تاکەکاندا بەبێ جیاوازیکردن. گەڵاڵەبوون و بەهێزی شوناسی نیشتیمانی ململانێ نەتەوەیی و ئاینی و تایفییەکان کەمدەکاتەوە و هەماهەنگی و هاوکاریش لەنێوان گروپە جیاجیاکانی دەوڵەتدا بەهێزتر دەکات، کەواتە شوناسی نیشتیمانی نەک تەنها بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا پێویستە، بەڵکو کاریگەریی گەورەشی لەسەر پێشکەوتنی لایەنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە[٦]. بە پێچەوانەشەوە دروستە، چەندە ئەم شوناسە گشتگیر و لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و دانىان بە مافی گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگاوە نەبێت، ئەوەندە ململانێکان قوڵتر دەبێتەوە.

لە ڕاستیدا؛ زۆرینەی ئەو نووسەر و توێژەر و بیرمەندانەی لەسەر شوناسی نیشتیمانی عێراقی قسەیان کردووە، هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم شوناسە بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی و بەجیاوازی شێوازی سیستەمە سیاسییەکانی تاوەکو ئێستا هەمیشە لە قەیراندا بووە، واتە قەیرانی شوناسی نیشتیمانی لە عێراقدا هەمیشە یەکێک بووە لەو قەیرانە سیاسییانەی، کە بەرۆکی دەوڵەتی عێراقی گرتووە و لەمپەر بووە لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتێکی دیموکراسی و سەقامگیر.

هەوڵدان بۆ دروستکردنی تاک شوناسی لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە عێرقدا، ئەم وڵاتی خستە ناو کێژاوی ناسەقامگیری سیاسی و پێشێلکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی هاوڵاتیان. ڕژێمی بەعس لە سەر مەبنای ئەو ئایدیۆلۆژیا سیاسی و ناسیۆنالیستە شێواوەی کە هەڵگری بوو، بەزۆر و بەزەبری ئاگر و ئاسن دەیویست شوناسێکی عەرەبی ئیسلامی سونی موتوربەکراو بە بەرژەوەندیی تایبەتی سەرانی ڕژێمەکە بە بەرگی عێراقدا ببڕێت، لەکاتێک ئەم وڵاتە لە کۆمەڵێک نەتەوە و ئاین و ئاییزای جیاواز جیاواز پێکدێت، واتە دەوڵەتێکی فرەچەشن و فرەڕەنگ و پر جیاوازییە. لەپاڵ ئەم ڕاستییەدا سەرژمێرییەکی ورد و بەرفراوانکراو لەبەردەستدا نییە بۆ زانینی ژمارەی پێکهاتەی ئەسنۆگرافی لە عێراقدا. بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) پێکهاتەی ئەسنۆگرافی عێراق بەم شێوەیە بووە: عەرەب (٧٩.٢٪)، کورد (١٦.٥٪)، تورکمان (٢.٢٪)، ئەتەوەکانی دیکە ئەوبرێک (٣%). هەڵبەتە ژمارەیەکی دیکەی ئامار هەیە؛ بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی عەرەبی لە عێراقدا و نەبوونی ئیرادەی جدی لەسەر ئاستی دەوڵەت ئەو ئامارانە ناتوانن ژمارەی ڕاستەقینەی پێکهاتەی ئەسنۆگوافیمان بۆ بخەنەڕوو. ئامارەکان هەرچۆنێکبن، ئەو ڕاستییە ناشارنەوە، کە ئەم وڵاتە: وڵاتیکی فرە نەتەوەو فرە مەزهەب و فرە ئاینین. لەپاڵ ئەم فرەیەدا، دەستەبژێری فەرمانڕەوا لەساتە وەختی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا ساڵی (٢٠٠٣)، کە کۆتایی بەرژێمی بەعس هات و ستراکچەری سیاسی و ئابووری لەم وڵاتەدا بەتەواوەتی گۆڕا؛ هەمیشە خەونییان بەوە دەبینی و کاریان لەسەر ئەوە دەکرد، شوناسێکی عەرەبی سونی بۆ عێراق دروستبکەن، تەواوی شوناسەکانی دیکە بخەنە ژێر

ڕکێفی ئەم تاک شـــوناســـییەوە، بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونەشیان سڵیان لە بەکـارهێـنانی هیچ میکـانزمێـک نەکـــردوەتەوە، هەر لە ڕووی دەستوریی و یاسایی و سیاسییەوە بیگرە، تا دەگاتە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و توندوتیژی و بەکارهێنانی سوپا بۆ ئەو مەبەستە.

تاوانی ئەنفال وەک دواوێســـتگەی ئەو تونـدوتیژییە لەلایەن ڕژێمی بەعســــەوە بەردەوامـــی ئەو ئایدیۆلۆژیا عەرەبییە سـونەییە بوو، کە عێراقی لەســـەر دامەزرا. وەک ئاشـــکرایە دروســـتبوونی دەوڵەتی عێراقی دەرئەنجامی خواســـت و ئیرادەی ئەو نەتەوانە نەبووە، کە تیـادا هەیە، بەتـایبەتی کورد، بەڵکو دەرهـاوێشـــتەی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو، کورد بەدەر لە ئیرادای خۆی لـێکـنرا بەم دەوڵەتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم سـەپاندە بەزۆرەی شوناسێک بەسەر نەتەوەی کورددا، هەمیشــــە لەلایەن دەســـتەبژێری ســـیاســـی و ئاینی و نەتەوەیی و لەســـەر ئـاســـتی جەمـاوریش ڕەتکراوەتەوە، چونکە لە پـاڵ ئەم ســــەپـانـدنە بەزۆرەی ئەم تـاک شـــونـاســـییە لە هیچ قونـاغیکی مێژوویی ئەم دەوڵەتـدا کورد وەک پێکهاتەیەکی ســـەرەکی مـافەکـانی نەک نەدراوە، بەڵکو پێشـــێلکراوە، نەک چەمکی هــاوڵاتیببوون، کە پایەکی ســـەرەکی شـــونـاســـی نیشـــتیمانییە دروســـتنەبووە، بەلکو هەمیشە نایەکسانی و نادادپەروەریی ســیمای تایبەتی ئەم دەوڵەتە بووە. بۆیە هەرگیز دەستەبژێری حوکمڕان لە عێراقـدا نەیتوانییوە چەمکی هاوڵاتیبوون گەڵەبکات و دەوڵەتێکی دەســـتوریی و یـاســـایی وەهـا دابمەزرێنێـت، کە تیـایـدا بەدەر لە جیـاوازییە نەتەوەیی و ئـاینی و مەزهەبییەکان کاری خۆی بکات. بە هـاتنی ڕژێمی بەعس بۆ ســـەر کورســـی دەســـەڵات و ئەو لێشـاوە زۆرەی پـارە، کە لە دەرهێنـان و فرۆشتنی نەوت بەدەستی دەکەوت، ئـیـدی خەونـی دامەزرانـدنـی دەوڵەتێکی بەهێزی مەرکەزیی و پاوانخوازی دەســەڵات و ڕێگەنەدان

بە فرەیی سیاسی ببووە بە ستراتیژی سەرەکی ئەم ڕژێمە، بۆ سەپاندنی ئەم خەونە و پێشاندان و وێناکردنی دەوڵەتی عێراق وەک دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامی سونی بوو بە مانفێستی یەکەمی سەرانی ئەم ڕژێمە، کە هەمیشە لە گوتار و ڕەفتارەکانیاندا شانازییان بەوەو دەکرد، ئەم دەوڵەتەیان گەڕاندووەتەوە، باوەشی ڕاستەقینەی خۆی، کە جیهانییە عەرەبی ئیسلامییە، نەک هەر ئەوە بەڵکو وەک منەتێکی نەتەوەیی-ئاینی لەجیهانی عەرەبیدا بەوانی دیکە دەیانفرۆشتەوە. لێرەوە ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال لەسەر دەستی سەرانی ڕژێمی بەعس بەدیهێنانی ئەو خەونەیان بوو، خەونی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەکەزی تاک شوناسی عەرەبی سونی ئیسلامی و سڕینەوە و تواندنەوەی شوناسەکانی دیکەی ناو ئەم دەوڵەتە.

ملهوڕیی ئایدیۆلۆژیی و بیرکردنەوەی تەسکی ناسیۆنالیستی عەرەبی سەرانی ئەو ڕژێمە و عێراقی گۆڕی بۆ دۆزەخێک، کە دواجار هەمووان باجەکەیان دا. بەتایبەتی نەتەوەی کورد و تاکی کوردی کە ئیدی نەتوانێت باوەڕ بەهیچ گوتارێکی سیاسی و دەستپێشەخەری سیستەمی سیاسی لەم وڵاتەدا بکات، بەڵکو دوورکەوتنەوە و ڕەتکردنەوەی شوناسی عێراقی لە ڕابردوو و ئێستاشدا بووەتە خەونی تاکی کوردی، قوبڵکردنی عێراقیبوون قبوڵکردنی ناچارییە و دەرئەنجامی باوردۆخێکی سیاسیی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییە، ئەگینا وەکو بینیمان لە ڕیفراندۆمی (٢٠١٧) لە (٩٢%) بەشداربووان دەنگیان بە سەربەخۆی کوردستان و جیابوونەوە لە عێراقدا. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هاوڵاتی کورد لە عێراقدا نە هەست بە هاوڵاتیبوون دەکات، نە ئینتمای بۆ ئەم وڵاتە هەیە، بەڵکو شوناسێکی ناچارییەو بەسەریدا سەپاوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١. Hüsamettin İnaç& Feyzullah Ünal, The Construction of National Identity in Modern Times: Theoretical Perspective, International Journal of Humanities and Social Science, Center for Promoting Ideas, USA, Vol. ٣ No. ١١; June ٢٠١٣, pp.٢٢٩-٢٣٠.

٢. هيفا احمد محمد، اشكالية الهوية الوطنية العراقي، مجلة الدراسات الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، جامعة بغداد، العدد ٥٣، ٢٠١٢، ص ٢.

٣. سداد مولود سبع، الهوية الوطنية وتعزيز التعايش السلمي في العراق مجلة الدراسات الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، جامعة بغداد، العدد ٦٨، ٢٠١٧، ص ١٠٦.

٤. لورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، ترجمة: دلشاد ميران، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤، ص ١١٤.

٥. احمد غالب محي جعفر الشلاه، الهوية الوطنية العراقية: دراسة في اشكالية البناء والاستمرارية، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠١٠، ص ص ٢٥-٢٦.

٦. Tri Windari, National Identity Attachment and Its Variables, Journal of International Women's Studies, Volume ٢٢ Issue ٣, p. ٨٣.



# نیشتیمانخوازی بەردەوام بۆ ئایندەیەکی ڕوون

د. هیوا ڕەشید

دکتۆرا لە یاسا، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان



هەواڵنامەی کتێب

نەتەوەی کورد لە ماوەی سەدەی بیستەمدا توشی چەندین ڕووداوی نەخوازراوی سیاسی و سەربازی بۆتەوە بەهۆی ئیرادەیەکی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوچەییەوە. کورد لە سەر خاک و زێدی خۆیدا توشی جینۆساید و پیلانی دابەشکردنی خاک و لە ناوبردن و پاکتاو بۆتەوە. بەتایبەتی کۆتایەکانی سەدەی بیستەم بۆ گەلی کورد پڕ لە تراژیدیا و ناسۆر بوو. ئەوەی لەم کورتە وتارەدا دەمەوێت تیشکی بخەمە سەر چەمکی نیشتیمانخوازیە بۆ نەتەوەیەک وەک کورد، نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و جینۆسایدکراو. مەبەست لە نیشتیمانخوازی بوونی ویستی پەیوەستبوونە بە خۆشەویستی نیشتیمانەوە، وەک چۆن نیشتیمان بە دایک دەچوێندرێت، بێگومان مرۆڤ وەک چۆن تا لە ژیان بێت، پەیوەستە بە دایکی و تینووە بۆ سۆز و ئامێزی دایکی، بەهەمان شێوە ئەگەر مرۆڤ لە خۆشترین شوێن بژیت لەسەر زەوی ئەوە دڵ و هزر و بوون و ناسنامە و زمان و کەلتوری بەتەواوی گرێدراوە بە زێد و خاک و نیشتمانی خۆی.

کورد پاش ئەوەی توشی ئەو دۆخە نەخوازراوە بوویەوە و هەمیشە لە بەرخودان بووە بۆ پاراستنی خاک و دروستکردنی ناوچەیەک، کە تیایدا بە ئازادی هەناسەبدات، و ئالاکەی بشەکێتەوە، و جلوبەرگی خۆی بپۆشێت، و کەلتور و زمانی خۆی تیایدا بەگەڕ بخات، و بەئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بژیت، بەڵام ئەم هیوایە وەک پێویست بەرجەستە و فەراهەم نەبووە و هەمیشە توشی ئالەنگاری ناوخۆی و دەرەکی بۆتەوە.

نەتەوەی کورد ئەگەرچی خاوەن قوربانیدانی گەورەبووە بە هۆکاری نەتەوەی و نیشتیمانی، بەڵام وەک پێویست نەیتوانیوە سوود لە مێژووی کۆن و نوێی وەربگرێت، بۆ دروستکردنی نەخشەرێگایەکی نیشتیمانی لە سەر بنەمای دید و تێڕوانینێکی نیشتیمانی، بۆ ئەوەی

بتوانێت ڕۆحی نیشتیمانی و ئینتیمای نیشتیمانی لە ناخ و دەروونی تاک بە تاکی هاونیشتیمانیان بە زیندووی و گەشەسەندووی بهێڵێتەوە لەپێناو گەیشتن بە مرازە نەتەوەییەکان.

کورد پاش سەدەیەک لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی و خەبات بۆ مانەوە و بەرخودانی ئازادیخوازی، کەچی هێشتا لە بوون و مانەوە و ئازادبوون، دڵنیانیە و گیان و ویستی نیشتیمانخوزای لای تاکی ئێمە لە ئەو پەڕی لاوازیدایە، و نەتوانراوە نەوەی نوێ و گەنجی پڕ لە وزە و خەون و هیوا پەروەردەیەکی تەندروست بکرێت و نیشتیمانی لە لا پیرۆزبێت و هەمیشە بۆ ئامانجی نیشتیمانی گەلەکەی خۆی پڕ زانیاری بکات، و نەوەک بێ باک و بێ هیوا و بێ ویست پەراوێز بخرێت.

ئێمە لە ئێستایەکدا دەژین، کە شتێک بوونی نییە بەناوی ئامانجی نیشتیمانخوازی و نیشتیمانسازی کوردی، ئامانجێک کە هەموومان لە سەر یەک ڕێگا و یەک خەبات کۆبکاتەوە. لە ئێستای ئێمەدا کورد لە دۆخێکی ناساز و نائامادەیە بۆ ئەو ڕووداوانەی هاتونەتە پێش و دێنە ڕێگامان. ئەگەر دۆخی کوردستانی باشوور بڕوانین بەو پێودانگەی دۆخێکی باشتر لە پارچەکانی تری باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەوە ئەگەر چی هەندێ دەلاقی ڕووناکی و ئەرێنی دەبینین، بەڵام زۆر ئالەنگاری و ناسازی بوونی هەیە، ئەگەر ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وەک دەستپێکی خەباتی سەردەمی نوێی گەلەکەمان وەربگرین، کە تیایدا تا ڕادەیەک نیمچە ئازادی و نیمچە سەربەخۆیەک وەچنگ کەوتوە، بەڵام لە مێژووی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا کورد نەیتوانیوە کیانێکی بەهێزی سیاسی بۆ خۆی دابمەزرێنێت، و پایەکانی و حوکمڕانی و نیشتیمانسازی پتەو و دامەزراو بکات لە فۆرمێکی دەستوری و یاسایی، و ببێتە خاوەنی یەک هێز و یەک حکومەت

و یەک دامەزراوەی یاسایی کوردی بە مانا ڕاستەقینەکەی. ئەگەر چی کورد لە پاش پرۆسەی ئازادی ٢٠٠٣ و دواتر نووسینەوەی دەستوری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو بە هەرێمێکی فیدرالی، و تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی ناوچەیی و خاوەن دەسەڵاتی یاسای و سیاسی لە چوارچێوەی ئەم فۆرمە نوێیەی فیدراڵیەت لە دەوڵەتی عێراق، (ئەگەر چی عێراق بەتەواوی وڵاتێکی فیدرالی نییە).

بۆیە کورد نابێت چاوەڕێی ڕووداوەکان بێت و یاخود بیەوێت دیفاکتۆیەک بێتە پێش، کە تیایدا هەنگاوبنێت و بڕیاربدات، بەڵکو کورد دەبێت هەمیشە خاوەن ئیرادەیەکی نیشتیمانی باڵا بێت، کورد پێویستە جارێکی تر گیانی نیشتیمانی و ئینتیما زیندووبکاتەوە لە ناخ و ڕۆحی تاکەکان، پێویستە ئەم نیشتیمانخوازییە لە قسە و دروشمی سیاسی نەمێنێتەوە، بەڵکو دەبووایە و دەبێت وەربگێڕێت بۆ کردار و لە سیاسەت و هەنگاوەکان ڕەنگبداتەوە. بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا هەبووە ئەم جۆرە ڕۆحیەتە نەبۆتە ڕێگایەک یان ئامرازێک بۆ سیاسەت و حوکمڕانی .

دەبێت جارێکی تر خۆشەویستی و عەشقی خاک و ناسنامە و زمان و کەلتور و زێد و خاک بگەشێنرێتەوە و ڕێگەنەدرێت، خامۆش ببێت. نەتەوەیەک سەدان هەزار لە ڕۆڵەی بێ ترس بە دەم وتنەوەی سرودی هەی ڕەقیبەوە چووبێتەوە بەردەم پەتی سێدارە و سڵ لە مەرگ نەکاتەوە، نەتەوەیەک خاوەن خاک و زێدی ڕەسەن و زمان و کەلتورێکی دەوڵەمەند بێت، نابێت لە ئاستی دەسەڵات خاوەن ستراتیژ و دیدێکی نیشتیمانی نەبێت، کە هەموو هێز و دەنگ و ڕەنگە سیاسییەکان لە سەری تەبابن. نەبوونی دید و ستراتیژی نەتەوەیی یان ئەوەی ناومان لێنا نیشتیمانخوازی بەردەوام، ئەگەر لە فەلسەفەی سیاسی و بڕیاری سیاسی و کایەی سیاسی کوردی نەبوو، یان لاواز و پارچەپارچە بوو، ئەوە بێگومان

ئەوکات ئەم دۆخە دەگوازرێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگا و شتێک نامێنێت بە ناوی هەستی نەتەوایەتی یان ڕۆحیەتی کوردانە. ئەمرۆ ئاشکرا هەست بەوە دەکەین کە هاونیشتیمانیان چۆن نەک تەنها خاوەن ئەو هەستە پڕ جۆشەی کوردانەی جاران نین، بەڵکو لەگەڵ ناوهێنانی دروشم و پرس و بۆنە نیشتیمانییەکانیش تورە و بێزار و تەنانەت جۆرێک لە بێ هیوان، ئەمرۆ لە دۆخێکداین پانتاییەک نەماوەتەوە بۆ نیشتیمانخوازی کوردەواری.

ئەمرۆ ئەو خەڵکانە کەم نین، کە پێیان وایە ئەگەر لە ڕابردوودا خەباتێکیان کردبێت، یان قوربانییەکیان دابێت، ئەوە ئێستا پێی وایە هەڵە بووە، لە ڕاستیدا ئەگەر چی ئەم تێگەیشتنەش دروست نییە، بەڵام بمانەوێت یان نا، ئەوە دۆخی ئێستای کۆمەڵگاکەمانە، و ئەوەی تێکەڵی خەڵک ببێت و بیاندوێنێت و گوێیان بۆ ڕابخات هەست بەم ڕاستییە بەئازارە دەکات.

بۆیە پێویستە لە ئاستی دامەزراوەی و تاکەکەسی هەوڵ بدەین، بۆ ئەوەی ڕۆحیەتی نیشتیمانی و کوردانە جارێکی تر ئاوی بەبەردا بکرێتەوە و چەکەرە بکات لە ناخ و دەروون و هزری ئێمە، پێویستە لە ئاستی دامەزراوەی چ وەکو حکومەت و تەواوی دەزگاکانی حکومەت هەوڵ بدرێت بە شێوەیەکی ژیرانە دیدگا و ستراتیژێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی ڕەنگ ڕێژبکرێتەوە بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بە هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانی بەرەو بەنیشتیمانیکردن و نیشتیمان ویستی، پێویستە چیتر بۆنە نەتەوەییەکانی وەکو یادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ١٦ی ئازار یان ڕۆژی ئەنفال لە ١٤ی نیسان یان بۆنەکانی تری وەکو ڕۆژی جلی کوردی لە ١٠ی ئازار یان یادی ڕاپەڕین لە ١١ی ئازار و بۆنە و یادەوەرییەکانی تریش، تەنها بۆ بیرهێنانەوە نەبێت یان بکرێت بە پشوو، بەڵکو پێویستە ببێتە ئامرازێک بۆ پێداچوونەوەی ئەو

هەواڵنامەی کێبر

دیدگا و ستراتیژیە نیشتیمانیەی کە پێویستە هەبێت، پێویستە لەو بۆنانەدا هەڵسەنگاندن و بە خوداچوونەوە بکەین بە هەنگاوەکانمان بۆ برەودان بە بزاوت و ڕۆحیەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی. بۆ نموونە لە یادی کیمیابارانی ناوچە کوردییەکان وەکو هەڵەبجە پرسیار لە خۆمان بکەین، چی کراوە، بۆ ئەوەی ئەم برینە نەتەوەییە سارێژببێت، چی کراوە بۆ ئەوەی ئەم دۆسیە مرۆییە و تاوانە دڕاندانە نامرۆڤانە بکرێتە دۆسیەکی نیشتیمانی و پاشان جیهانی، چی کراوە لە کایەی هونەری و سینەمای و ئەدەبی و فەرهەنگی و پەروەردەی ئێمە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆسیەیە، وەکو دۆسیەیەکی نیشتیمانی بۆ ئەوەی ببێتە هەوێن و چرایەک بۆ ڕێگای ڕووناکی و ئازادیی یەکجاری نەتەوەیی. یاخود لە ڕۆژی یادکردنەوەی پرۆسەکانی ئەنفال و کۆمەڵکوژی لە ١٤ی ٤ ، پێویستە لە خۆمان بپرسین ئایا حکومەت و ڕێکخراوەکان و زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە و ڕاگەیاندن چیان کردووە بۆ وێناکردنی ئەم دۆسیە نەتەوەییە، کە تاوانێکی نامرۆڤانەیە لە کۆتایەکانی سەدەی بیستەم، تاوەکو نەوەی نوێی ئێمە تێبگات و فێرببێت لە بارەی ئەو تاوانانەی دژ بە نەتەوەکەی کراون لە سەر خاک و ناسنامەی نەتەوەیی. بۆ نموونە ئەگەر سەردانی گەرمیان بکەین، کە تیایدا قۆناغی سێیەمی تاوانی ئەنفال ڕوویداوە و پشکی شێری قوربانی کۆمەڵکوژی بەر ئەم ناوچەیە کەوت، دەپرسین چی مەنزڵگا و چی یادگاریەک دروستکراوە بۆ گوزارشت لەم برینە نیشتیمانییە، ئەوەی هەیە لە گوندی دێبنە مەنزڵگای چەند سەد قوربانیەک نێژراون، بەبێ ئەوەی هیچ مۆزەخانە یان ناوەند و دەزگایەکی نیشتیمانی یان ناوەندێکی توێژینەوە و بەدیکیۆمێنتکردن یان هۆڵێکی سینەمای بۆ پیشاندانی ئەو تاوانە لە شێوەی کورتە ڤیدیۆ و وێنە و شێوازی تری سەردەم، نەخێر هیچ

بایەخ و خەمێکی نیشتیمانی و ویستێک نابینین بۆ وەبەرهێنان لەم دۆسیە نەتەوەییە لەبیرنەکراوە. ڕۆژ بە ڕۆژ چیرۆک و بەسەرهات و کەرەکتەر و ڕزگاربوونی ناو نوگرەسەلمان و ڕزگاربووانی ناو زیل و سەربازگە و بەندیخانەکانی دادگای شۆڕش کۆچی دوای دەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیان چیرۆک و بەسەرهات، کە دەکرێت دیکیۆمێنت بکرێن لەناودەچێت.

لە لایەکی تر ئێستا نەوەیەک لە گەنج پێگەیشتون و زانکۆیان تەواوکردوە، کە لەدوای پرۆسەی ئازادی لەدایکبوون و کەمتر ئاشنان بە ڕابردوو، بۆیە گرفتێکی گەورەیە ئەگەر نەوەی نوێ ئاشنای ڕابردووی نەبێت بە تایبەت ئەو دۆسیە هەستیارە نەتەوەییانە، کە دەکرێت ببێتە داینەمۆ و وزەیەک بکات بە ڕۆحی گەنجانمان و بیانخاتە گەڕ بۆ خۆپێگەیاندن و ئامادەسازی بۆ داهاتوویەکی ڕوون و ئارام و خۆشگوزەران بە هێنانەدی خەونە نیشتیمانییەکان.

نەوەک وەک ئێستا گەنجان بەزۆری بێ ئاگابن لە مەڕ ئەم پرس و بابەت گەلە گرنگەی نیشتیمان.

حکومەتی هەرێم بە هەموو پێکهاتە و هێز و ڕەنگە سیاسییەکان پێویستە هەوڵی دارشتنەوەی ئەو ستراتیژە نیشتیمانی و دیدگایە بن، بۆ ئەوەی دواتر دابەزێت بۆ ئاستی هەموو دامەزراوە فەرمییەکان و هەر دەزگایە ئەم ئامانجە نیشتیمانییە یەکانگیر بکات لەگەڵ ئامانجی دەزگاکەی و بۆ ئەوەی چیتر پرسی نیشتیمانخوازی وەک پرسێکی ڕامیاری یان یاسایی پەتی لێی نەڕوانین، بەڵکو وەکو پرسێکی پەروەردەی و زانستی و هونەری و کەلتوری و فەرهەنگی و زمانەوانی و نەریتی و ئاینی و میدیایی و ...هتد سەیربکرێت.

تاکەکانی ئێمەش لە بەردەم ئەم بەرپرسیاریەتیەدان، من تێدەگەم، ئەگەر گەنجێک بێ کاربێت یانی چی، تێدەگەم ئەگەر فەرمانبەربێت و کرێچی بێت و موچەکەت مانگانە لە کاتی خۆی نەدرێت، تێدەگەم، کە

هەولنامەی کتێب

ئێمە خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆر و فرە چەشنین، بەڵام خێرمان لێ نەدیوە و کەمینەیەک پێی دەوڵەمەندبوون، تێدەگەم، تاکو ئێستا یاسا تەنها بۆ هەژارەکانە وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە، تێدەگەم ئێمە خەونی گەورە و هیوامان زۆر بوو پاش ڕاپەڕین، بەڵام هەموو ئەمانە نابێتە پاساو بۆ بێ ئومێدبوون لە نیشتیمان، نابنە پاساو بۆ ئەوەی لە ئاست خەم و خەونە نەتەوەیەکانمان خەمسارد و دەستەوەستان و بینەر و بێ ڕۆڵ بین و بکەر نەبین، بۆیە هەریەک لە ئێمە دەتوانێت جارێکی تر لە ناو ماڵ و خێزانی خۆی لە پاڵ پەروەردەی ڕەوشت و ئاین و فێربوون، بایەخیش بە پەروەردەی زمان و کەلتور و نەریت و کەلتوری جوانی دایک بدەین، نابێت دەستبەرداری گیانی نیشتیمانخوازی ببین، بەتایبەتی لە سەردەمی تەکنەلۆجیا و بەجیهانیبوون، کە سەردەمی تا ڕادەیەک لاوازبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و دەستگرتنە بە کەلتور و زمان و فەرهەنگی ڕەسەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلانی دونیا کە بەهێزن و خاوەن دەوڵەتن، لە هیچ بارودۆخێکدا دەستبەرداری ئەو بەهایانە نەبوون و شانازی پێوەدەکەن، ئەگەرچی ڕێزیش لە جیاوازییەکان دەگرن، چ جای ئەوەی بۆ نەتەوەیەکی نیشتیمان دابەشکراوی بێ دەوڵەت، کە بێگومان پێویستیەکی گەورەیە، لەگەڵ ئەوەش بەتەنگەوە بوونی ئەم ڕۆحیەتە نیشتیمانییە مانای ئەوە نییە، کە ڕێز لە نەتەوە و زمان و کەلتوری پێکهاتە و گەلانی تر نەگرین، کە لە گەڵمان دەژین لەم نیشتیمانە یان دەرهاوسێمانن.



# پەند وەرنەگرتن لە ڕابوردوو

هۆمەر محەمەد قادر (هۆمەری ئەنفالستان)

٢٠٢٥/٢/٢٢ سلێمانی

هەواڵنامەی کتێب





مرۆڤایەتی بە مێژوویەکی تراژیدی و خوێناویدا تێپەڕیوە، جەنگ و دڕندایەتی سنوری هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی تێپەڕاندووە، ئەو دڕندایەتیەی مرۆڤ لەسەر زەوی بەپاساوی (ئاینی و ئایدۆلۆژیای پیرۆز) دەرهەقی هاوڕەگەز و هاودین و هاوزمانی خۆی کردوویەتی هیچ بوونەوەرێکی سەر زەوی لەگەڵ هاوڕەگەزەکەی خۆی نەیکردووە. ئەمە زیادەڕۆیی نییە، بەڵکو ڕاستییە جەنگ و جینۆسایدەکان لە مێژوودا بەڵگەن. دەنا کام جۆری دڕندە هێندەی (ستالین و هیتلەر و سەدام حسێن) مرۆڤیان بەپاساوی دوژمن کوشتووە؟ ئەی چەندیان بەناوی جەنگاوەری ئازا بە کوشتداوە؟ مەیدانی جەنگەکان هەر پاشماوەی کەرەستەکانی جەنگ نین، بەڵکو مەیدانی تەرمی کوژراوەکانیشن بەبێ ئەوەی دوژمنی یەک بن دەبنە جەلاد و قوربانی دەستی یەکتری؟ هەمیشە دەبێت بپرسین ئەردۆگان بۆچی ڕقی لە کوردە؟ ئەگەر سیاسییەکان لێگەڕێن تورک وکورد و عەرەب وفارس، یاخود شیعە و سوننە، توتسی و هوتوو، ڕەش وسپی دوژمنی یەک نین.

پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئەوەشدا، کە هێشتا لەکاردان بۆ سنوردارکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بەگرتن بەتاوانی جێنۆساید، بەڵام تاوانەکانی نەوەستاندووە و جێنۆساید و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو هەر بەردەوامە. مانگی ئابی ٢٠١٧ لە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی خرایەڕوو و ١٢٢ وڵات پشتگیریان لێکرد و نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندی کرد. بەڵام ٨٤ وڵات واژۆیانکرد! ئەوە جێگەی تێڕامانە، کە ئەوانەی پشتگیریشیان کردووە، هەموو واژۆیان نەکردووە، هێشتا دەوڵەتە زلهێزەکان کە جڵەوی مەرگ و ژیانی جیهانیان بەدەستەوە، لەوانە (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، چین و ژاپۆن و ڕووسیا) چونکە خاوەنی چەکی

ئەتۆمین، پەیمانەکەیان واژۆنەکردووە، هەرچەندە مرۆڤایەتی حیکمەتێکی نیشانداوە بۆ دروستکردنی یەکەم پەیمانی لەو جۆرە، بەڵام هیچ کام لەو نۆ دەوڵەتەی خاوەن چەکی ئەتۆمین لەگەڵ نەتەوە هاوپەیمانەکانیان پابەند نەبوون، بەڵکو دژایەتی پەیماننامەکەیان کرد و ڕایانگەیان واژۆی ناکەن. کەواتە هێشتا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی (نەک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) بێتوانایە لەوەی ئاسۆی جیهانێکی نوێ و ژینگەیەکی سەلامەت بۆ مرۆڤایەتی بخوڵقێنێ و جیهان لە چەکی ئەتۆمی دابماڵێ. ئەم توندرەفتارییە لە مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە، هەتا "کەرەستەکانی کوشتن پێشکەوتوتر بووبن، کوشتن ئاسانتر بووە و قەبارەی کوشتنەکانیش گەورەتربووە"(شوانی: ٢٠٢)

مەرەکەبی سەرکاغەز:

کوردەکان قەرزداری پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان نین، ئەوەی کوردی هێشتووەتەوە، هیچ کام لەو پەیماننامانە نین، کە گوایە بۆ مافی مرۆڤ لەئارادان، چونکە هیچ کام لەوانە بەفریای کورد نەکەوتن و هەموویان پێش ئەنفالکردن و کیمیابارانی شاروگوندەکانی کوردستان لەئارادابوون، بەڵام بۆ کوردەکان تەنها مەرەکەبی سەرکاغەزبوون. دەنا پرۆتۆکۆڵی جنێف ١٧ی تەمموزی ١٩٢٥ دەڵێت: «بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە چەکی کیمیایی گازی خنکێنەر و ژەهراوی و چەکی بایۆلۆجی-بەکتریۆلۆجی لەکاتی جەنگدا بەکاربێت.» بەڵام ڕژێمی بەعس بە بەرچاویانەوە شاروگوندەکانی کوردستانی کیمیاباران دەکرد، پێشتریش لە ساڵی ١٩٧٤ لە هەردوک شاری قەڵادزێ و شاری هەڵەبجە بۆمبی ناپاڵمی بەکارهێناوە و کۆمەڵکوژی ئەنجامدا لە ١٩٧٤/٤/٢٤ شاری قەڵادزێ و دوو ڕۆژ دواتر لە ١٩٧٤/٤/٢٦ شاری هەڵەجەیان بۆردومانکردو کۆمەڵکوژیی

لێکەوتەوە. دەنا خۆ پەیماننامەکە ساڵی ١٩٦٨ لیژنەیەک بۆ داماڵینی چەک پێکهات، لەناویاندا چەکی کیمیایش خراوەتەوە بەرباس و لە نیسانی ساڵی ١٩٧٢ یاساکە هەموارکرایەوە و جەختکرایەوە لەوەی کە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی بایۆلۆجی بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە و بۆمبی ناپاڵمیش لەو چەکە قەدەغەکراوانە بوو. کاتێک کۆنگرەی داماڵینی چەکی قەدەغەکراو بەسترا ساڵێک بوو، کە عێراق چەکی کیمیایی لە کوردستان بەکارهێنابوو. ساڵی ١٩٨٣ لەچیای حاجی ئۆمەرانی کوردستانی باشوور چەکی کیمیایی تێدا بەکارهێندرابوو، کەچی لەو کۆنگرەیەدا باسی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاییکراوە بەبێ ئەوەی باسی عێراق بکرێت، کە لە بەرەی جەنگدا لەگەڵ ئێران و لە دژی کوردیش بەکاریهێناوە. لە ساڵی ١٩٩٢دا کۆنگرەی داماڵێنی چەک بە چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕایگەیاند، کە نابێت چەکی کیمیایی بمێنێ لە ٣٠ ئەیلوول ١٩٩٢ دا کۆمەڵەی گشتیی نەتوەیەکگرتووەکان پشتراستی کردووە و واژووکرا، پاشان لە ڕێکەوتننامەی پاریسدا لە ساڵی ١٩٩٣ بەتەواوەتی چەسپاو کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی OPCWلەساڵی ١٩٩٧دا دامەزرا، بەو نیازەی ئەم ڕێکەوتننامە لەسەر ئاستی جیهان جێبەجێدەکرێت. بەڵام لەم ساڵی ٢٠٢٣ تورکیا چەکی کیمیایی لە دژی گەریلاکانی پەکەکە لە چیای قەندیل بەکارهێنا.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بۆ یەکەمجار چەکی کیمیایی لە کوردستانی باشور تاقیکراوەتەوە و لە دژی پێشمەرگە بەکارهێنراوە، دەستپێکی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣ لە چیاکانی حاجی ئۆمەران. ئەمەش لە بەڵگەنامەکانی سی ئای ئەی دەزگای هەواڵگری ئەمریکیدا بڵاوکراوەتەوە، کە بەم دوایە ئاشکرا بوون، هەروەها بە پێی

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (فرانکۆنە) ئەفسەری پێشووی هەواڵگری ئەمریکا ئەوە دەردەکەوێت، کە حکومەتی ئەمریکا هەر لە ساڵی ١٩٨٣ وە بەڵگەی لەسەر بەکارهێنانی هێرشی کیمیایی لەلایەن سوپای عێراقەوە هەبووە. دواتریش بە شێوەیەکی بڵاوتر لە بەرەکانی جەنگی ئێران بەکاریهێناوە، هەر ئەو سەروەختە ئێرانییەکان ئەو پەلامارە کیمیاوییەیان لەقاودا و ڕایانگەیاند، کە بە گازی ژەهراوی پەلاماری سەربازەکانی دراوە و ئەمە پێشێلکاری مافی گەلانە، بەڵام لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە کەس گوێی لێنەگرت.(ئەنفالستان: ٢٠١٥) لەم بارەیەوە لێکۆڵیاری بەناوبانگی هۆڵندی یوست هێلتەرمان دەڵێت: (یەکەم تۆماری چەکی کیمیایی لە دژی کورد دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣ لە بەرەی شەڕی حاجی ئۆمەران، کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرەیەکی هاوبەشدا لەگەڵ ئێران بۆ سەر سەنگەرەکانی سوپای عێراق لەپێشڕەویدا بوون، بەرکەوتووەکانی ئەو چەکە کیمیاویە بریتیبوون لەو جەنگاوەرە کوردانەی لەو شەڕەدا بەشدارییان کردووە، بێدەنگی لەم کردەوەیە بووە جێگەی سەرنجی عێراق، ئەوەش عەلی حەسەن مەجیدی دەست ئاواڵاترکرد، لە بەکارهێنانی چەکە تایبەتەکەی دەستی) کە سەرەتا وەک تاقیکردنەوەیەک بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە دژی پێشمەرگە بەکاری هێنابوو."(هیڵتەرمان: ٢٠٠٨)

قوربانیانی چەکی ئەتۆمی لە هەردوو شاری هیرۆشیما و ناکازاکی لە وڵاتی ژاپۆن و چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە، لە کوردستان، هەر ئەوانە نین، کە لەکاتی بەردانەوەی بۆمبەکان دەستبەجێ مردن، بەڵکو زۆربوون ئەوانەی دواتر بەهۆی برینەکانیانەوە بەدەم ئازارەوە مردن، ئەمە جگەلەو کاریگەرییانەی درەنگ یان زوو لەسەر جەستە و

دەروونــی بەرکەوتــووەکــان دەرکەوتن. "قوربانیانی بۆمبە ئەتۆمیەکەی ژاپۆن، ئەوانەی لە مەرگی ڕاستەوخۆ ڕزگاریان بوو تووشی چەندین نەخۆشی بوون، لەوانە "شێرپەنجەی خوێن و بەدوایدا زۆرێکیان تووشی شێرپەنجەی درێژخایەن بوون، کە بە زمانی ژاپۆنی پێیدەوترێت hibakusha". Masao Tomonaga-٢٠١٩ ئەوە جگەلە زیانی دەروونی، کە هەموو ڕزگاربووانی بۆمبی ئەتۆمی دەگرێتەوە، کە لە دڵەڕاوکێ و نائارامیدا ژیانیان بەسەربرد. ئەو تاوانە گەورەییەی ئەمریکییەکان دەرهەق بە ژاپۆنیەکان ئەنجامیاندا نەبووە پەند، بۆئەوەی ئابروی مرۆڤایەتی نەشێوێ بەپێچەوانەوە ئەنجومەنی ئاسایش و ولاتە زلهێزەکان بەوپەڕی بێباکی و دڵرەقییەوە چاوپۆشیان لە بەعسییەکانی عێراق کرد، کە بە بەرچاویانەوە چەکی کیمیایی بەکاردەهێنا، بۆیە لە سۆنگەی ئەو چاوپۆشییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەعسییەکان بە کیمیابارانی شاروگوندەکانی کوردستانەوە نەوەستان و ملهوڕییان سەری کێشا بۆ ئەنفالکردنی هەموو گوندنشینەکانی کوردستان و کۆمەڵکوژی گوندنشینەکان.

وەنەبێت چەکی کیمیایی هەر لە هەڵەبجەدا بەکارهێندرابێت، ساڵێک پێش کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە نیسانی ساڵی ١٩٨٧ دا لە هەردوو بەشی کوردستانی باشور و ڕۆژهەڵاتدا چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی بەربلاو و مەترسیدار لە دژی دانیشتوانی مەدەنی شار و گوندەکانی کوردستان بەکارهێنراوە. لە ١٦ نیسانی ساڵی ١٩٨٧دا گوندنشینان لە هەردوو گوندی شێخ وەسان و بالیسانی سەر بە قەزای شەقلاوە لە پارێزگای هەولێر، بەچڕی بەرپەلاماری گازکەوتن. کۆمەڵکوژی لێکەوتەوەو لە ٢٦ی ئابی هەمان ساڵدا لە شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری کوردستانی ڕۆژهەڵات

فرۆکە جەنگییەکانی عێراق کیمیابارانی شاری سەردەشت و گوندەکانی ڕەشەهەرمێ و چەند گوندێکی تریان کرد و خەڵکێکی زۆر بە کۆمەڵ مردن و زۆریش بریندابوون.

ئەو ئاوەی نازییەکان و ئەمریکییەکان ڕشتبوویان بەعسییەکانیش پێیانلێخشاند، وەک چۆن سەرکردە ئەمریکییەکان بیشەرمانە لەدوای بۆمبارانکردنی هیرۆشیما و ناکازاکی و ئەو کۆمەڵکوژیە گەورەیە ڕایانگەیاند، کەوا ئەو دوو بۆمبە تەنها بۆ تەسلیمبوونی ژاپۆنیەکان بەکارهاتووە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی چەند سەد هەزار کەسێک، کە مەبەستیان گیانی سەربازانی بەرەی جەنگ بوو، چونکە سوپای ژاپۆن تەسلیم نەدەبوو. بەڵام لەدوای وێرانکردنی هەردووک شاری ناکازاکی و هیرۆشیمان ئیمپراتۆری ژاپۆن "هیرۆهیتۆ" لە ١٥ی ئابی ١٩٤٥دا دەستی تەسلیمبوونی بڵندکرد و کۆتایی بە جەنگی دووەمی جیهانی هات.

هەر زوو دوای ئەوەی یەکەم ڕاپۆرت دەربارەی گەورەیی تاوانەکەو لێکەوتە مرۆییەکانی لە هەردوو شارەکەدا دەسەڵاتدارانی ژاپۆن لە ڕێگەی حکومەتی سویسراوە تەلەگرامێکیان بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمریکا نارد و ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی نامرۆڤانەیان کرد. بەڵام ئەمریکییەکان گوێیان پێنەدا، هەتا دوای حەفتا و دوو ساڵ، نەتەوە یەکگرتووەکان بە پشتبەستن بە لێکەوتە مرۆییەکانی هەردوو بۆمبە ئەتۆمییەکە بەناوەکانی (کوڕە بچکۆلە و پیاوە قەڵەوەکە) ئینجا پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی پەسەندکرد.

ڕۆژی ٦ی ئابی ١٩٤٥ لە ژێر دوو هەوری زەبەلاحی شێوە قارچکدا، "نزیکەی ٢٨٠ هەزار هاووڵاتی ژاپۆنی لە هیرۆشیما و سێ ڕۆژ دواتر لە ٩ی ئابدا ٢٤٠ هەزار هاووڵاتی لە ناگازاکی لەناکاو

کوژران و خرانە ناو ئازارەوە. بە گشتی نزیکەی ١٤٠ هەزار کەس لە هیرۆشیما (Hiroshima) ٧٣ هەزار لە ناگازاکی (Nagasaki) لە چرکەیەکدا یان لە ماوەی پێنج مانگدا بەهۆی کاریگەریی یەکگرتنی سێ پێکهاتەی وزەی فیزیایی، کە بەهۆی دابەشبوونی ئەتۆمیەوە دروستدەبن مردن هێزی تەقینەوە (پەستان) و گەرمی تیشکدەرەوە ، و تیشکی ئایۆنیزەکردن. زیاتر لە ٢١٠ هەزار قوربانی لێکەوتەوە." (Masao Tomonaga-٢٠١٩) دوای حەفتا و یەک ساڵ، لە تاوانی کۆمەڵکوژی ژاپۆنیەکان، سەرۆک باراک ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٦ وەک یەکەم سەرۆکی ئەمریکا بۆ یادکردنەوەی قوربانیانی بۆمبی ئەتۆمی سەردانی شاری هیرۆشیمای کرد و لە پارکی یادەوەری ئاشتی وتارێکی پێشکەشکرد. ئۆباما لە وتارەکەیدا جەختی لەوە کردەوە، کە حیکمەتی زانستی مرۆڤایەتی بۆمبی ئەتۆمی دروستکرد، بەڵام مرۆڤایەتی هێشتا

سەرکەوتوو نییە لە بەرهەمهێنانی حیکمەتی ئەخلاقی بۆ وازهێنان لە چەکی ئەتۆمی. ئەم قسانەی ئۆباما تایبەت بوون بە یادی هیرۆشیما و بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، بەڵام گرفتەکە داهێنانەکانی مرۆڤە بۆ کوشتاری زیاتر یەکێک لەوانە زیرەکی دەستکردە، کە ئیسرائیل لە جەنگی غەزەدا سودی زۆری لێبینی و بەخێرایی بالانسی هێزی بەلای خۆیدا شکاندەوە و بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە توانی تەواوی ئامانجەکانی بپێکێت، کەچی دەستبەرداری کۆمەڵکوژی خەڵکی بێچەک و مەدەنی نەبوو، بەمەش لەگەڵ هەر ڕۆکێتێک کە بە غەزەیەوە دەنا و شوێنی مەدەنی دەپێکا و منداڵانی دەکوشت، نەفرەتێکیشی بۆ قوربانیانی هۆلۆکۆست دەنارد. لەکاتێکدا " دەزگا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەمێکە زەنگی هۆشیاری دژ بەو مەترسیانە لێداوە، بۆیە " بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی یونسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (ئۆدری

ئازۆلای)، لە ساڵی ٢٠٢٢دا ڕایگەیاند، سەرباری ئەوەی ژیریی دەستکرد نوێنەرایەتیی سەرمایەیەکی سەرسووڕهێنەر دەکات بۆ گەشەپێدانی بەرپرسیارانە لە کۆمەڵگاکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لە هەمان کاتدا مەترسیی گەورەش لە بواری ئەخلاقی دروستبکات، لەم بارەیەشەوە دەپرسێت چۆن دڵنیابین لەوەی ئەم پرسە هەڕەشە و مەترسی نییە و پێشێلی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ناکات"(میران قادر،٢٠٢٣). بێگومان زیرەکی دەستکرد نەک هەر هەڕەشەیە بەڵکو مەترسیدارە بۆسەر ئاسایشی مرۆڤ، بەتایبەتیش بۆ میللەتە هەڕەشەلێکراوەکانی وەکو کورد، چونکە چیدی تەکنەلۆژیای جەنگ و پەیوەستکردنیان بە زیرەکی دەستکردەوە ڕۆڵێکی بۆ جەنگاوەری ئازا و نەخشەی سەربازی سەرزەوی نەهێشتووەتەوە. هەموو دونیا وێنەی محەمەدی بینی، کە بۆمب و ڕۆکێتەکانی سوپای تورکیا چۆن هەموو لەشیان سوتاندبوو لە عیفرین !

بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی لە جەنگی دووەمی جیهانی جەنگەکەی وەستاند و چۆکی بەژاپۆن دادا، بەڵام لەسەر حسابی ژیانی سەدان هەزار مرۆڤی بێتاوان، بەبێ ئەوەی مرۆڤایەتی شەرم لە داهێنانە زانستییەکانی بکات بۆ قڕکردن. هەرچەندە وەستانی جەنگەکە و سیستمی نوێی جیهان ژانی بە لەدایکبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گرتبوو دوای شەش ساڵ لە جەنگ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دامەزراو پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جێنۆسایدی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو، کاتێکیش دامەزرا ئەندامە بەشدارەکانی بڕیاریاندا کە ئیدی (هەرگیز ئەو تاوانە دووبارە نەبێتەوە)(**هاوڕێ ئەحمەد: ٢٠٢١**)، کەچی هەر مەرەکەبی سەرکاغەزە و تاوانی جێنۆساید هێشتا بەردەوامە و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دادگای دادی

نێودەوڵەتی نەیانتوانیوە پێش بەم تاوانانە بگرن. لەدوای تاوانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی شاروگوندەکانی کوردستان، دەبوو مرۆڤایەتی پەندی وەرگرتبا بەڵام نەخێر، لە نیسان ١٩٩٤دا، دیسانەوە تاوانی جینۆساید لە ڕواندا لەکەیەکی تری بەتەوێڵی مرۆڤایەتیەوە نا. لە ٧ی نیسانی ساڵی ١٩٩٤دا جینۆسایدی توتسییەکان. بە یەکێک لە خێراترین جینۆسایدەکانی مێژوو دادەنرێت، چونکە لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا نزیکەی هەشت سەد هەزار کەسی سەر بە کەمینەی توتسی (Tutsi) لەلایەن زۆرینەی هوتووەکان (Hutu)ەوە کوژران(**سەرکەوت جەلیل،٢٠٢٤**) نوێترین مۆری شەرمەزاری بە تەوێڵی مرۆڤایەتییەوە جینۆسایدی ئێزدییەکان بوو بە بەرچاوی دونیاوە، لە ساڵی ٢٠١٤ جێنۆسایدی ئێزدییەکان لە عێراق و کوردستان بەدەستی چەکدارانی داعشی ئیسلامی مۆرێکی تری شەرمەزاری لە تەوێڵی مرۆڤایەتیدایەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جگەلەوەی تاقە کەسێک (نادییەموراد)یان کردە فیگەرێکی ڕاگەیاندن، لەناو قوربانییەکاندا کردەیانە باڵوێزی ئاشتی چ زەمینەیەکی ئاشتی و سەلامەتییان بۆ ئێزدییەکان ڕەخساند، هەتا هەستنەوە سەرپێی خۆیان و سەرلەنوێ ژیان بونیادبنێنەوە؟

سەرچاوەکان:


1 - https://shorturl.at/AKpcv Journal for Peace and Nuclear Disarmament٢٠١٩ Masao Tomonaga , The Atomic Bombings of Hiroshima and Nagasaki: A Summary of the Human Consequences, ١٩٤٥-٢٠١٨, and Lessons for Homo sapiens to End the Nuclear Weapon Age

2 - ماڵپەری ئەنفالستان، عومەر محەمەد، یادەوەری سەرمایەی نیشتمانی و نەتەوەییە پاراستنی ئەرکی هەموومانە، ١٨ی ئازاری ٢٠١٥. http://www.anfalistan.com/٢٠١٥/٠٣/١٨

3 - کارێکی ژەهراوی ـــــ ئەمرریکا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە یوست هێڵتەرمان، وەرگێرانی/ کوردی محەمەد حەمەساڵح توفیق. ٢٠٠٨ کۆمپانیای ئاوێنە بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە.

4 - سەرکەوت جەلیل ٢٠٢٤ ماڵپەری ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی https://kc-interlaw.org/KU/Detail.aspx?jimare=٣٤٤.

5 - ماڵپەری تایبەتی د. محمد شوانی، وەحشیەت لە کوردستان، محمد حسین شوانی. دوشنبه ٢٣ دیماه سال ١٣٩٢ ساعت ٠٨:٠٠ ق.ظ. https://shwany.blogsky.com/١٣٩٢/١٠/٢٣/post-٧٨/

6 - میران قادر ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا ٢٠٢٣ ماڵپەری ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی.

7 - هاوریَ ئەحمەد، تاوانی جێنۆساید لە یاساو دادگای نێودەوڵەتیدا، چاپی یەکەم، ٢٠٢١ .



# ئەنفال دۆسیەیەکی زیندوو

حامد محەمەد عەلی

هەواڵنامەی کتێب

هەموو ساڵێک لە ڕۆژی (١٤ / ٤)دا، یادی شومی ٣٥ ساڵەی پرۆسەکانی بەناو ئەنفال و کولانەوەی زامی کەســـوکاری قوربانیانی ئەو تاوانەی حزبی بەعس دەکەینەوە، ئەو پرۆسە کەم وێنەیە، کە دەیان هەزار هاووڵاتی سقیل و بێگوناهی کوردی لە بیابانەکانی باشـــووری ڕۆژئاوای ئێراق تێدا زیندەبەچاڵکران و لەناوبران، ئەویش وەک هەوڵێکی ترســـنۆکانەی ئەو ڕژێمە بۆ جینۆســـاید و قڕکردنی گەلی کورد،

دیارە لەم یادەدا جارێکی دیکە باسوخواسی پرسی ڕادەستکردنی ئەو چەند سەد مستەشـار و سـەرۆک مەفرەزە خاسـانە سـەرهەڵدەدات، کە دادگای تاوانەکانی ئێراق کاتی خۆی وەک (تۆمەتبار) لەو پرۆسـەیە بە لیست ناوەکانیانی ناردوە بۆ حکومەتی هەرێم و داوایکردوە، کە ڕادەســـتی دادگایان بکات، بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستی بەشداریکردنی هەریەکەیان لەو تاوانە کارەساتبارە.

هەڵبەت حکومەتی هەرێم تا ئێســـتا ئەو کارەی نەکردوە و نەمزانیوە کەســـیانی دەســـتگیرکردبێت و بردبێتە بەردەم دادگا، پێدەچێ ئەوانەیان کە زیاتر تاوانبارن و ترسیان لەخۆیان هەبووە، ڕوویان لە وڵاتانی دەرەوە کردبێت و لە کوردستان نەمابن، بەڵام بەشێکیان هێشتا لە هەرێمن،

ئەوەی لەم کەیســـەدا زیـاتــر کەسوکاری ئەنفال نیگەران و تووڕە دەکات، ژمارەیەک لەو تۆمەتبارانە و برا و کوڕەکـانیان، ئێســتـا لە دامودەزگاکانی هەرێم، پۆســـت و بەرپرســـیاریەتییان هەیە و پلەی ســەربازیی باڵایان وەرگرتوە و ڕێز لێگیراون و ئیمتیـازاتی هەنـدێکیـان زۆر لە پێشمەرگە دێرینەکان زیاترە.
ڕاســـتە پـاش ڕاپەڕیـن بەرەی کوردســـتـانی وەک (حوکمڕانی ئەوکاتە) لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەوانە دەرکـرد، کە مـن بـۆ خـۆم وائەزانم بۆ ئەو قۆناغە ئەو (بڕیارە ســـیـاســـییە) گونجـاوبوو، وەک ڕێکارێک بۆ پاراســتنی ئاســایشــی کۆمەڵگە و دروست نەبوونی کێشەو ئـاژاوەی گەورە، بەڵام خـۆ ئەو دۆسیەیە وەکو پرسێکی یاسایی و مـافێکی کەســـی، پێویســـتبوو بە زینـدوویی بمێنێتەوە و خـاوەن مـافەکـان بۆیـان هەبێ لەڕێگەی دادگاوە سکاڵا لەسەر ئەو کەسانە تۆماربکەن، کە پێیان وایە دەستیان لە جینۆســـایدی کەســـوکارەکانیان هەبووە، دادگاش ڕێوشوێنی یاسایی خۆی بگرێتەبەر.
دیارە ئەمەیان نەکرا، بەڵام لە ڕێی دادگـای تـاوانەکـانی ئێراقەوە کە سەرانی بەعس و بەرپرسە باڵاکانی دادگایی کرد، وتەی کەســـوکاری ئەنفـالکراوانی وەرگرت لەســـەر ئەنجامدەرانی ئەو پرۆسەیە و دواتر بڕیـاری دەســـگـیـرکـردنی بـۆ ژمارەیەکی زۆر لە موستەشارەکانی فەوجی خەفیفە دەرکرد، کە ئەمەیان وائەزانم بـارســـووکییەک بوو بۆ هەرێمی کوردســـتـان و دەزگـای دادوەریی کوردستان.
بێگومان ئەم دۆسێیە بۆ ئەمجارە و ســـاڵانی دیکەش لای کەســـوکاری ئەنفال بە ئاســـانی کۆتایی نایەت، بۆیە هەقوایە پەرلەمانی داهاتوو و حکومەتی هەرێم چیتر پشـــتگوێی نەخەن.
خاڵی دووەم و گرنگ لە پرســـی (ئەنفال)دا بریتییە لە ڕووفاتی دەیان هەزار شەهیدی ئەو تاوانە گەورەیە، زیاتر لە ٢٠ ساڵە کەسوکارەکانیان لە چـاوەڕوانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیـدراڵـدان، تـاکو لە بیابانەکانی (نوگرەسەلمانی سەماوە و عەرعەر)ەوە بیـانگوێزنەوە بۆ زێدی خۆیان لە کوردســـتـان، بە ئومێدی ئەوەی کە بەشێک لە زام و



ئازارەکانیان سارێژ بێت و ئارامی و سوکناییەک بۆ دڵە بریندار و پڕلە خەمو ناسۆرەکانیان بگەڕێتەوە.
بەداخەوە هەموو بەڵێنەکان ئاوەڵ ئاوچوون و هێشتا کەسوکاری ئەنفال دڵ و چاویان هەر لای گۆڕی بەکۆمەڵ و خۆشەویستانیانە لە بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئێراق، جێی ئاماژە و پێزانینە، کە ماوەیەکە بە سەرپۆنسەرو سەرپەرشتی خاتو شاناز ئیبراهیم (خانمی یەکەمی ئێراق) هەوڵەکان دەستی پێکردوە و کار لەسەر هەڵدانەوەی ژمارەیەک گۆڕی بەکۆمەڵ کراوە و دەکرێ، بە ئامانجی دەرهێنانی ڕوفاتەکان و ئەنجامدانی پشکنینی DNA و گێڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان لە کوردستان.
ئەبێ دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەغداش ئەو ڕاستیە بزانن، کە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، وەک لە خوێنی خۆشەویستانیان خۆش نەبوون و نابن، بەهەمان شێوە دەستبەرداری ڕوفاتەکانیان نابن و لە داوای هێنانەوەیان کۆڵ نادەن، چونکە تا ئەو مافەیان بۆ نەگەڕێتەوە ئاستەمە گری دڵی هەڵقرچاویان دامرکێ و ژیانێکی ئاسایی دەستپێبکەن.
پێشینانی کورد جوانیان وتوە: (خاک مەیل برە).



# ئەنفال

## ئەو تاوانەی هیچ پاساوێک هەڵناگرێت

گوڵاڵەی گەرمیان

یاسایی ڕیشەکێشکردنی بیری بەعس و ستایشکردنی دیکتاتۆر بۆ تائێستا لە هەرێمی کوردستان و ئێراقی فیدراڵدا نییە...؟

لە دوایی پرۆسەی ئازادی لە ئێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و کۆتایی هاتنی سەردەمی ڕژێمی بەعس لە (١٩٦٨ - ٢٠٠٣) سەردەمێک هات، قوربانی هاتە گۆ و چووە گۆڕەپانی ڕاپەڕین بۆ داوایی مافی و سزادانی تاوانباران.

بە پێی ئەرکەکەم لەو کاتەدا لە نووسینگەی فەرمانگەیەک لە گەرمیان کە سەر بە وەزارەتی (مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال) ئیدارەی سلێمانی بوو، لە پاش نەمانی ڕژێمی سەدام و دەرکەوتنەوەی ئەو جاش و تاوانبارانەی تا ئەوکاتەش دوایی ڕژێمی بەعس کەوتبوون و خۆیان لە لێبوردنی بەرەی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ بواردبوو. چەند کەسێک لە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و بێسەروشوێنان هاتن سکاڵایان لەسەر ئەو کەسانە تۆمارکرد، کە هۆکاربوون لە گرتنی کەسەکانیان، بەهۆی نەبوونی هەڵویستیکی سیاسی و پشتگیریەکی یاسایی بەهێز لە دادگاکانەوە، زوو ئەو پرسە کپکرایەوە و هەر ئەوانەی سکاڵاکانیان تۆمارکردبوو، جاریکی تر ترسێنرانەوە و دەنگیان نەگەیشتە شوینی مەبەست. ئەو دادوەرانەش سووربوون لەسەر وەرگرتنی ئەو سکاڵانە، تا خاڵی دوورخستنەوە لە ئەرکەکەیان دژایەتیکران، تاوانبارانیش دەرگایی حزبەکانیان بۆ کرایەوە و بوونەوە بە ئەوەی کە نوینەرایەتی عەشیرەت و بنەماڵە بکەن و بە بەرچاوی قوربانیەوە بخرێنە لای سەرەوە و قوربانیش زیاتر هەست بە سوتماکی خۆی بکات.

لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ئێراق دادگایی باڵای تاوانەکان دامەزرا بۆ سزادانی سەرانی ڕژێمی بەعس و ئەوانەی هاوکاریان بوون، لە ساڵی ٢٠٠٦ دۆسیەی ئەنفال وەک یەکەم کەیسی کورد چووە سەر مێزی دادگا، بۆ ئەم دۆسیە (١١٩٣) کەس چونە پێش داگا و گەوایی خۆیاندا لەسەر ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە، (٧) سەری گەورە لە سەدام و نزیکەکانی تا ٤٢٣ کەسی تر لە ئەفسەران و سەرەک جاشەکانی بە ناو مستەشار ناویان درا لە دادگا، کە دەستیان لەو تاوانەدا هەبووە و زۆر لەوانەش زیاتر بە گوم ناو مانەوە و تاوانباربوون.

ئەمە بووە پرسێکی پڕ کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوربانی و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا کە زۆر سست و کەمتەرخەم بوون لە یەک لاکردنەوەی ئەو پرسە، کە لەوانە بوو، گەر داگایەکی چالاک و تەواو کار هەبووایە، زوو ئەو پرسەی یەک لای بکرایەتەوە و زۆریش لەوانە لە سزا ڕزگاریان بووایە و دادگا تاوانبارییانی پوچەڵ بکردایەتەوە، بەڵام ئەمە نەکرا و بووە دۆسیەیەکی دانەخراو و ئازارێکی نەبڕاوە بۆ کەسوکاری قوربانییەکان و خەڵکی بەهەڵوێست، ساڵانە بە دەیان ڕێکخراو و خەڵک هاواردەکات بۆ سزادانی ئەو تۆمەتبارانە، لە بەرامبەردا دەسەڵات و کەسانی بیرکۆڵ ئەوانەیان کردەوە بەدەم ڕاست و زۆر لە کەسوکاری قوربانییشیان هێنایە ئەو بڕوایەی کە دوایی بێباکی دەسەڵات ئەوان بکەون و ئەگەر یەکێک لەو تۆمەتبارانەش گیرابن لەلایەن پۆلیسەوە یان بە مەرگی ئاسایی مردبن، پۆل پۆل ڕیز ببەستن بۆ نزایی خێر و سەرخۆشی بۆیان، لەوەش خراپتر کەسانێک پەیدابن، پەسن و ستایشی دیکتاتۆر و سەردەم و ڕژێمەکەی بن.

لە دوایی دادگایی باڵای تاوانەکان یاسایی دەستەی نیشتمانی بۆ لێپرسینەوە و دادپەروەری لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ئێراق دەرچوو، لە مەشیاندا یاساکە بە برگە و بەندەکانی سزا و لێپرسینەوەی بۆ ئەوانە داناوە، کە لەگەڵ ڕژێمی بەعس بوونەوە دەستیان هەیە لە تاوانەکاندا.

قەدەغەکردن و دامەزراندنی هەر حزب و ڕێکخراوێک بەناو و ئامانجی بەعسەوە، بەڵام باسی لەوە

هەولێرنامەی کیبڕ

نەکردوە، کە پەسن و ستایشی بەعس و دیکتاتۆر و کردەوەکانی تاوانە، نکۆڵیکردن لە تاوانەکانی تاوانە، ناونان و ناوهێنانی ناو و هێماکانی بەعس تاوانە، ئەمەش زۆر گرنگ و پێویستە کار لەسەر ئایندەی گشتی و سەختی ئازاری قوربانی دەکات.

لە وڵاتی ئەلمانیا و نەمسا هەر لە ساڵی ١٩٤٧ لە دوایی نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆریەتی هیتلەر و حزبی ڕەگەزپەرستی نازی یاسایی (قەدەغەکردنی گشتی)یان دەرچواند بۆ ڕێگریکردن لەسەر هەڵدانەوەی بیری نازیەت و نکۆڵیکردن لە هەر تاوانێک کە ئەنجامیان داوە، بە تاوان دەژمێریت و سزایی هەتا دەساڵ زیندانی بۆ دانراوە .تا ئێستاش لە ئەڵمانیا قەرەبووی زیانلێکەوتووان بەردەوامە، کەس بۆی نییە، ناوی منالی بنێت (ئەدۆلف هیتلەر) زۆر بڕگە و بەندی تر، کە خزمەت بە ئاسودەی دەروونی قوربانی و پرسی دادپەروەری دەکات.

گەلی کورد لە بەشی باشوری لە سەدەی بیستەمی ڕابردوو بە تایبەت لە نیوەی دووەمیەوە بە مێژوویەکی ڕەشی خویناویدا تێپەڕی و دووچاری گەورەترین هەڵمەتی قەلاچۆکردن و لەناوبردن بووەوە، شۆڕشی ئەیلول و دواتر شۆڕشی نوێی لەمپەریکی بەهێزبوون لە بەرامبەر ئەو پیلانگێریە، خەلک لە سەر ژیان و کاری خۆی بوو، حەرەس قەومی و تالانچیەتی خێڵە عەرەبیەکان بە پاڵپشتی سوپا و حکومەت پەلاماری گوندنشینەکانیاندا بە ئامانجی بکوژە و تالان بکە، کە دەڵین کورد بۆ بووە چەکدار و لە حکومەت یاخیبوو، حکومەتی ئیراق و سیستەمەکەی هاندەربوون بۆ ئەو کارە، کە کورد ناچاربێت، بەرگیری لە بوون و مانەوەی خۆی بکات.

- بڕوانە کتیبی ((ئاگر و خوین)) لە نوسین و ئامادەکردنی بەڕێز مامۆستا مەلا شاخی ساڵی ٢٠٢٤.

ڕژێمە یەک لە دوایی یەکەکانی ئێراق هەوڵی دژایەتی و لەناوبردنی کوردیان دا، بەڵام لوتکەی تاوان لە ڕژێمی بەعسەوە تەشەنەی کردووە.

- خوالێخۆش بوو (محمەد وەلی) کەسایەتی ناوچەی گەرمیان لە بیرەوەرییەکانیدا دەیگێڕایەوە ((لە دوایی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و

نەمانی شۆڕشی چەکداری کورد، پیاوانی سەر بە ڕژێم لە ناو شاری کەلاردا چاودێری ئەو ماڵانەیان ئەکرد، کە کچ و ژنی جوانیان هەبوو و هاتوچۆیان ئەکرد، بۆ ئەوەی ئابڕوویان ببەن، چەند برادەرێکم ئاگارکردەوە، کە هەرچۆنێک بووە، چەند چەکدارێک پێکەوە بنێن بۆ چاوترسێنیان بەنهێنی دەستیان لێبوەشێنین، لەو تەگبیرانەدا بووین هەواڵی دامەزراندی (یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان)مان پێگەیشت وەک گوڵ گەشاینەوە و بە هەموو تواناماان هاوکاری شۆڕشمان کرد، کورد بۆ پاراستنی شکۆ و خاکی هەمیشە پێویستی بە هێزێک بووە بەرگری لێبکات)).

- بەڕێز عەبدولڕەحمان عەلی کوردە لە کتێبی (حاجی ئۆمەران لانەی هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵان) دەنووسێت ((لە دوایی نسکۆ خەڵک خەریکی کار و ژیانی خۆی بوو، بەڵام ملهوڕی بەعس و سیستەمە داپلۆسێنەرەکانی وازیان لێمان نەدەهێنا و ناچار لەناو خزمانی خۆمان لە ناوچەی حاجی ئۆمەران مەفرەزەی چەکدارمان دروستکرد و بارەگامان لە قەندیل دامەزراند و هەواڵمان بۆ بنەماڵەی بارزانی نارد، کە شۆڕشمان پێکهێناوەتەوە)).

ئەو بەڵگە مێژوویانە دەریدەخات، کە خەڵک پێش سیاسییەکان ناچاربووە، بەرگری لە خۆی بکات، کە سیاسی و کەسانی شارەکانیش هاتونەتە دەرەوە بۆ شۆڕشکردن و بەرگری، خەڵک بە ماڵ و گیان هاوکارییان کردووە بە سوپاسگوزارییەوە تێکەڵی یەک بوون بۆ مانەوە و بەرگری، ئەوانەش لە شارەکانەوە هەڵئەهاتن هەردنەی بەعس و تاوانە درندانەکانییان بوو، بەسەدان لاوی زانکۆ و کار و پیشە و خێزانی بەجێبێلێت و ڕوو لەو دەشت و کێوە بکات و بە نان و ئاوێک شەڕی درندەترین سوپا و ڕژێمی سەردەم بکات، ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام لە خۆرا ئەو ناوەی لێنەنرا.

دیکتاتۆر ناوێکە بە باڵای دەسەڵاتدارێک دەبڕێت، تاوانەکانی سنوری بەزاندووە، یاسا و ڕێسایی نێوخۆی و نێودەوڵەتی دەبەزێنێت، دەستدەگرێت بە کورسی دەسەڵاتەوە و کار بە یاسا و ڕێساکانی وڵات ناکات، ڕژێمی



بەعس لە ماوەی ٣٥ ساڵی دەسەڵاتیدا وڵاتی ویرانکرد، خەڵکی دووچاری چارە ڕەشی کرد، شەڕێکی بێ مانایی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران هەڵگیرساند و وڵاتی خستە ژێرباری گەورەترین قەرز و ویرانەیی، ئێراق تەنها دەروازەیەکی تەسکی دەریایی هەیە، نیوەی ئەویشی بۆ لەناوبردنی کورد لە ڕێکەوتنامەی شوومی جەزائیردا بەخشی بە ئێران، شار و شارۆچکەکان لەو پەڕی دۆخی دواکەوتوویدا بوو، لە گەڕەکێکدا ماڵێک ترومبێلی تایبەتی خۆی نەبوو، لە گەڕەکیدا چوار کەس فەرمانبەر نەبوو، گەنج هەموو تەمەنی سەربازی و هەڵاتن و زیندانی بوو، لە سەدا نەوەدی خەڵک خوێندنی پێتەواو نەدەکرا، لە دوایی ئەنفال و کیمیاباران بە سەدان گوند و شارۆچکە خاپورکرا و ژیانی تیایدا قەدەغەکرا.

ئەوە ئەو ڕژێمە بوو، کە نەفامی وا هەیە، ئێستا پەسنی دەکات و بەراوردی دەکات بە باشتر لەم سەردەمە، گلەی و ڕەخنەکان هەرچییەک بێت، پاساو نییە بۆ پەسنی دیکتاتۆر و ئاوات بە سەردەمەکەی، بۆ بیر لە باشتر ناکەنەوە، بۆ هەر بۆ دواوە ئاوڕ

ئـەدەنـەوە، بـیـرەوەری تـاک وا شـێوێنراوە، ئاراسـتەی ژیانی خۆی بۆ باشتر پێناکرێت.

ئەگەر حکومەتی هەرێم لە دوایی ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٩١ و دەسـەڵاتی نوێ ئێراق لە دوایی سـاڵی ٢٠٠٣ ئـەو پـەنـد و وانـانـەی مێژویـان ڕەچـاوبکردایـە، نـەدەبوو نـە لـە تـاوانبـاران خۆش بن، نـە هـەڵـەی ستەمکاری دووبارە بکەنەوە.

ئەگەرچی دادگایی باڵای تاوانەکان لـە ئێراق دامـەزرا و یـاسـایی ڕیشـەکێشکردنی بەعس لە پەرلەمان دەرچوێنرا، بەڵام ئەوانە هەرچەندە سەرانی گەورەی ڕژێمیان پێ سزادا و مـەرگی دیکتـاتـۆر و چـەنـد هاوکارێکیمان بینی، بەڵام پەیامەکە نەگەیشتە شوێنی مەبەست، پاداشتی قوربـانییـەکـان وەک پێویسـت نەدرایەوە و ئاوەدانی و چاکسـازی دەکرا، باشـتر بێت، لەگەڵ ئەوەشـدا کەموکورتییـەکان هـەرچییەک بێت، پێویسـتە یاسـایی قەدەغەکردنی پەسـنی دیکتاتۆر و ڕژێمی بەعس دەرچوینرێت، پرسـی تۆمەتبارانی کـەیسـەکانی تـاوانـەکانی ڕژێمی بـەعس یـەکلابکرێتـەوە، پـاسـاوە کۆمـەڵایـەتی و سـیـاسـییـەکان هەرچییەک بێت، بۆ ئەم مەبەسـتە باشترین نموونە لە ئەو بابەتەیە کە:

- بەڕێز مامۆسـتا شـەفیقی حاجی خدر لـە وتـارێکدا بـەنـاونیشـانی (ئەنفال و وردبوونەوەیەکی یاسـایی تاوانی جینۆسـاید) لە سـاڵی ٢٠٢١ بڵاوی کردوەتـەوە، نموونـەیـەکی کۆماری ئەفریقایی باشـوورمان بۆ دێنێتەوە لەدوای نەمانی دەسـەڵاتی ستەمکاری ئەپارتاید و سەرکەوتنی ڕەش پێسـتـەکـان و ئـازادبوونی ئازادیخواز بەڕێز (نیلسـۆن ماندیلا) و هەڵبژاردنی دیموکراسـیانە، ئەوان ئەنجومەنی لێپرسـینەوەیان دانا بۆ ئەو تاوانبار و خۆفرۆشـانەی لەگەڵ ئەو ڕژێمـەدا تێوەگلابوون، مـەرجی سـزا و لێبوردنیان لـە تـاوانبـاران پەیوەسـتکرد بە دانـان و باسـکردنی ڕاستییەکان وەک خۆی و تۆبەکردن، ئەمەش وادەکات:

یەکەم: لە سـەرێکەوە بۆ ئەوەی مـافخوراوان و گـەل لـە گۆشـە تاریکەکانی ڕووداوەکان بێئاگا نەبن.

دووەم: بۆ ئـەوەی بـەڵگـەنـامـەکـان ببێتە بەڵگەیەکی نەتەوەی و جاریکی دیکە ئەو جۆرە کەسـە خۆفرۆشـانە تاوانی تر ئەنجامنەدەن.



# ئەنفالناسی.. وانەیەک هاوشانی کوردناسی بۆ قۆناغی یەکەمی زانکۆ و پەیمانگاکان

ڕەوەند حمەجزا

زانکۆی هەڵەبجە - کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور



لە قۆناغێکی مێژووی سیاسی و خەباتی چەکداری مێژووی گەلی کورددا، تەنها نووسین بە زمانی کوردی و ڕێگەدان بە ڕادیۆی کوردی وەک دەستکەوتێکی گەورەی قۆناغەکە سەیردەکرا. کە بێگومان هەر ئەوەش بووە هۆی بەرەوپێشچوونی گەورە لە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەماندا، کە بەهۆی ئەم ڕێگەدان و ئازادییەوە، نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندان و مامۆستایانی کورد ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و توانیان، بە ئەو توانا سنوردارەی هەیانبووە، بەشێکی گەورە لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی و ئازار و کۆژانەکانی میللەتەکەمانیان خستووەتەڕوو، کەواتە ئەوەی لەو قۆناغەدا کراوە، ئەوپەڕی توانای ڕۆشنبیر و نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندانی کورد بووە.

بەڵام ئایا لە دوای تاوانی گەورەی دژ بە نەژادی کورد لە کوردستان لە دوای ئەو جینۆسایدەی بەرانبەر بە میللەتەکەمان کراوە، سەرەڕای ئازادیی بێسنوور و بێسانسۆر لەسەر زمانەکەمان، سەرەڕای هەبوونی چەندین زانکۆ و ناوەندی ئەکادیمی، تا چەند توانراوە ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە بەو گەورەییەی خۆی پیشانبدرێت و بهێڵدرێتەوە لە یادگەی نەوەی نوێی میللەتەکەمان.؟ لەڕاستیدا ئەگەر بەراشکاوی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەوە دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە ناوەندە ئەکادیمییەکان لە کوردستاندا نەیانتوانیوە لەئاست ئەو تاوانە گەورەدابن.

بە پێویستی دەزانم لە سۆنگەی ئەم پێشەکییە کورتەوە بچینە نێو ناوەڕۆکی بابەتەکەمان، کە ئەویش پێویستییەکی هەنوکەییە بۆ گرنگیدان بە کەیسی ئەنفال لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا، لێرەوە دەمەوێت وەک مامۆستایەکی زانکۆ، بڕیاربەدەستانی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاگاداربکەمەوە، کە بەشی هەرەزۆری خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەجۆرێک بێئاگان لە

ڕووداوی ئەنفال، کە تەنها وەک هەر تاکێکی دەرەوەی ئەم ناوەندە ئەکادیمیانە جگە لە چەند زانیارییەکی کەم دەربارەی ئەم جینۆسایدە دژی میللەتەکەمان، کە ڕەنگە لە پەرەگرافێکی نووسین یاخود دوو خولەک قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە توانای زیاتریان نەبێت.

هۆکاری ئەوەی کە خوێندکاران لە قۆناغەکانی خوێند لە قوتابخانەکان نەیانتوانیوە زانیاری لەسەر ئەم کەیسە وەربگرن بگەڕێتەوە بۆ سروشتی پڕ لە توندوتیژی و کارەساتباری کەیسی ئەنفال، کە دەگونجێت بۆ تەمەنی خوار (١٨ ساڵ) شیاونەبێت، باسکردنی چۆنیێتی ڕووداوەکان و خستنەڕووی وردەکاریەکانی ئەنجامدانی پرۆسەکە.

بەلام بێگومان قۆناغی زانکۆ و پەیمانگاکان بەتایبەتی لە سیمستەری یەکەم لە ساڵی یەکەم کاتێکی گونجاوە بۆ باسکردن و ناساندنی ئەم کەیسە بە سەرجەم خوێندکاران، لەڕێگەی وانەیەکی تایبەتەوە بەناوی (ئەنفالناسی هاوشێوەی (کوردۆلۆجی – کوردناسی) کە ئەم وانەیە لە بەشەکانی (زانستە مرۆڤایەتییەکان ) جێگای بکرێتەوە، بە تایبەت لە بەشی مێژوو، وەک بەشێکی سەرەکی لە بابەتی مێژووی نوێ و هاوچەرخی نەتەوەکەمان بخوێندرێت. تیادا دەتوانرێت چەندین بابەتی گرنگ و هەستیار دەرباری کەیسی ئەنفال بۆ خوێندکاران ڕوونبکرێتەوە.

گرنگترین ئەو بابەتانەی دەکرێت لەم وانەیەدا خوێندکارانی پێ ئاشنابکرێت، کە بەپێی پێواژۆی پۆلێنیا دەکرێت لانی کەم (١٣-١٤) هەفتە وانە بخوێنرێت، کە ئەمانەی خوارەوە ناونیشانن بۆ وەرزێکی تەواو بۆ ئەم وانەیە، کە ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت.

**یەکەم / ئەنفال وەک تاوانێک دژ بە مرۆڤایەتی** : بێگومان میللەتی کورد وەک نەتەوەیەکی ڕەسەن و خاوەن مێژوو و فەرهەنگ و دابونەریتی

تایبەت بە خۆی، بەشـــێکی دانەبڕاو بووە لە کۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی و هەمیشـە ویستی خۆی بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان بۆ میللەتانی دراوسێ و جیهـان بەگشــتی دەربڕیوە، هیچ کاتێک دەســتپێشــخەر نەبووە بۆ شـــەڕ و ئاژاوە و کاولکاری، بەڵام هەمیشـــە لە نیوان مردن و ژیان بە ملـکەچـی و ســـەرشـــۆری و ژێردەســـتەیی، ئەوەی یەکەمیـانی هەڵبژاردووە، ئەم بیروبـاوەرە لە نەوەیەکەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر گوازارووەتەوە، بەرخودان و خەبات لەپیـنـاو مـانەوەدا لەنێو مۆخ و دەماری تاکی کورددا چەســپییوە، هەمیشـــە نۆکەری بێگـانەی بە جاوێکی کەم و سوک سەیرکردووە، ئەم دید و تێڕوانینە زۆر بەڕوونی لە ئەدەبیـاتی کوردیـدا هەســـتی پێدەکرێت، وەک مامۆســـتا قانع دەڵێت:

گەر بە ئـازادی نەژیم مردن خەڵاتە
بۆ لەشم نۆکەری و سەر
دانەواندن کاری نامەردانەیە

قانعم ئەمڕۆ لە زیندانا بە ئـازادی
ئەژیم ســەد هەزار لەحنەت لەوەی
وا نۆکەری بێگانەیە

**دووەم/ ئەنـفـال وەک لـوتـکەی بەرخودان:** لەپێناو سڕینەوەی گەلی کورد وەک میللەتێکی ســـەربەخۆ، دوژمنـانی کورد هەزاران ڕێگـای جـــــۆربەجـــــۆریـــــان تـاقیکردووەتەوە،بەڵام هیچیـان بۆ نەچووەتەســـەر و گەلی کورد وەک داربەڕووی شـاخەکانی کوردستان ڕەگی خۆی بە قووڵایی خاکی خۆیدا داکوتیووە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەنفال نامرۆڤانەترین و دڕندانەترین ڕێگـابوو بۆ لەنـاوبردنی کورد و ســڕینەوەی لەســـەر خاکی خۆی، باشـــترین بەڵگەیش بۆ ئەم قســـەیە ئەوەیە تـاوانی ئەنفـال تەنها دژ بە مرۆڤی کورد نەبوو، بەڵکو دژ بە خـاک و ســـروشـــتی ڕەنگینی کوردســـتان بووە، کە هەزاران کانی کوێرکرانەوە و دەیان گوند و ڕەز و باخ سـوتێنران، لەبەر ئەوە پێویسـتە نەوەی نـوێ لە ڕێـگەی وانەی ئەنفـالـنـاســـییەوە قەبـارەی ئەو

قوربانیدان و تێکۆشـــانە ببینێت، کە لە پێنـاو مـانەوەیـدا دراوە، وەک شـــاعیری گەورەی کورد (ئەحمەد موختار جاف) دەڵێت:

بەبێ بـاکی بەســـەریا ڕامەبورن، حورمەتی بگرن گوڵاڵەســـورەی ئەم سەحرایە، خوێناوی جگەرتانە.

**ســـێیەم/ ئەنفال وەک جینۆســـاید:**

بێگومان ناکرێت هەوڵی سیاسی و کابەدەســـتانی کورد لەمەڕ تاوانی ئەنفال و هەوڵدان بۆ بەجینۆســـاید ناســـاندنی لە ئاســـتی نێودەوڵەتی نـادیـدەبگرین، بەڵام دەتوانین بڵێین هێشـــتـا لە ئاســـت گەورەیی ئەو ڕووداوە کـاری لەســـەر نەکراوە، ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، کە هەنـدێـک لە فـاکتەرەکـانی لە دەرەوەی توانـای دەســـەڵاتدارانی کـوردن. بەڵام گـرفـتەکە لـێرەوە سەرهەڵدەدات، کە نەک تەنها لەسەر ئاستی دەرەوە و نێودەوڵەتی بەڵکو لەســـەر ئـاســـتی نـاوخۆیش ئەم ڕووداوە لە دیـدی نەوەی نوێوە و خوێندکارانی زانکۆ لە چوارچێوەی ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ســـاڵدا بازنەی لەدەور کـێشـــراوە، بـۆ ئەوەی بیرنەچێتەوە، لەکاتێکدا پێویســـتبوو ئەنـفـــال وەک ســـــەرچـاوەی دروســـتبوون و زیندووبوونەوەی خەونـــی دەوڵەتـــی کـــوردی ســـەیربکرێـت و لە ئـاســـتی نێودەوڵەتیدا بکرێـت بە ئـامرازێکی کاریگەر بۆ گەیشـــتن بە ئامانجێکی گەورە. ئەوەش لەڕێگەی توێژینەوە و نووســـین و بەدۆکیۆمێنتکردنی کەیسی ئەنفال بە زمانە زیندووەکانی دنیـا، کە ئەوەش دووبـارە دەبێتەوە ئەرکی سەرەکی خوێندکارانی زانکۆ.

**چوارەم/ ئەنفال و هۆلۆکۆســـت :**

بەدەر لە باگراوندە ئاینییەکە، ئەنفال و هۆلۆکۆست دوو ڕووداون لە دوو ســـەردەمی جیاوازدا، بەڵام بۆ یەک مەبەست و ئامانج ئەوەش سڕینەوە و کۆتـاییهێنـان بە بوونی گەلێـک. بەڵام پرسـیارە ســـەرەکییەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەستکەوتی هۆلۆکۆست بۆ گەلی جولەکە چی بوو، بەراورد بە دەســـتکەوتی ئەنفـال بۆ گەلی کورد؟ ڕەنگە وەڵامی ئەم پرســـیارە بەجۆرێک شـــەرمهێنەربێت بۆ تاکی

هۆشـــیاری کورد، یـاخود هەر بەراوردکردنیان بە کارێکی لۆجیکی نەزانرێـت، جگە لە دەســتکەوتی دروســتکردنی دەوڵەتێکی بەهێز و خـاوەن پـێگە و دانپـیادانـانی هۆلۆکۆســت وەک تـاوان دژی مرۆڤـایەتی و نـاچـارکردنی وڵاتی تـاوانکـار کە ئەڵمـانیـایە بە داوای لێبورن بە رەســمی، ســەرەڕای ئەوەیش کاتێک لە ڕێکەوتی (٣/١٨/ ٢٠١٨ )دا، لە ســاڵیادی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیســرائیلدا. ڕاوێژکـاری ئەڵمـانیا (ئەنجێلا مێرکڵ) لەبەردەم پەرلەمانی ئیسرائیلدا وتی ئێمە وەک ئەڵمـانیا بەرانبەر بە هۆلکۆســت هەســت بە شــەرمەزاری دەکەین، ئەوەی جێی ســەرنج بوو، هەر لەوکاتەدا (١٠) ئەندام پەرلەمان وەک نـارەزاییەک بەرامبەر بە مێرکڵ کە بە زمـانی ئەڵمـانی لە پەرلەمـانی ئیسـرائیلدا قسـەی کردووە. ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون، چونەک رایان وابوو، قســەکردن بە ئەڵمـانی کـارەســاتی هۆلۆکۆســتیـان بەبیردەهێنیتەوە. کەواتە دەبێـت خوێندکاران و ڕۆڵەی ڕۆشــنبیریی میللەتی ئێمەیش هێندە لەئاســتێکی بەرزدا بۆ ئەم دۆزە بڕوانێـت، کە داواکاریەکانیان بارتەقای گەورەی کـارەســـاتەکەبێـت، ئەگەرچی لە ئیســتایشــدا جیبەجێکردنیان وەک ئەستەم سەیربکرێت.

**پێنجەم/ ئەنفال و دەروونناســی:**

کاریگەرییە دەروونییەکانی شـاڵاوی بەدناوی ئەنفال لەسـەر کەسوکاری ئەنفـالکراوان بەتـایبەتی و میللەتی کورد بەگشتی، بە شێوەیەکی ناکۆتا ئامادەگی هەیە، هەردەمێک دایکێکی تەنیای چاو پڕ فرمیســک دەبینیت، هێشتا گۆرانی بە باڵای کوڕە جوانە مەرگەکەیـدا دەڵــێـت، یــاخـود چاوەڕوانی هاتنەوەی منداڵەکانیەتی و تائێستا جلوبەرگ و پۆشاکەکانی بۆ هەڵگرتووە، ئەوکـاتە تێدەگەین، لەوەی ئەنفال پرۆســیەک نییە، لە ڕابردودا ڕوویدابێت و ئێمە بەجێمان هێشــتبێت، بەڵکو تێدەگەین ئەنفال پرۆســیەکە، کە تائێســتا جێمان نەهێشـتووە، هێشـتا خوێن لە برینی یــادەوەریــیەکــانــی دایـکــانــی

جەرگسووتاوی پاش ئەنفال دەچۆڕێت، بەتایبەتی لەکاتێکدا دەبینێت، کە نەتوانراوە کەمترین قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەم کەسوکارە بکرێتەوە، کە داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوان هێندە سادە و بچوکن، مرۆڤی خاوەن ویژدان لە ئاستیدا شەرمەزاردەبێت، وەک لە راپرسییەکدا دەردەکەوێت، پرسیار لە کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکرێت.

**داوادەکەن چیتان بۆ بکرێت؟ دەرکەوتووە.**

**لە ٧٤،٣٪ ی کەسوکاری ئەنفالکراوان داوای سزادانی تاوانباران دەکەن.**

**لە ٦٧،٢٪ کەسوکاری ئەنفالکراوان داوای هێنانەوەی رووفاتی کەسوکاریان دەکەن.**[٢]

باشە لە کاتێکدا ئەمە سەرەتایترین و ئاسایترین داوای کەسوکاری ئەنفالکراوابێت و تائێستا جێبەجێنەکرابێت، دەبێت کەسوکاری ئەنفالکراوان لە چی دۆخێکی دەروونیدابن؟؟ بەڕاستی دەبێت خوێندکارانی زانکۆ ئاگاداری دۆخی ئەم کەسانەبن و هاوکاربن لە کەمکردنەوەی ئێش و ئازارەکانیان.

**شەشەم / ئەنفال و ئەدەبیاتی کوردی:** بەراورد بە هەموو مەیدانەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رامیاری و ئاینی ... بواری ئەدەبیاتی کوردی کێڵگەیەکی بەپیتبووە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی نایاب و بەپێز دەربارەی ئەنفال بەرهەمهاتوون، کە ڕەنگە دەرفەت نەبێت، لێرەدا ئاماژە بە یەک بەیەکی بەرهەمە ئەدەبییەکان بکەین، کە دەربارەی ئەنفال نووسراون، بەڵام دیوانە میژوویەکی شێرکۆ بێکەس بە ناوی (گۆڕستای چراکان) و دیوانی (زمانی عەشق و زەمانی ئەنفال)ی ڕێبوار سیوەیلی. دوو باشترین و بەپێزترین بەرهەمی ئەدەبین، کە بۆ ئەنفال نووسرابێت، سەرەرای ئەمانەیش چەندین رۆمان و چیرۆکدا لەژێر کاریگەریی ئەم شاڵاو درندا نووسراوە. هەروەها چەندین نامەی ئەکادیمی ماستەر و دکتۆرا بۆ ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە

ئەدەبیاتدا نووســـراوە، کە دەکرێت ئەمەیش بکرێت بە دەروازەیەک بۆ ئاشـــنابوونی نەوەی نوێ بە تاوانی ئەنفال لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە.بەڵام دەتوانین بڵێین گەورەی ئەم شاڵاوە بەدنـاوە دەکرێـت ببێتە هەوێنی لەدایـکـبـووی دەیـان و ســـەدان شـــاکاری ئەدەبی مەزنی دیکە لە ئێستا و داهاتوودا.

**حەوتەم/ ئەنفـال و مێژوو:** ئەنفـال ڕووداوێک نییە، تەنها لە ڕابردوودا و وەک بەشـــێـک لە مـێـژوو سـەیربکرێت، بەڵکو واتای مێژوو و کات لە دۆزی ئەنفالدا دەگۆڕێت بۆ شـتێکی دیکە، کە ئەویش زیندویتی و بەردەوامـیـیە لە ڕوانـگـەی کەسـوکاری قوربانیانەوە، هەمیشـە ڕووداوەکانی مێژوو ســوودیان بۆ گەلانی جیهان هەبووە و توانیویانە لەڕێگەیەوە بەرژەوەندی و ئامانجە جیـاوازەکـانی خۆیـانی لەســەر بونیادبنێن. بەڵام تا ئەمسـاتە ئەنفال وەک ڕووداوێـک بەردەوامـی بە کـاریگەریی خۆی داوە لەســەر کەســوکاری ئەنفالکراوان، ئەوەش بەهۆی ئەوەی بەشـێکی زۆر کەمی نەبیت، تائێستاش ڕووفاتی هەزاران ئەنفالکراو لە ژێر خاکی بیابانەکانی ناوەڕاســت و باشــوری ئێراقدان، بەمەش تا گەڕانەوەی ئەو ڕووفاتانە و بوونی گۆڕیک لە خـاکی پیرۆزی کوردستان کە ڕووفاتی ئەم ئازیزانە لەبـاوەشـــی خـۆی بـگـرێـت، کەسوکاریان هەست بە دڵنەوایی و ئارامی ناکەن و بۆ هەمیشـــە بەو ئـاواتەوە و لەو چـاوەڕوانـیـیەدا دەمێننەوە. لەبەر ئەوە گرنەگە کە خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان تەنها لە چوارجێوەی ڕۆژێکی مانگی گوڵاندا ســـەیری ڕووداوی ئەنفال نەکەن، بەڵـکـو هەوڵـبـدەن وێـنە گەورەکەی ڕووداوەکە ببینن.

**هەشـــتەم/ ئەنفـال و جوگرافیـا:** جوگرافیا ئەنفال بەشـــێکی زۆری جـوگـرافـیـای کـوردســـتـان لەخـۆدەگـرێـت، کە لەچـوارێـوەی پرۆســـەیەکی ورد و دیراســـەکراو پلان بۆداڕێژراودا لە هەشت قۆناغی جیاوازدا، دەیان شار و شارۆچکە و ســـەدان گوندی دوورەدەســـت و

ئـاوەدانی کوردســـــتـانی گرتەوە، بێگومـان هەڵبژاردنی هەر گونـدێک یان شـار و شـارۆچکەیەک بەبێ هۆ و بـێ بەرنــامە نەبـووە، بەڵـکـو مەبەسـت و سـتراتیجیەتێکی تایبەتی خۆی بۆ ڕێژێمی فاشـیسـتی بەعس لەپشــــتەوە بووە، لەبەر ئەوە گرنگە بۆ خوێندکاران ڕوون بکریتەوە، کە ئامانج و مەبەستە گڵاوەکانی بەعس لە هەڵبژاردنی ئەم شـــوێنـانە لە ڕووی جـوگـرافـیـاوە بـۆچـێ دەگەڕێتەوە.

**نۆیەم/ ئەنفال و زمان:** یەکێک لە هۆکارە ســـەرەکی و بنەڕەتییەکانی شـــــاڵاوی بەدنـاوی ئەنـفـال، قســـــەکردنبووە بە زمـانی کوردی، واتـا تەنهـا بە کوردی قســــەکردن بەس بووە، بۆئەوەی گەنج و منداڵ و پیری کورد ڕاپێچی نێو زیلەکـان بـکـرێـن و بـگـوازرێـنەوە بەرەوە بـاشـــــوور و نـاوەڕاســـــتی ئێراق. هەروەهـا زمـان وەک هەر کـایەیکی دیـکەی کـۆمەڵـگە کەوتـوەتە ژێـر کـاریگەریی شـــــاڵاوی ئەنفـالەوە، بەهۆی ئەنفالەوە چەندین وشــــە و دەســتەواژە بۆ هەمیشــە وەک ناو و دەســـــتەواژەیەکی ئـازاربەخش و خەمهێنەر لە یـادگەی تـاکی کورددا دەمـێـنـێـتەوە. لەوانەیـش (عەرعەر، نوگرەســـــەلمان ، ئەبوغرێب، گۆڕی بەکۆمەڵ، ڕوفـات ...هتـد) بەرواری (٤/١٤) وەک ڕۆژی ئەنــفــال دیـاریکراوە و ئەو ڕۆژە بەڕۆژی ئەنفال ناودەبرێت. جگە لەم وشـانە دەیان و ســـەدان دەســـتەواژە هەن، کە تەنهـا کەســـوکـاری ئەنفالکراو بەتەواوی لێی تێدەگەن و دەتوانن لە نـێــو خــۆیــانــدا ئــازار و یـادەوەرییەکـانیـانی پێبگێڕنەوە. کەواتە دەبێت نەوەی نوێ قەدرزانی ئەو زمانەبن، کە ئێسـتا بە ئازادی و ســـەربەســـتی پێی دەدوێن. ئاوڕێک لەو قـوربـانـیـدانە بـدەنەوە، کە لەڕابردودا لەپێناوی دراوە، لوتکەی قوربانیدانەکەیش خۆی لە پرۆسـەی ئەنفالدا دەبینێتەوە.

**دەیەم/ ئەنفال و فـاشـــیزم:** ئەگەر باس لە تێڕوانینی فاشـــیســـتیانەی بەعس بکەین، ئەوە دەتوانین ئەنفال بە ترۆپکی ئەو دیدە فاشـــیســـتیەی

بەعس سەیربکەین بەرانبەر بە گەلی کورد، دەبێت سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ خودی "ئەنفال" و هۆکار و هەلومەرج و سیستەمێک کە پیادەی کرد و ئەو هاوکێشە سیاسی و ڕەگەزە کولتوری و دەروونییەی کە خواستی سڕینەوە و قوربانیکردنیان بە شێوەیەکی بەرفراوان مانیفێست کرد! خۆ-لادان لەم ڕاستییە لە پلەی یەکەمدا نیشانەی هەڵهاتنە لە خودی واقیعی "ئەنفال" و پشتتێکردنی و چاونوقاندن بەسەر ڕیزەچاڵ و قەتارەقیژە و زریکەکاندا و سەرنجدانە بە کوورەکان و سووتاندنە تەواو و گشتییەکانە لە ئۆردوگاکانی بەعس، کە تایبەتکرابوو بە کۆکردنەوەی ئەنفالکراون پێش پرۆسەی زیندەبەچاڵکردنیان. کەواتە دەتوانین بۆ هەمیشە بەعس و بیری فاشیزم وەک دووڕووی یەک دراو لە ئاوێنەی ئەنفالدا پیشانی خوێندکاران بدەین. لەوە تیبگەن، کە سەرچاوەی ئەم بیرە توندڕەوەییە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە.

**یازدەیەم/ سەردانی مەیدانی بۆ شوێنی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال:**

لە هەموو ولاتانی دونیا مەیدانی جەنگ و قوربانیدانی میللەتان لەپاش ئارامی و بەدەستهێنانی مافەکانیان دەکرێن بە مۆنۆمێنت و مۆزەخانەی تایبەت بە ئەو کەرەستانەی لەو ڕووداوانەی کە بەکارهاتوون، هەرچەندە بە ژمارە کەم و لە ئاست گەورەیی ڕووداوەکەدا نییە، بەڵام ئەو کەمەی کە هەیە، وەک پێویست سەردان ناکرێت و لەلایەن نەوەی نوێیەوە گرنگی پێنادرێت، بەڵکو تەنها ساڵانە لە یاد و بۆنەکاندا بۆ ماوەیەکی کەم دەرگای ئەم مۆنۆمێنت و مۆزەخانانە دەکرێنەوە، بەڵام بۆ زیاتر ئاشنابوونی جیلی نوێ، پێویستە ئەم شوێنانە بکرێن بە شوێنی وانەخوێندن و جێگەی هۆڵەکانی زانکۆ بگرنەوە، چونکە ئاشکرایە بینینی ڕاستەوخۆ و سەردانی مەیدانی کاریگەریی گەورەی هەیە لە تێگەیشتن لە گەورەیی تاوانی بەدناوی ئەنفال.



**دوازدەیەم/ گفتوگۆ و دواندنی شاهید حاڵەکانی ئەنفال:** ئەوانەی لە پرۆسەی ئەنفال گەڕاونەتەوە بە شەهیدی زیندوو ئەژماردەکرێن، کە بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر کەمن، ئەوان باشترین بەڵگەن بۆ گێڕانەوەی ئەو درندەییەی دەرهەق بە میللەتی کورد کراوە، گوێگرتن لە چیرۆک و ڕازەکانی ئەوان دەتوانێت لە باشترین فیلمە سینەمایەکان کاریگەری لەسەر گوێگرەکان بەجێبهێڵێت، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەم گوێگرتنە دەکرێت، وەک دەروازەیەک سەیربکرێت بۆ ئاوردانەوە لە کەسوکاری ئەنفالکراوان، هەروەها دڵنەواییەکیشبێت بۆ ئەوان کە هێشتا کەسانێک هەن، بە گرنگییەوە گوێ لە بەسەرهات و کۆژانی ئەوان دەگرێت. واتە بۆ خوێندکاران ئەم بەرکەوتنە فیزیکییە کاریگەریی

ڕاســـتەوخۆ جێدەهێڵێت لە یادگەی گوێگراندا.

**سێزدەیەم/ ڕێزگرتن لە کەسەوکاری ئەنفالکراوان:** هەموو ئەو خاڵانەی ســـەرەوە دەکرێـت، لە پێنـاو ئەم خـاڵەدا چڕبکرێیتەوە. ئەوە جێگەی خۆشـــحـاڵییە لەلایەن هەنـدێـک وەزارەتـی حـکـومەتـی هەرێـمەوە ڕێزی تـایبەت بۆ کەســـوکـاری ئەنفالکراوان پێشـــاندراوە بەتایبەت وەزارەتی خوێندنی باڵا. بەڵام ئەوە بەتەنها بەس نییە، پێویســـتە تەنها هەبـوونـی نـاســـنـامەیەک کە دەیســـەلمێنێـت، کەســـوکـاری ئەنفالکراوە کارئاســـانی تەواوی بۆ بکرێـت لە هەموو فەرمـانگەکـانی حـــکـومەتـی هەرێـــمـدا وەک قەرەبوویەکی مەعنەوی، هەروەها لە ڕووی داراییەوە ئەگەر لێخۆشبوونی گشتی نەبێت، ئەوە زۆر داشکاندنیان بۆ بکرێت، بەجۆرێک لەناو هەموو خەڵکیدا هەســـت بە ڕێز و پێگەی خۆیان بکەن، بەڵام تەنها ئەوە بەس نـیـیە، کە لەلایەن فەرمـانـگە حکومییەکـانەوە ڕێزی تـایبەتیـان لـێبـگـیـرێـت، بەڵـکـو دەبـێـت ئەم قەدرزانینە بۆ ئـاســـتـی گشـتی دەبەزێنرێت، بۆ ئەم مەبەســـتەیش خـوێـنـدکـاران کە نەوەی نـوێ و هۆشـــیـاری کۆمەڵـگـان بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداربکرێنەوە .

لە کۆتـایـدا دەڵێم ڕەنگە ئێســـتـا بـاشـــتـریـن دەرفەتـبـێـت بـۆ داواکارییەکی لەم شـــێوەیە، بەهۆی ئەوەی وەزیری خوێندنی باڵا وەک گەنجێکی گەرمیانی لە هەموو کەس باشتر لە ئازار و کۆژانی کەسوکاری خـۆی لە گەرمـیـان تـێـدەگـات. هـیـوادارین هـاوکـاربـێـت بـۆ جێبەجێکردنی پێشـــنـیـا.ێکی لەم جۆرە، کە ئەمە تەنها پێشـــنیارێکی ســـادەیە و دەکرێت مامۆســـتایانی پسپۆڕ و بەئەزموون زیاتر پڕۆژەکە دەوڵەمەندبکەن.

کتێبخانەی هەولێر



# پێگەی کچی کورد لە ڕۆمانی

# (یادەوەرییەکانی کچە کوردێکی ئەنفالکراو)دا

دلێر کەریم



تاوانی ئەنفال بەگشتی کاری ئەدەبی و هونەری بە کەمی لەسەر کراوە، بەتایبەت لە رۆماندا دەبوو کورد خاوەنی سەدان رۆمان بووایە تایبەت بە چیرۆکە ناخهەژێنەکانی تاوانی ئەنفال، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە کۆی چیرۆکەکانی ناو تاوانی ئەنفال، ئەوانەی لە راستیدا روویانداوە، بۆ خۆیان رۆمان و چیرۆکگەلێکن ئامادەن و تەنیا نووسەرێکی دەوێت بیهۆنێتەوە و بیانکات بە رۆمان، یان فلیمێکی ئاکشنی پڕ بینەر. هەروەها دەکرێت خەیاڵ و فەنتازیا تێکەڵ بە چیرۆکە راستییەکانی رۆژانەی تاوانەکە بکرێت و بەرهەمێکی ناوازەی لێدەربهێنرێت، کە خزمەتێکی گەورەی بە کێشە رەوای میللەتەکەمان دەکات.

رۆمانی (یادەوەرییەکانی کچە کوردێکی ئەنفالکراو) لە نووسینی سەدرەدین محێدین کەلۆرییە، پاڵەوانی رۆمانەکە کچە کوردێکە بەناوی (نەسرین)، لە گوندێکی کوردستانەوە، کە ناوی دیارینەکراوە[1] چیرۆکەکانی ئارامی و خۆشی ژیانی گوند دەگێڕێتەوە. شێوازی گێڕانەوە ئەو کچەیە کە هەر خۆشی پاڵەوانی رۆمانەکەیە، (کەسی یەکەمی تاک) تا کۆتایی زانیارییەکانمان پێدەبەخشێت. زۆر بە کەمی لە رۆماندا پاڵەوانەکان کچن، ئەو کچە لە خێزانێکدا دەژیت کە (دایک و باوک، تەنیا برایەکی هەیە)، شوانەکەشیان (نەریمان)ە، کە هەمیشە بە دەنگی شمشاڵەکەی دڵی نەسرین دادەخورپێنێت و هۆگری خۆی دەکات، تا ئەو کاتەی تاوانی ئەنفال بەسەردا دێت و گوندەکەیان وەک ئەو هەزاران گوندەی تری کوردستان خاپووردەکرێت و خەڵکە هەژار و ئاساییەکەی ئەنفال دەکرێت. خۆشەویستی نێوان نەریمان و نەسرین، خۆشەویستییەکی پاکوبێگەردە، بۆیە بە نەمری دەمێنێتەوە. تەنانەت تاوانی ئەنفالیش ناتوانێت ئەو خۆشەویستییە لەبیرباتەوە.

لەم ڕۆمانەشدا بە ئاشکرا هەست بە کاریگەریی ڕۆڵی جاش و خۆفرۆشـــان دەکرێت، کە پێش سوپای بەعس دەکەون و شوێنە سەخت و نادیارەکانی گوندەکان بە سوپای ئەنفالچی بەعس پیشاندەدەن، بۆئەوەی خەڵکەکە ئەنفال بکرێت، کە سوپای بەعس دەگاتە نێو گوندەکە[٢]، نەسرین خۆی دەشارێتەوە و نایەوێت وەسیەتی باوکی بشکێنێت، کە مەترسی ئابڕووچوون دەکات و نایەوێت کچەکەی دەستی بەعسییەکان بکەوێت، ئەوان هەمووان دەدۆزنەوە و نەسرینیش لە کایەنەکەدا دەردەکەنە دەرەوە، ئەو جاشەی دەیدۆزێتەوە، هەوڵی لاقەکردنی نەسرین دەدات، بەڵام نەسرین ڕێگەی نادات و مردن هەڵدەبژێرێت، نەک ژیانێکی سەرشۆڕانە.

دواتر هەمووان دەگوێزرێنەوە بۆ زیندانە گەورەکان، ژیانێکی سەخت بەرێدەکەن، ترس و دڵەڕاوکێ بەرۆکیان دەگرێت، دەیان دەنگۆی جیاواز بڵاودەکرێتەوە، یەکێک دەڵێت ئازاددەکرێن، یەکێک دەڵێت دەکرێنە ناو ڕووبارەکانەوە. ئەوان لە زینداندا بیریان لای (ڕێباز)[٣]ە، کە کاتی پەلامارەکە خۆی دەشارێتەوە و ئەنفال ناکرێت. هەر کاتی کۆبوونەوەیان پەلاماریان دەدەن و نەسرین دەیەوێت دەستی لە دەستی باوکی نەکرێتەوە ، لە باوک و ئازیزانی دەدەن، نەریمان لەسەری بە وەڵام دێت، لەویش دەدەن و بەهۆی لێدان لەسەر نەریمانی دۆستی گیانی دەبەخشێت، ئەوەش خەرمانی خەمەکانی نەسرین زیاددەکات. بیردەکاتەوە، کە پەنجەکانی نەریمان دەبێت ئێستا لە بری شمشاڵ ژەنین، بەدەمی سەگەکانەوە بێت.

دوای جیاکردنەوەیان لە یەکتری، لە زیندانی کچاندا، پاسەوانەکان دێن و هەر جارەی چەند کچێک دەبەن و لاقەیان دەکەن، ئەم ڕووداوە چەند جارێک دووبارەدەبێتەوە، تا ئەو کاتەی نەسرین بیر لەوە دەکاتەوە، دەستەیەک پێکبهێنێت و ڕێگەنەدا

دەســـــتەخۆشـــــکەکانی لاقەبکرێن، تەنانەت ئەگەر بشـمرن، دواتر وەک سوکایەتییەک لە کاتی ئەشکەنجەدان و لاقــەکردنیـان، پێیـان دەڵێن: موخــەریبــەکــان کوان، بــا بێن رزگارتان بکەن؟

نـەســـــرین بــە هــاوکـاری دەســـــتەخۆشـــــکەکەی لە زیندان دەســـتەیەک دروســـتدەکەن بەناوی (خەباتی هێزی گیانی تۆڵەی کچان) بـۆ ئـەوەش پـرس و راویـژ بـە هــاورێکــانی دەکـات، دواتر کـە هــەموان کۆکــدەبن لــەســــــەر دامەزراندنی هێزەکە، پلان دادەنێن، جەلادەکان بێن و پەلاماریان بدەن، ئـەوان خۆشـــــحـاڵدەبن، بکوژرێن، بـەڵام لاقـەنـەکرێن، (بـا هــەر لـە هۆڵەکەدا شـــــەهیدببن، خۆ دەڵێن کچانی کورد لەســـــەر ئابڕوویان، چەند جەلادێکیان کوشـــــت)[٤]. بۆ جاری دواتر کـە جـەلادەکـان دێنـە ژوورەکــەوە، کچـان بــەپێی پلانی پێشـــوەختەیان، پەلاماریان دەدەن و چــەکێکیــان لێــدەســـــێنن، بــەڵام چەکەکانیان فیشـــــەکی تێدا نابێت و

هەر بە قۆناغە تفەنگ دوو جەلادیان لێـدەکوژن، ئـەوانیش دەچنــەوە و چەند جەلادێکی زیاتر دێنن و کچانی زۆریـان لێـدەکوژن، کــە ژمـارەی کوژراوان لـە کچان دەگاتە ١٥ کچ. نووســـەر ئەم دیمەنەی لە واقیعەوە گواســـتووەتەوە، ئەوەی کە پیاوان (رزگـاربووەکـانی تـاوانی ئـەنفـال) لەسـەر گۆڕەبەکۆمەڵەکان دەیکەن و بە هۆیەوە هەندێکیان رزگاردەبن، هێنـاویـەتی بۆ زیندانی کچان و لـە نێو زیندان زیندووی کردووەتەوە. دواتر ئـەو کچـانـە کـە لـە جـاری یــەکــەمــدا نزیکــەی ٧٠ کچ دەبن، دەفرۆشـــرێنە وڵاتان، نـەســـرین (پاڵەوانی رۆمانەکە) دەفرۆشـــرێتە کویتییەک، فرۆشـــتنی کچانی کورد بە وڵاتانی عەرەبی، مشـــتومڕێکی زۆری لەســـەرە و لە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی میسری باس لەو کچانە دەکرێـت، کــە ســـوپـای بــەعس فرۆشـتوونی بە بارەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام تا ئێســـتا بە فەرمی ئـەوە پشـتڕاسـت نەکراوەتەوە و لە کاتی خۆیدا توانرا ئەوە بە درۆ بخرێتەوە

کوردستان کتێب

و بەڵگەکانی ئەو رووداوە ساختەبوون[٥]. نەسرین بەرماڵێک دەکەوێت، پیاوەکە ناوی عەبدوڵایە، وەک جارییە (کارەکەر) لەو ماڵەدا خزمەتدەکات، بەهۆی جوانی نەسرین و رەشتاڵەی ژنەکەیەوە بەناوی (عائیشە)وە، عەبدوڵا تەماح لە نەسرین دەکات و پلان دادەنێت بۆ لاقەکردنی، لێرەدا نووسەر بە جۆرێک لە جۆرەکان سووکایەتی بە عائیشە دەکات، کە نەدەبوو پاڵەوانی رۆمانەکەش خۆی وەک قوربانی، دنیابینی وەها بێت بۆ مرۆڤەکان، تەنیا بەهۆی ناشیرینی و رەنگی پێستەکەیەوە بە کەسێکی خراپ پیشانبدرێت. کاتێک پشتی دەشوات، وێنای جەستەی وەک دێو دەکات، ئەو خێوانەی لە گوندەکەیاندا باسیان دەکرد، دەڵێت قێزم لە خۆم دەردەوە کە کۆیلەم، و کۆیلەی ئەم پیسەم! ئەوە رەگەز پەرستییە و لە خوێندنەوەی کچە کوردێکی ئەنفالکراو ناچێت، دەبوو هەڵسوکەوت و غیرەکەی جێگەی نیگەرانی نەسرین بووایە، نەک سروشتی جەستە و رەنگی. لەوێ نەسرین لە خانوو و ژوورەکانی ئەوان رادەمێنێت و بەراوردی بەوەی خۆیان لە ئاوایی دەکات، کە کۆیتییەکان چەند خوا پێداون و ئەوان چەند ژیانێکی ئاسایی ژیاون. دواتر ژنە هندییەکی بۆ دەگرن و فێری ئیشوکاری ناو مەتبەخ و هەڵسوکەوتی رۆژانەی دەکات، ئەو ژنە هندییە لە ماوەی چوار شەودا هەموو شتێکی فێردەکات، ئەوەی کە پیاوەکە خراپە و شەوانە دێت لە دەرگا دەدات و پێویستە نەیکاتەوە، هەروەها رۆژانە ئەوەی لە ژیانی رووددات یاداشتی دەکات، ئەوەش دەبێتە هەوێنی نووسینی ئەم رۆمانە، چونکە لە دوای ماڵئاوایی ژنە هندییەکە، ئیتر نەسرین لە (ساهیرە و ماهیرە)[٦] داوای دەفتەر و قەڵەم دەکات و وەک ژنە هندییەکە چییان لێقەوماوە دەینووسێتەوە.

دواتر کە سوپای بەعس پەلاماری وڵاتی کۆیت دەدات، ئەوان (خێزانە کۆیتی)یەکە دەیانەوێت هەڵبێن و بچنە دەرەوە، نەسرین سوپای

بەعس وەک رزگارکەر تەماشادەکات و دوعادەکات پێش هەڵهاتنی خێزانەکە، سوپای بەعس بگەنەماڵیان و رێگەنەدەن دەربازیان بێت، لە راستیدا ئەوەی بەسەر نەسرین هاتووە، بەهۆی درندەی سوپای بەعسەوەیە، سەیرم لێدێت، نووسەر سوپای بەعس وەک رزگارکەر لە دەست خێزانە کۆیتییەکە وێنادەکات، ئاخر خێزانەکە تاوانیان هێندەی سوپای بەعس گەورە نییە، دواجار ئەو سەربازانەی دێنە ماڵەکەوە بە کوردی قسەدەکەن[٧]، نەسرینیش بۆیان روونەدەکاتەوە، ئەویش کچە کوردێکە و ئەنفالکراوە و فرۆشراوەتە ئەو خێزانە و لە ترسی ئەواندا هەموویان خۆیان خزاندووەتە ژێرزەمینەکەوە، نەسرین پێشیان دەکەوێت و ژێرزەمینەکەیان پیشاندەدات، بە چەکی سەربازە کوردەکان و بە دەستی خۆی، خاوەن ماڵەکە، عەبدوڵا دەکوژێت. دیمەنی کوشتنی عەبدوڵا بە دەستی نەسرین و بە پێشچاوی ئەندامانی تری خێزانەکە و سەربازەکانەوە، دیسانەوە لە رەفتاری کچە کوردێکی ئەنفالکراو ناچێت، ئەمە جگە لەوەی کە سەرباز لە کاتی جەنگدا بە هیچ جۆرێک چەکی دەستی ناداتە دەستی کەسێکەوە نەیناسێت. با هاوخوێن و هاوزمانیش بن، لە کاتێکدا چەتری کۆکەرەوەیان هەمان سوپای ئەنفالچی بێت.

ئەو چوار سەربازە کوردە بۆ کچەکەش رزگارکەربن، دواجار دیسانەوە سوپایەکی داگیرکەرن، پەلاماری وڵاتێک دەدەن بەبێ هیچ پاساوێک، کچێک خۆی قوربانی بێت، ناکرێ هێندە خۆپەرست بێت، دڵی بەو دیمەنە خۆش بێت، کە تالانی دەکرێت و هاوشێوە گوندەکەی خۆیان ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن و بە شوێن مرۆڤەکانەوەن. بە هەرحاڵ ئەو چوار کوردە کچەکە دەدەنە دەستی کوردێکی بە تەمەنی تر، کە بە شوێن کوڕە سەربازەکەیدا هاتووە، ئەویش کچەکە دەهێنێتەوە بۆ عێراق و رزگاری دەکات، گەرچی

ئەوە ئاسان نییە، بەڵام لە راستیشدا مەحاڵ نییە و هەندێکجار روویداوە، هێنانەوەی دەفتەر یادەوەرییەکان و پارەکانی نەبێت، کە دەیانکاتە هاوسەفەری خۆی، تا لە هەولێر (ماڵی ئەو پیاوەی رزگاری دەکات) دەگیرسێنەوە، کچەکە بەو پارەیەی ماڵە کوێتییەکە لە بری خزمەت پێیان بەخشیوە، لە گوندەکەیان خانوویەک دروستدەکات و رانەمەرێک دەکرێت، بە شوێن براکەیدا (رێباز) دەگەرێت و دەیبینێتەوە، بەڵام کاتێک دەیبینێتەوە، براکەی تێکچووە و لەسەر شەقامەکان ژیانی دەگوزەرێنێت، بە یارمەتی ئەو خێزانەی لە کوێتەوە دەیهێننەوە بۆ عێراق، نەسرین ژیانی دەگۆرێت و سەدانی گوندەکەی خۆیان دەکاتەوە، هەواڵ دەزانێت کە خەڵکێکی زۆر ئەنفالکراون و نەماون، چاکەی ئەو ماڵە لەبیر ناکات، براکەی دەگەرێنێتەوە بۆ گوندەکەیان و شوانێک دەگرێت بۆ بەخێوکردنی رانەمەرەکەیان، ئەو شوانەش دیسانەوە ناوی نەریمان دەبێت، هەمان ناوی دەزگیرانی یەکەمی کە لە کاتی ئەنفالدا دەکوژرێت، براکەی لە لای نەسرین و نەریمان دەمێنێتەوە و نەریمان هاندەرێک باش دەبێت، بۆئەوەی نەسرین یاداشتەکانی بکاتە کتێب و چاپ و بڵاویان بکاتەوە، ئەوەش دەبێتە ئەم رۆمانەی ئێمە ئەمرۆ قسەمان لەسەر کردووە.

یەکێک لەو هۆکارانەی نەیهێلاوە، ئیشی باشتر لەسەر تاوانی ئەنفال بکرێت، ئەوەیە قوربانییەکان هەمیشە ئازارەکانیان دەخۆنەوە و بۆ هەمووانی بەیان ناکەن، چییان لێقەوماوە، خۆ کچێکی کورد لاقەش کرابێت، بە خواستی خۆی نەبووە و هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە، کەچی دەیان چیرۆکی وەها بوون و لەگەڵ خۆیاندا بردوویانەتە ژێر گڵەوە، نووسەر لێرەدا لێزانانە پاڵەوانەکەی کردووەتە کچێک، کە خۆی چیرۆکە خۆش و ناخۆشەکانی خۆی دەگێرێتەوە، وەک ئەو تاوانەی داعش[٨] لە دژی ئێزیدییەکان

ئەنجامیاندا و دواجار رزگار بوو، یەکیان بە ناوی نادییە موراددییەوە[9]، کۆی ئەو کرین و فرۆشتنانەی بەسەریدا هاتوون، بۆ دنیای روون کردەوە، ئەمەش نەک نەبووە عەیبەیەک بۆی، بەڵکو زیاتر هاوسۆزی بۆ پەیداکرد.

**پەراوێزەکان:**

١. دەکرێت لە رۆماندا ناوی گوندەکە، بەراستی، یان ناوێکی خوازراوی بۆ دیاری بکرێت، لێرەدا دیارینەکراوە و هەر بە گوندەکە ناوی دێت.

٢. لە زۆربەی گوندەکاندا، خەڵک پێش هاتنی جێش و جاش، گوندەکانیان بەجێهێڵا، لێرەدا جیاواز وێنادەکرێت و دیمەنی خەڵک و جاشەکان دەگێڕێتەوە.

٣. رێباز برای نەسرینە و لە ئەنفالدا خۆی بەدەستەوە نادات.

٤. دڵخۆش، یەکێک لە کچە لاقەکراوەکان ئەو وتەیە دەڵێت.

٥. ڤیدۆیەکی درەو میدیا لەبەر دەستە، کە شۆڕش حاجی بە بەڵگەوە دەڵێت: فرۆشتنی ١٨ کچی ئەنفالکراو بە وڵاتی میسر، دووره لە راستییەوە.

٦. ماڵە کۆیتییەکە دوو کچی بچووکیان بەو ناوەوە هەیە، تەنیا ئەوان هاوسۆزی نەسرینن.

٧. هەزاران کورد بە ناچاری لە ریزی سوپای بەعسدا سەرباز بوون و بەشداربوون لە گرتنی کۆیتدا.

٨. داعش: دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام.

٩. نادیە موراد: کچە چالاکوانێکی کوردی ئێزیدییە و لە گوندی کۆچۆی شەنگالەوە رفێنرا و دواتر ئازادکرا.

کتێبخانەی هەولێر

# بۆ ئەنفال



عەلی حەمەڕەشید
سلێمانی

زامی ئەنفال سارێژ نابێ
ســـاڵانە نوێ دەبێتەوە
برینێکی بـــە ئازارە و
لە نیساندا دەکـولێتەوە
...
وێنەکـانیان ئەلبومێکی
پڕ یادگاریی نێو مێژووە
مۆسیقای ئازار و ژانە و
بە هەنـاومـاندا ڕۆچووە
...
بـــە تەنیا تـاوانی ئـەوان
هەر ئەوە بووە کە کورد بوون
کـەچی ڕژێم بێڕەحمـــانە
بەرەو دورگەی مەرگی بردن
...
وا بوون بە ناسنامەی گەلێک
تا هەتایە ســەربەرز دیارن
لە نێو دڵی ئێمـــەی کورددا
وەک خۆرێکی پرشنگدارن



## سۆزی نیشتمان

هیوا ئەنوەر ژێری

گریانێک بۆ تۆ گریانێک بۆ هەموان
گریانێک بۆرۆڵە بێ سەروشەێنەکانم
گریانێک بۆ تۆ ئەی شەهیدم ئەی نەوەی ماد
ئەی زوڵم لێکراو ئەی ئەنفال کراوەکانم
گریانێک بۆ بێ نازیتان گریانێک بۆ خۆم
کە نەمتوانی کۆ کسی ئاسا شوێن پێتان هەڵگرم
هەزاران هەزار هێکتار زەوی لە دووری باوەشی دایکی نیشتمان
بەسەر ئێسک و پروسکی بێکەسیتانا بگریم و هاوارکەم
یا وەکو قەندیلی سەر سپی بەسەر لاشەی ساردەوە بوتانا
بەسەر گۆڕی پیرۆزتانا پر نوورتانا سەر نەوەی کەم
هەر نەمتوانی کۆکسی ئاسا جلوبەرگی بێنازیتان
لە گۆڕی بە کۆمەڵی چەن ساڵەی غەریبیتان لە ئامێزگرم
بۆنی ڕۆخی جەنەتیتان لە عەرعەری عەجەما
لە ژێر لمی بێبەزەیی وڵاتی پیپەتیەکانا لە هەناسە گرم

هەواڵنامەی کتێب

هەر نەمتوانی وەک شۆڕە سوارێک یاوەکو مام
کۆچی مەرگی ناوەختەتان بوەستێنم
ڕوفاتی پیرۆزتان لە ژێر بۆنی نێرگز و ئاڵای کوردستان
لە گەرمیانی خەبات گێڕا بە باوەشی دایکی نشتیمان بناسێنم
بەڵام بڕیارە سوێندە وەعدە مژدەیە
وەکو هارونەکەی پاڵەوان لە دووزی خوێناوی
لە هەموو کوچە و لە گشت شاخێکا
لە مەیدانی هەموو شارێک و لە نێو گوند و هەموو باخێکا
بۆ حەقی خوێنتان بۆ بڵندی ناوتان بۆ ئاڵا بۆ کوردستان
هێزی ڕیشە ورەی مەزڵوم چەکی تۆڵە لە شان کەم
بە باهۆز و بەرخودانم شۆڕشێ وا بەرپاکەم
لاشەی دووژمن لە ژێر پێما لەگەڵ مەرگا خەڵتانکەم







# من ذاكرة الإبادة (الأنفال وحلبجة)

د. جنار نامق
جامعة صلاح الدين –اربيل



بينما كننا ننظر الى التلفاز، ورغماً عنا نتلقى رسائل موجهة من أهازيج نصر ومجد النظام البائد وجيشه ونتفاجئ بأخبار تدمير قرى كوردية وأنفال شعبنا، تحت تسمية ملحمة الانفال ولاحول ولاقوة لأحد أن يغير من تلك الحقائق المؤلمة والجرائم الكبيرة والأحداث الدامية شيئاً، حتى لم يكن بمقدور أحد أن يظهر حزنه إذ يكون مصيره كما كتب للمؤنفلين.

ربما هناك أناس لايعلمون تفاصيل الإبادة الجماعية المرتكبة بحق الشعب الكوردي، بل يعتبرونها أحداث حدثت أو واقعة وقعت في زمنها وانتهت، بينما أظهرت المقابر الجماعية بعد سقوط النظام الطاغي ورئيسه المقبور الذي جعل من العراق مقابر جماعية للكورد والغير موالين لسلطته، تظهر حقيقة الإبادة الجماعية عند المتخصصين والباحثين في مجال الإبادة الجماعية بأنها حملات ممنهجة وفق مخطط منظم مدروس ولولا سقوط النظام استمر هذا المخطط الى يوم القضاء الكامل على الشعب الكوردي، استهدفت تلك الحملات كافة الجوانب بدأ بالتعريب والتبعيث والتغيرات الديموغرافية المبرمجة الى الابادة الفردية والجماعية والانفال واستخدام الأسلحة الكيمياوية والمحضورة دولياً، سعى النظام المقبور لتحقيق مخططه المحدد بالقضاء الكلي على شعب مختلف من حيث اللغة والقومية شيئاً فشيئ والى بلوغ وتحقيق الهدف المرجو.

وقد نتجت عن الإبادة آثار مباشرة في المدى القصير أمام أعين الناس تمثلت في هدم القرى وتقيد ونقل سكانها عنوة من خلال حافلات الجيش المخصصة بالحملات الى المقابر التي حفرت لهم بآليات متقدمة في صحراء العراق ليتم رميهم بالرصاص ودفنهم أحياء تحت التراب بعيداً عن أنظار الناس والتعتيم على تلك المقابر، الا أن بمشيئة الله نجى من احدى المقابر في صحراء سماوة الصبي" تيمور" ليصبح الاسطورة الوحيدة وليكشف أسرار تلك المقابر وحقائق عن الجرائم التي تم التعتيم عليها من قبل النظام المجرم.

كما هناك آثار طويلة الأمد لازلنا نعاني منها بعد مرور سبعة وثلاثون عاماً. هنا سوف نشير الى قصص من

ذاكرة الأنفال، وإبادة حلبجة بالقصف الكيمياوي والمقابر الجماعية.

لقد اخترت قضية الإبادة الجماعية "Genocide"جينوسايد الكورد للعمل عليها مدى الحياة للوقوف على الإبادة وذكرها في جميع المحافل الدولية لإيقاظ الضمائر النائمة واحياء الضمائر الميتة وتشكيل الآراء حول قضية شعب أبيدت بهمجية ولاإنسانية، وحاز البعض من مؤلفاتي وكتاباتي التي كتبتها اثناء نزيف دموعي التي بللت اوراق دفاتري ومسوداتي على جوائز متعددة: منها شهادة متحف الكلمة الاسبانية عن قصتي " الذات الضائعة والتمثال" وقصة ناج من القصف الكيمياوي يبحث عن هويته التي نالت جائزة المركز الثاني لمسابقة مؤسسة المسارات في العراق وقصة ليلى عن إبادة الايزيدية. وقصيدة لي عن استشهاد حلبجة رائحة التفاح التي ترجمت من قبل الكاتبة الأمريكية العراقية الجنسية انعام الهاشمي، والهدف الاساس هو أن نتكاتف من أجل الإنسان كمحور أساسي في الحياة ونبتعد عن التعصب . ونعمل للحد من الإبادة الجماعية بحق الشعوب مبيناً آثارها التي تتضاعف عبر الزمان؟

يمكن لنا سرد المئات من القصص المأساوية كنتيجة كارثية للإبادة الجماعية المرتكبة بحق شعب كوردستان العريق الا أننا نشير الى قصة بارزان من ضمن المئات من القصص المشابهة. والتي نشرت تحت عنوان "ناج من القصف الكيمياوي يبحث عن هويته" وقد نالت هذه القصة جائزة المركز الثاني لمسابقة مؤسسة المسارات في العراق.

كانت تثير هذه القصة ماضٍ، لكنه مستمر بمعاناته ومحاكاته للحياة، كثيراً مانبحث عن جثث وبقايا ضحايانا في المقابر الجماعية، وهناك احياءً لن تحتضنهم الوطن. منهم شخص يبحث عن ذاته الضائعة ليتعرف عليها من جديد، يدعى (بارزان) نجا من الابادة الجماعية، في حلبجة، جراء القصف الكيمائي التي نفذتها الطائرات العراقية في الساعة ١١.٠٠ يوم ١٦/٣/ ١٩٨٨ . طفل كان في ٩ أشهر من عمره، لم يحتضنه الموت كي يتوه في البحث عن ذاته و هويته الضائعة، ربيع مرهف

الحس، دهمته رائحة التفاح شلت الحياة في المدينة، والحقيقة انه الموت الكيمياوي بعطر التفاح الذي قذفته طائرات المجرم صدام. بينما التقط بين من كانوا على قيد الحياة لنقلهم الى مكان ما.لا أحد يعلم من هو، طالما هو نفسه لم يعرف شيئاً عن هويته، بينما كان يبكي على جثة والديه من بين عشرات الجثث.

لم يعاني بارزان طيلة حياته كما عانى بعد معرفته لحقيقته والسؤال عن : من هو ؟ وما اسمه الحقيقي ومن هم والديه؟ وماهو مصيره؟ فتدهور اوضاعه النفسية والحياتية و انتابه الاغتراب في ذاته، الان لم يعد له احد ان الاب الذي تبناه توفى، كما توفت امه التي تبنته قبل والده بسنين. ولا يعلم بارزان ماذا يعمل فهو عاجز عن الرجوع الى ارض الوطن، طالما الجهات الرسمية عجزت عن ايجاد حل له. لقرآءة القصة كاملة ينظر الى الحوار المتمدن[١] ولم أكن أنهي قصة بارزان، ظهرت (مريم)[٢] في مشهد آخر لتبلغنا عن وجود أخريات ممن ذهبت بهن الرياح الى موطن الإغتراب وتم تبنيهم من قبل الخيرين في إيران. تعد مريم ضحية أخرى نجت من القصف الكيميائي لتذهب بها الرياح الى ايران، في عمر أقل من عام، تدفئت في حضن الوئام في منطقة مازندران بمدينة ساري، لم تخفي مريم بأن كانت تسمع من أصدقائها بأنها ليست الإبنة الحقيقة للعائلة منذ ان كانت في السابعة من عمرها الا أنها لم تعير اهتمام للأقاويل التي تسمعها.

